تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي

حاجی قادری کۆیی مەلا ئەحمەد

دیوانی
حاجی قادری کۆیی

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی:
سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا

لە سەر نووسینێکی نوێ بە پێی بۆچوونەکانی
موحەممەدی مەلا کەریم بە پێنووسی:
سەعید کەرەمی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

سرشناسه	:	کویی، قادر، ۱۸۱۵ - ۱۸۹۲م.
عنوان و نام پدیدآور	:	دیوانی حاجی قادری کویی/هونراوەی حاجی قادری؛ لیکولینەوە و لیکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا؛
مشخصات نشر	:	سنندج: انتشارات کردستان، ۱۳۹۰.
مشخصات ظاهری	:	۲۹۶ ص.
شابک	:	978-964-980-089-9
وضعیت فهرست نویسی	:	فیپا
موضوع	:	شعرکردی -- عراق -- قرن ۱۹م.
رده بندی کنگره	:	PIR۳۲۵۶/س۷۴۳ک۹ ۱۳۸۶
رده بندی دیویی	:	۸فا۲۱/۹
شماره کتابشناسی ملی	:	۲۴۰۹۳۰۱

حاجی قادری کوڕی مەلا ئەحمەد

دیوانی
حاجی قادری کۆیی

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی:
سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا

لەسەر نووسینێکی نوێ بە پێی بۆچوونەکانی موحەممەدی مەلا کەریم بە پێنووسی:
سەعید کەرەمی

انتشارات کردستان
سنە

تەواوی مافە مادی و مەعنەوییەکانی ئەم کتێبە، بەم شێوەیە، پارێزراوە
بۆ **بڵاو کردنەوەی کوردستان (سنە)**، وە هەر شێوە کەڵک
وەرگرتن بەبێ ئیزنی ئەم بڵاوکەرەوە حەرامە و لاری لەگەڵ بنەما
شەرعی و ئەخلاقییەکاندا هەیە و بە دواچوونی یاسایی بۆ ئەکرێت.

انتشارات کردستان

Kurdistan Publication

سنە ـ پاساژی عیززەتی ـ تەلەفوون ـ ۲۲۶۵۳۸۲

دیوانی حاجی قادری کۆیی

✓ ناوی کتێب (نام کتاب):	دیوانی حاجی قادری کۆیی
✓ هۆنراوەی (سرودەی):	حاجی قادری کۆیی
✓ لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی (شرح و تحقیق):	سەردار حەمید میران و کریم موستەفا شارەزا
✓ کەرەتی چاپ (نوبت چاپ):	یەکەم (اول)؛ ۱۳۹۰
✓ ژمارەی چاپکراو (تیراژ):	۴۰۰۰ دانە (جلد)
✓ ژمارەی لاپەڕەو قەوارە (تعداد صفحه و قطع):	۲۹۶ صفحەی وزیری
✓ بڵاوکەرەوە (ناشر):	بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان)

شابک: ۹ـ۰۸۹ـ۹۸۰ـ۹۶۴ـ۹۷۸

ISBN: 978 - 964 - 980 - 089 - 9

نرخی بە بەرگی نەرم (شومیز) ۴۸۰۰ تمەنە

نرخی بە بەرگی سەخت (مجلد) ۵۸۰۰ تمەنە

ناوەرۆك

پێشەكی چاپی نوێ ٩

ئەم دیوانەی حاجی قادر ١٣

دەستنووسێكی گرانبەها ١٦

پێشەكی ١٨

حاجی قادر كێیە؟ ١٨

حاجی قادر، كەی و لەكوێ هاتۆتە دنیاوە؟ ١٩

حاجی قادر و خوێندنی مەلایەتی ٢١

ژیانی حاجی لە ئەستەنبوول ٢٢

حاجی قادر و شیعری نەتەوەیی ٢٧

هێمای سەرچاوەی دەقەكان ٣٥

✓ **پیتی ئەلف** ٣٧

گوتم بە بەختی خەواڵوو ٣٩

ئەوە شاهەنشەهە ٤٨

بەستەیی زوڵفی نیگارێكم ٥٠

تا لە مەكتەب ئەو مەهەم دی ٥٢

تمنَّیتُ مِنَ الدَّهرْ ٥٣

كە تۆفانی سروشكم كەوتە غەوغا ٥٤

دەخیلت بم وەرە ساقی ٥٦

دڵ هیلاكی نازتە ٥٧

✓ **پیتی «ت»** ٥٩

مەماتم حەیاتە ٦٠

ماهی سەرچاوەی حەیاتم ٦١

بە قسەی بێسەروپا تاڵی مەكە ٦٢

جەبەرووتی كە شكا ٦٤

✓ **پیتی «ر»** ٦٧

ئەم ئاهووە ٦٨

دەستگیریت لە عەمەلداكە نەكا ٦٩

✓ **پیتی «س»** ٧١

وشكە سۆفی ٧٢

دەستی من دامێنی تۆ ٧٣

✓ **پیتی «ك»** ٧٥

تابڵێی فەرقی هەیە ٧٦

لەگاوان و شوانی كوردەكان یەك ٧٧

✓ **پیتی «م»** ٨١
جیهان! بوویته جەزیرە........................ ٨٢
وەها مەشغووڵی تۆیە........................ ٨٤
وەکوو ڕۆژ و شەوە........................ ٨٥
بەشەستی زوڵف و ڕووی ماهی........................ ٨٦
دوو سەدگوناهی هەیە........................ ٨٧

✓ **پیتی «ن»** ٩١
ئەم سەگانە........................ ٩٢
خاکی جەزیر و بۆتان........................ ٩٣
لە ڕۆماکەوتە بەرچاوم........................ ١٠٠
پەرچەم و فێسی کەچی تۆ........................ ١٠٢
فەلەك بە تیر و کەمانێ........................ ١٠٤

✓ **پیتی «و»** ١١١
ئەگەر لێدانە مەقسوودت........................ ١١٢
ئومێدی وەسلی تۆم زانی........................ ١١٢
بووکی دنیا........................ ١١٤

✓ **پیتی « هـ»** ١١٧
زەمانە........................ ١١٨
ئەم خەیمە کە شەمسییەیی........................ ١١٩
دالی قەدم........................ ١٢١
ئەگەر جورعەی ڕەقیبت........................ ١٢٣
باسی باوکی مەکە........................ ١٢٤
ئەگەر خاڵت بلێم........................ ١٢٥
ئەی موحەممەد........................ ١٢٦
ئەو فەلەك ڕیفعەتە........................ ١٢٧
بای وەعدە........................ ١٢٨
تاگوڵی ڕوخساری تۆ........................ ١٢٩
دولبەرم مامزییە........................ ١٣١
تەماشای قامەتم........................ ١٣١
جەهلی ئیشکالی مەسائیل........................ ١٣٣
ڕۆستەمی مازەندەران........................ ١٣٤
عەسا و قامەتم........................ ١٣٥
خەزنەیێکە بەیتی من........................ ١٣٧
غەم مەخۆ بۆ نان و خوانت........................ ١٣٨
قیسسەی شەبی هیجرانی........................ ١٣٩
لە سەر شەو ڕۆژی داناوە........................ ١٤٠
بە ڕوخ و زوڵفی شەو و ڕۆژی........................ ١٤٢
لە دەوری خاڵەکەی کوڵمی........................ ١٤٣
لە دوو لا ئەژدیهای زوڵفی........................ ١٤٤
قسەیێکم هەیە........................ ١٤٦
لە نەزاکەت کەمەری........................ ١٤٧

✓ **پیتی «ی»** ١٤٩
ئەی بێنەزیر و هەمتا........................ ١٥٠
ئاسمانی بێستوون........................ ١٥١
ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانی........................ ١٥٢
پەرێشان زوڵفی تاتاری........................ ١٥٥
ئافتابی حوسنی تۆ........................ ١٥٦
ئێمەش دەمرین........................ ١٥٧
سۆفی بە سەر و ڕیشی........................ ١٥٩

بەم نەحوەیە سەرفی عیشقبازی.......... ١٦٠
مەتنی کوتوبی ئەم دووە.............. ١٦٢
تا سالیکی مەسالیکی.................. ١٦٣
کە هەستا قامەتی بەرزی............... ١٦٥
لەسەر تەنافی کە لەرزی............... ١٦٦
سەد وەکوو ڕۆستەم.................... ١٦٩
هەموو عومرم........................... ١٧٠
ئەی سولەیمانی زەمان.................. ١٧٢
نەققاشی دەمی.......................... ١٧٣
مەهو میهری بە غارەتدا................ ١٧٤
لە عەینی لەعلی کانی.................. ١٧٥
دەڵێن: یار دێتەوە...................... ١٧٦
گەر خەڵقی جیهان....................... ١٧٧
داغی کردم بە جەفا..................... ١٧٨
وا دیارە................................. ١٧٩
حەبیبی جان............................ ١٨٤

✓ **جووت سەرواکان**................. ١٨٧
ئودەبا چاکە............................ ١٨٨
یا ئیلاهی............................... ١٩٦
ئەو ڕۆژە................................ ١٩٧
تا ڕێك نەکەون......................... ٢٠٠
تاجی «بسم اللّٰه الرحمن الرحیم»........ ٢٠٢
شێخ بزەینی............................ ٢٠٩
خۆ دەزانن سولالەیی ئەکراد........... ٢١١
حاکم و میرانی کوردستان.............. ٢١٢
خوسرەو و کەیقوباد.................... ٢١٤

شەهسواری بەلاغەتی کوردان............ ٢١٧
سلام اللّٰهِ منّي.......................... ٢٢٧
شاعیر و شێخ و خواجە دەربەدەرن...... ٢٣٢
کوردەکی کۆیی.......................... ٢٣٥
لە جوملەی ماجەرای.................... ٢٣٩
لە مەیدانی بەهارا....................... ٢٤٧
وەرە سەیری بزانە لاوی کۆیی.......... ٢٥٢
هەرکوردە............................... ٢٥٧
هەروەکوو مەردوم....................... ٢٦٠

✓ **چوارینە و پارچە هەڵبەست**........ ٢٦١

✓ **شیعری تاك تاکە**.................... ٢٦٥

✓ **بەشی فارسی (قسمت فارسی)**. ٢٦٩
ای مرا از عشق رویت.................. ٢٧٠
ای بت سنگ دل........................ ٢٧١
مژده ای دل............................ ٢٧٢
تاریخ وفات حاجی بکر آغا.............. ٢٧٣
ای دوست............................... ٢٧٤
بازم هوای مهر بتان در درون فتاد........ ٢٧٦
به مژگانم مزن........................... ٢٧٧
[فدایت جان من،].......................... ٢٨١
[بدیدم طاق ابرویت]...................... ٢٨١

✓ **رباعی**................................. ٢٨٣

✓ **فرد**................................... ٢٨٤

✓ **دوا وشەی منیش**........................**٢٨٥**
سەرچاوەکانی ئەم دیوانە.................**٢٨٧**
سەرچاوە سەرەکییەکان:..................**٢٨٧**
سەرچاوەکانی دیکە........................**٢٨٧**
سەرچاوە عەرەبییەکان.....................**٢٨٨**
سەرچاوە فارسییەکان......................**٢٨٩**
هەندێ سەرچاوەی تر.......................**٢٨٩**

هەندێ مەسەل و ئیدیۆم لە نێو شیعرەکانی
حاجیدا...**٢٩١**

به نێوی خودا

وتەی چاپی نوێ

حاجی قادر وەك شاعیرێکی سەدەی نۆزدە توانیویە:

-بە زمانێك بپەیڤێ کە جیاواز بێت لە زمانی شاعیرانی‌تر.

-بیرێك بهێنێتە ئاراوە کە کەس پێش خۆی بەو شێوە نەیوروژاندووە.

-لە خەوی شەمع و پەروانە و مەستیی مەی و مەیخانە ڕاپەڕێ.

-زامەکانی نەتەوەکەی بە زەقی بخاتە بەرچاو و نوشتەیان بۆ بنوێنێ.

-بەرەو دیمەنێ دەلاقەی شیعری ئاوەڵا بکات کە کەس تا ئەوکاتە پێیدا نەڕوانیوە.

بەم بۆنەوە حاجی قادر بە شاعیرێکی ڕۆشنبیر و ڕچە شکێن و خاوەنی قوتابخانەیەکی نوێ دەناسرێ؛ ئیتر هەرچی خۆمان بە ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دیوانەکەیەوە زیاتر ماندوو بکەین هەر کەمە.

کاك سەردار حەمید میران و کاك مستەفا شارەزا، بە پیاچوونەوەی مامۆستا مەسعوود موحەممەد، لێکۆلێنەوەیەکیان لەسەر دیوانی حاجی قادر کردبوو و بە سەرپەرشتی مامۆستا موحەممەدی مەلاکەریم لە ساڵی (١٩٨٦ ز) بە چاپیان گەیاندبوو. مامۆستا موحەممەد ئەڵێ: گەیشتمە ئەوەی کە پێویستە هەندێ وشەی تێکستەکەی ئەوان بە گوێرەی یەکێ یان زیاتر لە تێکستەکانی لای خۆم بگۆڕم وگەلێ بەیت و پارچە شیعری تازە بخەمە سەر دیوانەکە. پاشان ئەڵێ: لە دەرفەتێ‌تردا بۆچوون و بەڵگەی دەستێوەردانەکانم ڕوون دەکەمەوە[١].

١. بڕوانە دیوانی حاجی قادری کۆیی، بە لێکۆڵینەوەی کاك سەردار و کاك کەریم شارەزا، لاپەڕەی ٢٩٢.

مامۆستا موحەممەد پاش ئەو چاپەی کە ناومان برد لە کتێبێکی جیاوازدا بە نێوی «هەنگاوێکی تر بە ڕێگادا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی» تەواوی بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی بە بەڵگەوە لە چاپ داوە.

منیش بەش بە حاڵی خۆم هاتووم بۆ ئەوەی پرۆژەکەی مامۆستا موحەممەدم تەواو کردبێ ئەو دەسکاری وبۆچوونە تازانەیە کە لەم کتێبەی دواییدا نووسیبوونی لەسەر دیوانەکە زیاد کردووە و بە کورتی ئەم گۆڕانکارییانەی خوارەوەم لەسەر دیوانەکە ئەنجام داوە:

١. لێ زیادکردنی بۆچوون و دەسکارییە تازەکانی مامۆستا موحەممەدی مەلاکەریم ـکە لەم دیوانەدا بە نێوی خۆیەوە تۆمارکراوە و ئاماژەی دراوەـ لە نێوان کەوانی گۆشەدار ([ ])دا.

٢. لێکدانەوەی مانای هەندێ وشە و دەستەواژە لە نێوان کەوانی گۆشەدار ([ ])دا و دەربڕینی بۆچوونی خۆم لە چەند شوێندا.

٣. گۆڕینی ڕینووسی کۆن و هێنانە سەر ڕێنووسی نوێ، ئەویش بە گۆڕینی ئەو پیتانەی کە لە زمان و ڕێنووسی عەرەبیدان و لە زمان و ڕێنووسی کوردیدا نین (ذ، ض، ظ = ز. ث، ص = س. ط = ت).

لە کۆتاییدا، هیوادارم توانیبێتم گۆشەیەك لە مانا و مەبەستی شیعرەکانی ئەم شاعیرە مەزنەمانم خستبێتە ڕوو و تارام لەسەر بووکی ڕازاوەی بەیتەکانی هەڵدابێتەوە.

سەعیدی کەرەمی ـ سنە

٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٨٩ی کۆچی هەتاوی.

سەرچاوەکان:

١. هەنگاوێکی‌تر بە ڕێگادا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی، موحەممەدی مەلاکەریم، «دار الحریة»، عێراق ١٩٨٩ز، چاپی یەکەم.

٢. هەنبانە بۆرینە، هەژار، سرووش ـ تاران ١٣٨١ ک، ه، چاپی سێهەم.

٣. فەرهەنگی موعین، موحەممەد موعین، ئادنا ـ تاران ١٣٨١ چاپی یەکەم.

٤. الأعلام، خیرالدین الزرکلي (١٣٩٦ ﻫ)، دار العلم للملايين ٢٠٠٢، الطبعة الخامس عشرة.

٥. دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، ١٣٨٠ ک، ه، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە، چاپی سێهەم.

ئەم دیوانەی حاجی قادر

لای هەموو شیعرناسێکی حاجی قادری کۆیی، ڕوون و ئاشکرایە کە وا ئەم شاعیرە مەزنەمان، بەشێکی زۆری لە ژیانی منداڵی و فەقێیەتی و مەلایەتی، لە شاری کۆیە و کوردستانی عێراق و ئێران بردۆتە سەر و ماوەیەکی زۆریش لە شاری ئەستەنبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانلیدا ژیاوە.

شیعرەکانی حاجی لەکۆیە لە لای شیعردۆستەکانی و لە ناو فەقێ و مەلایانیش لە مەدرەسە ئایینییەکانی کوردستاندا تۆمار کراون و بەناو خەڵکدا بڵاو بوونەتەوە و لە ئەستەنبوڵیش بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕ و کەس و کار ماوەتەوە، سەردەمێك لەگەڵ ڕۆڵەکانی بنەماڵەی بەدرخان پاشاو، سەردەمێکیش لە کونجێکی حوجرەیەکی تەنگ و تاریکدا ژیاوە.

هەر شیعرێکی لەوێ دانابێ، بە هۆی یەکێ لە دۆست و یارانی بۆ کوردستانی ناردۆتەوە و خەڵکەکە لە ڕووی وەفادارییەوە لە ڕێگەی چێژ وەرگرتن لە ناوەڕۆکی شیعرەکانییەوە، نووسیویانەتەوە و گەلێ جاریش ئەزبەریان کردووە.

لە ساڵی ١٨٩٨ دا، لە ژمارە (٣)ی ڕۆژنامەی کوردستاندا کە لە لایەن «میقداد مەدحەت بەدرخان»ەوە، چەند ژمارەیەکی لە شاری قاهیرە دەرچووە و لە لاپەڕەی (٣)ی ئەو ژمارەیەدا، هەواڵی کۆچی دوایی حاجی نووسیوە و دەڵێ: «لە ساڵی ڕابوردوودا، واتا لە ١٨٩٧دا، حاجی مردووە» لە لاپەڕەی (٤)ی هەمان ژمارەشدا هەڵبەستێکی بە ناونیشانی (زەمانە) بڵاو کردۆتەوە، ئەمە یەکەمین و ڕاسترین دەقی چاپ کراوی شیعری حاجییە و ئێمە ڕاستەوخۆ ئەو بڕە شیعرەیمان ـ دوای گۆڕینی بۆ سەر ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردی ـ لەو سەرچاوەوە وەرگرت.

له ساڵی ١٩١٣دا، له ژماره (٢)ی گۆڤاری «ڕۆژی کورد»دا که لەم دواییەدا کاك جەمال خەزنەدار ئەرکی بڵاوکردنەوە و پێشەکی و لەسەر نووسینی کێشاوە، پێنج هەڵبەستی حاجی بڵاوکراوەتەوە و ئێمەش بۆ ساغ کردنەوەی دەقی شیعرەکانی ئەو هەڵبەستانەی سوودمان لێ وەرگرتن.

له کتێبی «تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی له ڕۆژنامه نووسی کوردیدا»ی دوکتۆر کەمال مەزهەردا، له لاپەڕە (١٨٦)ەوە تاکوو لاپەڕەی (١٩٨) شەش هەڵبەست و پارچە هەڵبەستی حاجی بڵاوکراونەتەوە. ئەمانەش بوون بە سەرچاوەیەکی باش بۆ پرۆژەی تۆژینەوەی ئەم دیوانە.

له ساڵی ١٩٢٥دا، خوالێخۆشبوو «عەبدوڕڕەحمان سەعید»، «کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی» بڵاوکردەوە، هەرچەندە بە ڕێنووسی کۆن چاپ کراوە و هەڵەی چاپ و هونەری شیعری زۆرە، بەڵام وەك سەرچاوەیەکی شیعرەکانی حاجی سوودێکی زۆرمان لێ وەرگرت.

له ساڵی ١٩٤١دا، مامۆستای خوالێخۆشبوو «ڕەفیق حیلمی» سەرگوزەشتە و هەندێ لە شیعرەکانی حاجی بە شیکردنەوەوە لە بەرگی یەکەمی «شیعر و ئەدەبیاتی کوردی»دا بڵاو کردەوە و (٢٠) لاپەڕەی بۆ تەرخان کردووە و ئێمەش تا ڕادەیەك سوودمان لێ وەرگرت.

له ساڵی ١٩٥٣دا، مامۆستا عەلائەددین سەجادی چاپی یەکەمی «مێژووی ئەدەبی کوردی» بڵاو کردووە و لە ساڵی ١٩٧١یشدا چاپی دووەمی ئەو کتێبەی پەخش کردەوە. [هەروەها] هەندێ زانیاری لە بارەی شاعیرەوە خستۆتە پاڵ زانیارییەکانی چاپی یەکەم و بۆ باسی ژیان و شاعیریەتی حاجی تا ڕادەیەك سوودمان لێ وەرگرت.

له ساڵی ١٩٥٣دا مامۆستای خوالێخۆشبوو «گیوی موکریانی» چاپی دووەمی «دیوانی حاجی قادری کۆیی» چاپ و بڵاو کردەوە، دیاریشە «کۆمەڵە شیعری حاجی قادر»ی «عەبدوڕڕەحمان سەعید»ی بە چاپی یەکەم داناوە، لە ساڵی ١٩٦٩شدا چاپی سێهەمی ئەو دیوانەی هەر لە هەولێر چاپ کردەوە، ئەم سەرچاوە بە نرخە، هەرچەندە هەندێ هەڵەی چاپ و هەڵەی هونەری شیعری تێ کەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ساغ کردنەوەی شیعرەکانی حاجی سوودێکی یەگجار زۆرمان لێ وەرگرت.

له ساڵی ١٩٦٠دا مامۆستا موحه‌ممه‌دی مه‌لاکه‌ریم لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی زانستی به‌ ناونیشانی «حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیه‌ له‌ ژیانی نه‌ته‌وه‌ی کورد» چاپ و بڵاوکرده‌وه‌، بۆ نووسینی پێشه‌کی ئه‌م دیوانه‌ سوودمان لێ وه‌رگرت.

له‌ ساڵی ١٩٦١دا که‌ریم شاره‌زا له‌ کتێبی «کۆیه‌ و شاعیرانی»دا حه‌وت لاپه‌ڕه‌ی بۆ ژیان و شیعر و شاعیریه‌تی حاجی ته‌رخان کردووه‌ و له‌ باره‌ی ژیانی شاعیره‌وه‌ سوودمان لێ وه‌رگرت.

له‌ ساڵی ١٩٦٦دا دوکتۆر عیززه‌دین مسته‌فا ڕه‌سووڵ نامه‌ی دوکتۆرای خۆی به‌ زمانی عه‌ره‌بی و به‌ ناونیشانی «الواقعية في الأدب الكردي» له‌ به‌یرووت چاپ کرد. له‌و لێکۆڵینه‌وه‌ زانستییه‌یدا شه‌ش لاپه‌ڕه‌ی بۆ شیعره‌کانی حاجی ته‌رخان کردووه‌ و ئێمه‌ش سوودمان له‌ بیر و ڕاکانی له‌ باره‌ی شیعر و شاعیریه‌تی حاجی قادره‌وه‌ وه‌رگرت.

هه‌ر له‌ هه‌مان ساڵدا دوکتۆر ئیحسان فوئاد پوخته‌ی نامه‌که‌ی دوکتۆرای به‌ زمانی ڕووسی له‌ مۆسکۆ چاپ کرد و ئێمه‌ش سوودمان له‌ هه‌ندێ لایه‌نی شاعیریه‌تی حاجی وه‌رگرت، دوای ئه‌وه‌ی که‌ خۆی پوخته‌ی ڕایه‌کانی بۆ کردین به‌ کوردی.

دوکتۆر که‌مال فوئادیش له‌ پێشه‌کی کتێبه‌که‌ی «ده‌سنووسی کوردی»دا، که‌ له‌ ساڵی ١٩٧٠ به‌ زمانی ئه‌ڵمانی له‌ شاری «فیزبادن»ی چاپ کردووه‌، چه‌ند لاپه‌ڕه‌یه‌کی بۆ حاجی قادر و شیعر و شاعیریه‌تی ته‌رخان کردووه‌، ئێمه‌ش به‌ هۆی کاك سه‌ردار حه‌مید میرانه‌وه‌ بۆمان کرا به‌ کوردی و تا ڕاده‌یه‌ك سوودمان له‌ بیر و ڕایه‌کانی وه‌رگرت.

له‌ ساڵی ١٩٤١ و ١٩٧٤ و ١٩٧٦ مامۆستا مه‌سعوود موحه‌ممه‌د سێ به‌شی کتێبه‌که‌ی «حاجی قادری کۆیی» چاپ کرد و به‌ ١١٧٥ لاپه‌ڕه‌ی گه‌وره‌، له‌ ژیان و شیعر و شاعیریه‌تی حاجی کۆڵیوه‌ته‌وه‌ و جگه‌ له‌ ساغ کردنه‌وه‌ی گه‌لێ لایه‌نی شاردراوه‌ی ژیانی، پتر له‌ دووسه‌د شیعریشی ساغ کردۆته‌وه‌.

بۆ لێکدانه‌وه‌ و لێکۆڵینه‌وه‌ی ئه‌م دیوانه‌ و ساغ کردنه‌وه‌ی ده‌قی شیعره‌کانی سوودێکی یه‌کجار زۆرمان لێ وه‌رگرتن.

جگه‌ له‌م سه‌رچاوانه‌ سوودمان له‌ هه‌ندێ گۆڤاری ئه‌ده‌بی و ڕۆشنبیری کوردی وه‌کوو: هاوار، گه‌لاوێژ، هه‌تاو و هیوا، بڵێسه‌، نووسه‌ری کورد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، به‌یان،

ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆژی کوردستان، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، پەروەدە و زانست، نووسەری نوێ و کاروان، وەرگرتووە.

دەستنووسێکی گرانبەها

جگە لەو سەرچاوە چاپ کراوانەی باسمان کردن، توانیمان دەستنووسێکی بە نرخ و گرانبەهای «دیوانی حاجی قادری کۆیی» کە لەلایەن خوالێخۆشبوو «مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغای حەوێزی»یەوە نووسراوەتەوە، بە هۆی کاك سەیفەددینی کوڕی و مامۆستا ئەمیر عەبدولکەریمی حەوێزی خوارزایەوە، چنگ بکەوێ.

ئەم دەستنووسە وەك خوالێخۆشبوو مەلا ڕەئووف لە پێشەکییەکەیدا نووسیویەتی، دەبێ لە ساڵی (١٩١٨)وە، دەستی بە نووسینەوەی کردبێ و لە ماوەی چەند ساڵێکدا هەموو ئەو شیعرانەی کە لە ناو خەڵکدا پەرت و بڵاو بوون کۆی کردوونەتەوە و لە دوای ئەمەش دەڵێ: «جگە لە وانە، لە ناو دەلاقەی خانووی باپیرم واتە: ئەمین ئاغای ئەختەر، بەیازێکم دۆزییەوە کە هەمووی شیعری حاجی قادر بوون، ئەمانەشم خستە پاڵ شیعرە کۆکراوەکانی دیکەی و بوون بەم دیوانە دەستنووسە. لەسەر داوای سەعید فەهیمی برام لە ساڵی ١٩٢٣دا بەشێکم دا بە عەبدوڕڕەحمان سەعید و ئەویش لەسەر ئەرکی خۆی لە ساڵی ١٩٢٥دا چاپی کرد و لە دواییشدا موحەممەد تۆفیق وردی و ساڵح شەمس کۆمەڵە شیعرێکی بڵاونەکراوەیان لەسەر نووسییەوە و دایان بە خوالێخۆشبوو گیوی موکریانی و ئەویش خستیە پاڵ شیعرەکانی دیکەی حاجی و لە ساڵی ١٩٥٣دا لە چاپی دووەمی دیوانەکەیدا بڵاوی کردنەوە».

ئێمە سوودێکی یەکجار زۆرمان لەم دەستنووسە بە نرخە وەرگرت ـ کە سەرجەمی لاپەڕەکانی دەگاتە ٢٣٧ لاپەڕەی دەفتەری ئاسایی ـ چونکە زۆربەی ئەو شیعرانەی بە هەڵە لە سەرچاوە چاپکراوەکاندا دێنە بەرچاو دەبینین لەم سەرچاوەیەدا بە ڕاستی نووسراون، نەك هەر هەندە، بەڵکوو چەند هەڵبەست و تاکە شیعری تێدایە کە لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەدا نەهاتوون و ئێمە ئەم شیعرە بڵاونەکراوانەمان خستنە پاڵ ئەم دیوانەی حاجی قادر.

جگە لەم دەستنووسەی مەلا ڕەئووف، لە کۆیەوە دەستنووسێکی بچووکمان لە مامۆستای خانەنشین «عەبدولمەجید نوورەددین جەلیزادە» پێ گەیشت ـ لەم دەستنووسەدا چاومان

بەڕاستکردنەوەی چەند هەڵەیەکی شیعرەکانی حاجی کەوت ـ، کە لە کاتی خۆیدا قوتابی قوتابخانە سەرەتاییەکەی کۆیە بووە و شێخ نوورەددینی باوکی، مامۆستایان بووە و دوا بە دوای دەرچوونی «کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی» لەلایەن عەبدوڕڕەحمان سەعیدەوە، لەساڵی ۱۹۲۵دا، شیعرەکانی حاجی قادری بە قوتابییەکانی لەبەر کردووە و هەڵەی چاپ و هونەری شیعری بۆ ڕاستکردوونەتەوە. مامۆستا عەبدولمەجیدیش بە شێوە ڕاستەکەی شیعرەکانی لەبەر کردوون و ئێستا لە دەستنووسێکی خنجیلانەدا تۆماری کردوون و ئێمەش سوودمان لەم دەستنووسەش وەرگرت.

خوێندەواری بەڕێز! هەر چۆنێك بێ وا ئەم دیوانەی حاجی قادری کۆییمان لە سەر ڕوولێنانی «ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان لێژنەی یاریدەدانی چاپ و بڵاوکردنەوە» ئامادە کرد بۆ لە چاپدان و هەوڵێکی زۆرمان دا، کەم هەڵە و ڕێکوپێك دەربچێ، چونکە ئێمە لەو باوەڕەداین، هیچ کارێکی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیری هەرچەندە خۆی پێوە ماندوو بکرێ، هەر لە هەڵەو ناتەواوی بە دوور نابێ.

لە کۆتاییدا ڕووی داواکاری و تکامان لە خوێندەواران و شیعردۆستان دەکەین، کە هەر هەڵە و ناتەواوییەک لەم دیوانەدا هەست پێ دەکەن، با لە ڕووی دڵسۆزی و خزمەتگوزارییانەوە بۆ زمان و ئەدەبی کوردی، ئاگادارمان بکەنەوە و هەڵەکانمان بۆ دەستنیشان بکەن تاکوو لە دوارۆژێکی نزیکدا لە چاپی نوێی ئەم دیوانەدا ڕاستیان بکەینەوە.

لەوانەشە هەندێ ئەدەبدۆست بپرسن و بڵێن بۆ هەندێ هەڵبەستی دیکە کە لە ناو دیوانەکانی پێشوودا، چاپ کرابوون و دەکەوتنە بەرچاو لەم دیوانە نوێیەدا بەرچاو ناکەون؟!

هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قەناعەتی ئێمە و دڵنیاییمان لەوەی کە ئەو هەڵبەستانەی لابراون هی حاجی قادر نین و بە هەڵە لە کاتی خۆیدا خراونەتە پاڵی، بۆیە لەم دیوانەدا فڕێمان دانە دەرەوە.

پێشەکی

ئێمە نامانەوێ لێرەدا بە وردی و دوور و درێژی بکەوینە بنج و بناوانی باسی ژیانی حاجی و لێکۆڵینەوەیەکی گوشاد لەسەر شیعر و شاعیریەتی بنووسین و هەموو لایەنێکی ژیانی تایبەتی شاعیرمان شیبکەینەوە، چونکە دەستەیەك لە ڕەخنەگر و لێکۆڵەری ئەدەبی کوردی بە دوور و درێژی لەو لایەنانەوە دواون و ئێمەش پتر مەبەستمان ساغ کردنەوەی دیوانی شیعرەکانییەتی، نەك بەدواداچوونی ژیانی تایبەتی و ئاشکراکردنی هەموو لایەنە شاردراوەکانی. بۆیە لێرەدا بەکورتی باسی ژیانی تایبەتی حاجی و شاعیرییەت و شیعرەکانی دەکەین.

حاجی قادر کێیە؟

بەپێی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردی و ساغ کردنەوەی هەندێ لایەنی بوون و ژیانی حاجی قادری کۆیی گەیشتووینەتە ئەم ڕاستیانەی خوارەوە:

ناوی تەواوی شاعیری نەتەوەییمان: «حاجی قادری کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا ساڵحی کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورە»[1] یە و دایکی ناوی فاتێ (فاتم) بووە هەر وەکوو خۆی لە دێڕە شیعرێکیدا ئەم ڕاستییە بە دیار دەخات و دەڵێ:

باوکم ئەحمەد بوو ناوی فیکرم دێ،

خەڵقی لادێ بوو، دایکی من فاتێ[2]

---

١. بڕوانە نامیلکەی مەلا عەبدوڕڕەحمان لاپەڕەکانی (٣٢٩ - ٣٣٥)ی بەشی دووەمی «حاجی قادری کۆیی» نووسینی مەسعوود موحەممەد ـ بەغدا١٩٧٤.

٢. عەبدوڕڕەحمان سەعید «کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی» بەغدا ١٩٢٥، ل: ٤.

حاجی قادر، کەی و لە کوێ هاتۆتە دنیاوە؟

ساڵ و جێگەی لە دایك بوونی حاجی قادر مایەی هێنان و بردنێکی زۆرە، لە هەندێ سەرچاوەی وەکوو نامیلکەی «مەلا عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورە»دا هاتووە کە وا حاجی لە گوندی «گۆڕقەرەج»ی[١] سەر بە شاری کۆیە لە ساڵی ١٢٣١ی[٢] کۆچی [م]دا هاتۆتە دنیاوە، ئەم ساڵە کۆچییەش بەرانبەر بە ساڵانی (١٨١٥ - ١٨١٦ز) دەوەستێ.[٣]

کە لە سەرچاوەی دیکەشدا بە دوای ساڵ و شوێنی لە دایك بوونیدا دەگەڕێین دەبینین لای ئەوان ساڵی ١٢٣٢ی کۆچی [م] بە ساڵی لە دایك بوونی دادەنێن[٤] و ئەم ساڵەش -بە پێی هەمان خشتەی گۆڕینی ساڵەکانی کۆچی بۆ زایینی- دەبینین بەرانبەر بە ساڵانی (١٨١٦ - ١٨١٧)ی زایینی دەوەستێ.[٥]

لە هەندێ سەرچاوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیشدا ئەمە هاتووە کە حاجی قادر لە ساڵی ١٨١٥دا لە گوندی «گۆڕقەرەج»[٦] و هەندێکیش دەڵێن لە ١٢٣٢ لە هەمان گوند هاتۆتە دنیاوە.[٧] هەندێ نووسەری دیکەش دەڵێن: حاجی لە ساڵی ١٨١٥لە کۆیە لە دایك بووە[٨] و لە جێی خۆیدا لە گۆڕقەرەجەوە هاتوونەتە ئەو شارە. بەڵام لەم دواییەدا زۆربەی لێکۆڵەرانی کوردی

---

١. گۆڕقەرەج: گوندێکی وێرانەیە کەوتۆتە خوارووی شاری کۆیەوە.

٢. نامیلکەی مەلا عەبدوڕڕەحمان «حاجی قادری کۆیی» نووسینی مەسعوود موحەممەد، ب: ٢، بەغدا. ١٩٧٤، ل: ٣٢٩.

٣. یوسف ابگاروڤیچ اوربلی «جداول لتحویل السنوات الهجریة الی السنوات المیلادیة» ترجمە، د. حسین قاسم العزیز «مجلة المورد» المجلد ٣، العدد ٤، بغداد ١٩٧٤، ص ١٣١.

٤. «گۆڤاری هاوار» ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٣٢ شام، ل: ٧.

٥. اوربلی، جداول... مجلة المورد، المجلد ٣ العدد ٤ بغداد ١٩٧٤، ص ١٣١.

٦. عەلائەددین سەجادی «مێژووی ئەدەبی کوردی» چ ١ بەغدا ١٩٥٢، ل: ٣١٠.

٧. ڕەفیق حیلمی «شیعر و ئەدەبیاتی کوردی» ب ١ بەغدا ١٩٤١، ل: ٩٩.

٨. کەریم شارەزا «کۆیە و شاعیرانی»، بەغدا ١٩٦١، ل: ٢٠.

دەڵێن لەساڵی ۱۲۳۲ك [م] = ۱۸۱۷ی زایینیدا لە دایك بووە و هەندێکیش لە پاڵ ئەو ساڵەدا دەنووسن لە نزیك کوێسنجاق ـ بە بێ ناو هێنانی شوێنەکە ـ لە دایك بووە.[۱]

هەندێ لێکۆڵەری دیکەشمان بە مەزەندە و بە پێی تەمەنی هاونشینەکانی دەڵێن: ئیحتیمالە لە ساڵی ۱۲۴۰ی کۆچی [م]دا لە دایك بووبێ[۲] و ئەم ساڵەش بەرانبەر ساڵانی ۱۸۲۴ ـ ۱۸۲۵ی زایینی دەوەستێ.[۳]

بەو مەزەندەیەی کە حاجی قادر لەگەڵ حاجی مەلا «عەبدوڵڵا»ی جەلی‌زادەدا پێکەوە بۆ گەشتی خوێندن چوون بۆ «باڵەکەتی» و حاجی مەلا «عەبدوڵڵا»ش مەعلوومە کە لە ساڵی ۱۲۵۰ی کۆچی [م]دا لە دایك بووە[٤] و ئەم ساڵەش بە پێی خشتەی گۆڕینی ساڵەکان بەرانبەر بە (۱۸۳۴ ـ ۱۸۳۵ز) دەوەستێ و لە بەرئەوەی هەردووکیان هاوڕێی خوێندن بوون، نابێ جیاوازییەکی وا زۆر لە نێوان تەمەنیاندا بێ؛ یەکێکیان لە نێوانی ساڵەکانی (۱۸۱۵ تاکوو ۱۸۱۷ز) لە دایك بووبێ و ئەوی دیکەیان لە نێوانی (۱۸۳۴ ـ ۱۸۳۵)دا لە دایك بووبێ، کە نزیکەی هەژدە ـ نوزدە ساڵیان بەینە و ئەم تەمەن لێك دوورییەش نایان کات بە هاوڕێی کاروانی خوێندنی فەقێیەتیان بۆ ناوچەی «باڵەکەتی»، کە بە یەکەوە ئەو گەشتەیان کردووە، هەروەك حاجی لە دوادوای ژیانیدا لە ئەستەنبووڵەوە نامەیەکی شیعری بۆ حاجی مەلا «عەبدوڵڵا»ی هاوڕێی خوێندنی نووسیوە و گوتوویەتی:

بە فیکرت دێ زەمانێ چوینە باڵەك   بە پێ‌خاوسی، نە کەوشم بوو نە کاڵەك![٥]

ناوەرۆکی ئەم دێڕە شیعرەی حاجی و هاوڕێیەتی گەشتی خوێندنی لەگەڵ حاجی مەلا عەبدوڵڵادا، ڕای ئەو لێکۆڵەرانە بەهێز دەکات کە دەڵێن: لەوانەیە حاجی قادر لە ۱۲۴۰ی

---

۱. د. کەمال فوئاد «دەستنووسی کوردی»، فیزبادن ئەڵمانیا، ۱۹۷۰ پێشەکی.
۲. مەسعوود موحەممەد «حاجی قادری کۆیی»، ب ۱ بەغدا ۱۹۷۳، ل: ١٦٤.
۳. اوربلی «جداول لتحويل السنوات الهجرية الى السنوات الميلادية»، «مجلة المورد»، المجلد ۳، العدد ٤، بغداد ۱۹۷٤، ص ۱۳۱.
٤. مەسعوود موحەممەد «حاجی قادری کۆیی»، ب ۱ بەغدا ۱۹۷۳، ل: ۱۰۱.
٥. مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا «دیوانی حاجی قادری کۆیی»، دەستنووس، ل: ۱۸۵.

کۆچی [م]دا لە دایك بووبێ، چونکە بەمە تەمەنی لەگەڵ حاجی مەلا «عبدالله»ی هاوڕێیدا نۆ ساڵ دە ساڵیان بەین دەبێ. ئەم نزیك بوونەوەیەش لە تەمەندا پتر هاوڕێیەتی گەشتی خوێندنیان بەهێز دەکات، لە چاو جیاوازییەکی هەژدە نۆزدە ساڵیدا.

حاجی قادر و خوێندنی مەلایەتی:

حاجی قادر هەر منداڵ دەبێ کە باوکی دەمرێ، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین کە حاجی تەمەنێکی منداڵیی وای بووە کە باوکی نەماوە، ناوی لە بیر بمێنێ، هەروەك لە دێڕە شیعرەکەی پێشوویدا گوتوویەتی:

باوکم ئەحمەدبوو ناوی فیکرم دێ　　　خەڵقی لادێ بوو، دایکی من فاتێ

کە تەمەنی بووە بە حەوت ساڵ دایکی لە مزگەوتی موفتی لە کۆیە لای مەلا ئەحمەدی ئۆمەرگونبەتی لەبەر خوێندنی داناوە[1]، ئەو مەلا ئەحمەدە خاڵۆزای حاجی بووە. پاشی دوو ساڵ دایکیشی دەمرێ و ئیتر مەلا ئەحمەد هەموو مەسرەفێکی خوێندنی دەکێشێ.[2]

حاجی کە سەرەتای خوێندنی فەقێیەتی لە کۆیە فێر بووە، لە هاوینی ساڵی ١٢٧٠ی کۆچی [م] بەرانبەر بە ساڵانی (١٨٥٣ ـ ١٨٥٤ز)دا لەگەڵ حاجی مەلا «عبدالله»ی جەلیزادەدا گەشتێکی خوێندن بۆ ناوچەی «باڵەکەتی» دەکات و لە گوندی «شێخ وەتمان» لە لای «مەلا موحەممەد کاك عبدالله» دەخوێنن و پاش ماوەیەك حاجی قادر لە حاجی مەلا «عبدالله»ی هاوڕێی دادەبڕێ و بە تەنهایی دەچێت بۆ کوردستانی ئێران بۆ شارەکانی سەردەشت و سابڵاغ و شنۆ.[3]

حاجی تاکوو ساڵی ١٢٧٩ی کۆچی [م] بەرانبەر بە (١٨٦٢ ـ ١٨٦٣) هەر لە کوردستانی ئێران ماوەتەوە و لەو ساڵەدا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە و بە دەشتی لاجان و بە ڕێی

---

١. عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ١ بەغدا ١٩٧١، ل: ٣٤٢.
٢. نامیلکەی مەلا عەبدوڕڕەحمان، بنواڕە: مەسعوود موحەممەد «حاجی قادری کۆیی»، ب٢ بەغدا، ١٩٧٤، ل: ٣٢٩.
٣. کەریم شارەزا «کۆیە و شاعیرانی»، بەغدا ١٩٦١، ل: ٢٠.

باڵەکەتیدا ـنەك بە ڕێگای سولەیمانیدا وەك لە هەندێ سەرچاوەدا هاتووە ـگەڕاوەتەوە دیوی کوردستانی عێراق و هاتۆتەوە کۆیە[١] و ماوەیەکی خۆش لەگەڵ حاجی مەلا «عبدالله»ی دۆستی و «ئەمین ئاغای ئەختەر»ی شاعیر و «حەماغا»دا لە کۆیە بە سەردەبات.[٢]

پاش ماوەیەك کە حاجی سەرنج دەدات ـدوای ئەو هەموو خەمخۆرییەی بۆ خەڵکەکەی کۆیە ـدەبینێ هەمووی هەر ڕوویان لە هەندێ شێخی وەکوو «شێخ نەبی ماویلی»یەو بەرانبەر بە شاعیر و خەمخۆری وەکوو خۆی کەمتەرخەمن و ئەم کەمتەرخەمییەش لە ڕووی سۆزی شاعیرانەیەوە بە بێ حورمەتی دادەنێ و بۆیە بڕیار دەدات کۆیە جێبێڵێ و ڕوو بکاتە شاری «ئەستەنبوڵ»ی پایتەختی سەڵتەنەت و خەلیفایەتی عوسمانلی. حاجی کە دەکەوێتە ئەو وڵاتی غوربەتەش لە چەند دێڕە شیعرێکی پڕ سۆزیدا ئەو هەستەی خۆی دەربڕیوە و گوتوویەتی:

لە غوربەت بە شاهی لەبیر ناکرێ   زەمانی جوانی و یادی وڵات
لە «قوشخانە»وە تا دەمی «ئیچقەڵا»   لە «بایزاغە»وە تا مەحەللەی «قەڵات»[٣]
هەموو خزمی خۆمن دەزانم دەڵێن   لە بێحورمەتیمان بوو «حاجی» هەڵات[٤]

ژیانی حاجی لە ئەستەنبووڵ:

حاجی شاری کۆیەی بچووکی جێهێشت و ڕووی کردە شارێکی گەورەی بەهاتوباتی وەکوو «ئەستەنبوڵ».

«شاری ئەستەنبوڵی ئەو ڕۆژەش کە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانلی بووە، نوختەی لەیەکدان و بە یەکگەیشتنی ڕۆژئاوای پێشکەوتووی سەرمایەدار و ڕۆژهەڵاتی دواکەوتووی دیلی کۆت و زنجیری دەرەبەگی و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و فڕوفێڵی ئایینفرۆشان بوو، ئەو ئایینفرۆشانەی کە ئایینیان کردبوو بە دەسمایەی دەستیان و بۆ ئامانجی ستەمکاری

١. بیروڕای مامۆستا مەسعوود موحەممەد لە پێداچوونەوەی ئەم دیوانەدا.
٢. نامیلکەی مەلا عەبدوڕڕەحمان «حاجی قادری کۆیی»، ب ٢ بەغدا ١٩٧٤، ل: ٣٣٠.
٣. قوشخانە، ئیچقەڵا،بایزاغە، قەڵات: چوار شوێن و گەڕەکی شاری کۆیەن.
٤. مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا «دیوانی حاجی قادری کۆیی»، دەستنووس، ل: ٣٥.

خۆیان ئاڵ و وێڵیان پێ دەکرد».[١]

حاجی لەو شارە گەورە پێشکەوتووەدا ماوەیەکی دوور و درێژ ژیا، [لە وێدا] بە بنەماڵەی «بەدرخانییەکان» گەیشت و بوو بە مامۆستای تایبەتی کوڕەکانی ئەو خانەوادەیە، لەلای ئەوان دیباچەی «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی خوێندەوە، لەو دیباچەیە و لە ئەنجامی خوێندنەوەی کتێبی ڕۆشنبیری تازەبابەت کە پەیتا پەیتا لە ئەورووپای پێشکەوتووەوە دەهاتن بۆ ئەستەنبووڵ و دەکران بە تورکی و بە ناو خەڵکدا بڵاو دەبوونەوە بیر و هەستی نەتەوەیی لە[ناخیدا] سەری هەڵدا.

پوختەی مەبەستمان ئەوەیە بڵێین: حاجی قادر لە بەر تەوژمی ڕۆشنبیری ئەورووپادا کوردایەتی لە مێشکیدا گەڕا و لە هەمان کاتیشدا دۆستایەتی لەگەڵ بەدرخانییەکاندا بێ گومان هاندەرێك بووە بۆ سەرهەڵدان و مەیینی ئەو کوردایەتییەی.

هەرچەندە حاجی لە ژیانی ئەستەنبووڵی ڕازی نەبووە و هەوەسی بە چارەی عوسمانلییەکان نەهاتووە، بەڵام وەك گوتمان ئەو ژینە نوێیەی لەو شارەدا گۆڕانێکی سەرەکی بە سەر بیر و باوەڕی حاجی هێناوە؛ چونکە جگە لەوەی کەوتبووە بەر تەوژمی ڕووناکبیرانی ئەورووپای پێشکەوتوو لە هەمان کاتیشدا «شاری ئەستەنبووڵی ئەو ڕۆژە جێگای کۆبوونەوەی هەموو ئازادی خوازەکانی وڵاتانی عوسمانی بوو لە کورد و عەرەب و ئەرمەن و نەتەوەکانی ئەورووپای خواروی ڕۆژهەڵات کە لەو سەردەمەدا لە تێکۆشان بوون بۆ ئازادی یا خۆیان لە دەستی عوسمانییەکان ڕزگارکردبوو».[٢]

حاجی لەو کاتەی ئاگاداری تێکۆشانی ئەو نەتەوانەی ژێر چنگی دەوڵەتی عوسمانلی بوو [کە] ئاوڕێکی لە میللەتەکەی خۆی دەدایەوە، دەیبینی نەك بەرەو ڕزگاری [نە]دەچوو بەڵکوو ئەو میر نشینییانەی کە هەشی بوون، لە ناوچووبوون وەك:

حکوومەتی میرەکانی «بابان» و «سۆران» و «بادینان» و ئەمارەتەکانی کوردستانی سەروو

---

١. موحەممەدی مەلا کەریم «حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد»، بەغدا، ١٩٦٠، ل: ١٠.

٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل: ١٠.

بەتەواوی ناوچەکانیان خرابوونە سەر دەوڵەتی عوسمانی. بنەماڵەی بەدرخانییەکانیش تێکۆشانێکی گەرمیان دەکرد بۆ دەستخستنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد».[١]

جا لێرەدا بە پێی ئەو زانیارییانەی باسمان کردن و بە گوێرەی بیروڕا و بۆچوونەکانی خۆمان گەیشتووینەتە ئەو ڕاستییانەی خوارەوە و لێرەودوا دەیانخەینە ڕوو:

یەکەم: حاجی تا نەچووەتە ئەستەنبووڵ، بیر و باوەڕی کوردایەتی تێنەگەڕاوە و شیعری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی دانەناوە، چونکە هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراومان بە دەستەوە نییە کە حاجی پێش چوونی بۆ ئەستەنبووڵ شیعری لە سەر ئەم جۆرە بابەتانە دانابێ و بیری لە دوا ڕۆژی نەتەوەکەی خۆی کردبێتەوە.

دووەم: بە زۆری شیعری دڵدارییەکانی حاجی، زادەی بیر و هەستی ژیانی کوردستانی عێراق و ئێران بوون، مەگەر بەدەگمەن دەنا لە ئەستەنبووڵدا لە شیعری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و لاواندنەوە بەولاوە، هێندە گوێی بە شیعری دڵداری نەداوە.

سێهەم: ئەگەر مامۆستای کوڕەکانی بەدرخانییەکانیش بووە، ئەوە واناگەیەنێ کە هەموو دەم لە ماڵی ئەواندا ژیابێ، بەڵکوو بە دەلیلی شیعرەکانی خۆی ماڵ و ژووری تایبەتی خۆی بووە، جا سەربەخۆ یان لە ماڵە کوردێکی ناسیاری ژوورێکی تایبەتی بووە، ژیانێکی هەژارانەی تێدا بردۆتە سەر. هەر وەك خۆی لە دێڕە شیعرێکیدا کە لە نامە شیعرییەکەی بۆ حاجی مەلا «عبدالله»ی جەلیزادەی کۆنە دۆستی و هاوڕێی خوێندنی نووسیوە، دەڵێ:

شەوێ دانیشتبووم بێ‌شەمع و میسباح ئەتۆی هێناوە یادم کاکە فەتتاح[٢]

چونکە ئەگەر لە ماڵی بەدرخانییەکاندا ژیابا، ماڵە پاشا «شەمع و میسباح» واتا: «مۆم و چرا»یان بووە و حاجی دەیتوانی نامەکەی لە بەر ڕووناکی چرای بە شەوق بنووسێ و تاریکی شەو نەبێتە گرفتێك لە پێشی.[٣]

---

١. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل: ٢٠.

٢. عەبدوڕڕەحمان سەعید «کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی»، بەغدا ١٩٢٥، ل: ٣٢.

٣. بۆ زانینی زانیاری پتر لەم بابەتەوە بڕوانە: مەسعوود موحەممەد «حاجی قادری کۆیی»، بەغدا ١٩٢٥، ل: ٣٢.

چوارەم: حاجی قادر «کەیفی جوانڕوویی» شاعیری لە کۆیە نەبینیوە چونکە سەردەمیان جودا بووە. حاجی زووتر لە کۆیە ڕۆیشتووە و «کەیفی»یش درەنگتر هاتۆتە ئەم شارە و ماوەیەکی باش لە کۆیە ژیاوە و لە مەدرەسەی حاجی مەلا ئەسعەدی باوکی حاجی مەلا «عبدالله» خوێندوویەتی و لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا گەلێ بیرەوەری خۆش و ناخۆشیان بەیەکەوە بووە، حاجی لە ئەستەنبووڵ واتا: لە غوربەتێ بووەتە دۆستی گیانی بەگیانی «کەیفی» و ئەو ڕایە ڕاست نییە کە دەڵێ: «حاجی و کەیفی بەیەکەوە لە شاری کۆیەوە چوون بۆ ئەستەنبووڵ».

کەیفی ماوەیەك پێش حاجی لە ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی [م] بەرانبەر ساڵانی (١٨٨٢ - ١٨٨٣) لە ئەستەنبووڵ کۆچی دوایی کردووە و حاجیش بە هەڵبەستە ناودارەکەی «فەلەك بە تیر و کەمانێ لە ئێمە چویتە کەمین» بە شێوەیەکی پڕ شۆڕ و سۆزی ئاوارەیی دەیلاوێنێتەوە و لە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێ:

لە «کوێرەدێ»[1] یێ کە «کەیفی»ی تیابێ فیردەوسە

جەهەننەمە کە نەما «کەیفی»، شاری «قوستەنتین»[2]

پێنجەم: هەرچەندە حاجی وەك ڕووناکبیرێکی پێشکەوتنخوازی سەردەمی خۆی سەیری مەسەلەی نەتەوایەتی کردووە و ویستوویەتی بە جۆرێکی زانستیانە چارەسەری فەلسەفەی ژیان بکات، بەڵام لە سنووری فەلسەفەی ئایینی ئیسلام نەچۆتە دەرەوە. دەتوانین بە حاجی بڵێین: «شاعیر و مەلایەکی ڕووناك بیر بووە» هەرچەندە هەندێ جار وەك زانایەکی ماتریالیست بیری لە کاروباری ژیان کردۆتەوە و گوتوویەتی:

لازمە خول بخۆی وەکوو بەرداش　　　هەموو قەڕنێ دەگۆڕێ ئەمری مەعاش[3]

---

١. کوێرەدێ: بە دوو مانا دێ، یەکەمیان بە مانای دێیەکی بچووك دێ و دووەمیشیان بە مەبەستی «کوێرەدێ»ی زاینگەی «کەیفی» دێ.

٢. مەبەستی لە شاری قوستەنتین: شاری ئەستەمبۆڵە کە «کەیفی» تێدا ژیاوە و هەر لەو شارەشدا کۆچی دوایی کردووە.

٣. عەبدوڕڕەحمان سەعید «کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی»، بەغدا ١٩٢٥، ل: ٣٦.

لە هەمانکاتیشدا وەك مەلایەکی خواپەرستی ئیماندار بەرپەرچی فەلسەفەی هەندێ فەیلەسووفی وەکوو ئەفلاتوون (۴۳۰ - ۳۴۷)ی پێش زایین، دەدادەتەوە کە گوتوویەتی «دنیا قەدیمە» واتا: «دنیا یا خود ماددە کۆنە»و دەڵێ:

فەلاتوون تۆ دەڵێی دنیا قەدیمە!؟ لە خمخانەت بنێن وەك خۆت لە خم نا[1]

شەشەم: حاجی تا کۆتایی ژیانی ژنی نەهێناوە و بێ ژن و ماڵ و مناڵ ماوەتەوە و ئەم بارە تایبەتییەی ژیانیشی بووەتە کۆسپێك لە بەردەم کۆ کردنەوە و ساغکردنەوەی دیوانی شیعرەکانی، چونکە ئەگەر ژن و مناڵ و نەوەی ببوایە، هیچ نەبوایە هەندێ لە شیعرەکانیان بۆ دەپاراست و بۆ لێکۆڵەری ئەم سەردەمەمان دەبوون بە سەرەداوی بەدوادا چوون و هەڵکردنی زانیاری ڕاست و تەواو لە بارەی ژیان و شیعر و شاعیرییەتیەوە.

حاجی لە دێڕە شیعرێکیدا ئەم ڕاستییەی بێ کەس و بێ ژن و منداڵییەی خۆی بۆ خەڵکە کە ڕوون کردۆتەوە و خۆی لە بێ کەسیدا بە میراتگری حەزرەتی عیسا داناوە و گوتوویەتی:

هەر منم ئێستە وارسی عیسا بێ کوڕ و ماڵ و بێ ژن و مەئوا[2]

دیسانەوە هەر لە بارەی بێ کەسی و بێ منالی خۆیەوە دەدوێ و ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێ کە هەرچەندە بێ کوڕ بووە، بەڵام لە سایەی شیعرەکانییەوە باوکی کوڕانە، واتا: شیعرەکانی جگەرگۆشەی ئەون و وجاغی بەو شیعرانەیەوە ڕوونە، لەم بارەیەوە دەڵێ:

ئەوی شاعیر نەبێ کۆرە وجاغی لە سایەی شیعرەکان، بابی کوڕانم[3]

حەوتەم: حاجی تەمەنێکی درێژی بەسەر بردووە، بە حیسابی ئەو نووسەر و لێکۆڵەرانەی کە دەڵێن: لە ساڵی ۱۸۱۵دا لە دایك بووە و لە ساڵی ۱۸۹۷دا کۆچی دوایی کردووە (۸۲) ساڵ ژیاوە. بە ڕای ئەو نووسەرانەی کە دەڵێن لە ساڵی ۱۸۱۷دا لە دایك بووە، دەبێ تەمەنی هەشتا ساڵ بوو بێ لە کاتی مردنیدا. بە مەزەندەی مامۆستا مەسعوودیش وەك لەمەو بەر پەنجەمان بۆ

---

۱. گیوی موکریانی «دیوانی حاجی قادری کۆیی»، چ۳ هەولێر ۱۹٦۹، ل: ۲۷.

۲. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل: ۱۰۰.

۳. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ۳۹.

درێژ کرد، دەڵێ: ئیحتیماله له ساڵی ١٨٢٤ له دایك بووبێ. بەم حیسابەش (٧٣= ١٨٢٤-١٨٩٧) ساڵ ژیاوه و هەر سێ تەمەنەکەیشی ئەو وەسفانەی بە ڕاست دەگەیەنن کە گوتوویەتی:

سەرو ڕیشم سەراپا بۆتە لۆکـە　　　شەوێ هەمڕازمە پشمین و کۆکە

هەروەها گوتوویەتی:

لە بەر پیری ئەوەندە بێحەواسـم　　　دەڵێی ئەرکانی ئیسلامی ئیناسم[1]

هەروەکوو ساغیش بۆتەوە حاجی لە ساڵی ١٨٩٧دا لە شاری ئەستەنبووڵ، لە ئاوارەیی و بێ کەسیدا سەری ناوەتەوە و لە بەری «ئوسکودار»، لە گۆڕستانی «قەرەج ئەحمەد» نێژراوە.[2]

حاجی قادر و شیعری نەتەوەیی

حاجی قادر وەك شاعیرێکی کورد، هەر چەندە بە پێی قۆناغ و سەردەمی سەرهەڵدانـی خۆی لە ناو سنوور و بازنەی قوتابخانە شیعرییەکەی نالی و سالم و کوردیدا دەدۆزێتەوە کە لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم بەردی بناغەیان بۆ داناوەو پێشی دەگوترا «قوتابخانەی شیعری بابان»، ئەم خاسیەتانەی ئەو قوتابخانەیەش بەسەر شیعرەکانی حاجی تا لە کۆیە و لە کوردستانی عێراق و ئێران بوو دەسەپاندرا، بەڵام کاتێ کە چووە شاری ئەستەنبووڵ و بیر و باوەڕی کوردایەتی لەلا پەروەردە بوو، وردە وردە ڕێبازی شـیعری گـۆڕا و خـۆی لە بـابەتی غەزەل و دڵداری کێشایەوە و کەوتە سەر شیعری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی دانان و ڕێبازێکی نوێی گرتە بەر.

هەرچەندە ئەو ڕێبازەی بە ڕوخساری شیعرەکانی هەر لە قاڵبی کۆندا ماوەتەوە، بەڵام لە بارەی ناوەڕۆکەوە، جۆرە سۆز و بیرێکی نوێ بوون و حاجی دەستی لە باسی زوڵفی درێژ و چاوی بەخەو هەڵگـرت و کـەوتە سـەر چـارەسەر کـردنی مـەسەلەی نـەتەوایـەتی کـورد و کۆمەڵایەتی میللەتەکەی.

١. مەسعوود موحەممەد «حاجی قادری کۆیی»، ب١ بەغدا ١٩٧٣، ل: ١٠٦.
٢. گیوی موکریانی «دیوانی حاجی قادری کۆیی» چ٣ هەولێر: ١٩٦٩، ل: ٥.

ئەوکارەی حاجیش ڕێچکە و ڕێبازێکی تازەی لە دنیای شیعری کوردیدا خوڵقاند، چونکە ئەگەر شیعری نەتەوەیی لە سەردەمێکی پێش حاجیش سەری هەڵدابێ، ئەوا وەك شیعرەکانی حاجی پێگەیشتوو نەبوون. ڕاستە شاعیری مەزنی کورد ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٦) پتر لە سەدەیەك پێش حاجی لە ئێش و ئازاری نەتەوەی کوردەوە دواوە و دەردەکانی دەستنیشان کردوون و دەستی بۆ دوژمنە گەورەکانی ئەوسای کورد درێژ کردووە، کە ڕۆم (عوسمانلی) و عەجەم (ئێران) بوون و هەر ڕۆژە کوردیان بە دەردێك بردووە و ئەم هەڵوێستەی «خانی» بووەتە سەرمەشقێك بۆ شیعری نەتەوەیی دانان لە لای حاجی و هەروەها شاعیرێکی گەورەی وەکوو سالمی ساحێبقڕان هەرچەندە لە چامە درێژە پڕ سۆزەکەیدا لەسەر شەڕی نێوانی عوسمانلی و کوردە بابانەکان سۆزێکی پڕجۆششی نەتەوەیی کورد دەنوێنێ، بەڵام تەنیا چامەیەك نەیکردووە بە شاعیرێکی نەتەوەیی و بە شاعیری غەزەل ناسراوە.

هەرچەندە وەك بۆمان دەرکەوت شاعیری دیکەی کورد ڕچەی ڕێبازی شیعری نەتەوەییان شکاندووە، بەڵام هیچکامێکیان وەکوو حاجی قادر وا بە قووڵی و بەرووبەرێکی وا بە دەرەتان پەرەیان بە شیعری نەتەوەیی کورد نەداوە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی حاجی لە دەوروبەرێکی بەهاتوباتی شارستانێتی وەکوو شاری ئەستەنبووڵی سەدەی نۆزدەهەم و سەردەمی شاعیریەتی و هاتنە ناو مەیدانی ئەدەبی کوردی لە گەرمەی پێگەیشتنی جووڵانەوەی ئازادیخوازی نەتەوایەتی میللەتان لە وڵاتە دراوسێکانی دەوڵەتی عوسمانلی و کارتێکردنی لە سەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد.

نووسەر و ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردی هەریەکە بە جۆرێك لە حاجی قادری کۆیی دواون، هەیە دەڵێ: «حاجی قادر بە پێشڕەوی کاروانی ئەو شاعیرە کوردانە دادەنرێ کە ڕێگەی خەبات و تێکۆشانیان بۆ نەتەوەی کورد کێشاوە و شیعریان کردووە بە بەشێکی جودا نەکراوە لە خەباتی گەل و بە چەکوشەکەی «کاوە» بۆ ورد و خاش کردنی دوژمنان».[1]

حاجی ئەو ڕاستییەی بۆ ساغ بووبووەوە کە دەردی کوشندەی نەتەوەی کورد دوژمنایەتی و یەكنەگرتنی دەستە و چین و سەرباکی ڕۆڵەکانی گەلەکەیەتی، بۆیە هەردەم «هەستێکی

---

١. د. عزّالدين مصطفى رسول «الواقعية فی الادب الكردي»، بيروت ١٩٦٦، ص٧٢.

نەتەوایەتی پیرۆز و خۆشەویستییەکی بە سۆزی بۆ نیشتمان و گەلەکەی بووە، ئەو هەست و خۆشەویستییەی بوون بە سەرچاوەی ئەم هەموو شیعرە بەرزانەی کە چ ئەوکاتە و چ ئێستاش بە چرایەکی ڕێگا ڕوونکەرەوەی نەتەوەی کورد دادەنرێن و هەر ئەو هەست و خۆشەویستییەی بووە وای لێ کردووە کە یەکیەتی هەموو ڕوویەکی ژیانی میللەتی کوردی زۆر مەبەس بێ».[١]

هەر وەك لەم دوو سێ دێڕە شیعرەیدا دەڵێ:

له دەشت و دێی ویلایەت بینه ئەحباب ... وەکوو شەخسێکی واحید بن لە هەر باب
لەمەولا پاکتان با بێنە سەر وەی ... لە بۆتان تا بەبان و سەر حەدی ڕەی
هەمووتان بینە یەك دەستوور و نووسین ... جل و بەرگ و زوبان و ڕەسم و ئایین[٢]

وە یاخود لە هەڵبەستێکی دیکەیدا چەند بە دڵسۆزی داوای ڕێککەوتن و یەکگرتنی ڕۆڵەکانی هەموو تیرە و هۆزەکانی میللەتی کورد دەکات، تاکوو وەك هێزێکی گەورە و کاریگەر بەرامبەر بە دوژمنانیان بوەستن، هەر وەك دەڵێ:

تا ڕێك نەکەون قەبیلی ئەکراد ... هەروا دەبنە خەرابە ئابادا!
ئەنواعی میلەل لە گەورە تا چووك ... خەملیوە مەمالیکی وەکوو بووك
یەك بەرگن و یەك زوبان و یەك ڕەنگ ... بێ غەیبەت و عەیب و عار و بێ دەنگ[٣]

نووسەر و ڕەخنەگری ئەدەبی کوردیمان بە جۆرێکی دیکە لە حاجی و شیعرەکانیەوە دەدوێن و دەڵێن: «بە سەیر کردنی بەرهەمەکانی حاجی، [حاجی] بە دامەزرێنەری قوتابخانەیەکی شیعری کوردی لە ئەدەبی کورددا دەژمێردرێ، ئەو قوتابخانەیەش پێی دەگوترێ قوتابخانەی «تنویر = ڕۆشن کردنەوە» وەیا خود دەتوانین ئێمە پێی بڵێین: قوتابخانەی ڕۆشنبیری. گرنگترین خاسیەتەکانی ئەم قوتابخانە شیعرییەش نزیك‌بوونەوەیەکی یەگجار گەورەیە لە میللەت و دەربڕینی هیوا و ئاوات و ئازار و داخوازییەکانی بە جۆرێکی

---

١. موحەممەدی مەلاکەریم «حاجی قادری کۆیی» بەغدا ١٩٦٠، ل: ٥٠.
٢. مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا «دیوانی حاجی قادری کۆیی»، دەستنووس، ل: ٢٠٣
٣. مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا «دیوانی حاجی قادری کۆیی»، دەستنووس، ل: ١٥٩.

فراوانتر و گەلێ گەورەتر لە شاعیرەکانی پێشوو».[١]

هەمان نووسەر و لێکۆڵەر لە شوێنێکی دیکەی بابەتەکەیدا نووسیویەتی دەڵێ: «لە بەراورد کردنی حاجی لەگەڵ شاعیرانی جووڵانەوەی «تنظیمات» کە نوێنەرەکانیان لە ئەدەبی تورکی عوسمانلیدا «شناسی» و «نامیق کەمال» و «توفیق ضیاءالدین» و «ضیا پاشا» و «عبدالحق حامد» بوون، لە یەکچوونێکی گشتی دەبینین لە نێوانی حاجی و ئەو شاعیرە تورکە عوسمانلییانەدا، بەڵام حاجی وەك شاعیری نەتەوەیەکی ئازار دراو و چەوساوە جیاوازی لە دوو شتدا لەگەڵ ئەو شاعیرانەدا هەیە:

١. باری مرۆڤایەتی لە شیعرەکانی حاجی قادردا پترە.
٢. لە هەڵوێستدا شۆڕشگێڕانەتر دێتە مەیدانەوە».[٢]

حاجی وەك تێکۆشەرێکی قاڵ بووی ناو بۆتەی خەباتی نەتەوەیی دەبینین «لە شیعرەکانیدا وتەی وای گوتووە سوودی میللەتی تێدابێ، بۆیە دەتوانین بڵێین: هەڵبەستەکانی شۆڕشێك بوون لە دژی کارەسات و خراپەکاری ناو ژیانی نەتەوەی کورد و شۆڕشێك بوون لە دژی ئەو شاعیرانەی هەر خەریکی عەشق و دڵداری بوون و شۆڕشێك لە دژی داگیرکەری وڵاتی کوردستان و ئەو شێخ و دەروێشانەی ئایینیان کردبوو بە هۆیەك بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە و سڕکردنیان».[٣]

ئەو دوژمنە داگیرکەرەی کوردستانی سەردەمی حاجی قادر هەر هەمان دوژمنی داگیرکەری سەردەمی "ئەحمەدی خانی"ی مامۆستای بووە و لەو کاتەی کە خانی «ڕۆم و عەجەم» وەك دوژمنی گەورە و داگیرکەری کوردستان دادەنێ و دەڵێ:

ئەڤ ڕۆم و عەجەم بوان حەسارن کرمانج هەمی لە چار کنارن
هەر دوو تەرەفا قەبیلی کرمانج بۆ تیری قەزا کرینە ئارمانج[٤]

---

١. د. ئیحسان فوئاد «بەرهەمی حاجی قادری کۆیی و جێگەی لە ئەدەبی کوردیدا»، کورتەی نامەی دوکتۆرییەکەی بە زمانی ڕووسی، موسکۆ ١٩٦٦ (خۆی بۆی کردین بەکوردی، ك.ش).
٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٣. د. عزّالدين مصطفى رسول «الواقعية في الادب الكردي»، بيروت ١٩٦٦، ص٧٢.
٤. م. ب. ڕۆدنکۆ، «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی، مۆسکۆ ١٩٦٢، ل:٣٢.

دەبینین لە سەردەمی حاجیش هەر هەمان ڕۆم و عەجەم دەستیان بەسەر خاکی وڵاتەکەیدا گرتووە و لە نێوانی خۆیانیان دابەش کردووە، هەروەك لە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێ:

لە مابەینی «کڵاوسوور»[1] و «کڵاوڕەش»[2]   پەرێشانین دەبینە میسلی گای بەش[3]

حاجی دوای داواکردنی یەکگرتنی هەموو دەستە و چینەکانی میللەت و دەستنیشانکردنی دوژمنی داگیرکەری وڵاتەکەی، دێتە سەر مەرجی دووەمی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، ئەویش مەسەلەی چەکە و لەگەڵێ جێی شیعرەکانیدا ئەم مەسەلەیە دووبارە و سێ بارە دەکاتەوە و جارێك دڵێ:

سەلاحی ئێوە ئێستاکە «سیلاحە»

تەماعی گەورەیی، بێ «چەك» نەکەن، نەك[4]

وەیاخود جارێکی دیکەش لە هەڵبەستێکی تریدا هەمان مەسەلەی گرنگی چەك دووبارە دەکاتەوە و دەڵێ:

بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە   ئەمن خامەم هەیە و شیر نادیارە![5]

حاجی وەك سیاسییەکی ئەمرۆ، دەیەوێ «خامە و چەك» بە یەکەوە لە خەباتی نەتەوەییدا بەشداری بکەن، چونکە بە تەنیا «خامە»ی نووسین نابێتە هۆیەکی کاریگەری خەبات و خەباتی شۆڕشگێڕیش بە تەنیا چەك ناکرێ ئەگەر لە پاڵ ئەو چەکەدا خامە و نووسین و ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی لەگەڵدا نەبێ،[6] هەر وەك لە نموونەیەکی دیکەیدا ئەمە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ:

---

١. کڵاو سوور: مەبەستی لە تورکە عوسمانلییەکان بووە.
٢. کڵاو ڕەش: مەبەستی لە ئێرانییە قاجارییەکان بووە.
٣. عەبدوڕڕەحمان سەعید «کۆمەڵە شیعری حاجی کۆیی»، بەغدا ١٩٢٥، ل: ١٦.
٤. عەبدوڕڕەحمان سەعید «کۆمەڵە شیعری حاجی کۆیی»، بەغدا ١٩٢٥، ل: ١١.
٥. گیوی موکریانی «دیوانی حاجی قادری کۆیی»، چ٣ هەولێر ١٩٦٩، ل: ١٣٠.
٦. کەریم شارەزا «سەرهەڵدانی شیعری سیاسی کوردی»، «گۆڤاری نووسەری کورد»، بەغدا ١٩٨٢، ل: ٣١، ژمارە (٩).

سەیف و قەڵەم شەریکن لەم عەسرەدا، درێغا

شیرم قەڵەم تراشە و کالانییە قەڵەمدان[١]

حاجی لەبارەی خەباتی نەتەوایەتییەوە لەمە زیاتر دەڕوات و لە دێڕە شیعرێکی دیکەدا مەسەلەی یەکگرتنی ڕۆڵەکانی نەتەوە و تەگبیر کردن و مشوور گێڕانی بە نهێنی و مەسەلەی بوونی چەك دەکات بە بەرنامەی تێکۆشان و دەڵێ:

جۆشێك بدەن وەکوو هەنگ تەگبیر بکەن بە بێدەنگ

ئەسبابی شەڕ پەیا کەن تۆپ و تفەنگ و هاوان![٢]

حاجی لە هەنگاوی سێهەمیدا سەرکردەیەك بۆ ئەو بزووتنەوە نەتەوەییەی کورد دەستنیشان دەکات، ئەو کەسەش «یەزدان شێر» بووە کە لە بنەماڵەی بەدرخان پاشا بووە، هەروەك لە قەسیدە پڕ سۆزەکەی «لە ڕۆما کەوتە بەر چاوم»دا ئەم ڕاستییەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە لە سەرەتای قەسیدەکەدا دەڵێ:

لە ڕۆما کەوتە بەر چاوم کەسێکی هائیم و حەیران

بە هەیئەت تێگەییم کوردە، بە شێوەی ئەهلی کوردستان

کە چوومە خدمەتی پرسیم: برادەر خەڵقی کام جێگەی؟

لە کام لا هاتووی؟ گریا! گوتی: بابان! گوتم: بابان؟[٣]

حاجی قادر دوای داڕشتنی سەرەتای قەسیدە پڕ جۆش و خرۆش و سۆزە نەتەوەییەکەی، دەکەوێتە سەر دڵدانەوەی کوردە بابانییەکە و بە گوێیدا دەچرپێنێ کە میرێکی کورد ماوە کە جێی پشت پێبەستنی میللەت بێ بۆ سەرۆکایەتی ئەو بزووتنەوە ڕزگاری خوازییەی نەتەوەی کورد و دەڵێ:

---

١. گیوی موکریانی «دیوانی حاجی قادری کۆیی»، چ٣ هەولێر ١٩٦٩، چ٣، ل: ٤٥.

٢. مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا «دیوانی حاجی قادری کۆیی»، دەستنووس، ل: ٧١.

[ئەم بەیتە، وەکوو لەمەولا باسی دەکەین، هەڵواسراوە و لەوانەیە کە شیعری حاجی نەبێت و خرابێتە نێو دیوانەکەیەوە. بۆ ئاگاداری زیاتر سەیری پارچە شیعری (خاکی جزیر و بۆتان)ی ئەم دیوانە بکە.]

٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل: ٥٧.

له پاشی ئەو هەموو گریان و نـاڵە و زاریـیە پـێم گـوت:

عەزیزم غەم مەخۆ هێندە، لە سایەی ڕەحمەتی ڕەحمان

ئـەمیرێك مـاوە پـاشایە، گـوتی: کـێیـە؟ گـوتم: شـێرە!

گـــوتی: لێرە؟ گـــوتم: لێرە! هـــەتا تـــاران و هـیندستان

بە خۆی شێرە وەکوو ناوی، لە شەڕدا دوژمـن ئـەندازە

تەمایان هەر بە ئەو ماوە جەمیعی خـاکـی کـوردستان[1]

هەچی جێگەی ئومێدمانە و ئەوی دڵخۆش دەکا ئەمڕۆ،

کەسی دی لەو بەدەر نابێتە غەمخۆری گـەلی کـوردان![2]

گەورەیی حاجی قادر -چ وەك شاعیرێکی نەتەوەیی و چ وەك زانـایەکـی تـێگـەیشتوو و ڕابەرێکی گەلەکەی ـ لەوەدا نییە کە وەستایانە دەردی کۆمەڵایـەتی و ڕامـیاری نـەتەوەکـەی دەستنیشان دەکات، بەڵکوو گەورەیی حاجی لەوەدایە لەگەڵ دۆزیـنەوەی ئـەو دەردانـەدا دەرمان و چارەشیان بۆ دەدۆزێتەوە، هەروەك لەو پێشەکییەدا بینیمان و ساغ بووەوە.

---

١. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل: ٥٠

٢. مەسعوود موحەممەد «حاجی قادری کۆیی»، ب٣، بەغدا ١٩٧٦، ل: ٣٦٩.

خوێنەری بەڕێز! بۆیە ئێمە تەنیا کەوتینە سەر لێکۆڵینەوەی شیعرە نەتەوەییەکانی حاجی، چونکە هەرچەندە هەندێ نموونەی بەهێز و سەرکەوتووی لە شیعری غەزەل و وەسفیشدا هەبێ، بەڵام بە تێکڕایی هەر بە شاعیرێکی نەتەوەیی ناسراوە و کە لە ئەدەبی کوردیدا ناوی شیعری نەتەوەیی دێ، ئەوا خەڵکە کەگورج حاجی قادر و ئەحمەدی خانییان دێتەوە یاد. نەشمان ویست پتر بە دوای شیعرەکانی بکەوین و نموونەی تریان لێ بێنینەوە، چونکە مەبەستی سەرەکیمان لەم کارە ئەدەبییەماندا زیاتر ساغ کردنەوەی شیعرەکانی و تۆژینەوەی دیوانەکەی حاجییە، نەك لێکۆڵینەوەی زۆر بەربڵاو لەسەر ژیان و شیعر و شاعیرییەتی چونکە هەندێ نووسەر و لێکۆڵەری خامەبەهێزمان بەر لە ئێمە زۆر بە فراوانی لەو لایەنانەیان کۆڵیوەتەوە و مافی ڕەوای خۆیان پێ داوە.

کەریم مستەفا شارەزا

سەردار حەمید میران

١٩٨٤/٥/١٤

هێمای سەرچاوەی دەقەکان:

ڕ. ك: جەمال خەزنەدار «ڕۆژی کورد» بڵاو کردنەوە و پێشەکی و لە سەر نووسین، بەغدا: ١٩٨١.

ت. ڕ: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد «تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا»، بەغدا: ١٩٧٨.

ع. س: عەبدوڕڕەحمان سەعید «کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی»، بەغدا: ١٩٢٥.

گ. م: گیوی موکریانی «دیوانی حاجی قادری کۆیی»، چ٣، هەولێر ١٩٦٩.

م. ڕ. س: مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا «دیوانی حاجی قادری کۆیی»، دەستنووس.

م. م: مەسعوود موحەممەد «حاجی قادری کۆیی»، ب١، بەغدا ١٩٧٣، ب٢، ١٩٧٤، ب٣، ١٩٧٦.

ڕ: **کوردستان**: گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە (١) ساڵی (٢) بەغدا ١٩٧٢.

ع. م. ن: عەبدولمەجید نوورەددین جەلیزادە، هەندێ لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی، دەستنووس.

م. ع. ق: دەقەکانی موحەممەد عەلی قەرداغی لە گۆڤاری بەیانی ژمارە (٥٣) و (٥٥) و (٦٦) و نووسەری کوردی ژمارە (٦)ی خولی دووەم.

خوێنەری بەڕێز! لە ساغکردنەوەی دەقی شیعرەکانی حاجیدا زمانی ئەدەبی کوردی سەدەی نۆزدەهەممان ڕەچاو کردووە، ئەو زمانەی کە «نالی» بەردی بناغەی بۆ دانا و قوتابخانەیەکی شیعری لەسەر بنچینەی ئەو زمانە داناو «سالم و کوردی»یش بەشدارییان لەگەڵدا کرد و گەلێ شاعیری دەرەوەی مەڵبەندی «بابان» پەیڕەوی ئەو قوتابخانەیان کرد و حاجی کۆییش یەکێك بوو لەو شاعیرانە. زمانی شیعری ئەوسایان پڕ بوو لە وشەی بێگانە و وەکوو ئێستا پوخت نەکرابوو جا ئەگەر لە ناو شیعرەکانیدا چاوت بە وشەی ئاوەها کەوت ئەوە لەبەر ڕەچاو کردنی ئەو زمانە ئەدەبییەی سەدەی ڕابوردووە وا حاجی وای گوتووە.

پیتی ئەلف

(ا)
گوتم بە بەختی خەواڵوو

گوتم بە بەختی خەواڵوو: بەسە ئەتۆ بیو خودا
لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا[١]

گوڕەی بەهاریە، ئێستێکە شاخ و داخای وڵات
پڕە لە لالە و نەسرین و نەرگسی شەهلا[٢]

لە گرمە گرمی سەحاب و لە هاژەیی باران
چیایە پڕ لە هەرا و نواڵە پڕ لە سەدا[٣]

پڕە لە سەیل و لە گۆلاو و کانی ڕوویی زەمین
پڕە لە بەرق و بریقەی برووسکە جەووی سەما

شکۆفە درهەمی، شاباشی بایی وەعدە دەکا
لە شەوقی مەقدەمی خەملیوە داروبەردی چیا[٤]

پیاڵەیی زەڕی نەرگس لەسەر کەفی سیمین
پڕە لە شەبنمی وەك دوڕڕ و لوئلوئی لالا[٥]

---

١. لە هەندێ دەقدا «وتم» نووسراوە. لە سەر دەقی دەستنووسی «م. ڕ. س» "گوتم"مان نووسی. لە دەقی «گ. م»دا لە جیاتی «بەسە» وشەی «وەرە» هاتووە.

٢. گوڕە: هەڕەت، گەرمە، کات. نەرگسی شەهلا: نەرگسی کاڵ.

٣. لە هەندێ دەقدا «نەواڵ» نواڵ یا نەواڵە: زەوییەکی بەرزی و نزمی هەبێ. (بڕوانە فەرهەنگی خاڵ، ل: ٦١٤).

٤. شکۆفە: خونچەی گوڵ. مەقدەم: مقدم، هاتن. خەملیوە: ڕازاوەتەوە.

٥. سیمین: زیوین. لە دەقی «گ. م»دا «شەونم» نووسراوە. لوئلوئی لالا: نایابترین جۆری مروارییە. لە دەقی «ع. س»دا «لوئلوئی لالە» هاتووە.

گوڵیش بە پەنجەیی فەیرووزە جامی یاقووتی
لە بۆ نیساری موهەییایە پڕ لە زەڕڕی تەڵا[1]

لە شادی وەك سەفی شایی لە کێو و کەژ ئەزهار
هەژا بە خەلعەتی گوڵگوون و کەوتە ڕەقس و سەما[2]

چەمەن لە لالە میسالی خەتی ڕوخی دولبەر
سیاهـ چادری لێ بۆتە خاڵی سەر گۆنا

لە کن بەنەوشە و خاو و هەڵاڵ و بەیبوونی
هەڵاڵی پێستەیی خاوە عەبیر و موشکی خەتا[3]

چیا لە تەوقەسەری داڕژاوە تا کەمەری
چو زولفی سونبولی دەرهەم، چو پەرچەمی بەڕەزا[4]

بە جۆشی ئاگری گوڵناری کانی هەڵدەقوڵێ
میسالی دیدەیی وامیق لە حەسرەتی عەزرا[5]

---

١. فەیروزە: پیرۆزە، ڕەنگ بسەوز، یاخود ڕەنگ شین. [مەبەست لە پەنجەیی فەیرووزە: ساق و تەنەی گوڵە کە سەری‌گوڵەکەی کە وەك جامی شەراب سوور و یاقووتییە، لەسەر دەستی گرتووە و پێشکەشی دەکا]. نیسار: پەخش کردن، بڵاوکردنەوە. موهەییایە: ئامادەیە. تەڵا = «طلا»: وشەیەکی فارسییە بە مانای زێڕ (ئاڵتوون) دێ.

٢. ئەزهار: کۆکراوەی «زهر» بە مانای گوڵ دێ. لە دەقی «ع. س» و «گ. م»دا لە جیاتی «أزهار» وشەی «إظهار» نووسراوە. لە دەقی «ع. س»دا «هوژا» هاتووە، لە «گ. م»یشدا «هوزار» هاتوە. خەلعەتی گوڵگوون: خەڵاتی گوڵ‌ڕەنگ.

٣. [خاو و هەڵاڵە و بەیبوون: سێ جۆرە گوڵی بۆنخۆشن]. موشکی خەتا: جۆرە میسکێکی نایابە، خەتا: ناوچەیەکە لە تورکستانی چینی کە بە میشك بەناوبانگە.

٤. چو: وەکوو چەشنی. سونبول: جۆرە گوڵێکە، سونبولی دەرهەم: سونبولی بە یەکاچوو. بەڕەزا: جۆرە گیایەکە، باڕێزە.

٥. گوڵنار: گوڵی زڕە هەنارە، ڕەنگێکی سووری ئاگرینی هەیە. وامیق و عەزرا: دوو عاشق بوون وەکوو «مەم و زین» و «شیرین و فەرهاد».

قەڵاتی زیوی ڕوخاوە هەرەس بە تۆپی نەسیم
سوپاهی لالە و گوڵ، چادری لە جێ هەڵدا[1]

لە گۆلە شینێ کە قاز و مراوی دێن و دەچن
نەزیری ماه و ستارەن لە قولزوومی مینا[2]

شنەی نەسیمە سەدای ئاوی سافی سەر قەڵبەز
بە ورشە ورشی گیا شەنگەبی بووە شەیدا[3]

خرینگ و هۆڕی قوڵینگ و قەتاری سی لە سەران
دەبێت و کەو دەفڕێت و شەهێن چریکە دەکا

لە پیرە پیڕ و لە سمکۆڵی پیرە گاکێوی
دەلەرزێ گاوی زەمین و دەترسێ گاوی سەما[4]

لە دەنگ و دووکەڵی شینی تفەنگی نیچیرەوان
میسالی سونبولی زوڵفێ کە تێك بچێ بە سەبا[5]

---

١. هەرەس: پەڵە بەفرێکی زۆر گەورەیە بە قەد چیاوە بڕمێتە خوارەوە.
٢. لە هەندێ دەقدا «گۆمە شین» هاتووە، [موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: گۆمەشین باشترە، تا ئاماژە بێت بە دێی «گۆمەشین»؛ چونکە حاجی لە دوورە وڵات دایە و حەز دەکا بە شێوەی تەورییە بە ناوی شوێنەکانی لای شارەکەی ئاماژە بکات ـ هەنگاوێ‌تر: ٤٠]. قولزوومی مینا: ئاسمانی مینایی، [ئاسمانی شین].
٣. قەڵبەز: تاڤگەی ئاو. [ورشە ورش: بریقە و تروسکە]. شەیدا: عاشق، شێت.
٤. [پیرە پیڕ: دەنگی گا. سمکۆڵ: سم و پێ بە زەویدا کوتانی ئاژەڵ]. گاوی زەمین: ئەو گا ئەفسانەییەی کە دەڵێن گۆی زەوی لەسەر پشتی وەستاوە. گاوی سەما: «برج الثور»، کەلووی گا.
٥. لە دەقەکانی «ع. س» و «گ. م»دا نووسراوە «لە بیست و دووکەڵی» بەڵام ئەم دەقەمان لە دەستنووسەکەی «ع. م. ن» وەرگرت و تۆمارمان کرد. [موحەممەدی مەلا کەریم، دوای

چــیایە شـێخ و کـەوای سـەوزە، مـێزەری بـەفرە
سیواکـی چـووزەرە ڕێواسـە، تـەیلەسانی گـەڵا[١]

چــەمەن لە لالە و ڕەیــحان و نـەستەرەن ئـیمڕۆ
سوپێهر و سوبح و شەوە و ئافتابی وەختی زوحا[٢]

چنار و عــەرعەرە دەفـزەن هـەزارە نـەغمەسەرای
گـــیاشی زاکـــیرە تـــەسبیحی شـــەبنمی لە مـلا[٣]

لە ژووری مێگەلی هەورە، لە ژێری مێگـەلی مـەڕ
شەبیهی گـوڵشـەنی خـەزرایـە، تـوودەیی غـەبرا[٤]

لە کـــێوو کـــەژ کـە سـەر ئـێوارە دێتـەوە مـاڵات
لە دەوری چادری ساحێبـی مـەوجی دا، وەسـتا[٥]

☞

تێگیرانێکی زۆر لەگەڵ کاك عەبدوڕڕەزاق بیماردا، دەگاتە ئەو قەناعەتە کە «لە بستوو» ـکە بە مانای تەپۆڵکەیە ـ دروستە، نەك «لە دەنگ و» هەروەکوو چۆن لە دەستنووسەکانی لای خۆیدا وەها هاتووە. هەروەها دەڵێ: دەبێ وشەی «زولفێ کە» بەسەر یەکەوە (زولفێکە) بنووسرێت، چونکە مانای شیعرەکە ئاوەهایە: دووکەڵی شینی تفەنگی نێچیرەوان کە لە بستوو ئەچێ بە ئاسمانا، وەك سونبوڵی زولفێك وایە بای سەبا تێکی دابێ. ـهەنگاوێکی‌تر: ٥٣، ٥٤.]

١. تەیلەسان: جبەی سەوز. ٢. سوپێهر: ئاسمان. [زوحا = ضحیٰ].

٣. [هەزار: بولبول] نەغمەسەرا: گۆرانی بێژ. لە دەقی «گ. م»، «شـەونم»ی ئـەم سـەردەمەی ئێستا نووسراوە.

٤. [خەزرا = خضراء: سەوز. مێگەل: ڕان، گەلە]. توودەی غەبرا: گـردۆڵکـەی بـۆر، یـا خـود عەردی بۆر.

٥. [ماڵات: مەڕو ماڵات]. دەقی ئـەم نـیوە دێڕەمـان لە سـەر بـاسێکـی مـامۆستا مـەسعوود موحەممەد، لە گۆڤاری «کاروان»ی ژمارە «٧»ی ساڵی ١٩٨٣دا، ڕاست کردەوە. لە دەقی «گ. م»دا نووسراوە: «مەوجی دا وێستا».

له حـیله حـیلی کـەحێل و له بـاڕە بـاڕی مـەڕان
له دەنگی قۆڕەیـی گـاجووت و بـۆڕەیـی مـانگا[١]

له گورگه لوور و حەپەی سەگ، له قاڕە قاڕی بزن
له عەکسی دەنگی دوبـارەی کـە دێتـەوە له چـیا[٢]

له ئـۆحـە ئـۆحـەیی گـاوان و قـیڕە قـیڕی شـوان
له بگرە بەردەیی کـابان دەبـێتـە حـەشر و حـەلا[٣]

مــەلائیکەی ســەری تــاق و ڕەواقــی مــینایی
دەیێنە جونبوش و لەرزین، دەکەونە حـەولەوەلا[٤]

کە هـەڵکـرا شـەوێ ئـاگـر له کـوللی ڕەشـماڵەك
خــــجل دەبــن له زەوایــایی خــەیمەیی والا[٥]

عــوتارید و زوحــەل و ئـافتاب و مـاهی تـەمام
خولاسە، سـابیت و سـەییارە تـا دەگـاتە سـوها[٦]

---

١. کەحێل: ئەسپی ڕەسەن.
٢. [وشەی «دوبارە» دەبوا بە واوی جووت (دووبارە) بنووسرایە، بەڵام لەبەرکێشی شیعرەکە بە یەك واو نووسیمان. (هەنگاوێکی‌تر).]
٣. [کابان: خاتوون، کەیبانووی ماڵ. حەشروحەلا: زڵە و قەرەباڵغی، حەشرەلا].
٤. مـەبەست لە «ڕەواقـی مـینایی» ئـاسمانە. لە هـەندێ دەقـدا «ڕەقس و سـەما» هـاتووە. [حەولەوەلا: گوتنی لا حولَ و لاقوةَ إلّا باللّه. ئەم ڕستەیە لە کاتی سەر سووڕماندا دەگوترێ].
٥. خجل دەبن: شەرمەزار دەبن. خەیمەیی والا: خەیمەی بەرز و بڵند، کە مەبەستی ئاسمانە. [زەوایا: کۆی «زاویە»یە بە مانای گۆشە و سووچە].
٦. عوتارید و زوحەل: دوو ئەستێرەن لە کۆمەڵەی خۆر. ئافتاب: ڕۆژ، هـەتاو. مـاهی تـەمام: مانگی تەواو مانگی پڕ. سوها: ئەستێرەیەکی کزە لە کۆمەڵە ئەستێرەی حەوتەوانەدا.

سـەبا! دەزانـی ژیـانم لە دووریـیان مـەرگە؟!
دەسا وەرە بە کـزەی خـۆت خـجل بکـە عـیسا[١]

ئەگـەر مـنم، لە فـیراقـیان کـزەم لە جـەرگەوە دێ
ئـەگـەر دڵە، وەکـوو جـەرگم دەڵێی ئـەوا سـووتا

لە پاشی ئەم هەموو داستانە بەختی خواب ئالوود
میسالی ئەژدەری نوستوو بە ڕق لە خـەو هـەستا[٢]

جـەوابـی دامـەوە ئـەمما جـەوابـەکـی وا ڕەق
نـەما مـەجالی مـەقال و مـوباحەسە لەم لا[٣]

گـوتی: هـەتاکـوو خـەزان و بـەهار و زسـتانە
مـەداری عـەیشی مـەوالیـدی عـالەمی غـەبرا[٤]

بـەهاری وا هـەموو سـاڵێکـی دێـتەوە ئـەمما
ئـەوانـی دەچـنە دیـاری مـەمالیکی عـوقبا[٥]

---

١. کزە: کزەی با، شنەی با. [واتە: ئەی بادی سەبا تۆ وەرە من زیندوو کـەرەوە وەکـوو چـۆن حەزرەتی عیسا فووی لە مردوو دەکرد زیندوو ئەبوونەوە].

٢. خواب ئالوود: فارسییە بە مانای خەواڵوو دێ. ئەژدەر: ئەژدەها، عەزیا.

٣. [موحەممەد مەلاکەریم لای وایە کە «لەم لا» هەڵەیە و دروستەکەی «لیمە لا = لِمَ لا»یە کە دوو ئامرازی زمانی عەرەبین (لیمە = لِمَ) واتە: بۆچی، (لا) بە مانا نای نەفیە، سەرجەم واتەی (بۆچی نە)یە کە لە وتووێژدا زۆر دوویات ئەبێتەوە].

٤. [مەداری عەیش: چەرخی ژیان. مەوالیدی عالەمی غەبرا: سك و زا و بەرە و بەرچەی ئەم دونیا تۆزاوییە].

٥. ئەم نیوە دێڕەمان لە سەر باسێکی مامۆستا مەسعوود مـوحەممەد لە گـۆڤـاری «کـاروان» ژمارەی (٧)ی ساڵی ١٩٨٣دا ڕاست کردەوە. لە دەقی «ع. س» و «گ. م»دا، «ئەمانە دەچنەوە» هاتووە. عوقبا: ڕۆژی قیامەت.

یەکێکی نایەتەوە، چوونیان هەر ئەو چوونە
لە شێخ و عالیم و جاهیل، لە پادشاھ و گەدا

مەکانە، شەوقی بە عێلاتە، پەشمە کۆنە هەوار
حەیاتە، زەوقی بە ئەحبابی، بایە ئاب و هەوا[1]

ڕەفیقی کۆنە نەماون، جوانەکان پیرن
بە شەق دەڕۆن و لە داری دیارە شەقی عەسا[2]

لە دووسەدی یەکەکی زەحمەتە بناسییەوە
مەگەر بە ناو و نیشان و بە خزم و باب و برا[3]

کە بێی و بچیەوە ئێستا «كَأَنَّهُ» دیسان
سەفەر دەکەی لە وەتەن دەچیە شاری جابولقا[4]

خولاسەیی قسە ئێستێکە مەسڵەحەت ئەمەیە
بڵێی بە وەجهی نەسیحەت، بە کاغەز و ئینشا[5]

ئەمان! کوڕانی ڕەفیق و برادەرانی وڵات
بە ئێوە هەر کەگەیی ئەم کەلامی بێسەروپا

---

١. [عێلات: کۆی عێل، خێڵی کۆچەری کە گەرمیان و کوێستان دەکەن]. پەشمە، پەشم: هیچ، بێ کەڵك. ئەم دێڕە شیعرەشمان لە سەر دەقی «کاروان»ی ژمارە «۷» ڕاستکردەوە.

٢. جوانەکان: جاحێڵەکان، گەنجەکان، لاوەکان. لە دەقی «گ. م»دا نووسراوە «لە دووری دیارە شەق و عەسا».

٣. [یەکەکی: یەکێکی].

٤. [کأنّە: وشەیەکی عەرەبییە کە بۆ چواندن بەکار دێت، واتە: وەکوو ئەوە وایە]. ئەم نیوە بەیتە لە هەندێ دەقدا بەمجۆرەیە: «گەر بێی و بچیەوە ئێستاکە بۆ وەتەن دیسان». جابولقا: شارێکە ناوی هەیە و خۆی نییە. بۆ یەکەم جار لە داستانەکانی هەزار و یەك شەودا ناوی هاتووە.

٥. موحەممەدی مەلا کەریم لای وایە ـ وەك چۆن لە دەستنووسەکانیشدا هەیە ـ وشەی «ئەوەیە» لە نیوە بەیتی یەکەمدا دروستە لە جیاتی «ئەمەیە»، چونکە شوێنەکە جێی ئاماژەی نادیارە.

له پاش ئەوەی کە تەسحیە و موتالەعەی بکرێ
بە یادی من لەبەری کەن لە ڕوویی میهر و وەفا[١]

هەتا لە خیتتەیی بێگانە فەخری پێوە بکەم
لە بەینی زومرەیی ئەحیا و مەجمەعی مەوتا[٢]

ونی مەکەن وەکوو ئاساری «نالی» و «کوردی»
لە سەهوی دیدە بپۆشن، گوزەر بکەن لە خەتا[٣]

نییە لە مومکینی ئیمکان خەتا و سەهوی نەبێ
بە غەیری خواجەیی دیوانی «عَلَّمَ الأسْما»[٤]

ئەوی حەسوود و جەهوولن، لەئیم و ڕەخنەگرن
لە عەیب و ڕەخنەیی عالیم بەری دەبن ئودەبا[٥]

ئەمانە زادەیی ئەفکار و خۆشەویستی منن
ئەگەر قەبیح و کەریهن، ئەگەر شەل و ئەعما[٦]

---

١. تەسحیە: «تەصحیح»، ڕاست کردنەوە. میهرو وەفا: خۆشەویستی و وەفاداری.

٢. [خیتتە = خیططە]. خیتتەیی بێگانە: یا خوتتەیی بێگانە، مانای خاکی بێگانەیە. زومرەیی ئەحیا: کۆمەڵی زیندوان. [مەجمەعی مەوتا: جێی کۆبوونەوەی مردوان].

٣. دیدە بپۆشن: چاو بپۆشن، لە دەقی «گ. م»دا «چاوێ بپۆشن» هاتووە. گوزەر بکەن لە خەتا: بەسەر خەتاکانی تێپەڕن، چاو لە خەتاکانی بپۆشن.

٤. [لام وایە نیوە بەیتی یەکەم ئاوەها ڕاستتر بێت: «نییە لە مومکین، ئیمکانی خەتا و سەهوی نەبێ»، واتە: «یێ»یەکە لە باتی ئەوە بلکێنرێت بە مومکینەوە بنووسێنرێت بە ئیمکانەوە، چونکە مانای نیوە بەیتەکە ئاوەهایە: لە نێو مومکیناتدا ئیمکانی نییە هەڵە و سەهوی نەبێ. بەم شێوە نیوە بەیتەکە هەم لە باری ماناوە و هەم لە باری کێشەوە لەبارترە. مومکین: زاراوەیەکی عیلمی کەلامە بەرانبەر بە «واجیب»ە]. مەبەستی لە «خواجەیی دیوانی عَلَّمَ الأسْما»: خودایە. ئیشارەتە بۆ ئایەتی ﴿وَ عَلَّمَ آدَمَ الأسْماءَ کُلَّها﴾ بەقەرە: ٣١.

٥. جەهوول: نەزان. [لەئیم: ڕژد، چرووك]. لە دەقی «گ. م»دا نووسراوە: «عالەم».

٦. قەبیح و کەریهن: ناشرین و ڕەزاقورس. ئەعما: «الاعمیٰ»، کوێر و نابینا.

میسالی فەرخەیی «ژیشك» کە پێی دەڵێ دایکی:
ئیلاهی! قاقومە یا خەز، سەموورە یا دیبا؟![١]

شەبیهی جۆلەکە ڕازی نەبێ بە سەردڕی خۆی
مەڵێن فەساحەتی کوردی بە فارسی ناگا[٢]

بەلاغەتێکی هەیە، هیچ زوبانێ نایگاتێ
لە بێ تەعەسسوبی کوردانە بێ ڕەواج و بەها[٣]

کە خۆتی تێ نەگەیێنی، لە نیکتەکانی نەگەی
دەڵێی هەموو هەزەیانە خودا بەڵای لێ دا![٤]

بەڵام ئەوانی کە سەڕڕافی زێڕ و زیوی قسەن
بە شەهـ ڕەوایی دەزانن، چ سککەیەکە ڕەوا[٥]

چ حیکمەتێکە کە ئاساری کوردە نامووسی
نەکیمیایە، نە عەنقا، لە بەینی ئێمە نەما[٦]

---

١. [فەرخ: بێچوو، بەچك. ژیشك: ژەژوو، گیانلەبەرێکە دڕکاوی]. لە دەقی «گ. م»دا لە جیاتی ژیشك «ژووشك» هاتووە. خەز: ئەمەش گیانەوەرێکی وەك سمۆرەیە، کەوڵێکی نەرمی ئاورێشمینی هەیە. قاقوم: قاقم جۆرە گیانەوەرێکە لە سمۆرە دەچێ و کەوڵێکی نەرمی هەیە. دیبا: جۆرە قوماشێکی ڕەنگاوڕەنگی ئاورێشمینە.

٢. سەردڕ: جل‌وبەرگی چنراوی دەسکردی جۆلا. [جۆلەکە: ئەوەی ئیشی جۆلایی دەکا، واتە: شاڵ و بەرماڵدوور. مامۆستا هەژار لە هەنبانەبۆرینەدا لەسەر وشەی «سەردڕ» ئەم بەیتەی بەم شێوە هێناوەتەوە: «وەکوو جۆلایێ کە ڕازی... هتد»].

٣. بەها: نرخ، قیمەت.

٤. هەزیان: «هذیان» هورێنە.

٥. [شەهـ ڕەوا: دوو مانا دەبەخشێ، یەکەم: بە شایانی پادشایانی دەزانن؛ دووەم: بە «شەهرەوا»ی ئەزانن کە ناوی دراوێکی میرنشینی کورد بووە لە ناوچەی بۆتان. ـ هەنگاوێ‌تر: ٥١]. ڕەوا: حەلاڵ، حەق.

٦. عەنقا: جۆرە باڵندەیەکی خەیاڵییە، ناوی هەیە و ڕەنگی نییە. [مەبەستی ئەوەیە بڵێ: خۆ ئاساری کوردی کیمیا و عەنقا نین، کە دوو شتی نایابن، ئەی بۆچی لەبەین چوون؟!].

ئیلاهی نەیخەیە بەر چەنگی مەندەبووری لەئیم
نقوودی «حاجی» کە نەیدیوە خوسرەو و دارا[١]

ئومێدی وایە نەسیبی کەریمەکی وابێ
بە خێری دایکی و بابی لە ڕێی خودا بیبا[٢]

گەلێ قسەم لە دڵا بوو حیکایەتم مابوو
کەچی لە بەختی کەچم خامە نووکی لێرە شکا

(٢)

ئەوە شاھەنشەھە

ئەوە شاھەنشەھە بۆ عەبد و پاشا
موعەللەق خەیمەیی ئەفلاکی ھەڵدا[٣]

ئەتۆ مەسنووعی، چیتداوە لە سانیع؟
لە زانینی ئەوە نادانە دانا

١. مەندەبوور: وشەیەکی فارسییە بە مانای بەدبەختی غەمگین دێ. نقوودی حاجی: هەرچەندە بە مانای پارەکانی حاجی دێ، بەڵام لێرەدا مەبەستی شیعرەکانیەتی، لە ڕووی بەهادارییەوە شوبهاندوویە بە پارە.

٢. ئەم نیوە دێڕە شیعرە لە دەقی «گ. م»دا بەمجۆرە هاتووە: «ئەمین بە وایە نەسیب و گەر یەکێ وابێ». لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «لە ڕێی خودا»، «لە ڕێی خێرا» هاتووە. لە دەقی «م. ڕ. س.»و «ع. س»دا «بیدا» هاتووە، بەڵام ئێمە دەقی «گ.م»مان لا پەسند بوو «بیبا»مان نووسی.

٣. [موعەللەق: هەڵواسراو، داڵۆسکە. خەیمە: تاوڵ، ڕەشماڵ و چادر. ئەفلاك: کۆی فەلەکە واتە: ئاسمان. واتە: بەبێ ئەستوون و کۆڵەکە چادری ئاسمانی هەڵداوە].

موعەممایە جیهان ئیسمی مـوعەمما
مەکانی ئیسمە نەك جێگەی موسەمما[1]

بـە بـێ‌دیـنی جـەمالی بـێ‌قـەرینی
خەلایق سەر بە سەر ئیمانی هـێنـا![2]

بە با زولفی کە لەرزی تا بـە تـا بـوو،
لەگەڵ لەرز و لەگەڵ تا بوونە هـەمتا[3]

موتاڵای دەوری زولفەینی موسەلسەل
ئەوەندەم کردووە لێم بۆ بـە سـەودا[4]

لە دەوری دوڕڕی دندانی بە قـیمەت
ددانـــی کـــەندووە لوولوویـــی لالا[5]

١. موعەمما «مـعمّیٰ»: لوغـەز، ئـەو قسـەی مـانای نـادیارە، [مـەتەڵۆك]. لە دەقـی «گ. م»دا نووسراوە: «جێگەی موعەمما»، بەڵام ئێمە بە پێی دەقی «م. ڕ. س» و ماناکـەی، کـردمان بـە «موسەمما».

٢. دینی: بە مانای دیتنی دێ. بۆ کێشی شیعرەکە بەمجۆرە هـاتووە و لە دەقـی «م. ڕ. س»دا نووسراوە «دیتنی» و کێشەکەی تێکداوە. بێ‌قەرین: بێ‌هاوتا.

٣. [تا: لە نیوە بەیتی دووهەمدا بە مانای یاوە، واتە لەرز و تا].

٤. [موتاڵا: موتالەعە، خوێندنەوە. زولفـەین: زولف +یـن کـە نیشانەی جـووتە (تـەسنیە) لە عەربیدا بە مانای دوو تاڵ مووە، وادیارە کنایە بێت لە دوو ڕشتەی «عـلة و مـعلول» کـە بـە شێوەی زنجیر، (موسەلسەل) دەڕوا تا لە ئەنجامدا ئـەبڕێت و خـودای پـێ سـابت دەکـرێ. سەودا: عەشق، ئەوین. موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: «هەرچەند دەسخەتێکم بۆ پاڵپشـتی قسەکەم نەدۆزییەوە، بەڵام لام وایە «لێم بۆتە سەودا» ڕاسترە». ـ هەنگاوێ‌تر: ٥٩].

٥. دندان: ددان، دان. لە دەقی «م. ڕ .س»دا دوندان هاتووە. وە لە دەقی «گ. م»دا نووسراوە: «لوءلوئی لالا» بەڵام ئێمە لەسەر دەقی «م. ڕ. س» وەکوو ناو هەڵبەستەکەمان نووسی چونکە ڕاسترە. [لوولوویی لالا: مرواری تررووسکەدار و بە ورشە].

لەلای من پەشمە ئەم زەخمە هەتاکەی
بە زایع ناچێ ئەم سەبرە لەلای خوا[١]

زەمانی حاڵە «حـاجی» حـاسڵی تـۆ
دەبێتە دوێنێ ئەمڕۆ، مـیسلی فـەردا[٢]

(٣)

بەستەیی زوڵفی نیگارێکم

بەستەیی زوڵفـی نـیگارێکـم ڕەسـەن بـازی دەکـا
سەففی موژگانی لە تابووری سوپای غازی دەکـا[٣]

سامیری گۆسـالەیە، تـوڕڕەی کـە تـەڕڕاری دەکـا
ساحیریی ئەسڵی هەیە غەمزەی کە غەممازی دەکا[٤]

---

١. هەرچەندە وشەی «هەتاکەی» هیچ واتایەکی گونجاو بە پێی شوێنەکەی نادا بەدەستەوە، بەڵام لە هیچ سەرچاوەیەکیش وشەیەکی ڕاستترمان نەدۆزییەوە.

٢. فەردا: وشەیەکی فارسییە بە مانای سبەی، سبەینێ دێ.

٣. لە دەقی «گ. م»دا لە جیاتی «سـەففی مـوژگان»، «تـیپی مـوژگانی» هـاتووە. [ڕەسـەنباز: تەنافباز، ئەو کەسەی بەسەر تەنافدا دەڕوا و یاری بە پەت دەکات. سەففی مـوژگان: ڕیـزی برژانگ و مژۆڵ. تابوور: ڕیز و سەف. غازی: شەڕکەر].

٤. سامیری: ناوی سیحربازێکی سەردەمی حەزرەتی مووسایە. گۆسـالە: گـۆلك. مـەبەستی لەو گۆلکەیە کە سامیری لە زێڕی دروست کردبوو داوای لە مووساییەکان کـرد بـیپەرستن. [توڕڕە: پرچی شۆڕەوە بـوو بـەسەر نـاوچاوانـدا. تـەڕڕار: تـەڕدەست، ئـەو کـەسەی کـە بـە دەستوبردە لە سیحردا، مەبەست ئەوەیە کە لە دڵبردنا دەستێکی باڵای هەیە. غەمزە: لار و لەنجە، ناز و کرشمە].

هەروەکوو عیسا لەسەر بەحری هەوا کەوتە سەما
هەرچی مووسایی نەبێ چۆن نەفیی ئیعجازی دەکا[١]

مـن فەقێم و غەیری سیپارەم لە باخەڵدا نییە
ئەو کەسەی ساحیب قرانە ئیددعای غازی دەکا[٢]

ساغی لەم ڕێگایەدا کاری لە دین چی؟ سادیقە
هەر کەسێکی عاشیقە ئەلبەتتە ئەنبازی دەکا[٣]

دڵ کە دەربەندی حەیا و نەنگ و نام و عارییە
ئەو قسووری کردووە دێ ئارەزووی نازی دەکا[٤]

سەیری لەو تەننازییە قازی بە موفتی ناکرێ،
سۆفی ئیمانی دەدا «حاجی» بە گیان ڕازی دەکا[٥]

---

١. لەدەقی «گ. م»دا بەمجۆرە هاتووە: «هەرچیی مووسا نەبێ». دیسان لە هەمان دەقدا ئەمەش بەمجۆرە هاتووە: «نەفسی ئیعجازی دەکا».

٢. غازی و قران دوو جۆرە پارەی کۆنن. [سیپارە: سی تیکە، بەشێك یان جزمێك لە قورئان].

٣. ئەنبازی: دۆستایەتی، هاوکاری.

٤. [قسوور = قصور: کەمکاری، کۆتایی کردن لە کاردا].

٥. تەننازی «طنّاز»ی: وشەیەکی عەرەبییە بە مانای سوخرییەت و گاڵتەجاڕی دێ.
[بە بۆچوونی موحەممەدی مەلاکەریم «مفتی» دروستە نەك «موفتی»، چونکە لێرەدا مەبەست مفت و خۆڕایی بوونە، نە فتوادەر. حاجی، بە گوێرەی ڕێنووسی کۆن «مفتی» لە ڕواڵەتدا لە بەرانبەر «قاضی» داناوە کە ویستوویەتی هەم مانای مفت و خۆڕایی بێ و هەم مانای موفتی.
ـ هەنگاوی تر: ٦١].

(٤)

تا لە مەکتەب ئەو مەهەم دی

تا لە مەکتەب ئەو مەهەم دی مەشقی ئەلف و بێ دەکا
چاوەکەم بوویتە دوێت و گریە سورخی تێدەکا[١]

لێی مەپرسە مەسئەلەی نوقتەی دەم و موویی کەمەر
مووشکافە، بووعەلی باسی پەری و جین چێ دەکا[٢]

ئەم هەموو دنیایە خاسسی حوکمی دوو دێوانەیە
من لە شارم غایەتی مەجنوون هەوای لادێ دەکا

قەسری عومرم داتەپی داری لە سەر بەردی نەما
بانیی توولی ئەمەل ئیستێکە دەستی پێ دەکا[٣]

خواجە خۆی پیرە، وەجاغی کوێرە، ماڵی بێ حیساب
پێم بڵێن ـ ئیشکالمە ـ: ئەم کۆششەی بۆ کێ دەکا؟

---

١. سورخ: سوور، مەرەکەبی سوور، کە مەبەستی لە خوێنی چاویەتی.
[موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: ئێستا لام وایە دوور نییە وشەی «دی»یش لە نیوەی یەکەمی ئەم بەیتەدا «دێ» بێ، بە مانا: دێتەوە. واتە: تا دۆست لە مەکتەب دێتەوە کە چووە مەشقی ئەلفوبێ ئەکا لەوێ، دیدەم لە خەفەتا بۆی بووە بە دوێتی مەرەکەب تێکردن و گریان لە جیاتی مەرەکەبی سوور ـکە لە حوجرەی فەقێ «سورخ»یان پێ ئەوت ـ فرمێسکی خوێنینی خۆی تێ ئەکا. ـهەنگاوێ‌تر: ٦٥.]
٢. مووشکافە: مووشکاف، مووقەڵێش. [چێ کردن: ڕاست و ساغکردنەوە].
٣. [واتە: کۆشکی تەمەنم ڕووخا (پیر بووم)، کەچی ئارەزووی دوور و درێژ تازە خەریکە بنەڕەتی دیواری هەوەس و ڕابواردنی دەنێ. ئیشارەتە بۆ حەدیسی پێغەمبەر(د.خ) کە ئەفەرموێ: «یشیبُ ابنُ آدَمَ و یَشُبُّ فیه خصلَتان: الحرصُ و طولُ الأمل» واتە: مرۆڤ پیر دەبێ بەڵام دوو ڕەوشتی تیا لاو دەبێتەوە: چاوچنۆکی و ئارەزووی دوور و درێژ] لە هەندێ دەقدا سەرەتای ئەم نیوە دێڕە بەمجۆرە هاتووە: «بانی بێ توولی ئەمەل».

شێخی مـن بـەو غـایەتە پشـتی لە عـالەم کـردووە
سوورەتی خۆشی لە نـێو ئـاوێنـە پشـتی تـێ‌دەکـا

ماچی دەست و پێی ئـەمیری دەسـتگیری حـازرە،
شێتە «حاجی» ماچی لێو و دەستی دەست‌وپێ دەکا[١]

(٥)
تمنّیت من الدّهر

«تَـــمَنَّیتُ مِـــنَ الدَّهْـــرِ نِـــدائـــي أَزمِـــناً نـــادیٰ:»
گوتی: هەرچی تەمەنناکەی لە دنیا غـەیری مـن نـادا[٢]

لە سایەی زوڵفی ئەفشانی پەرێشـان دێ خـەتی مـانی
لە تەسویری ئەگـەر جـارێ بـە وەسـتایی قـەڵەم دادا[٣]

خەتی دەورەی ڕوخی داوە وەکوو مووری سولەیمانی
خـــەیاڵی کـــردووە زوڵفت بـــە حـیلە خـاتەمی لادا[٤]

---

١. دەست‌وپێ: بە مانای خزمەتکار دێ. لە دەقی «گ. م»دا نووسراوە: «شێتە حاجی ماچ لە لێو و دەست‌وپێی ئەو دەکا».

٢. [واتە: ئەمن ئاواتەخواز بووم لە زەمانە، بانگ و جارێشم لەمێژە هەر هـاوار دەکـا]. أزمـناً: جمع زمان، کۆکراوەی زەمانە. لە دەقی «گ. م»دا ڕێنووسەکەی نیوەی بەکوردییەو نیوەشی بە عەرەبییە، کەچی نیوەی دێڕەکە عەرەبییە دەبێ هەمووی بە عەرەبی بنووسرێ.

٣. ئەفشان: بڵاو پەخشان. مانی: وێنەکێشێکی زۆر ناودار بووە.

٤. لەدەقی «گ. م»دا نووسراوە: «دادا». [موحەممەدی مەلاکەریم «مووری» بە لاوە هەڵەیە و ئەڵێ: لەم چاپەدا لەبیرم چوو ڕاستی کەمەوە و دروستەکەی «مۆری»یـە واتـە: مـوهر، مـۆر، هەروەکوو چۆن «خاتەم» لە دێڕی دووهەمدا بەڵگەیە لەسەر ئەمە. جا مـانای بـەیتەکـە بـەم شێوەیە: کە ڕوخساری خۆشەویستی شوبهێنراوە بە نەخشی ناو مۆرەوە و مووی دەور و پشتی

له ژێر قــافی فــیراقــیدا وەهــا فــەرسوودەیە جــیسمم
لەگەڵ عەنقا قــەرینم مــن لە ئــیسمی بــێ‌مــوسەممادا[1]

خەدەنگی دیققەتی «حاجی» قەسیمی جەوهەری فەردە
کەچی وەسفی دەمی هەر ما لە ژێر پەردەی موعەممادا[2]

(٦)

کە تۆفانی سروشکم کەوتە غەوغا

کــە تــۆفــانی ســروشکم کــەوتە غــەوغا
بە مەه ماهی گــوتی: «یــا حــافظ اللّــە»[3]

ئــەمن عــەنقاترم بــۆچــی زەبــوونم
لەلام وەك قــافە بــاری تــەنکی ئــەسما

☞

ڕووی بە نووسینی ڕەشی سەر کاغەز بە دەوری مۆردا کە ئەنرێ بە کاغەزەوە. (هەنگاوێ‌تر: ٦٦). پێویستە ئەوەش بڵێین مەبەست چ «موور» یا مۆر بێت، حاجی ئاماژە بە چیرۆکی حەزرەتی سولەیمان لەگەڵ مێروولەدا دەکات، هەروەها باسی ئەنگوستیلەکەشی دەکات کە مۆریشی پێوە بووە].

١. فەرسوودە: هاڕدراو هیلاك. قەرین: هاوتا، هاوڕێ. [عەنقا: باڵندەیەکی خەیاڵییە، سیمورغ. ئیسمی بێ‌موسەمما: ناوی بێ‌خاوەن ناو].

٢. [خەدەنگ: تیر. دیققەت وردبوونەوە. قەسیم: هاوبەش. جەوهەری فەرد: بە بچووکترین ماکێ کە لەو ئەم دنیا دروست بووە (جزء لایتجزیٔ) واتە: سەرنج و وردبوونەوەی حاجی وەکوو جەوهەری فەرد وردە]. لە دەقی «گ. م» دا نووسراوە: «موسەممادا».

٣. سروشکم: فرمێسکم. غەوغا: هەراو هۆریا. [بە بۆچوونی موحەممەدی مەلا کەریم «مەه» هەڵەیە و «ما» دروستە، چونکە حاجی ئەیەوێ بڵێ: کە فرمێسکم لافاوی کرد، لافاوەکە ئەوەندە زۆر بوو، ماسی کە لەناو ئاوا ئەژی و لە ئاو ناترسێ، پێی وتین: خودا بتانپارێزێ لەم ئاوە. ـ هەمان سەرچاوە].

دەزانـــن مــن کــە بــێدار و دیــارم
سەگی مەجنوونم و غەمخواری لەیلا[١]

لە دنیا هــەرکەسێ مـەقسوودی عـیشقە
بکــا وەك مـن بـە کـوللی تـەرکی دنـیا

کە دایهێنـا و هـەڵیـنـا چـاوی مـەستی
ڕەوان فـیدا دەکـەم دڵ چـاکـی هـێنـا[٢]

فــەلاتوون تــۆ دەڵێی دنــیا قـەدیمە؟!
لە خمخانەت بنێن وا خۆت لە خم نـا[٣]

ئەدی بۆچی زەمینیش بۆتـە گـەردوون؟
لە سەیلی ئەشکی تـوندی بـێمـوحابا[٤]

موسوڵمانان! سوخەن سەربەستە تاکەی؟
لە دەست ئەو کافری بـێدیـنی تـەرسا[٥]

لە هەردوو لاوە زوڵفـی کـەوتە گـەردەن
نـە لەملا دەردەچــێ «حــاجی» نـە لەولا

١. بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم نیوە دێڕە پشتمان بە دەقی «م. ڕ. س» بەست.

٢. [ڕەوان: گیان]. بۆ ساغکردنەوەی ئەم نیوە دێڕەش هەر پشتمان بە دەقی «م. ڕ. س» بەست.

٣. [فلاتوون: ئەفلاتوون، قەدیم: ئەزەلی. واتە: ئەفلاتوون تۆ ئەڵێی: دنیا قەدیمە و هەر بووە و هەر دەمێنێ. خم: دەفرێکی گـەورەیە لە قـوڕ دروست دەکـرێ کـە شـەراب یـا سـرکە یـا... تێدەکەن].

٤. ئەشك: فرمێسك، ئەسرین، ڕۆندك. [بێ موحابا: بێپەروا، نەترسانە، بێخۆشەویستی].

٥. تەرسا: دیان، گاور، مەسیحی. [سوخەن سەربەستە: قسەی بە پێچ و پەنا].

(٧)

دەخیلت بم وەرە ساقی[١]

دەخـــیلت بـــم وەرە ســـاقی «أدِرْ كَأْساً وَ نـــاوِلْها»
غـەم و غـوسسەی دڵم کـەم بـوو «ولی افـتاد مشکـل‌ها»

ئـومێدی مـیسکی مـوشکینم «صبا زان طـرّه بگشـاید»
کە چی نەمزانی بەم دەردە «چە خـون افـتاد در دل‌هـا!»[٢]

لە هیجرانی ئەتۆ بۆ من «چــە أمــن عـیش؟ چـون هـردم»
ئەجەل بانگمان دەکا زووکـەن «کـە بـربندید مـحمل‌ها»

بــڵێ بــمرە دەبــێ بــمری «گــرت پیر مـغان گـوید»
کـە چـونکە خـۆی خـەبەردارە «ز راه و رسـم مـنزل‌ها»

لە بەحری عیشق و بەحری مەوج و «گردابی چنین هائل»
بـــە هـــاواری دڵم نـــاگــەن «ســبکبارانِ ســاحل‌ها»

لە ئەووەڵ عیشقی ون کـرد و «بـە بـدنامی کشـید آخـر»
چـلۆن پـەنهان دەبـێ سیڕێ «کـزو سـازند مـحفل‌ها»

ئەگەر تۆ موخلیسی عـیشقی «ازو غـائب مشـو حـافظ»
کـــە «حــاجی» بـۆ سـەفەر بـڕوا «دَعِ الدُّنـیا وَ أَهْـمِلْها»[٣]

---

١. ئەمە تێهەڵکێشێکی حاجییە لەگەڵ شیعری «حافظی شیرازی». [تەرتیبی ئەم بەیتانەم بە گوێرەی دیوانی حافز ڕیزکردووە، تا لە باری ماناوە ڕێك بێت، ئیدی نازانم چۆن موحەممەدی مەلاکەریم و کاك سەردار و کەریم ئەم جێبەجێیەیان ئەنجام نەداوە!!].

٢. لە دەقی «گ. م»دا ئەم دەقە فارسییە بەمجۆرە هاتووە: «گر صبا زان طره بگشایە». بـەڵام ئێمە لەسەر دەقی «م. ڕ. س» ڕاستمان کردەوە. شیعرە فارسییەکە خۆیشی هەر بەمجۆرەیە.

٣. لە دەقی «گ. م»دا ئەم ڕستە عەرەبییە بـەمجۆرە هـاتووە: «دعـی الدنـیا و أهـملها» لێرەدا «دعي» بۆ مێیینەیە و «أمهل»یش بۆ نێرینەیە، بۆیـە ڕاسـتە بـنووسرێ «دع الدنـیا و أهـملها» ☜

(٨)

دڵ هیلاکی نازتە

دڵ هیلاکی نازتە با غەمزە تەدبیری نەکا
هەر دەبێ بمرێ مەگەر خەللاق تەقدیری نەکا[١]

ئەی قیامەت قامەتی «تووبا» قیامم هەستە تا
داعیەی بەرزی لە گوڵشەن سەروی کشمیری نەکا[٢]

من خەوی ئەو چاوە عەرزی ئیبنوسیرینم دەکرد
نووست و فەرمووی هیچکەسێ تەفسیر و تەعبیری نەکا[٣]

من لە سایەی ئەم دەرە ناڕۆم هەتا ڕۆژم نەیێ
با بە کەیفی خۆی بکا بەدکار و تەقسیری نەکا

چونکە نرخی ماچی تۆی گۆڕی هەموو دەستەو دوعان
خەتتی نەوخێزت وەکوو زوڵفت خودا پیری نەکا[٤]

☞

هەروەك لە شیعرەکەی «حافظ»یش‌دا هەروا هاتووە و هەر دوو فرمانی داخوازی «دع» و «أهمل» بۆ کەسی نێرن.

١. [موحەممەدی مەلاکەریم «خەللاقی» لە «خەللاق» پێ ڕاسترە، چونکە ئەگەر جێناوی «ی» بۆ دڵ بڕواتەوە ماناکەی جوانتر دێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کێشەکە ڕەوانتر دەبێ. ـهەنگاوێ‌تر: ٧٠].

٢. «تووبا»: ناوی درەختێکە لە بەهەشتدا. [واتە: ئەی خۆشەویستم! تو هەستە سەرخۆت و باڵای بەرز و بڵندی خۆت دەرخەکە وەکوو داری تووبا وایە، با ئیتر سەروی کشمیری ئەوەندە لافی باڵابەرزی لێ نەدا].

٣. ئیبنوسیرین: زانایەکی ئیسلام بووە، لە لێکدانەوەی خەوندا بەناوبانگ بووە. [بە بڕوای موحەممەدی مەلاکەریم بۆ ئەوەی کێشی نیوە بەیتی دووهەم ڕێك‌وپێك بێت، پێویستە لەسەر وشەی «هیچ»دا سووکە وەستانێك بکرێت. ـهەنگاوێ‌تر: ٧٤].

٤. نەوخێز: تازە هەڵچوو.

پـێی بـڵێ بـادی سـەبا غـەم لێرە بـێ کـەس کـەوتووە
دڵ بوو غەمخواری ئـەمانە، لەحـزەیێ گـیری نـەکـا[1]

ناحەقە ئەو دەرحەقم کـەی دەیگـرێ مـیزانـی حـەق؟
کـاتبی ئـەعمال ئـەگـەر بـێت و تـەرەفگیری نـەکـا[2]

غەیری دڵ ماوێژە کەس تـیرت لە ڕۆحـی مـن کـەوێ
تا بە جۆشی خوێنی «حاجی» سینە کـەوگیری نـەکـا[3]

---

١. لە دەقی «گ. م»دا نووسراوە: «بایی صەبا».
٢. لە دەقی «گ. م»دا، «طەیی فیکری» نووسراوە، بـەڵام «تـەرەفگیری» ڕاسـتە، چـونکە بـە مانای «لایەنگیری» دێ و لەگەڵ تێکڕای مانای شیعرەکە جوان دەگونجێ [کاتبی ئەعمال: ئەو پەرییانەی کە کرداری مرۆڤ دەنووسن و لە سەرشانی ڕاست و چەپ دان. موحەممەدی مەلا کەریم لای وایە «ناحەقی» لە «ناحەق» باشترە، چونکە حاجی ئەیەوێ بڵێ: ئەگەر فریشتەی بنووسی کردەوەی مرۆ کە چاکە و خراپەی ئادەمیزاد لە دەفتەری کردەوە دەنووسێ و هەڵی ئەگرێ بۆ ڕۆژی قیامەت، لایەنگری ئەو نەکا و بە لای ئەویا نەشکێنێتەوە، ترازووی کێشانی حەق و ناحەق چۆن زوڵم و ناحەقی ئەو دەرحەق من ئەگرێتە خۆی؟ ـهەنگاوێ‌تر: ٧٥].
٣. ماوێژە: مەهاویژە، مەهاوێ.

پیتی «ت»

(١)

مەماتم حەیاتە

مـــەماتم حـــەیاتە، حـــەیاتم مـــەمات
کەلێم توند دەبێ ئەو دەمـی ئـیلتیفات[١]

لەبی «نـازەنین»ی بـە خـەتتی «جـەلی»
لە «ئـێران»ەوەی گـرتووە تـا «هـیرات»[٢]

«عـــمر گـــونبەتی» لەززەتـــی داتـــەپی
«تەکەڵتوو»ی شکا زینی ئەسپی حەیات[٣]

تـــەماعم بـــوو دونـــیا و عـــوقبا بـخۆم
ئەمم چوو لە دەست و ئەوم بۆ نەهات[٤]

لە غـوربەت بـە شـاهی لە بـیر نـاکرێ
زەمـــــانی جـــوانـــی و یـــادی وڵات[٥]

---

١. سەرەتای ئەم هەڵبەستەمان لە سەر دەقی «م. ڕ. س» ڕاست کردەوە. [مەمات: مردن. حەیات: زیندوو بوون. ئیلتفات: ئاوڕ لێدانەوە و سەرنج دان].

٢. هیرات: ناوی شارێکە لە وڵاتی ئەفغانستان. [لەب: لێو، لێوار، لچ. خەت: هێڵ. جەلی: ڕووناك، دیار. «نازەنین، جەلی و ئێران» ناوی سێ گوندن لە ناوچەی خۆشناوەتی کە حاجی بە شێوەی ئیلتیفات ئاماژەی بۆیان کردووە. جا لەبەر ئەوەی حاجی ئەیەوێ لە وشەی ئێراندا تەوریە بکا، وا باشترە «ئیران» بنووسرێ تا «ئێران»، تا هەم مانای دێیەکە بدا و هەم مانای وڵاتی ئێران. ـهەنگاوێ‌تر: ٧٨.]

٣. «عمر گونبەت»: بە دوو مانا بەکار هاتووە: یەکەمیان بەو مانایە دێ کە پیر بووە و گونبەتی خۆشی تەمەنی داتەپیوە، لەم حاڵەدا وشەی «عمر» بە «عومر» دەخوێنرێتەوە. دووهەمیشیان بە مانای ناوی دێی «ئۆمەر گونبەت» دێیەکە کەوتۆتە خوارووی کۆیە. لەم حاڵەدا وشەکە «عومەر»ە. «تەکەڵتوو»: دیسان بە دوو مانا بەکار هاتووە، یەکەم: تەکەڵتووی زینی ئەسپی ژیانی خۆی و دووهەمیشیان: ناوی گوندێکە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیە.

٤. عوقبا: قیامەت.

٥. زەمانی جوانی: سەردەمی جاحێڵی و لاوێتی.

له «قـوشخانه» وه تـا دەمـی «ئـیچ‌قەڵا»
له «بایزاغه» وه تا مەحەللەی «قـەڵات»[1]

هـەموو خـزمی خـۆمـن دەزانـم دەڵێن:
له بێ‌حورمەتیمان بوو «حاجی» هەڵات

(۲)
ماهی سەرچاوەی حەیاتم

ماهی سـەرچـاوەی حـەیاتم کـەوتە بـەند و داوی شـەست
پشتی دەستی خۆم له حەیوانی و له بـێ‌عـاری نـەگـەست[2]

کـامە لوقـمان کـەوتە چـەنگی پـیری، دەسـتی بـانەدا
کامە ڕۆستەم تووشی بوو نەیخست و دەست و پێی نەبەست[3]

هـێـنـدە سـوورەت زۆر بـووە، مـەعنا لەبـەینا ون بـووە
ئێستە کێ بـێ‌سـوورەت و مـەعنایە عـەیبی بت‌پـەرست[4]

---

١. قوشخانه و ئیچ‌قەڵا و بایزاغه و قەڵات: چوار شوێن و گەڕەکن له شاری کۆیە، هەروەك له پێشەکییەکەدا مانامان لێدانەوە.

٢. له هەموو دەقە چاپ کراو و دەستنووسەکاندا سـەرەتای ئـەم غـەزەله بـە ١١ بـڕگـەیی و ناتەواوی هاتووە، کەچی ئێمە لەسەر دەقێکی مامۆستا مەسعوود موحەممەد وەکوو سەرەوە ڕاستمان کردەوە. وشەی «شەست» فارسییە بە مانای قولاپی زولفی دێ.

٣. [موحەممەدی مەلا کەریم پاش ئەوەی له چاپی پێشووی ئـەم دیـوانـەدا وشـەی «قـۆڵی» لەبەیتی یەکەمدا، بەکاک کەریم سەردار وکاک کەریم گۆڕیوە وکردوویە بە «دەستی»، ئێستا ئەڵێ: لام وایە «قۆڵی» باشتر بێت. ـ هەنگاوێ‌تر: ٨٠].

٤. [واتە: ئەوەندە بایەخدان بە ڕواڵەت و زاهیر زۆر بووە، مەعنەویات له بەینا نەماوە، عەیبی بوت‌پەرست، زوو ئەوە بوو کە سەیری ڕواڵەتی ئەکرد وگوێی بە مانا نـەئەدا، بـەڵام ئـێستا بوت‌پەرست ڕەخنەی لێ‌ناگیرێ چونکە هەر مەعنا نەماوە تا ئەوگوێی پێ‌نەدات].

غــەیری چــاوی نــووستووی بــێداری تــۆ نــەمدیتووە
بــۆ نــەزەرکردن بــەسیر و مــەردومی هــوشیار و مــەست[١]

زوڵفی بــۆ دەفــعی هــوجوومی لەشکــری ســوڵتــانی خــەت
کەوتە خــاك و ســەرکەشی دانــا وەکــوو عــەهدی «أَلَست»[٢]

بــا وجــوودی نــەوجوانــی خــەتتی ســەوزی دەرکــەوێ
عــەهد و پــەیمانی نــەبوو مــوو بــۆیــە پشــتی پــێ نــەبەست

داوە مـــوویەکـــی بــە دونــیا و بــە «مــافیها» نــەدەی
«حاجی» گەر ئەحبابەکی جانی بە جــانیت کــەوتە دەست[٣]

(٣)

بە قسەی بێسەروپا تاڵی مەکە

بــە قسـەی بــێسـەروپا، تــاڵی مـەکـە لەززەتــی خــۆت
بــێ مــوبالات مــەسووتێنــە چــرای فــیکرەتی خــۆت

حـــــاڵە نـــــەقدینەیە، مــوستەقبەل و مــازی پــەشمە
بێ ئەمەل سەرفی مەکە سیم و زەڕی فــورسەتی خــۆت[٤]

---

١. [بەسیر = بصیر: دڵ ڕووناك. مەردوم: خەڵك، یان مەردۆمەك وگلێنەی چاو کە لە عەرەبیشدا پێی ئەڵێن: ئینسان]. بێداری: هۆشیار، ئاگاداری.

٢. لە دەقی «گ. م»دا ئەم نیوە شیعرە بەمجۆرەیە: «کەوتە خاك سەرکەوشی داوە وەکوو عەهدی (ألست)». لەم دەقەشدا دەست بۆ ئەوە درێژ کراوە کە بە لەنگی چنگ کەوتووە.

٣. [داوە موویەك: تاڵە موویەکی لوول. «مافیها» ئەوەی لە نێو دنیایە. جانی بە جانی: گیانی بە گیانی، واتە ڕاست و بێ گەرد].

٤. [مازی = ماضی: ڕابردوو. حاڵ: ئێستا. موستەقبەل: داهاتوو ئەمەل: ئارەزوو هیوا. لە نێوان

ئەی سولەیمانی زەمان! ئاخری دەیگێڕیەوە
بە حیکایەت وەکوو خۆت سەڵتەنەت و حیشمەتی خۆت[١]

من بە پەیغام و بە قاسید موتەسەللی نابم
تاکوو بانگم نەکەیە بارەگەهی حەزرەتی خۆت[٢]

وەرە ئەی دڵ بەسیە، بیدە سەگانی دەری یار
دڵەکەی کوتکوتی من یا جگەری لەت لەتی خۆت[٣]

زوڵفی سەد دەفعە گوتی: خانە خراب ڕووی مەدەرێ!
حەیفە بەربادی مەکە شانی من و شەوکەوتی خۆت[٤]

بۆچی یارانی وەتەن دڵ دەشکێنی «حاجی»؟
«ظاهراً» ناچیەوە تۆ، باسی مەکە غوربەتی خۆت

☞

وشەی «حاڵ و موستەقبەل و مازی و سەرف»دا موراعاتی نەزیر هەیە. وە لە وشەی «سەرف»دا ئیهام هەیە، چونکە هەم بە مانای خەرجکردن و هەم بەمانای ئاڵوگۆڕی کردارەکان لە سێ زەمانی ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوودا هاتووە.]

١. ئەم نیوە دێڕە شیعرەمان بە پێی دەقی «م. ڕ. س» نووسی.

٢. [قاسید = قاصید: نامەبەر]. پەیغام: پەیام، نامە. [موتەسەللی نابم: دڵم سوکنای بۆ نایێ، ئۆقرە ناگرێ].

٣. لە دەقی «گ. م»دا لە جیاتی «کوت کوت»، «کون کون» نووسراوە.

٤. دیسان هەر لەدەقی «گ. م»دا لە جیاتی «سەد دەفعە»، «سەد کەڕەت» نووسراوە. بەربادی مەکە: وێرانی مەکە، مەیفەوتێنە.

(٤)
جەبەرووتی کە شکا

جەبەرووتی کە شکا دڵ لە حوزووری مەلەکـووت
هاتە ئەم عالەمی ناسووتە غـەریبێکـی نـەسووت[1]

نـــاحەقە شـەکـوە لە بـێ‌عـەهدی و بـێ‌پـەروایـی
کەی وەفاییکی ئەدا کردووە؟ سەد دەفعە زمووت[2]

بـــە گـــوڵ و لالە بـــەهاری ڕوخـــی ڕازاوەتـــەوە؛
غایەتی کوێری وەرە هیچ نەبێ سەیری کە بە لووت[3]

وەکوو دەریایە نەسیمی سەحەری سـەبزەیی گـوڵ
پـێکـەوە مـەوج و حـوبابی دەهـەژا و دەبـزووت[4]

ئـــەشعەس و بـــاقلی و حـــاتەم و گـەر حـەسسانە
دەوڵەتی تۆ بە فەنای نەفسە، سکوونت بە سکووت[5]

١. جەبەرووت: هێز و زەبر. [مەلەکووت: پاشا و میر، یان عالەمی ڕۆحانی. ناسووت: عالەمی ئینسانی و سروشت. ئاماژەیە بە چیرۆکی حەزرەتی ئادەم و دەرکرانی لە بەهەشت کە عالەمی مەلەکووت ڕۆحانییە و هاتنە سەرزەمین کە عالەمی ناسووتی و غەیرە ڕۆحانییە].
٢. شەکوە: سکاڵا کردن و شکایەت کردن. [بێ‌پەروا: بێ‌باك. زمووت: کورتکراوی «ئەزمووت»ە. واتە: تاقیت کردەوە ئەزموونت لێ‌وەرگرتووە]. ئەم نیوە دێڕە لە زۆرتری سەرچـاوەکـاندا بـە لەنگی هاتووە.
٣. ئەم دێڕە شیعرەی سێهەم تەنها لە دەقی «م. ڕ. س»دا هاتووە.
٤. مەوج و حوباب: شەپۆل و بڵقی ئاو. [هەژان: شکاندنەوە: دەبزووت: دەجووڵایەوە].
٥. ئەشعەس: کوڕی قەیسی کوڕی مەعدی کەریبە، پاڵەوانێکی ئیسلام بووە. باقلی: پـیاوێك بووە ناوبانگی بە گـێلـی و نـەفامی دەرکـردووە. حـاتەم: مُـەبەستی لە حـاتەمی تـەیە کـە بـە بەخشندەیی بە ناوبانگ بووە. حەسسان: (حەسسان کوڕی سابت) کە شاعیری پێغەمبەر «د. خ» بووە.

هــەرچـــی لەو لاوە نــەیێ مــن لەوێ نــایناسمەوە
ئەوی ناسیوتە مەئموورە بــە ئــەمری جــەبەرووت

"نانی خۆی تاکوو بە تەندووری گــەرم پــێوەنــەدا"
نارِوا «حاجی» ئەگەر چاوی دەرێنن بە بــزووت![1]

---

١. ئەم غەزەلەمان بە شێوەیەکی گشتی لە دەقی «م. ڕ. س» وەرگـرت چـونکە لە دەقـەکـانی دیکەدا دێڕی سێهەم نییە و پێنجەمیش زۆر شێواوە. [نانی خۆدان بە تەنووری گەرمەوە: بریتییە لە کەڵکوەرگرتن لە هەل و دەرفەت. بزووت: چڵۆسك، دارێ کە سەرەکەی سووتابێ].

پیتی «ر»

(ا)

ئەم ئاهووە[1]

ئەم ئـاهووە مـومکین نـییە نـەخجیری بـە تـەدبیر
هەڵ نـاغەڵەتـێ بـاوکە سـەگـی پـیرە لە تـەزویر[2]

چـاهی زەقـەنی مـەهلەکـە ئـەی دڵ بـە گـوریسی
ئەو زوڵفە ئەگەر سیلسیلەیە خۆت مەخە نێو بـیر[3]

ئـــەی بـــادی سـەبا مـن ببە سـوودی نـییە نـامە
تەشریحی زەعـیفی مـن و غـەم نـایەتە تـەحریر[4]

جەیشی حەبەشی زوڵفی لەگەڵ خەتتی بە شەڕ هات
سـۆفـی دڵی بـێچـارە لە بـەرپێ بـووە هـەنجیر[5]

بەم موهری سولەیمانی زەمان هەروەکوو خورشید
دونـــیا بگـــرە بـێمـەدەدی خـەنجەر و شـەمشیر

بـــێدیـــتن و بـــێواســـیتە چـــاتر لە مـــن و تـــۆ
هیچکەس نییە نەیناسێ ئەگەر شـێتە ئـەگـەر ژیـر

١. ئەم غەزەلەمان لە دەستنووسی «م. ڕ. س» وەرگرت چونکە لە دەقی «گ. م»دا تەنها چوار دێڕە، کەچی لێرەدا هەر حەوت دێڕی غەزەلەکە تەواوە.

٢. ئاهوو: مامز، ئاسك. نەخجیر: نێچیر. [تەزویر: فریودان، فێڵبازی].

٣. چاهی زەقەنی: چاڵی چەناکەی. مەهلەك: جێگەی بە هیلاك چوون و مـردن. [سـیلسیلە: زنجیر].

٤. تەحریر: نووسین.

٥. [جەیشی حەبەشی: لەشکر و سپای حەبەشی واتە: ڕەش. مەبەست دەستە مووی ڕەشی زوڵفیە. سۆفی دڵ: دڵ ناسك لە دیتنی ژنی نامەحرەمدا، کینایەیە لەوەکە وەکوو چۆن سۆفی لە دیتنی ژنی جوانی نامەحرەمدا تێك دەچێ، هەروا دڵی منیش حاڵی لە دیتنی ئەودا تێك چووە].

بێ‌میننه‌ته گه‌ر خوانی وه‌لی نیعمه‌تی «حاجی»
ئه‌م شێخه چییه؟ "قونچکی پیوازه، سه‌ری سیر"[١]

(٢)

ده‌ستگیریت له عه‌مه‌لدا که نه‌کا

ده‌ستگیریت له عه‌مه‌لدا که نه‌کا مورشیدی پیر
ده‌ستی تۆی گرتووه، پێی به‌ستووی مانه‌ندی ئه‌سیر[٢]

ڕیشی وه‌ك شیره به‌شیرت، ئه‌وه جه‌للادی ئه‌جه‌ل
قۆلی ماڵیوه‌ته‌وه، ده‌ستی له تۆ داوه‌ته شیر[٣]

ئه‌و ده‌می هاتمه سه‌ر شه‌کوه له خزم و که‌سی خۆم
ڕۆسته‌م و یووسفی گوڵپیره‌هه‌نم که‌وته‌وه بیر[٤]

مار و ماسین ده‌بنه ئه‌ژده‌ری سه‌حرا و نه‌هه‌نگ
ده‌ستوپای بێ‌سه‌روپای زاڵمه ده‌یکه‌ن به وه‌زیر[٥]

---

١. ده‌قی ئه‌م دێڕه شیعره‌مان له سه‌ر ده‌قی «م. م» ڕاست کرده‌وه. [وه‌لی‌نیعمه‌ت: سه‌رپه‌رشت، مشوورخۆر. قونچکی پیواز و سه‌ری سیر: کنایه‌یه له هیچکاره بوون].

٢. [مانه‌ند: چه‌شن، وه‌ك، وێنه] له ده‌قه‌کانی «م. ڕ. س» و «گ. م»دا ئه‌م وشه‌یه «ده‌ستگیرت» نووسراوه که‌چی ئێمه له سه‌ر ده‌قی «م. م» ڕاستمان کرده‌وه و کردمانه «ده‌ستگیریت».

٣. [به‌شیر: مزگێنی‌ده‌ر. شیر: شمشێر]. ئیشاره‌ته بۆ حه‌دیسی پێغه‌مبه‌ر «د.خ» که فه‌رموویه‌تی: «رسولُ الْمَوْتِ الشَّیبُ».

٤. [شه‌کوه: گازنده، گله‌یی]. پیره‌هه‌ن: پیراهه‌ن، کراس، مه‌به‌ستی له کراسه‌که‌ی حه‌زره‌تی یووسفه که بۆ یه‌عقووبی باوکی نارد و بۆنی کرد چاوه نابیناکانی ڕوون بوونه‌وه.

٥. ئه‌ژده‌ر: ئه‌ژدیها. ده‌ستوپا: ده‌ستوپێ، خزمه‌تکار، نۆکه‌ر. [بێ‌سه‌روپا: لات، سه‌رسه‌ری، خوێڕی].

چوومە پارێزی، کە موژگان و برۆم دی لە کەمین
تیری من بوو بە کەمان، پشتی کەمانم بووە تیر[١]

خەفییە نایەتە لای ئێمە لە تاریکی شەوا
ڕۆژی ڕووناکە دەترسێ لە عەوام و لە گزیر[٢]

«حاجی» وەك دڵ تۆ بە گریە بە شوێنی مەکەوە
ئاسکێکە بە بەزین و بە هەرا نایەتە گیر![٣]

---

١. لە دەقی «گ. م»دا نووسراوە: «کە موژگانی برۆم دی» بەڵام ئێمە لەسەر دەقی «م.م» ڕاستمان کردەوە و کردمان بە «موژگان و برۆ». [پارێز: کەمین، خۆحەشاردان، چوونە پارێز: خۆداگرتن و مڵاس بردنەوە].

٢. [خەفی: ئەوی خۆی بشارێتەوە. عەوام: خەڵکی ڕەمەکی و ئاسایی. گزیر: پیاوی بەردەستی خان و کوێخا].

٣. ئەم نیوە دێڕەشمان هەر لە سەر دەقی «م.م» ڕاست کردەوە. [بەزین: غاردان و ڕاونان].

پیتی «س»

(ا)

وشکە سۆفی

وشکە سۆفی! بڵێ بە شێخی تەرەس
با بە سەرما نەیێ میسالی هەرەس![1]

عەجەبا! شاعیری نەناسیوە
شێر و عەنقا دەکاتە موور و مەگەس[2]

کەر نەبێ! کام پیاوی پێ غەڵەتا،
بەن گرێدان و تا بڕین و نەفەس[3]

فەرقی ناکەس لەگەڵ سەگان ناکەم،
ها! بە عەکسی بخوێنەوە «ناکەس»[4]

حەزدەکەی تێبگەی لە بێدینی
بە دەروێشی شێخەکان بە هەوەس

---

١. [تەرەس: زلی بێهونەر، ناشرینی خوێڕی، ئەم وشەیە بۆ جنێودان بەکار دێ. سەرما: لێرەدا بە دوو مانا هاتووە؛ یەکەم: بانەیێت بە سەرماندا، دووەم: سەرما و کرێوە].

٢. ئەم بەیتە لە دەستنووسەکانی لای مندا هەبوو لەکاتی سەرپەرشتی کردنی چاپدا تۆمارم کرد، «موحەممەدی مەلاکەریم».

٣. تا بڕین: جۆرە نوشتەیەکە بۆ نەخۆش دەنووسرێ تاکوو لەرزوتا بەری بدا. [بەن گرێدان: ئەو تاڵە دەزووەی کە دوعانووس گرێی دەدا و فووی پێدا دەکا. کەر نەبێ: هەڵدەگرێ «کەر نەبی» بێت و مەبەستی شێخ نەبی بێت کە حاجی زۆر ڕقی لێی بووە و لە هەندێ لە شیعرەکانیدا بە ڕاشکاوی جنێوی پێداوە].

٤. [واتە: ئەگەر وشەی «ناکەس» پێچەوانە بکەیتەوە دەبێتە «سەگان»، سائەمنیش جیاوازییەکی وەها لە نێوان ئەم دوو وشەیەدا نابینم، لە نووسینی کوردی کۆندا کاف و گاف وەك یەك نووسراون].

هــەر زەمــانێ کــە گــوێت زریــنگاوە،
پێت دەڵێ: باری خۆت ببەستە جەرەس [١]

چــەند پــوولێ ئــەگــەر بــهێنــی ئــەتۆ
قەسرت خۆشتر دەبێ لە ئی هەر کەس [٢]

بۆچی «حاجی» نەخوێنــێ وەك تــووتی
ئــەم زوبــانە هــەزرای خســتە قــەفەس [٣]

(٢)

دەستی من دامێنی تۆ [٤]

دەستی من دامێنی تــۆ ئــەی خــامەیی مــوشکین نــەفەس
بــا بــنووسین مــاجەرای هــیجرانــی یــاری بــولهەوەس [٥]

دەنگی مــورغی دڵ دەیــێ هــەردەم لە داوی زوڵفــی ئــەو
وەك لە تــاری عــەنکەبووتا زیــڕەیــی بــاڵی مــەگــەس

---

١. [جەرەس: زەنگ. واتە: زەنگی گوێت پەیغامی کۆچت پێ‌دەدا].

٢. ئەم نیوە دێڕە شیعرە لە هەندێ دەقدا بەمجۆرە هاتووە: قەسرەکەت خۆشترە لە هی هەر کەس.

٣. هەزار: بە هــەردوو مــەعنای ژمــارە و بــولبولیشە. دەقــی ئــەم نــیوە دێڕەش لەلای «گ. م» بەمجۆرە هاتووە: «ئەم زەمانە هوزار دەخاتە قەفەس».

٤. ئەم پارچە هەڵبەستە لە هیچ سەرچاوەیەکی چــاپکراو و دەســتنووسدا نــەهاتووە، تــاکــوو مامۆستا موحەممەد عەلی قەرەداغی بۆ یەکەم جار لە گۆڤــاری «بــەیان»ی ژمــارەی (٥٥)ی ساڵی ١٩٧٩دا بڵاوی کردەوە و ئێمەش وا بۆ یەکەم جار لە پاڵ شــیعرەکــانی دیــوانــەکــەیدا پەخشی دەکەین و دڵنیاین کە شیعری حاجی قادرە.

٥. [خامە: پێنووس، قەڵەم. موشکین نەفەس: بۆنی وەکوو بۆنی میسك، بۆنــخۆش. مــاجەرا: چیرۆك. بولهەوەس: کورتکراوی «أبوالهوس»ە واتە: زۆر بەحەز و شەهوەت].

ئەی خودا چ بکەم؟ ئەجەل لەملاوە قەسدی جانیە
دڵبەریش ناردوویەتی: جان ماڵمە نەیدا بەکەس!

تووتی هات و ئیدعای شەککەر فشانی تۆ بکا
حەققی ئەو دوو لێوە گرتی هات و کەوتە نێو قەفەس [١]

تۆ دەزانی خۆ هەتیویت سەبر بێ «حاجی» نییە
بۆچی مەنعی لێ دەکەی؟! گەووادی بێدین، هەی تەرەس! [٢]

---

١. شەککەر فشان: شەکر پەخش کردن، شەکر بڵاوکردنەوە. [حەققی ئەو دوو... واتە: تووتی لە تۆڵەی ئەو ئیدعا درۆیینە کە کردی، حەققی لێوی تۆ گرتی و کەوتە ناو قەفەس، یانی: تووتی کە بە شەککەر فشانی مەشهوورە، قەت ناگات بە دوو لێوی شەکرینی تۆ].
٢. هەر لە دەقەکەی لای مامۆستا موحەممەد عەلی قەرەداغیدا مانای ئەم نیوە دێڕە شیعرە بە ناڕێکی هاتووە. [گەوواد: بێناموس، ناموس فرۆش].

پیتی «ك»

(ا)
تابلێی فەرقی هەیە

تابلێی فـەرقی هـەیە مـیهری مـن و مـاهی فـەلەك
لە «سەرا» تا بە «سورەییا» لە «سەما» تا بە «سەمەك»[1]

هەر کە لای کردەوە عـوقدەی سـەری زوڵفـی لادا
لە هەموو لاوە سەدای «صَـلِّ عـلیٰ» گـەییە مـەلەك

گوێ لە واعیز مەکە ئەمشەو تەك و تـەنها وەرە لام
ڕۆژی مەحشەر بەمە گەر بمخەنە دۆزەخ بە دەرەك[2]

کوت کوت و تیکە بە تیکەم بکەن و بمدەنە سەگ
جـێگـەمە لەم دەرە نـاڕۆم بـە جـنێو و بـە کـوتەك

خالیسە سیککەیی ئیخلاسی دڵی مـوخلیسی مـن
بیخە نێو بۆتە چ حاجەت بەمە بیدەی لە مـەحەك[3]

ئەی مەهی چاردە سەیری مـەهی دوو هـەفتە بکـە
وەك منی دابـنێ چـاوی مـن و تـۆ نـاگـەنە یـەك[4]

---

١. میهر: ڕۆژ، خۆر. ماه: مانگ. ماهی فەلەك: مانگی ئاسمان. سـەرا «الثریٰ»: خـاك، عـارد. سورەییا «الثریا»: کۆمەڵە ئەستێرەی کۆ (پێروو). [سـەما: ئـاسمان. سـەمەك: مـەبەست ئـەو ماسییەیە کە عورەفای قەدیم پێیان وابوو دنیا لە سەر پشتی گایە و گـا کـەش لە سـەر پشـتی ماسییە].

٢. بەدەرەك: چش. «الدرك»: «الدرك الاسفل منَ النار»: جێگایەکە لە قووڵایی جەهەننەمدا.

٣. [خـالیس، ئـیخلاس، مـوخلیس = خـالیص، ئـیخلاص، مـوخلیص]. لە دەقـی «گ. م»دا نووسراوە: «سککەیی خالیس ئیخلاسی دڵی موخلیسی من». بۆتە: دەفرێکە، یاخود جامێکی پتەوی ئەستوورە زێڕو زیوی تێدا دەتوێنرێتەوە. لە دەقی «ع. ن. م»دا نووسراوە «مـەیخە نـێو بۆتە».

٤. ئەم دێڕە شیعرە تەنها لە دەقی «م. ڕ. س»دا هاتووە.

له نــوقووشی غــەزەلم چــین و خــەتا دامــاون
کێ دەڵێ ئەمتیعەیی کوردە کـەڵاش و کـەپەنەك؟![1]

بۆ تەماشای بەلەك و زەندی سپی و چـاوی بـەڵەك
نیشتووە لەم دەرە عـاشق وەکـوو حـاجیلەکلەك[2]

(٢)

له گاوان و شوانی کوردەکان یەك

له گــاوان و شــوانــی کــوردەکــان یـەك
بـەسە بـۆ لەشکـری سـەد کـەڕە دوو لەك[3]

فــیدای جــووتیارتان بــێ حـاتەمی تـەی
بــە قــوربانی ســەپانتان ئــالی بــەرمەك[4]

١. [چین و خەتا: ئەو وڵاتەی کە بە نەخش و نیگار کێشان بەناوبانگە. ئەمتیعە، کـۆی مـەتاع: شتومەکی کڕین و فرۆشتن، کاڵا. کەپەنەك: فەرنجی، پەستەك].

٢. له هەندێ دەقدا له جیاتی «بەلەك» «کەمەر»، وە له جیاتی «زەندی»: «کـوڵمـی» هـاتووە. [بەلەك: پووز. زەند: نێوان ئەنیشك و مەچەك. چاوبەڵەك: چاو ڕەشی سپی پێست]. لەکلەك: بە دوو مەعنا هاتووە: یەکەمیان بە مانای حاجی لەکلەکە و دووهەمیشیان: خانەیەکی ژمارەییە و دەکاتە سەدهەزار.

٣. دوو لەك: له دوو وشە پێكهاتووە، دوو لەگەڵ «لەك». «لەك»یش وەك لەمەوبەر گوتمان بە مانای «سەدهەزار» دێ، کەواتە دوو لەك دەکاتە دوو سەد هەزار.

٤. له دەقی «مصطفی صائب»دا ئەم نیوە دێڕە شیعرە بەمجۆرەیە کە لێرە تۆمارمان کـردووە. بڕوانە: موحەممەد عەلی قەرەداغی، «هەنگاوێکی‌تر بۆ ڕاستکردنەوەی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی»، گۆڤاری «بەیان»ی ژمارەی (٦٦)ی ساڵی ١٩٨٠. لەگەڵێ دەقی‌تردا: «بە فیدایی شوانتان حاتەمی تەی» هاتووە. هەروەها دێڕی دووهەم له دەقی «گ.م»دا بەمجۆرەی خوارەوە هاتووە:

مـــــریشکی ئـــێوە ســـەییادی شـــەهێنـــە
لە کـــن عـــەنقا فـــڕووجـــە حـــاجی‌لەقلەق

شـــوانـــی مـــێگـــەلی کـــوردان لە شـــەڕدا
وەکوو قەسسابە، دوشمن مـێگـەلی شـەك[1]

لە بــــــەر حــــــیزە بـــخۆیـــی و نـــاتەبایی
لە ژێری حـــیزی حـــیزان بـــووینە دۆشــەك[2]

هەتا وەك "ئـــاگـــری بـــن کـــا"ن لەگـــەڵ یـــەك
ئەگەر تۆفان بـێ لەشکـرتان بـە پـووشەك[3]

☞

«فیدای گاوان و شوانتان حاتەمی تەی
بە قوربانی سوپاتان ئالی بەرمەك»

[سەپان: بەو وەرزێرانە ئەڵێن کە زەوی هەڵدەگرن بە دە یەك یان پێنج یـەك. ئـالی بـەرمەك: بنەماڵەیەکی فارسن کە لە سەردەمی عەباسیەکاندا پلەی وەزارەتیان لە ژێر دەستدا بووە و بە ناوبانگن بە دەست و دڵبازی، یەکێکیان «خالید کوڕی بەرمەکە» کە وەزیری هاڕوونە ڕەشید بووە. ـ«الأعلام للزركلي، خالد برمك»: ٢/٢٩٥.]

١. لە دەقی «مصطفی صائب»دا ئەم نیوە دێڕە شیعرە بەمجۆرە هـاتووە: «وەکـوو قـەسسابە، دوشمنی نێرە، گەل شەك». بڕوانە «م.ع. ق»، سەرچاوەی پێشوو.

[موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: لام وایە وشەی «نێرگەل» لە «مێگـەل» پـەسەندترە و ئـەبوو منیش تێکستەی شارەزا و میرانم بەمجۆرە بگۆڕیایە؛ چونکە بەرانبەرکێ پێ کردنێکی جوانی «مێگەل» و «نێرگەل»ی پێ دێتە دی لە بەیتەکەدا و شەڕکەریش دوژمنی ئەکوژێ و شەکە نێریش بۆ سەربڕین ڕائەگیرێ. ـهەنگاوێ‌تر: ٩٥. مامۆستا موحەممەد بۆیە چووەتە سەر ئەم باوەڕە؛ چونکە وشەی شەك بۆ بەرخی نێری دوو ساڵان بەکار دێ و وشەی «مێگەلی» لەگەڵدا ناجۆرە].

٢. ئەم دێڕە شیعرەی پێنجەم لە دەقی «گ.م»دا نییە و لە کۆمەڵەی «ع.س» و دەستنووسەکەی «م.ر.س» هاتووە.

٣. لە دەقی «ع.س»دا «ژێر کا» هاتووە و لە دەقی «گ.م»یشدا «نێو کا» نووسراوە. بەڵام ئێمـە لەسەر دەقی «م.ر.س»مان نووسی چونکە باشتر لەگەڵ زمانی شیعری حاجی دەگونجێت.

"له گـــوێی گـا نـوستوون" بـۆیـێکـه ڕێوی
لەسـەر ئـێوه وەهـا شـێرگـیره وەك سـەگ[١]

ســـەلاحی ئــێوه ئــێســـتاکـــه ســـیلاحه
تەماعی گـەورەیی بـێ چـەك نـەکـەن نـەك

کــــراوه ئـــینتخابی وشکـــه ســـۆفـــی
له دیـــوانـــی کـەری بـێنـوقتەیی "شـەك"[٢]

---

١. شێرگیر: ئەوەی شێر دەگرێت، کینایەته له تـووڕەیـی و هـەڵچـوون. له واتـای ئـازایـیەوه هاتووه.

٢. مەبەستی له «کەری بێنوقتەیی شەك» ئەوەیە، نوختەکەی سەر پیتی شینەکـەی «شـەك» هەڵگیرێ وشەکه دەبێته «سەك = سەگ».

پیتی «م»

(ا)

جیهان! بوویتە جەزیرە

جیهان! بوویتە جەزیرەی بەحری گریەم
بەبێ بوهتان ئەتۆ زین و ئەمن مەم[١]

لە جینسی ئادەمی وەك تۆ نەزاوە
پەری ڕوویەك لە ئادەم تا بە خاتەم

ئەمن شێخم، سەرم شاخە، هەناسەم
نەسیمە، دیدە کانی، مێزەرم تەم[٢]

دەڵێن: مەعشووقە دێتە سەر سەرینم
دەزانم وا نییە، «وَ اللّٰهُ أَعلَم»[٣]

لەبی زەحاکی فەرمووی ماری زۆلفم
جەمی کەللەی کەیە، مووچەی سەری جەم[٤]

---

١. لە دەقی «گ.م»دا نووسراوە: «جیهان بۆتە». لە دەقی «م.ر.س»دا وەکوو ناو ئەم هەڵبەستە نووسراوە و لە دەقی «گ.م»یشدا نووسراوە «بەحری ئەکرەم» و لە دەقی «ع.م.ن»دا نووسراوە: «بەحری پڕ غەم».

٢. ئەم تێکستەمان لە دەستنووسێکی ڕۆستەم حەوێزی وەرگرتووە. لە دەقەکانی‌تردا «ئەمن کێوم، کەلەم شاخە» هاتووە. مانای ئەم دێڕە بەمجۆرەیە و دەڵێ: «من شێخم و کەللەی سەرم شاخی ڕەقە و هەناسەم بای نەسیمە و چاوەکانم «کانی»یە و تەم و مژی لووتکەی چیاش مێزەری سپی منە».

٣. ئەم بەیتە لە دەستنووسی مەلا ڕەسووڵی توربەییدا هەبوو کە فۆتۆیەکی لای موحەممەد عەلی قەرەداغییە. «موحەممەدی مەلاکەریم».

٤. لە دەقی «گ.م»دا «ماری زوڵفی» نووسراوە. [لەب: لێو. زەحاك: ئاماژەیە بە چیرۆکی زەحاکی زاڵم کە وا مەشهوورە لە شارەزووردا پاشا بووە و لەسەر شانی (بە پێی ئەوەی کە لە شانامەی فیردەوسیدا هەیە) دوو مار ڕواوە کە خواردنیان مێشکی سەر بووە، بەم بۆنەوە هەموو ڕۆژێ لاوێکیان بۆ سەر بڕیون و مێشکەکەیان داونەتێ تا لە ئاکامدا بە دەستی کاوەی

مـەڵێ کـەززابـە سـۆفـی، سـاغە واعـیز
لەلای من وەك یەکن بێ کـەیف و بـێ کـەم[١]

مـوریدی سـادیق و شـێخـی کـەرامـەت
حـەریسی قـانیعە و عـوششاقی بـێ غـەم

سـەوادی ئـەعزەمی «قـوستەنتەنییە»
گـەلێ بـێ نـاوی کـردە سـەدری ئـەعزەم[٢]

بـە دەسـتوور و بـە قـانوون و نـیزامـی
خودا وای کرد کە سووری کـرد بـە مـاتەم[٣]

کـورانـی دوو هـەوێن دنـیا و عـوقبا
مـیسالی داکـیانن ئـەو لەگـەڵ ئـەم[٤]

☞

ئاسنگەر دەکوژرێ. یان مەبەست لە زەححاك: لێوی دەم بەبزەیە. «جەم»ی یەکەم: ژەم وادەی نان خواردن. «جەم»ی دووەم: جەمشید پاشای کۆنی ئێران. کەی: مەبەست زنجیرە شاهانی کیانییە (کەی قوباد و کەی خەسرەو و کەی کاوس و...) مووچە: جیرە، بەش].

١. [کەززاب: هەرە درۆزن. واعیز: وتاربێژ]. بێ کەیف و بێ کەم: بێ چۆنیەتی و بێ چەندی.

٢. [سەوادی ئەعزەم: زۆرینەی خەڵك کە وەك ڕەشایی ئەنوێنێ. وەرگێراوە لە حەدیسێکی پێغەمبەر (د.خ) کە ئەفەرموێ: علیکم بالسواد الأعظم: لەسەرتانە پەیڕەوی لە زۆرینەی موسڵمانانەوە بکەن]. لە دەقەکانی «ع.س» و «گ.م»دا ئەم نیوە دێڕە شیعرە بەمجۆرە هاتووە: «گەلێ بەدناوی کرد ئەو سەدری ئەعزەم».

٣. سوور: [وشەیەکی فارسییە بە مانای جەژن و میوانییش بەکار دێ. بەڵام] لێرەدا بە مانای شادی و خۆشییە. ماتەم: شین، شیوەن. مەبەستی ئەوەیە بڵێ: شادی بوو بە شین... لەدەقی «گ.م»دا ئەم نیوە دێڕە شیعرە بەمجۆرە هاتووە: «خودا دایناوە سووری بوو بە ماتەم» لە دەقی «ع.س»یشدا بەمجۆرەیە: «خوا وای یاوە سووری بوو بە ماتەم».

٤. [هەوێ: ژنانی یەك مێرد دەبنە هەوێی یەکتر کە زۆربەی ئەم هەوێیانە پێکەوە هەڵناکەن، واتە: دنیا و ئاخیرەت ئاوەهان]. ئەم نیوە دێڕە لە دەقی «گ.م»دا بەمجۆرەیە: «منالی دایکیانن ئەو لەگەڵ ئەم».

بــە یــەك نــاچن ڕەقــیب و «حــاجی» قــادر
خودایا! ئەو ڕەزیـل کـە و ئـەم مـوکەڕڕەم[١]

(٢)

وەها مەشغووڵی تۆیە

وەها مەشغووڵی تۆیە جیسم و جانم
بە ڕۆحکێشانی خۆم زەحمەت بزانم[٢]

ڕەقیب و سەگ چ لازم تا ئەمن هەم؟
بە ڕۆژێ دەرگەوان، شەو پاسەوانـم[٣]

میسالی ڕۆنــی زەیت و مـێوی شـانە
گەلێ زاهیر بـوو سـووتانی نـیهانیم[٤]

پــەرێشـــانی دڵ و جــەمعی ڕەقــیبە
لە سەودای زوڵفی تۆ سوود و زیـانم

بــڵێن: قـــادرا دەڵێم: نـــاوم حــەبیبە
بـــە زیکــری ئـێوە وا فـێرە زوبـانم[٥]

١. ئەم نیوە دێڕە لە دەقی «گ.م»دا بەمجۆرە هاتووە: «خوایا ئەم ڕەزیلە، ئەو موکەڕڕەم».
٢. لە دەقی «گ.م»دا «جیسم و گیانم» هاتووە، بەڵام لە دەقەکانی دیکەدا هەر «جیسم و جانم» نووسراوە، چونکە کێشی سووکترە.
٣. [ڕەقیب بۆ دوو مانا بەکار ئەهێنرێت: یەکەم: ململانێ‌کەر و ئەوکەسەی وا کێبەرکێ لەگەڵ کەسێکی‌تر بکات. دووهەم: چاودێر، دەرگاوان و ئێشکچی. واتە: ئەگەر تۆ منت ببێ هەم‌کاری سەگت ـکە پاسەوانییە بە شەودا ـ بۆ ئەکەم و هەم‌کاری دەرگاوانی ـکە چاودێرییە بە ڕۆژا ـ].
٤. [موحەممەدی مەلا کەریم دەڵێ کە «وەها مەعلوومە» باشترە لە «گـەلێ زاهـیر بـوو»، وە ئەڵێ: بەرانبەرکێی «زاهیر» و «نیهان» منی بە هەڵە بردووە. ـهەنگاوێ‌تر: ١٠٢].
٥. لە دەقی «گ.م»دا نووسراوە «وافێری زمانم».

ئـەوی شـاعیر نـەبێ کـۆرە وجـاغی
لە سایەی شیعرەکـان بـابی کـوڕانـم

مەڵێن: بێکارە بوو «حاجی» لە ڕۆمـا
ئــەمن پـیاوم لە نـێو شـاری ژنـانم[1]

(٣)

وەکوو ڕۆژ و شەوە

وەکـــوو ڕۆژ و شـەوە فـەرقی گـودازی شـەمع و سـووتانم
کە ئەو هەر شەو دەسووتێ من هەموو دەم گەرچی ئینسانم[2]

بە تەخمین، وەسفی فیردەوس و جەهەننەم بۆچ دەکا واعیز؟
لە سایەی وەسڵ و هیجرانت بە خـۆم دیـتوومە، دەیـزانـم[3]

لە سـیرڕی حـیکمەتی چـاوت گـەیشتم بـاعیسی ڕووحـە
تەبەسسوم ماوە، تـێنـاگـەم لە فـەهمی ڕەمـزی حـەیرانـم

کـــزەی جـــەرگم دەخـــیلتبم، فـیراقـم کـرد، ئـەوا مـردم
دەســا دەی بــێرە لام ســاتێ نــەماوە تــابی هـیجرانـم[4]

ئـەبوو زەیـدی دەکـا ڕۆحـم لەگـەڵ مـاچی دەمت ئـەمما
دەتـــرسێم وەك نـــیشانم دا بـلێ: هــیچە و پــەشیمانم

---

١. ئەم دوو دێرە شیعرەی شەشەم و حەوتەم بێ منداڵی حاجی دەگەیەنێ و دەڵێ: کە لە سایەی شیعرەکان بابی کوڕانم و دێڕی حەوتەمیش هەر مەسەلەی بێژنی و بێمنداڵی حاجی دەگرێتەوە.

٢. گودازی شەمع: سووتانی مۆم.

٣. [تەخمین: گۆترە و قەرساندن]. فیردەوس: بەهەشت.

٤.[تابی هیجران: تاقەتی دووری]. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی وشـەی «هـیجرانـم» وشـەی «حەیرانم» هاتووە.

که دوونێ هاتی فەرمووت بێ و نەهاتم، مەسڵەحەت وابوو
ئەوێستە چاوەکەی مـن چـی‌دەفەرمووی؟ بـەندە فـەرمانم[1]

ئـەگـەر بـەغدا شکـا سـەددی نـەما داری لەسـەر بـەردی
لە دەجـلەی نـاگـرن «حـاجی» دیـارە جـۆشـی گـریانم

(٤)
بەشەستی زوڵف و ڕووی ماهی

بەشەستی زوڵف و ڕووی ماهی وەکوو ماهی گـرفتارم
گەهێ دڵگەستەیی مارم، گەهێ گیان خـەستەیی نـارم[2]

سەگی دەرگات و مەجنوون و نجوومی ئاسمان یەکسەر
مەگەر هەر خۆت بزانی چۆن گەواهن من کـە بـێدارم[3]

بە یادی نەخلی باڵات ئاو لە چاوما بێ‌قسوور هەردەم
دەجـۆشـێ، غـایەتی دوورم دەزانـی مـن وەفـادارم[4]

١. [دوونێ: دوێنێ، بە شێوە ئاخاوتنی کۆیە] دیسـانەوە لە دەقـی «گ.م»دا لە جـیاتی «چـی» وشەی «هەر» هاتووە.
٢. شەستی زوڵف: قولاپی زوڵف، مـەبەستی لە هـەڵگـەڕانـەوەی تـاڵەکـانی زوڵفـە. [مـاهی یەکەم:] ماه، مانگ. مانگی دووهەم: ماسی، یان مانگی، وەکوو مانگی. دەقی ئەم نیوە دێڕەی دووهەممان لە سەر گۆڤاری «ر.کوردستان» ڕا ست کردەوە.
٣. ئەم نیوە دێڕەشمان لە سەر دەقی «ر.کوردستان» ڕاست کردەوە، دەنا لە سەرچـاوەکـانی دیکەدا نووسراوە: «سەگی دەرگات و مەجنوونی و نجوومی ئـاسمان یـەکسـەر». گـەواهـن: شاهیدن.
٤. [نەخل: داری خورما. بێ‌قسوور: بێ‌بڕانەوە و کەم و کووڕی. غـایەت: ئـەوپەڕ]. لە دەقـی «گ.م»دا نووسراوە: «سەروی باڵات».

له بەحر و بێشه و سەحرا، نەهەنگ و زەیغەم و ڕووبا
وەکوو سەگ هەڵدەیێن ئێستا له ئاه و ناڵەیی زارم[١]

ئەمیش جاران نییه قوربان! توفەیلی بێمه سەر خوانت
خەتت میهمانییه ئەمساڵ نەماوه لەززەتی پارم[٢]

بە گریانی ڕیا واعیز بەسەرما هات و نەیزانی
کەوا من ئاشنام ناگاته قاپیم مەستی هۆشیارم

عیراقی بێنەوان، مەشرەب موخالیف، وەك سەبا هەسته
مەقامی ڕاستی «حاجی» حیجازه گەر دەچێ یارم[٣]

(٥)
دوو سەد گوناهی هەیه[٤]

دوو سەد گوناهی هەیه خەڵق با وجوودی کەریم
ئەمی که داویه دەیدا چ ڕازیقێکه کەریم![٥]

١. زەیغەم: «الضیغم» شێر. ڕووبا: «روباه»، ڕێوی. ئەم دێڕە شیعرەمان لە سەر دەقی «م.ر.س» تۆمارکرد.

٢. [توفەیلی = طفیلی: بەو میوانە دەڵێن کە بەبێ بانگهێشت دەڕوا بۆماڵی خەڵکی. خوان: سفره]. میهمانییە، میهمان: میوان.

٣. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی: «حیجازه» وشەی «کۆیه» نووسراوه. [بێنەوا: هەژار و داماو. مەشرەب موخالیف: تەبیعەت جیاواز و یەك‌نەگر]. مەبەستی حاجی لە ناوهێنانی «سەبا» و «ڕاست» و «حیجاز» باس‌کردنی ناوی مەقامەکانە، نەك مەبەستی لە «مەقام»، «مەکان»بێ و لە جیاتی بڵێ: جێگەی ڕاستی حیجازه یان کۆیەیه.

٤. ئەم هەڵبەستەی حاجی لە هیچ سەرچاوەیەکی چاپکراودا نەهاتووە، تەنها لە دەقە دەستنووسەکەی «م.ر.س»دا هەیە و ئێمەش لێمان وەرگرت و وا بۆ یەکەمجار بڵاوی دەکەینەوه.

٥. کەریم: مەبەستی خودایە بە مانای سەخی و بەخشندەیە.

مەپرسە دەردی غەریبی و لەززەتی وەتەنم
ئەوی لە دەستی دەگریام ئەمێستە بۆی دەگریم

سەوادی سێبەری تۆیان هەتا نەکردە میداد
نەنووسرا وەرەقی ئەمری «کُنْ فکان»ی قەدیم[١]

ئەمێستە بۆیە نەزیرت لە مەجمەعی ئیمکان
میسالی سایەیی «طوبیٰ» خەرامی تۆیە عەدیم[٢]

لەلای مەعاریجی تۆ تەلغراف و بەرق و شیهاب
نەزیری ڕەوتی تەنافبازە فیکری تەبعی عەقیم[٣]

جودایی باسی مەکە فەسڵی «قابَ قَوْسَیْن»ت
کەمانی ئەبرۆی تۆ بوو لە بەزمی خاسی عەلیم[٤]

خەڵاتی عیززەتی «لَوْلاك» و تاجی «أَرْسَلْناك»
بەسە سەنایی جەلال و کەمالی خوڵقی عەزیم[٥]

١. سەوادی سێبەر: ڕەشایی سێبەر. میداد: مەرەکەب، حبر [میداد لە زمانی فارسیدا بە مانا پێنووسیش هاتووە. «کُنْ فکان» ئاماژەیە بەو دەستووراتانەی خودای مەزن کە بۆ ئەنجامبوونی کارێك هەرکە فەرموویێتی «کُنْ» واتە: ببە «فکان» ئەویش خێرا بووە. قەدیم: ئەزەلی واتە: ئەو دەستووراتانەی کە لە ئەزەلدا دراوە. واتە: تا خودا نێوی تۆی نەهێنا پێشەوە، کائیناتی خەلق نەکرد، ئاماژەیە بەوە کە خوای گەورە لەبەر پێغەمبەر تەواوی کائیناتی خەلق کردووە].

٢. [«طوبیٰ»: درەختێکی بەهەشتییە]. خەرام: لارولەنجە.

٣. [مەعاریج: کۆی میعراجە بە مانای پەیژە و ئامرازی سەرکەوتنە، کە مەبەست میعراج و بەرزبوونەوەی پێغەمبەرە بۆ ئاسمانەکان. تەلغراف: تەلگراف. ڕەوت: شێوەی بە ڕێگا ڕۆیشتن. تەبعی عەقیم: زەوق و تەبعی نارێك]. عەقیم: نەزۆك.

٤. [«قاب قوسین»: ئەندازەی دوو کەوان. ئاماژەیە بە ئایەتی: ﴿فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنىٰ﴾ی سورەتی «النجم»: ٩، کە باس لە میعراجی پێغەمبەر دەکا].

٥. [«لولاك»: ئاماژەیە بەو ڕستە مەشهوورەی کە دەڵێن حەدیسی قودسییە کە خودا

خولاسە، نێوی نبووەت لە پاش ڕیسالەتی تـۆ
مـیسالی مـارگەزیدەی مـولەققەبە بـە سـەلیم[١]

بەبەر شەفاعەتی خۆتی ئەگەر نەخەی «حاجی»
لیباسی کەعبە لەبەر کا، دەبێ بـچێتـە جـەحیم

☞

فەرموویەتی: «لَوْلاكَ لَما خَلَقْتُ الأَفلاك» واتە: ئەگەر لەبەر تۆ نەبوایە هیچم دروست نەئەکرد. «أَرسَلناك»: ئاماژەیە بە ئایەتی ﴿وَ ما أَرْسَلْناكَ إلّا رَحْمَةً لِلْعالَمينَ﴾. بەسە سەنای... ئاماژەیە بە ئایەتی ﴿وَ إنَّكَ لَعَلىٰ خُلُقٍ عَظيم﴾].

١. نبووەت: پێغەمبەرایەتی. ڕیسالەت، «الرسالة»: ئەو پێغـەمبەرایـەتییەی پـەیامی خـودایـی لەگەڵ بێ. [واتە: چەندە ڕاستە بڵێن بە مارانگەستە، تۆ ساغیت، هەر ئـەوەندەش ڕاسـتە بـە کەسێ کە ئیددیعای پێغەمبەرایەتی بکا لە پاش تۆ، بڵێن: تۆ پێغەمبەریت].

پیتی «ن»

(ا)

ئەم سەگانە

ئــەم سـەگـانەی کـە لەلای ئـێمـە وەزیـر و وکـەلان
بێنـە لای تـۆ ـبـە خـودا ـ نـایکەیە گـاوان و شـوان[١]

ئــەمە کــەرمێزە دەڵێن وارســی شــەرعی نـەبەوین
هەموو عەبدی سەنەمن، باسی مەکـە گـەورەکـەیان[٢]

هــەر ئــەدیبێك بـووە سـاخوا لە دەمـی نـاوە بـڵێ:
دەوڵەتـی داوە بـەکـەر، نـیعمەتی داوە بـە سـەگـان[٣]

هەر کەسێکی کەسە، ناکەس نییە، حـەرفێکـی بـەسە
وەرە سەر باسی خـەت و خـاڵی هـەتیوی خـۆمـان[٤]

ئەی فدای خاکی دەرت تاجی کەی و مەسنەدی جەم
وەی بە قوربانی سەروفێسی کـەچت تـاجی کـەیان[٥]

---

١. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «وەزیر و وکەلان»، «وەکیل و وکەلان» هاتووە و دەربڕینی «کە لەلای» لە کاتی چاپکردندا پەڕیوە وکێشی دێڕە شیعرەکەی لەنگ کردووە.
٢. [سەنەم: بوت]. حاجی مەبەستی لە «وارسی شەرعی نەبەوی» سوڵتان عـەبدولحەمیدی دووەم بووە کە کە لە سەردەمی ژیانی حاجی لە ئەستەمبۆڵ ئەو سـوڵتـان بـووە و خـۆی بـە میراتگری شەریعەتی پێغەمبەر داناوە و بە خۆیان دەگوت: خەلیفەی ئیسلام.
٣. لە دەقی «گ.م»دا نووسراوە: «دەوڵەتی داوە بە سەگ».
٤. لەدەقی «گ.م»دا وشەی «حەرفێکی» بە «پیتێکی» هاتووە و نووسراوە: «پیتێکی بەسە».
٥. [کەی: عینوانێکە بۆ پادشاکانی کەیانی، چەشنی کەیقوباد، کەیخوسەرەو و کەیکاوس. مەسنەد: تەخت و بارەگـا، دەسـەڵات و پـلەوپایە. جـەم: کـورتکراوەی جـەمشیدە پـادشای بەناوبانگی ئێرانی. فێس: کڵاوی سوور کە تایبەتی توورکان بووە].

خۆم بە "دارا" و بە "ئەسکەندەر" و "خوسرەو" نادەم
گەر بزانم لەبەر ئەم دەرگەیە دەبمە سەگەوان[١]

عاشقانی تۆ هەموو تیری نیگاهێکی بەسە
وەرە دەرگانەکەمان زامینی تۆم بمکە نیشان[٢]

بە ئومێدی ئەسەری حوسنی ڕەزا دەچنە وڵات
شیعرەکانم کە سەراپا وەکوو خۆم بێسەروپان[٣]

"نالی" و خاکی بەبە، «حاجی» و کۆیە بە مەسەل
عەینهی "حافیز" و شیرازە، "کەلیم" و هەمەدان[٤]

(٢)
خاکی جەزیر و بۆتان

خاکی جەزیر و بۆتان ،یەعنی وڵاتی کوردان
سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان[٥]

---

١. لە دەقەکانی «م.ر.س» و «ع.س»دا ئەم دێڕە شیعرە بەمجۆرەی خوارەوە هاتووە:
خۆم بە دار و بە سکەندەر و خوسرەو نادەم گەر بزانم لەبەر ئەم قاپییە دەبمە سەگەوان.
٢. لە دەقی «م.ر.س» و «ع.س»دا ئەم نیوە دێڕە شیعرە بەمجۆرە هاتووە: «عاشقانت هەموویان تیری نیگاهێکی بەسە».
٣. [ئەسەری: بەرهەم. حوسنی ڕەزا: دڵخۆش کردنی ڕاستەقینە و دڵ بەجێ‌هێنان]. لە دەقی «م.ر.س»دا لە جیاتی «بە ئومێدی»، «بە تەماعی» هاتووە.
٤. [بەبە: کورتکراوەی بابانە، نێوی هۆزێکی بەناوبانگە لە شاری سلێمانی (کە ئیبراهیم پاشای کوڕی سلێمان پاشای بابان بنەڕەتی داناوە) و دەوروبەری سلێمانیدا حاکم بوون. عەینهی: دەقاودەق، ڕاستەوڕاست]. لە چەند دەقێکدا لە جیاتی «عەینهی»، «هەروەکوو» هاتووە.
٥. مخابن: حەیف.

وا ڕێگــەتان دەبــەسرێ عــێلاتــی جــاف و بــڵبــاس
گــەر مــردوون لە گــەرمێن مــەمنووعە بــچنە کــوێستان[١]

کــامی کــچ و هــەتیوی شــیرین بــێ، ڕای‌دەکــێشێن
هــاوار دەبــەنە بــەر کــێ؟ پــەشمە، دەخیل و ئــامان[٢]

مــــەسجید دەبــــێتــــە دێرە نــاقووسیان مــوئەززین
مــەتڕان دەبــێتــە قــازی، مــوفتی دەبــێتــە ڕەهبان[٣]

هــیچ غــیرەتێك نــەماوە سەدجار قــەسەم بــە قــورئان
پــەیدا بــێ ئــەرمەنستان نــامێنــێ یــەك لە کــوردان

ســـەرتان لە قـــوڕ هــەڵێنــن، ئــەحواڵمــان بــبینن
چــۆنــین لە دەستی زوڵمــی بێ‌دیــنی دوور لە ئــیمان

وەڵڵاهــی ســومە بــیللا، تــەڵڵاهــی ئــەم بــەڵایــە
هــەر هــێنــدی پــێ دەزانــن ئــیقلیمی کــردە تــۆفــان[٤]

تــۆفــانی ئــاو نــییە هــیچ، دەرچــێ لە کــێوی "جــوودی"
بەحری تــفەنگ و تــۆپــە، ئــینسانە بــەحری "عــوممان"[٥]

---

١. لە دەقی «ع.م.ن»دا لە جیاتی «گەر مردوون لە گەرمێن» نووسراوە: «گەر مردوون لە گەرمیان» و لە دەقی «م.ر.س»یشدا «کە مردبن لە گەرمین» نووسراوە.

٢. لە دەقی «گ.م»دا لەجیاتی «کامی» وشەی «کامە» هاتووە.

٣. [مەتڕان: زانای ئایینی فەلە، پلەباڵاتر لە قەشە و ئەسقەف. دێرە: جێی خواپەرستی فەلە. موئەززین: بانگوێژ. ڕەهبان: خۆپارێز و چلەکێش بۆ عیبادەت]. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «مەسجید دەبێتە دێرە» بەم‌جۆرە نووسراوە: «مزگەوت دەبێتە دێر و...».

٤. [سومە = «ثمّ»: لە پاشان. ئیقلیم: وڵات].

٥. ئەم دەقەمان لە دەستنووسەکەی «ع.م.ن» وەرگرت دەنا لە دەقی «گ.م»دا نووسراوە: «تۆفانی ئاوێ نییە تا دەرچێ لە کێوی جوود» [جوودی نێوی کێوێکە (بە پێی هەندێ سەرچاوە لە نزیکی شاری موسڵدا)، کە گەمێکەی نووحی پێغەمبەر دوای تۆفانەکە لەسەری لەنگەری گرتووە].

ئـەم قـیسسەیەی کـە کـردم نـاگـاتە چـەند سـاڵی تـر
ئـەم حـاڵەتـە دەبـینن یـەك یـەك بـە چـاوی خـۆتـان[1]

حـاڵ ئـێسـتێکـە وەهـایە مـەگـەر خـودا بـە سـووکی
تـێکـیان بـدا وەئـیللا دوورە لە عـەقڵی ئـینسان[2]

هـەرچـی وەکـوو بـەیانم بـۆ کـردوون بـە تـەحقیق
پـەیدا دەبـن سـەگـانە، کـام قـوڕ بکـەین بـە سـەرمان[3]

لەم بـەینە ئـیتتیفاقێ پـەیدا بکـەن بـە مـەردی
فـەرقی نـەبێ شـوان و جـووتیار و مـیر و گـاوان

[سـوێنـدیش بـخۆن بـە دیـن و ئـیمان و سـێ تـەڵاقـە
بۆ حیفزی دیـن و مـیللەت خـۆتـان بکـەن بـە قـوربان][4]

گـەر هـیچ نـەبێ بـە ئـۆیـن تـابیع بـە دەوڵەتـێ بـن
بـێگـانە چـاکـە دوشـمن نـەك دوشـمنی لە خـۆتـان[5]

١. ئەم دەقەمان لە چاپی «گ.م» وەرگرت کە لەوێدا نووسراوە: «ئەم قسەیە کە کردم». لە دەقی «م.م»دا نووسراوە «ئەم قیصەی کە کردم».
٢. [سووك: زوو. بەسووکی: بەم زوانە]. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «حاڵ ئێستێکـە وەهـایە» نووسراوە: «کار ئێستێکە وەهایە».
٣. موحەممەدی مەلا کەریم لای وایە «سەگانە» هەڵەیە و «سێ گانە» واتـە: سـێ قـات، یـان سێ جۆر ڕاستە، چونکە وا مەعنا ئەدا بە دەستەوە. سێ گانە: وشەیەکی فارسییە و لە شێوە نووسینی فارسیدا «سەگانە» ئەنووسرێت. ـهەنگاوێ‌تر: ١١٥.
٤. [موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: لەو بەیازەی کە لەبەر دەستما بوو ئەم بەیتەم لەبیرچوو بوو بیخەمە نێو تێکستەکەی کاك کەریم و کاك سەردارەوە. ـهەنگاوێ‌تر: ١٢١. ئەوا ئێمە بە گوێرەی ئەو جێگەی خۆی بۆی دیاری کردبوو لێرە زیادمان کرد].
٥. ئۆین: وشەیەکی تورکییە بە مانای فێڵ، حیلە، یاری، گەمە دێ.

ڕۆمی وەکوو بەنی موون کەس پشتیان پێ نەبەستێ
کەوتوونە داوی خۆیان، سەرگەشتە ماون و حەیران[١]

کوا والیی سەنەندوج، بەگزادەیی ڕەواندوز
کوا حاکمانی بابان، میری جزیر و بۆتان[٢]

ئەو ئایەتەی «فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ» خوا کە فەرمووی
ئیجرای دەکەن سەگانە «بِالنّفس» شاهی خۆیان[٣]

کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون
سوڵتانی موڵك و میللەت، ساحیبی جەیش و عیرفان

جۆشێك بدەن وەکوو هەنگ، تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ
ئەسبابی شەڕ پەیدا کەن تۆپ و تفەنگ و هاوان[٤]

---

١. سەرگەشتە: سەرلێ تێکچوو.
٢. سەنەندوج: شاری سنەی کوردستانی ئێران.
٣. [فَسيرُوا في الأرض: نەحل: ٣٦. واتە: لە زەویدا گەشت بکەن].
٤. [هاوان: خومپارە هاویژ. موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: لەم بەیازەی بەردەستمدا لەباتی «تەگبیر»، «تەدبیر» نووسراوە، ئەمەش بەڕاست دەزانم، چونکە لەگەڵ شیعری کلاسیکی کوردیدا جۆرترە. هەروەها پێی وایە وشەی «پەیا» دروستە و «پەیدا» هەڵەیە. موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: من لەگەڵ دوکتۆر کەمال مەزهەردا هاودەنگم کە پێی وایە ئەم بەیتە هی حاجی قادر نییە دەستکاری کراوە، چونکە تۆپی «هاوان»، هەرچەند لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دروست کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی زیانی لە قازانجی زۆرتر بووە بۆ هەر لایەنێ بەکار هێنرابێ، پشت گوێ خراوە و لەبیر چووەتەوە، دووهەمجار، چەند ساڵ پاش مردنی حاجی قادر، واتە: لە شەڕی ڕووسیا و ژاپۆندا (١٩٠٤ ـ ١٩٠٥) دووبارە بەکار هێنراوەتەوە. هەروەها ئەڵێ: ئەم بەیازەی بەردەسیشم پاشماوەی بەیتەکەی ئاوەها تۆمار کردووە: «ئەسبابی شەڕ پەیاکەن، ئەرکانی حەرب و لێدان». ـهەنگاوێ‌تر: ١١٦، ١١٧].

پــاڕانــەوە و تــەوەککــوڵ لەم عــەسرە پــارە نــاکــا
تــیرە دوعــای «جــەوشن»، پــەیکانە «حــیرز»ی مــەیدان[١]

بــۆچــی بــەشیری ئــێمــە ـیــەعنی ڕەســوولی ئــەکــرەم ـ
هــیچ ئــەدعیەی نــەزانــی ڕۆژێ کــە دەچــووە مــەیدان؟[٢]

وەك «خــێوە» و «بــوخارا»، بــەڵا نــاڕوا بــە هــیممەت
ڕەفــعی بکــەن مــەشایخ، دەفــعی بکــەن مــەلاتان[٣]

هەر شێخێ کەوتە شوێنی یەك دوو کەسی ڕەش و ڕووت
خەڵکی بە موور دەزانێ، خۆی حەزرەتی سولەیمان[٤]

یــەکــتان نــەچوونە گــەردش وا تــێدەگــەن لە دنــیا
هــەر پــادشاهی ڕۆمــە و شــاهی عــەجەم لە تــاران[٥]

---

١. جەوشەن: وشەیەکی عەرەبییە بە مانای زرە، زرێی ئاسن دێ. لە دەقی کتێبەکەی «حاجی قادری کۆیی...» مامۆستا موحەممەدی مەلاکەریمدا لە جیاتی «حرزی» وشەی «حزبی» بەکار هاتووە، «حرز»یش، بەمانای جۆرە نووشتەیەك دێ، حزبیش جۆرە دوعایەکە. لە دەقی «گ.م» و «ع.س»یشدا «حیرس» بەکار هاتووە. ئێمە لە سەر دەقی «م.م» «حرز»مان تۆمار کرد.
٢. [بەشیر: مزگێنیدەر. ئەدعیە: کۆی دوعا واتە: پاڕانەوە لە خودا].
٣. [خێوە و بوخارا: نێوی دوو شارن لە ئوزبەکستان کە شوێنی کۆبوونەوەی پیاوچاکان و شێخانی تەریقەت بووە]. لە دەقی «گ.م»دا نووسراوە: «دەفعی بکەن مەشایخ» ئێمە لەسەر دەقی دەستنووسەکەی «ع.م.ن» کرمان بە «ڕەفعی بکەن مەشایخ دەفعی بکەن مەلاتان». چونکە جووت وشەی «ڕەفع و دەفع» جوان لێکتری دەوەشێنەوە نەك هەردووکیان هەر «دەفع» بن.
٤. [موور و سولەیمان: ئاماژەیە بەو چیرۆکە قورئانییە کە لە بارەی حەزرەتی سولەیمان و مێلوورەوە هاتووە. موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: لەم بەیازەی بەردەستمدا لە جیاتی «شێخێ» «میرێ» هاتووە کە ئەمە زۆر لەبارترە، چونکە لەگەڵ باسی سولەیماندا کە میر بووە جۆرترە و بە تەواوی گلەیی حاجی لە میرانی هاوچەرخی خۆی دەگەیەنێ. ـهەنگاوێ‌تر :

قــوتبی زەمــانە «خــالید» ئــاوارە بــوو وەکــوو مــن
بێ قەدر و قیمەت و شـان، بـێ خـان و مـان و بـێ نـان[١]

شــــیر و قــــەڵەم شــــەریکن لەم عــــەسرەدا درێغـا
شــــیرم قــــەڵەمتــــراشــە و کــالانییە قــەڵەمــدان[٢]

ئــەم مــەسئەلە مـەشهوورە گـەر قـوڕ دەکـەی بـەسەرتا
ئــیکسیرە خــاك و خــۆڵی دەرمــاڵی گــەورە مــاڵان[٣]

تــەنها ئــێمــە وەهــا نــین، دیـباچەیی "مـەم و زیـن"
حــاڵیت دەکــا چــلۆنــە ئــەحواڵیــان ســوخەندان[٤]

خۆتان دەڵێن: ـ ئەگەرچــی مــەشهووری خــاس و عــامە ـ
هــــەر ڕێویــــیەك گــــەڕابــێ ئــازاتــرە لە شــێران

ســەد قــائیمە و قــەسیدە کــەس نــایکڕێ بـە پـوولێ
ڕۆژنــــامە و جــەریدە کــەوتۆتــە قــیمەت و شــان[٥]

---

١. مەبەستی مەولانا خالیدی شارەزووری نەقشبەندییە (١٧٧٧ ـ ١٨٢٦ ز). لە دەقی «گ.م»دا نووسراوە: «وەك من بووە ئاوارە».

٢. لە هەندێ دەقدا نووسراوە: «سەیف و قەڵەم شەریکن».

٣. ئیکسیر: وشەیەکی یۆنانییە، بەو ماددەیە دەڵێن کە بە هەر مەعدەنێکی تریدا بکەن دەیکات بە زێڕ.

٤. دیباچەیی مەم و زین: مەبەستی پێشەکی مەم و زینی ئەحمەدی خانییە [سوخەندان: قسەزان].

٥. [قائیمە: لاپەڕەی کتێب کە هۆنراوە یا پەخشانێکی تێدا نووسرابێ. جەریدە: وشەیەکی عەرەبییە بە مانای ڕۆژنامەیە]. ئەم دێڕە شیعرە تەنیا لە دەقەکەی «م.ر.س»دا هەیە و ئەوا بۆ یەکەمجار بڵاو دەکرێتەوە.

بــنواڕە ســەعی و غــیرەت ئــێســتا لە دەوڵەتــی ڕۆم
خــۆیــان خــەزێنــەدارن، خــۆیــان تــەبیب و ســوڵتــان[١]

هەر دوێنێ ئەهلی "سوودان" هــەستانە پــێ وەکــوو شــێر
ئــێستێکــە مــوستەقیللن مــەحسوودی کــوللی ئــەدیان[٢]

"بولغار" و "سیرب" و "یۆنان"، هەم "ئەرمەن" و "قەرەتاغ"
هــەر پــێنــجیان بــە تــەعداد نــابن بــە قــەددی بــابان[٣]

هــەر ئــێکــە مــوستەقیللن، کــوللێکــی دەوڵەتــێکــن
ساحێبی جەیش و ڕایەت، ئــەرکانی حــەرب و مــەیدان[٤]

هـــەم حـــەقیانە ئــەرمەن، غــیرەتکەشی یــەکــترن
وەك ئــێمــە نــین لەگــەڵ یــەك دەعــوا بکــەن بــە شــیران[٥]

بۆ فەننی حەرب و سەنعەت، بۆ زەبت و ڕەبــتی مــیللەت
دەیــنێرنــە ئــورووپا گــەورە و بــچووکی خــۆیــان[٦]

---

١. لە دەقە چاپکراوەکاندا لە جیاتی «دەوڵەتی ڕۆم»، «لە نێو ئەورووپا» هاتووە.
٢. ئەم نیوە دێڕە شیعرە لە دەقی «گ.م»دا بەمجۆرە هاتووە: «ئێستێکە موستەقیللن مادوونی کوللی ئەدیان» لە دەقی «ع.م.ن»یشدا بەم جۆرە هاتووە: «ئێستێکە موستەقیللن وەکوو جەمعی دەوڵەتان». بەڵام ئێمە لەسەر دەقی «م.ر.س» وەکوو سەرەوەمان نووسی چونکە گونجاوترە.
٣. سیرب: خەڵکی وڵاتی «سیربیا»ن کە ئێستە وڵاتێکی سەربەخۆیە و لە یوگسلاڤیای پێشوو جیابۆتەوە. قەرەتاغ: ئــەمیش بــەشێکــە لە یــوگسلاڤی پــێشــوو. لە دەقــی «گ.م»دا لە جــیاتی «تەعداد» وشەی «ئەژمار» نووسراوە.
٤. [ئێکە: یەکە. جەیش: هێز، لەشکر. ڕایەت: ئاڵا].
٥. غیرەتکەش: غیرەتکێش، بەغیرت و ئازا. لە دەقی «گ.م»دا «غـیرەتکێش» نـووسراوە. بەڵام لە دەستنووسەکەی «م.ر.س»دا «غیرەتکەش» هاتووە و ئێمەش پشـتمان بـەو بـەست، چونکە لەگەڵ زمانی شیعری سەدەی نۆزدەهەمدا دەگونجێ.
٦. [زەبت = «ضبط»: کۆکردنەوە. ڕەبت = «ربط»: پێکەوە لکان].

«حـــاجی» کـــەسێکـــە بێکـەس بـۆ ئێوە قـوڕ دەپێوێ
گـــوێی لێ دەگـــرن زەریــفە، نـــاگـرن بـەڵا لە خـۆتـان

•••••••

(٣)
لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم

لە ڕۆمــا کـــەوتە بـەر چـاوم کـەسێکـی هـائیم و حـەیران
بە هەیئەت تێگەییم کوردە بـە شـێوەی ئـەهلی کـوردستان[1]

کە چوومە خدمەتی پرسیم: برادەر خەڵکی کـام جـێگـای؟
لە کـــام لا هـــاتووی؟ گـریا! گـوتی: بـابان! گـوتم: بـابان؟[2]

دڵم داوە گـــــوتم: بـــاوکە هـــەموومان بـــێ کـــەسین لێرە
چ قـــەوماوە؟ گـەلێ حـەیفە، مـەگـریێ هـەروەکـوو بـاران

گـــوتی: بـــۆ غـــوربەت و ڕووتـــی نـییە ئـەفغان و هـاوارم
لە داغی حـاکـمی خـۆمـە، لە شـان و شـەوکەتی تـورکان[3]

گـــەلێکـــم بـیستووە پـەستی و بـڵـندیی دەوڵەتـان ئـەمما
جـــیهان نـــەیدیوە پـەستی وا مـیسالی حـاڵی کـوردستان[4]

---

١. مەبەستی لە ڕۆم، شاری ئەستەنبووڵە. [هائیم: سەرگەردان و پەرۆش]. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «بە هەیئەت تێی گەییم»، «لە ڕەنگا تێی گەییم» هاتووە.

٢. لە دەقی «گ.م»دا [لە جێگای «لەکام لا هاتووی»]، «لە کام جێ هاتووی» نووسراوە.

٣. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «ئەفغان» واتا هاوار «گریان». وە لە جـیاتی «تـورکان» وشـەی «کوردان» هاتووە.

٤. [موحەممەدی مەلاکەریم «حاکمی کوردان»ی لە «حاڵی کوردستان» پێ ڕاستترە].

لە وەقتی خۆی هەموو شا بوون، سەراپا بێغەم و شا بوون
لە جوودا حاتەمی تائی، لە شەڕدا ڕۆستەمی مەیدان[١]

لە پێشا خاکی مە لانەی پڵنگ و شێری ئازا بوو
ئەمێستا مار و مێروو گورگ و ڕێوی لێی دەکەن سەیران[٢]

لە کوێ ما نەعرەتەی تەقلە و جلیت و ڕمب و ڕمبازی؟!
لە کوێ ما دەنگی زوڕنا و دەهۆڵ و شایی و سەیران؟![٣]

لە هاڕەی شەشپەڕو نەڕڕەی سوار و بەرقی شەشخانە،
لە تەقەی ناڵ و شەقەی سم، لە ڕەقەی تۆبز و قەڵغان[٤]

دەهاتە جونبوش و لەرزین لە ماهی بگرە تا ماهی
لە سەحرا چەندە وەحشی بوون لە ترسان چوونە سەر کێوان[٥]

لەریزی زەبر و زەنگی وان کەسێکی تر نەبوو هەرگیز
بە شیری حیشمەتی کوردە کە ماوە دەوڵەتی ئێران[٦]

سەرا و ئەیوانیان ئێستا کەلاوەی کوندەبوو و جوغدە
ئەگەر مەیدان و دیوانە سەراپا بوویتە جێی دۆمان[٧]

---

١. [تائی = طائی. «شا»ی یەکەم: پاشا و میر. «شا»ی دووەم: شاد و کەیفخۆش].
٢. نیوە دێڕی یەکەمان لە سەر دەقی «م.ر.س» تۆمار کرد.
٣. [نەعرەتە: گوڕاندن. تەقلە و جلیت: بەو یارییە دەڵێن کە سوارکاران بەسەر ئەسپەوە لە گۆ دەدەن (چەوگان)].
٤. [شەشپەڕ و شەشخان: دوو جۆرە چەکی کۆنن. تۆبز: کوتەکی بزمار ڕێژ کراو (گورز). قەڵغان: سپەر].
٥. ماهی یەکەم: ماسی. ماهی دووەم: بە مانای مانگە.
٦. لە دەقی «گ.م»دا نووسراوە: «بە شیر و حیشمەتی وانە دەمێنێ دەوڵەتی ئێران».
٧. جوغد: [بایەقوش] جۆرە کوندەبوویەکە. [دۆم: هۆزێکی کۆچەری کوردن کە بە پیشەی ☜

له پــاشی ئـه‌و هـه‌موو گـریان و نـاڵه و زاریـیه پـێم گـوت:
عه‌زیزم غه‌م مه‌خۆ هێنده، له سایه‌ی ڕه‌حـمه‌تی ڕه‌حـمان[1]

ئــه‌میرێك مــاوه پــاشایه، گــوتی: کــێیه؟ گـوتم: شـێره!
گـــوتی: لێره؟ گـــوتم: لێره! هـــه‌تا تــاران و هــیندستان

بــه خـۆی شـێره وه‌کـوو نـاوی له شـه‌ڕدا دوژمـن‌ئه‌ندازه
ته‌مایان هـه‌ر بـه ئـه‌و مـاوه جـه‌میعی خـاکـی کـوردستان[2]

هه‌چی جێگه‌ی ئومێدمانه و ئـه‌وی دڵخـۆش ده‌کـا ئـه‌مڕۆ،
که‌سی دی له‌و بـه‌ده‌ر نـابێتـه غـه‌مخۆری گـه‌لی کـوردان![3]

(٤)

په‌رچه‌م و فێسی که‌چی تۆ

په‌رچه‌م و فێسی کـه‌چی تـۆ ئـه‌ی جـوان
تــــاجی کـــه‌یانه و عـــه‌له‌می کـــاویان[4]

خه‌ڕاتی و کڵاش چنین به‌ناوبانگن. موحه‌ممه‌دی مه‌لا که‌ریم به پشت به‌ستن به گۆڤاری ژین و جوانی و له‌باری مه‌عناوه، پێی وایه به‌جێی «جوغد» «مشکه» باشتره، تا دووجـار کـونده‌بوو دوویات نه‌بێته‌وه. ـ هه‌نگاوێ‌تر: ١٢٩].

١. له ده‌قی «گ.م»دا نیوه دێڕی یه‌که‌م به‌م‌جۆره هاتووه: «له پاشی ئه‌م هه‌موو گریان و زاری و ناڵه‌یه پێم‌گوت:». له جیاتی «عه‌زیزم» وشه‌ی «براده‌ر» هاتووه.

٢. له هه‌ندێ له ده‌قه‌کاندا له جیاتی «جه‌میعی»، «ته‌واوی» هاتووه.

٣. ئه‌م نیوه دێڕه له ده‌قه‌که‌ی «م.م»مان وه‌رگرتووه. «بنواره: مـه‌سعوود مـوحه‌ممه‌د، حـاجی قادری کۆیی، به‌غدا ١٩٧٦ ب٣، ل ٣٦٩».

٤. له ده‌قی «گ.م»دا له جیاتی «که‌چی» وشه‌ی «که‌چیت» هاتووه. [پـه‌رچـه‌م: مـووی سـه‌ر هه‌نیه. فێس: کڵاو. که‌یان: زنجیره پاشایانی که‌ی وه‌ك: کـه‌یکاوس، کـه‌یخه‌سره‌و و کـه‌یقوباد

مـــن لە غــەمت ڕێگــەیەکـم کـەوتەبەر
خوانی بەهەشتە و سەفەری هەفت خوان[١]

بـێژەنــی چـاهی زەقــەنی تــۆیـە دڵ
ڕاهــی نـەجاتی فـەلەك و ڕێســمان[٢]

تــیری مــوژەت بــۆ دڵی ئـەسفەندیار
تــیری گــەزی ڕۆسـتەمی مـازەندەران[٣]

فــــیرقەتی تـــۆ لەشکـری ئـێرانـییە
ســەبری مـــنیش لەشکـری تـوورانـییان

بـــەسیەتی سـا خـوێنـی سـیاوەش نـییە
جـــان و دڵت بــردووە هــەم دیــنمان

«حاجی»یە فیردەوسیی کورد، سا ئەتۆش
گوێ وەکوو مەحموود مەدە قەولی بەدان[٤]

☞

و...]. عەلەمی کـاویان: ئـاڵای کـاویان، ئـەو کـەوڵەی کـە کـاوەی ئـاسنگەر کـردی بـە ئـاڵای شۆڕشەکەی لە دژی ئەژدەهاك و بوو بە ئاڵایەکی مێژوویی.

١. [هەفت خوان: حەوت قۆناغی دژوار و گران، یەکێکە لە چیرۆکەکانی شانامەی فیردەوسی کە بریتیە لەوە کاتێ ڕۆستەم بۆ نەجاتدانی کەیکاوس دەڕوا بۆ مازەندەران، تووشی حەوت کارەساتی دژوار دەبێ و بە چالاکی لێیان ڕزگار دەبێ. ئێستا ئەم حەوت‌خوانە بووە بە پەند بۆ ئیشی تووش و ئەستەم. وا مەشهوورە تەنیا ڕۆستەم و ئەسفەندیار توانیویانە لێی دەرباز بن].

٢. [بێژەن: یەکێك لەکەسایەتییەکانی شانامەی فیردەوسییە]. چاهی زەقەن: چاڵی چەناکە.

٣. [گەز: جۆرێ دارە کە لە شانامەدا دەڵێ: سیمورغ تیرێکی لێ‌دروست کرد و لە نێو ئـاوی زەهردا کوڵاندی و هێنای بۆ ڕۆستەم تا چاوی ئەسفەندیاری پێ بـنگوێ، چـون تـەنیا ئـەمە چارەی کوشتنی بوو].

٤. فیردەوسی: مەبەستی لە ئەبولقاسمی فیردەوسی دانەری شانامەیە، لەسەر داوای سوڵتان مەحموودی غەزنەوی ئەو داستانەی بـە شـیعر هـۆنییەوە. مـەحموود: مـەبەستی سـوڵتـان مەحموودی غەزنەوییە، کە بە قسەی بەدکاران لە جیاتی پاداشت، فیردەوسیی دەربەدەر کرد.

(٥)

فەلەك بە تیر و کەمانێ [١]

فەلەك بە تیر و کەمانێ لە ئێمە چوویتە کەمین
شکارگاهی زەمینە، لە چەنگی کێوە دەچین! [٢]

دەخاتە گەردەنی ئێمە میسالی دابەستوو
گوریسەکی بەڵەکی سوبح و شام و ناترسین [٣]

بە حوققەبازی و لەعبی زەمانە ناغەڵەتێین
ئەمێستە پێ‌دەکەنین و لە ئاخرا دەگرین [٤]

ئەمین مەبە لە سبەینێ ئەمەت بەسەر دێنێ
حوادیساتی زەمانە کە نایەتە تەخمین

وجوودی ئێمە کە ڕۆژی حەیاتی ئاوا بوو
یەقین بزانە کە شەولێگەڕاو و دەربەدەرین [٥]

---

١. [هەروەك چۆن لە پێشەکییەکەدا ئاماژەی پێ کرا حاجی ئەم پارچە شیعرەی بۆ لاواندنەوەی شاعیرێکی کوردی داناوە بە ناوی (کەیفی) کە هاوەڵی خۆی بووە لە شاری ئەستەنبۆڵ و لە وێدا فەوتی کردووە].

٢. بۆ کێشی شیعرەکە ئەبێ وردە وەستانێك لە سەر «ر»ی «شکارگاه» بکرێ. شکارگاه: بە مانای شوێن و جێگەی ڕاو دێ. [لە چەنگی کێوە دەچن: واتە: هیچ ڕێگەی دەربازبوونمان نییە].

٣. [دابەستوو: بەو گاجووتە ئەڵێن کە نیر و ئامووری لە مل دەکن و بۆ جووتکردن ئەیبەن]. سوبح و شام: سبەینێ و ئێوارە.

٤. حوققەبازی: وشەیەکی فارسییە بە مانای فێڵبازی یاخود فرۆفێڵ دێ.

٥. [شەولێگەڕاو: شەو لێ‌شێواو، شەو بە بەتاڵ بەسەربردن].

ئـەم ئـەرزە کـۆنـە هـەوارە، خـەلایقیش کـۆچـە
تەماعی سووری نەبێ کەس لە ژێری چادری شین[١]

دوو گەز زەمین و سێ گەز جاو و مستە خـۆڵێکـە
لیباسی پێخـەف و ڕایـەخ هـەتا دەگـاتە سـەرین[٢]

سـەبا مـوسەڵڵەمی ئـافاقە قـاسیدی غـورەبای
ئـەنیسی یـاری و هـەمڕازی عـاشیقی غـەمگین[٣]

سـبەینێ هـەستە، مـەوەستە خـەبەر بگـەینە وڵات
دیـارە چـەندە حـەزین و غـەریب و بـێ کـەیفین[٤]

کە چوویە سەرحەدی «بابان» و عێلەکەی «جافان»
بگـریێ هـەروەکـوو بـارانـی مـاهی فـەروەردین[٥]

لە قـــوڕ بـــنیشە بـــڵێ: قـــەوم و قـــیلە هـــاوارە!
ئەسیرە «کەیفی» لە ڕۆما لە حەبسی ژێری زەمین[٦]

---

١. [سوور: جەژن، ئاهەنگ و شادی]. تەماعی سووری: هیوای شـادی و خـۆشـی. چـادری شین: مەبەست لە ئاسمانی شینە.

٢. [جاو: خام، پارچەیەکی سپی کە بە زۆری بۆ کفن بەکـار ئـەهێنـرێت. ڕایـەخ: ئـەوەی بـۆ خستنە ژێر بشێ، ڕاخەر].

٣. [قاسید: نامەبەر. ئافاق، کۆی ئوفوق: ئاسۆ: سۆما. ئەنیس: هاودەم و هاوەڵ].

٤. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «خەبەر» وشەی «وەڵام» بەکار هاتووە. لە دەقی «ع.س»دا نیوە دێڕی یەکەم بـەمجۆرە نـووسراوە: «سـبەینێ مـەوێستە خـەبەر بگـەینە وڵات». [لە وشـەی «بێ کەیفین»دا تەورییە هەیە، هەم بێ کـەیف و شـادی دەگـەیەنێ و هـەم بـێ کـەیفین واتـە «کەیفی»ی شاعیرمان لەدەستداوە].

٥. فەروەردین: ناوی یەکەمین مانگی بەهاری ئێرانییە.

٦. [ڕۆم: ئەستەمبۆڵ. حەبسی ژێر زەمین: زیندانی ژێر زەوییە، واتە: مردووە و نێژراوە].

له کوردی بگره هەتا تورك و عـارەب و عـەجەمی
له ئاخ و داخی دەسووتێن و شین دەکەن دەگرین[١]

له «کوێرەدێ»یێ که «کەیفی»ی تیابێ فیردەوسه،
جەهەننەمه که نەما «کەیفی»، شاری قوستەنتین[٢]

حـەزین و دەرهـەمی ئـەم شـاره زۆری بـێگـانەن
له حەسرەتی عەجەبا! شارەزووری چەن دەگرین![٣]

گـەلێ هـەناسەی کـێشـا و چـاوی خـۆی گـێڕا
کەسی نەدی له عەشیرەت، له داخی چۆن نەمرین!

زوبـانی کـوردی و تـورکی و فـارسی و عـەرەبی
وەهای دەزانی وەکوو بـەیتی خـوسرەو و شـیرین

ئەمەش دەلیله له تـەئسیری مـەرسیەی کـه گـوتم:
چـوار زوبـانی تـێدایـه قـەسیدەیی ڕەنگـین

١. ئەم دێڕە شیعره له هیچ سەرچاوەیەکی چاپکراودا نییه، تەنیا له دەستنووسەکەی «م.ر.س» هاتووه ئێمەش وا بۆ یەکەمجار بڵاوی دەکەینەوە.
٢. [وەك چۆن له پێشەکیەکەیدا ئاماژەی پێکرا «کوێرەدێ» ئەو دێیەیه که زێدی کەیفی بووه که حاجی به شێوەی جوان ئاماژه بەو دێیه ئەکات].
٣. دەرهەم: شێواو پەشۆکاو. له دەقی «ع.م.ن»دا نووسراوە: «له حەسرەتی شارەزووری عەجەبا چۆن نەگرین».
[موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: له دەسنووسێکدا له جیاتی «شارەزووری» نووسراوە: «شەهرەزووری»، ئێستا لام وایه ئەبوو له کاتی بەراوردکردنی تێکستەکاندا «شەهرەزوور»م بنووسیایه، چونکه له شیعری کلاسیکی کوردییەوە نزیکتره له «شارەزووری». ـ هەنگاوێ تر: ١٤٠].

«دریــغ و حســرت ازان شــاهباز ســدره نشین
بــه دام مــرگ فــتاد و بــه خــاك گشت دفـین»[١]

«ز لوحـــهی خــط مــوزون و قــطعهی مــنظوم
خــجل شــد "ابــن هلال" و روان " ابــن متین"»[٢]

بە کێ بڵێم کە بە «کەیفی» بڵێ بەکەیف و سروور:
غـەمی نـەبێ لە فـەلەك عـاکـفانی چـللەگـوزین[٣]

«جُــنوبُهُم تَــتجافیٰ عَــنْ مَــضاجِعِهِمْ،
یَسْـــتغْفِرونَ لَكَ بِـــالغُدُوِّ حَـــتّیٰ حِــین»[٤]

«عَـــليَّ تَـــعْلُو بِأَعْـــلَی الْـــجَوْدِ عَـــبْرَتُنا
مَـــدی الزَّمـــانِ أنُـــوحُ نَـــیاحَ مُـــنتَدَبین»[٥]

---

١. [داخ و کەسەر بۆ ئەو شابازە کە ئەوەندە بەرزە، داری سیدرەی بەهەشت، جێی نیشتنەوەی بوو ئەو مەزنە کەوتە داوی مەرگ و لە دڵی خاکدا نێژرا].

٢. [لەبەر لاپەڕەی خەتی ڕێك‌وپێکی هەڵبەستی کێشەداری ئەو سەرشۆڕ بوو «ئیبنوو هیلال» و زوبانی بەربوو «ئیبنوو مەتین». لەوانەیە ئەم ئیبنوو مەتینە هەڵەی ڕوونووسکەر بێ و ئیبنوو یەمین دروست بێ، چونکە پاشتریش ناوی ئیبنویەمین دینێتەوە].

٣. [عاکفانی چللەگوزین: چلە کێش، ئەو پیاوچاکانە کە بە نییەتی عیبادەت چلە دەگرن و تا چل ڕۆژ لە مزگەوت یان چلەخانەدا بە ڕۆژدا ڕۆژوو دەگرن و بە شەویشدا عیبادەت دەکەن، یان مەبەست پەرییانی ئاسمانە].

٤. [ئەو چلەکێشانەی کە خەویان لە خۆیان حەرام کردووە و دوو پاڵوویان جێگە خەو بە خۆ ناگرن و خەریکی عیبادەتن و شەو تا بەیان داوای لێبوردن لە خوا بۆ تۆ دەکەن. ئەم بەیتە ئاماژەیە بە ئایەتی: ﴿تَتَجافیٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضاجِعِ یَدْعونَ رَبَّهُمْ خَوْفاً وَ طَمَعاً﴾ سەجدە: ١٦].

٥. [ئـەسرینی چـاوەکـانم بـە لێزمـە دەڕژێن بـەسەرمدا، ئـەمنیش شـین و ڕۆڕۆمـە وەکـوو شیوەنکەران]. ئەم دێڕە شیعرە عـەرەبییەی حـاجی لە هـیچ سـەرچـاوەیەکـی چـاپکراویـدا نەهاتووە، تەنها لە دەقی دەستنووسەکەی «م.ر.س»دا هاتووە، ئێمەش تۆمارمان کرد.

«اوگـــون کـــه اسب کـــلامی زمـــانه ایـلدی زیـن
کــــف کـــفایتی کـــیفیّه ویـــردیلر دزگـــین»[١]

«بـــوگیجه کـــیفی افـــندی گـــورندی رؤیـــادیه
جـــانده زمـــرهٔ غـلمان و حـوره اولدی یـقین»[٢]

«کســـــلدی مـــاتم نـظمنده زەهـــرەنك تـــاری
طـــاغلدی حســـرتی نـثرنده عـقدەی پـروین»[٣]

«کــــبیر در بـــــو مـــصیبت، عـــظیم واقـــعه در
«صـــغیر» یـــازینه تأریـــخی، خـامەی مشکـین»[٤]

لەیـــەك دوولاوە هـــەتیوی لە پـــاش بـەجێ مـاوە
یەکێکی بیکری مەعانی، دوانـــی تـیفلی حـەزین[٥]

---

١. [واتە: ئەو ڕۆژە کە زمان ئەسپی کەلامی زین کرد، کەفی (لەپی دەست) کیفایەتی جڵەوی دا بە دەست کەیفییەوە.]

٢. [ئەمشەو کەیفی گۆیا بە خەو دیتراوە، لە جیناندا زومرەی غیلمان و حۆرییان لێان یـەقین بوو.]

٣. [واتە: تاری زوهرە لە ماتەمی نەزمیدا، گرێی پـەروین لە حـەسرەتی نـەسریدا کـرایـەوە و هەڵوەشا]. ئەم سێ دێڕە شیعرە تورکییەی حاجی لە هیچ سەرچاوەیەکی چاپکراودا نەهاتووە تەنها لە دەستنووسەکەی «م.ر.س»دا نەبێ. ئێمەش خستمانە پاڵ ئەم لاواندنەوەیە.

٤. [واتە: گەورەیە ئەم موسیبەتە! واقیعەیەکی عـەزیمە! «صـغیر»ی بـنووسە تـەئریخەکـەی دیسان، خامەی موشکین!. مانای ئەم چوار بەیتە تورکییە موحەممەدی مەلاکەریم لە مامۆستا شوکر موستەفا ـکە لێزانی ئەم بوارەیە ـگێڕاوەتەوە. ـهەنگاوێ‌تر: ١٤١].
وشەی «صغیر» بە حیسابی «جومەل» دەکاتە ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی [م]کە ساڵی کۆچی دوایی «کەیفی»یە و بەرانبەر بە ساڵی ١٨٨٣ی زایینی دەوەستێ بەم لێکدانەوەی خوارەوەیە:
ص = ٩٠، غ = ١٠٠٠، ی = ١٠، ر = ٢٠٠، صغیر = ١٣٠٠ هـ.

٥. [بیکری مەعانی: مانای دەست نەخواردوو و کەس پێ‌نەزانیو. بیکر: کچی شوو نەکردوو. تیفل: مناڵی ورد].

ئـــەمن کـــە مـــامی ئـــەوانـــم دەیـاندەمە ئـودەبا،
کـــچانی زادەیـــی تـــەبعی لەتـیفی حـــەجلەنشین[١]

وەلێ کوڕانـــی ڕەزا نـــین بـــە خـــاکـــی ڕۆم و دەڵێن:
لە لای ویـــلایەتەوە چـــاوەنۆڕی مـــامی تـــرین[٢]

قـــەڵەم شکـــا و مـــورەککـــەب ڕژا و نـــامە نـــەما
لە داغی قـــافیە تـــا خـــۆی گـــەیاندە ئـــاه و ئـــەنین[٣]

ئەدیب و عاقڵی لەم بـــەحرە وەك "تـــڕی بـــن گـــۆم"
گەلێکی ون بووە «حاجی» وە چاکە لێی دەرچین[٤]

---

١. حەجلە: ژووری ڕازاوەی بووك و زاوایە، حەجلەنشین: ئەو بووکەی کە لە ژووری بووکێنی دانیشتبێ بەتایبەت لە یەکەم شەویدا.

٢. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «چاوەنۆڕی» وشەی «چاوەدێری» هاتووە.

٣. ئەم بەیتە لە یەکێ لە دەستنووسەکانی لای مندا هەبوو لەکاتی سەرپەرشتی کردنی چاپدا تۆمارم کرد «موحەممەدی مەلاکەریم».

٤. «تڕی بن گۆم» یا خود «وەك تڕی بن گۆم ڕۆیشت» ئیدیۆمێکی کوردییە بە مانای بە فیڕۆ و بە بێدەنگ ڕۆیشتنە. حاجی ئەمەی لەم شیعرەیدا بەکار هێناوە. «بنواڕە جەلال مەحموود، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەغدا ١٩٨٢، ل: ٤٧٥».

پیتی «و»

(١)

ئەگەر لێدانە مەقسوودت

ئـەگـەر لێدانـە مـەقسوودت بـفەرموو
وەگـەر قـەتڵە مـەرامت هـا! دەسـا زوو

لە ڕێی خوا مەیکە تـەحسیلداری ئـێمـە
ڕەقـیبی کـافر و بـێدیـن و بـەدخوو

شـەو و ڕۆژێ دەبـرژێم و دەقـرچێم
بە سووتن ئیکتیفا نـاکـەم وەکـوو مـوو[١]

گـەلاوێژە گـەلاوێژی دوو چـاوت
درەوشـاوە، سـەر و ڕیشم سپی بـوو

کە خۆیان خستە بەحری ئەشکی خوێنین
دڵ و جـان بـۆ تـەوافـی خـاڵی هـیندوو

بـە قـەولی تـاجری دەریـایی ئـەخبار
دڵی دێوانە تـێچـوو ڕۆحـی دەرچـوو[٢]

ئەگەر دیققەت بکـەن «حـاجی» دەزانـن
لەبەرچی شێخـەکـان وا بـوونە کـەندوو!

(٢)

ئومێدی وەسلی تۆم زانی

ئـومێدی وەسـلی تـۆم زانـی نـیشانەی بـێنـیشانی بـوو
ئەوەی ئێمـەی فـریب دا ئـیلتیفاتی سـەر زوبـانی بـوو[٣]

١. وشەی «سووتن» لە دەقی «گ.م»دا بەمجۆرە هاتووە: «بە سووتان».
٢. لە دقی «گ.م»دا لە جیاتی «تاجیری دەریایی»، «تاجیر و دەریایی» هاتووە.
٣. ئێمەی فریب دا: ئێمەی تەفرە دا.

لە سەر تووری ڕوخت مووسا کە فیرعەونی خەتی لادا
لە سیرڕی زاری تۆی پرسی جەوابی «لَنْ تَرانی» بوو[١]

ئەگەر "مووسا" و "دارا" بی لە دنیا بەهرەوەر نابی
دەزانی مەنسەبی هەردوو شوانی و ئاشەوانی بوو

لە سایەی لێو و دندانی لە بەرچاوم نەما شانی
ئەگەر لەعلی یەمانی بوو وەگەر ئەڵماسی کانی بوو

مەگەر بیستوویەتی خەتتت لە نێو چاهی زەنەخدانت
ئەسیری یووسفە بۆیە نزوولی کاروانی بوو[٢]

ئەوی تۆ هەتبوو و من نەمبوو: قەرار و سەبر و عیززەت بوو
ئەوی من هەمبوو و تۆ نەتبوو: وەفا و میهرەبانی بوو

زەمانی حاڵ و سەرمایەی بەد و نیکت نەبوو کەڵکی
لە موستەقبەل بڵێ: «حاجی» لە مازیدا زەمانی بوو[٣]

١. [توور: ئەو کێوەیە کە حەزرەتی مووسا لە سەریدا لەگەڵ خوادا وتووێژی دەکرد. «لَنْ ترانی»: واتە: قەت نامبینی، ئەمە وەڵامی خودای مەزن بوو بۆ ئەو داواکاریەی کە مووسا لە خوای کرد کە خۆی پێ پیشان بدا].

٢. [زەنەخدان: چەناکە]. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «نزوولی کاروانی بوو»، «نزوولی کاردانی بوو» هاتووە.

٣. بەد و نیکت: خراپ و چاکت. [حاڵ: ئێستە. مازی: ڕابردوو. موستەقبەل: داهاتوو. موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: لەبیرمان چووە وشەی «کەڵکی» بگۆڕین بە «سوودی». وشەی سوودی نزیکترە بە شیعری کلاسیکی کوردیەوە. ـهەنگاوێ‌تر: ١٤٣].

(٣)

بووکی دنیا

بووکی دنـیا ـ وەك دەڵێن ـ وا بێ حـەیا و بێ فـەڕ نـەبوو
هـێنـدە دامـەن هـەڵکـراو و حـیز و مـاڵانگـەڕ نـەبوو[١]

رێی نـــیشانی ئـــێمـــە دا ئـــەو رۆژە ئـــادەم دەرکـــرا
بـــۆیـــەکـی ئـەم عـالەمە بێ شـۆڕش و بێ شـەڕ نـەبوو

سـۆفـی بـەم ڕەنگـەکـە واگـۆشـتی بـراکـانی دەخـوا
حـــیکمەتە ڕیشـــی وەکـــوو جـاران درێژ و پـڕ نـەبوو[٢]

نـــیسبەتی ئـــێمـــە و ئـــورووپا قـــەترەیی دەریـــا نـــییە
بۆچ ئولولعەزمێك بە عەزمی بەعسەتی پێی تەڕ نـەبوو؟![٣]

کێ گەڕی پێ کـردبووی تـووشی بـەڵای خـۆتـم بکـەی
ئــەو دەمـە بـاسی عـەزاب و دۆزەخ و کـەوسەر نـەبوو[٤]

ئەی مەهی دوو هەفتە! تا شەمس و قـەمەر تـۆیـان نـەدی
دانـــەگـیرسان ئـەو مـیسالی ئـاگـر، ئـەمیان گـڕ نـەبوو[٥]

---

١. هەر چەندە نیوە دێڕی یەکەم لە دەقی «گ.م»دا بەمجۆرە هاتووە: «دونیا هەروەك دەڵێن وا بێ حەیا و بێ فەڕ نەبوو!»، بەڵام کە سەرنجمان دا دەقی «م.ر.س» بینیمان بە ناونیشانەی «بووکی دنیا» نووسراوە و ئەم سەرەتایە باشتر لەگەڵ ناوەرۆکی هەڵبەستەکە ڕێك دەکەوێ. لە دەستنووسێکی لای ڕۆستەم حەوێزیدا «دایکی دونیا» نووسراوە.

٢. ئەم نیوە دێڕەمان لە سەر دەقی «ر.کوردستان» نووسی چونکە سەرواکەی ڕاستە.

٣. لە هەندێ دەقدا لە جیاتی «پێی تەڕ نەبوو»، «تێپەڕ نەبوو» هاتووە.
[ئولولعەزم: ئەو پێغەمبەرانەن کە خوا ئەرکی گەورەی خۆی وە ئەستۆیان خستووە کە بریتین لە: نووح، ئیبراهیم، مووسا، عیسا و موحەممەد ـ درووودی خوایان لەسەر بێ ـ].

٤. گەڕی پێ کردبووی: گێچەڵی پێ کردبووی.

٥. [مەهی دوو هەفتە: مانگی چواردە]. لە دەقی «گ.م» و «م.ر.س»دا لە جیاتی «گڕ نـەبوو»، «گەش نەبوو» نووسراوە.

بەم هەموو تەجریدە وا «حاجی» دڵی خۆشی نەدی
تا لە ئەتوار و قسەی ئەم دەورە کوێر و کەڕ نەبوو[١]

١. [تەجرید: قسەی بێ کوێکڵ، واتە: ڕپ و ڕاست و بێ ڕوودەرباسی قسەکردن، هەروەها زاراوەییێکە لە زانستی بەیاندا. ئەتوار: کۆی تەور = «طور» شێواز و جۆری قسەکردن].

پیتی «ه»

(ا)

زەمانە[١]

زەمـــانە ڕەســـمی جـــارانـــی نــەماوە
چـــراغـــی نـــازم و مـــونشی کـــوژاوە[٢]

لە دەوری ئـــێمـــە ڕۆمـــان و جـــەریدە
ئــەگــەرچـــی مـــەقسەدە، زانـــینی بـاوە[٣]

ئـــەمان قـــەدری بـــزانـــن ئـــەم کـــتێبـــە
لە دنـــیا ئـــێســـتەکـــی هـــەمتای نـــەماوە

لە ئـــەییامی حـــەیاتی شـــێخـــی خـــانی،
لە ســـەر نـوسخەی خـــەتی ئـەو نـووسراوە

لە لای ئـەربابی خـۆی بـۆ قـەدر و قـیمەت
خـــــەزینەی گـــەوهەرە و کـــیسەی دراوە

لە مەجمووعی دووەل: "سۆران" و "بۆتـان"
لە ســـــایەی ئـــــەم کـــــتێبـــە نـــاسراوە

لەکوردان غەیری «حاجی» و «شێخی خانی»
ئـــــەساسی نـــەزمی کـــوردیی دانـــەناوە

---

١. ئەم هەڵبەستەی حاجی یەکەمجار لە «ڕۆژنامەی کوردستان»ی ژمارە ٣ی ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە دوکتۆر کەمال فوئاد، کوردستان، یەکەمین ڕۆژنـامەی کـوردی (١٨٩٨ ـ ١٩٠٢) کۆکردنەوە و پێشەکی و لەسەر نووسین. بەغدا ١٩٧٢.

٢. [نازم = ناظم: هۆنەر. مونشی: نووسەر، یان ئەوەی لە ناخی خۆیەوە شیعر دێنێتـە دی و ئینشا دەکا].

٣. [جەریدە: ڕۆژنامە].

(٢)

ئەم خەیمە کە شەمسییەیی[1]

ئـەم خـەیمە کـە شـەمسییەیی شـاهەنشەهی ئـەرزە
تـا چـادری نـیلووفەری سـەر تـەپڵەکـی بـەرزە[2]

ئـــەتنابی وەکـــوو تـــوولی ئـــەمەل لامـــوتەناهی
ئەوتادی وەکـوو کـێوی ئـوحود مـەرکەزی فـەیزە[3]

سەقفی وەکوو گەردوونە، شکـافی وەکـوو ئـەنجوم
پەردەی وەکوو ئەدواری سەما ئـەتڵەسـی سـەوزە[4]

هــەروەك ئــەلیفی "جــانە" ســتوونی لە سکــووندا
نەك تابیعی غـەیرە مـوتەحەڕڕیك وەکـوو هـەمزە[5]

١. ئەم قەسیدەیەمان لە دەقی «م.م»دا وەرگرتووە کە لە بەشی دووەمی کـتێبـەکـەی «حـاجی قادری کۆیی»دا لە لاپەڕەکانی ٢٤٦ و ٢٤٧ بڵاوکردۆتەوە.

٢. [نیلووفەر: گوڵی لاولاو نیلووفەری: ڕەنگـی شـین وەك گـوڵی لاولاو مـەبەست ئـاسمانە. تەپڵەك: بەرزترین خاڵی هەرشتێ، تەختەیەکە لەنێوان کۆڵەکە و مـیچدا]. شـەمسییە: چـەتر، سەیوان. لە دەقی «م.ر.س»دا نووسراوە: «تا چادری نیلی سەری».

٣. ئەتناب: «أطناب» کۆکراوەی «طُنُب»ە، بـە مـانای گـوریس، پـەتی درێژ. [تـوولی ئـەمەل: درێژی هیوا و ئاوات. لاموتەناهی: بێبڕانەوە]. ئەوتاد: «أوتاد»، کۆکراوەی «وَتد»ە، واتا [مێخ و] سنگی ڕەشماڵە کە. [ئەوتاد: لە زاراوەی زانستی ئەستێرەنـاسیدا بـریتییە لە چـوار مـزڵگـە لە دوازدە مزڵگەی «منطقة البروج» کە بریتین لە «الوتد الطالع» و «الوتد الغائب» و «وتدالسماء» و «وتد الأرض». ـ المنجد:٢١٣٨.].

٤. شکـاف: وشەیەکی فارسییە بە مانای درز دێ.

٥. [واتە: هەروەکوو چۆن پیتی ئەلف لە وشەی «جان»دا ساکن و نەجمە، کۆڵەکـانی ئـەم ڕەشماڵەش وایە، نەك وەکوو پیتی هەمزە (کە هەر ئەو ئـەلفەیە) بـزێو بـێت شـوێنـی غـەیر بکەوێت، چونکە هەمزە بریتییە لە ئەلفی بزوێندار].

ئەوسافی وەکوو خەتتی دوو زوڵفە بە چەپ و ڕاست
وەك ماری موتەلسەم کە تەلیسمی سەری کەنزە[١]

وەسفی چ بکەم؟ نێوەنی گوڵ، دامەنی سونبوڵ
شایستە سەناخوانی بکەم هەر وەکوو فەرزە

لای ژووری سەمەن نێوەنی گوڵ دامەنی سونبوڵ
لەو سوورەت و مەعنایە کە سەد جەننەتی لەغزە[٢]

فیلجوملە وەکوو خاڵی ڕوخی دولبەری «حاجی»
دڵ پەستە، دەسا بادی سەبا هەستە مەلەرزە[٣]

هەر لێرە هەتا دەشتی بەهەشت ئایینی "لاجان"
ئاهێستە بڕۆ نەك وەکوو دێوانەیی هەرزە[٤]

تا داخیلی خەڵوەت دەبی ئەمجا بە وەکالەت
خاکی قەدەمی ماچ بکە بەم تەرزە کە تەرزە[٥]

مەئزوونی ئەوەندە وەکوو ئاهم بە نەزاکەت
لادەی سەری زوڵفی نەوەکوو بیخەیە لەرزە

ئەم نەوعە گوڵە هەڵدەکەوێ ساڵێ لە قەرنێ
نەك وەك گوڵی بازاڕییە هەر ساڵە کە سەوزە[٦]

---

١. لە دەقی «م.ر.س»دا نووسراوە: «ئەوسافی وەکوو خەتتی جەداویل بە چەپ و ڕاست».
٢. [سەمەن: گوڵی یاسەمەن. نێوەن: نێوەند و ناوەڕاست. جەنەتی لەغز: دەشت و باخی مەتەڵ، واتە: ڕەمز و ڕازی زۆری تێدایە] لە دەقی «م.ر.س»دا لە جیاتی «جەننەتی لەغزە»، «جەننەتی لەفزە» هاتووە.
٣. [فیلجوملە، «فی الجملە»: بەکورتی.]
٤. بەهەشت ئایین: ئەوەی لە شێوەی بەهەشت دایە، لاجان: دەشتێکە کەوتووەتە دیوی کوردستانی ئێران. ئاهێستە بڕۆ: لەسەرخۆ بڕۆ. دێوانە: شێت. هەرزە: زۆر بڵێ.
٥. [تەرزی یەکەم: شێوە، جۆر. تەرزی دووەم: جوان و لەبار].
٦. لە دەقی «م.ر.س»دا نووسراوە: «نەك وەك گوڵی بازاڕییە مەوجوود هەموو لەحزە».

(٣)

دالی قەدم[١]

دالی "قەدم" کە ئەلفی عەسای گرت بە دەستەوە
تیروکەمانە، سەیدی جەوانیم نەبەستەوە![٢]

ئەی پەیکی نالە بێنی سەری زوڵفی بێنە چنگ
گەر خاکی پێی دەڵێی، هەموو دەم وا بە دەستەوە[٣]

گاوی فەلەك بە باری غەمی زگ دەهێنتە ئەرز
من چوومە ژێری بێ‌گلە بەم جیسمی خەستەوە[٤]

---

١. ئەم غەزەلەی حاجیمان لە بڵاوکراوەی «ڕۆشنبیری نوێ»ی ژمارە ١٢ی ڕێکەوتی ١٩٧٤/٣/١١ وەرگرت کە بۆ یەکەمجار لەلایەن کاك کەمال مستەفا مەعرووفەوە بڵاوکراوەتەوە و ئەویش لە مامۆستا ڕۆستەم حەویزی وەرگرتبوو پاشان لەسەر دەستنووسێکی لای کاك عبدالرزاق بیمار کە کاك «موحەممەدی مەلاکەریم» لە ڕووی نووسیبووەوە و ساغی کردبووەوە، ڕاستمان کردەوە. لە دیوانە دەستنووسەکەی «م.ر.س»یشدا لە لاپەڕە ٩٩دا هاتووە، ئێمەش وا بۆ یەکەمجار دەیخەینە پاڵ دیوانەکەی.

٢. [موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: ئەشگونجێ «تیروکەمانی» بێ و مەعنای بەیتەکە وای لێ بێتەوە: هێشتا تیروکەوانی ڕاوی سەردەمی جوانی و لەزەت لێ‌وەرگرتنیم ئامادە نەکردبوو، پیر بووم و باڵای وەك تیپی « د » چەماوەم داری عاسای وەك تیپی « ا » ڕاستی بە دەستەوە گرت. ـهەنگاوێ‌تر: ١٤٩].

٣. [موحەممەدی مەلاکەریم ئەم بەیتەی بەم شێوەیە مانا لێداوەتەوە: ئەی فرستادەی من بۆلای یار کە هاوار و ناڵەمە لە جەور و ستەمی، برۆ بە ڕوویا هاوار بکە و بکڕووزێرەوە، بەڵکوو بۆنی عەتری سەری زولفت چنگ کەوێ، خۆ ئەگەر باسی دەسخستنی خاکی بەری پێی ئەکەی، ئەوە زەحمەت نییە دەسی‌خەی؛ چونکە خۆم هەمیشە لە ژێر پێیدا کەوتووم و خاکی بەری پێی بە دەس ئەماشمەوە و ئەیکەم بەسەرما. ـهەنگاوێ‌تر: ١٥٠].

٤. دەقی نیوە دێڕی یەکەمان لە سەر دەستنووسەکەی «م.ر.س» ڕاست کردەوە.
[موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: لام وایە «دەنێتە» هەم لە «دێنە» و هەم لە «دەهێنتە» ڕاسترە و لەسەر زمان سووکترە و پڕ مەعناترە. ـهەنگاوێ‌تر: ١٥١].

بۆ قەسری وەسفی ئەو مەهە میعماری فیکرەتم
وەستاوە کوللی لەحزە بە خۆی و کەرەستەوە

قوربان! ڕەقیبی سەگ سەروچاوی شکاندووم
چۆن بتگەمێ بە پێی شەل و دەستی شکەستەوە؟![1]

ئەو نەورەسەی ئیجارەیی مسکێنەکان دەکا
حەججاجە گەرچی سەییدە بەم خورج و هەستەوە[2]

تا سوبحی گەردەنی لە شەوی زولفی هەڵ نەیێ
«حاجی» مەڵێ بە تالیعی نوستوو: هەڵستەوە[3]

---

١. لە هەندێ دەقدا لە جیاتی «قوربان»، «دەستی» و لە جیاتی «بتگەمێ»، «پێتبگەم» هاتووە.
[موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: لە کاتی بەراوردکردنی دیوانەکەدا لە دەستنووسی مەلا ڕەئووفدا دیبووم کە لە باتی «سەروچاوی»، «دەس و پێی» هاتبوو، بەڵام پشتگوێم خست، بەڵام ئێستا «دەس و پێی»م لا ڕاسترە، چونکە شکاندن، زیاتر، بۆ دەست و پێیە نەك بۆ سەر و چاو. ـهەنگاوێتر: ١٥٢].
٢. لە دەقی «ع.م.ق»دا لە جیاتی «بەم خورجی هەستەوە» نووسراوە: «بەم خەرج و هەستەوە». بنوارە: «نووسەری کورد»ی ژمارە ٦ساڵی ١٩٨١ خولی دووەم، ل: ٩٥. هەروا لە دەستنووسەکەی لای بیماریش «بەم خەرج و هەستەوە»یە. هەستە: هەستە و پیتاك.
[وەکوو موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: وشەی «هەستە» لە هیچ فەرهەنگێکی کوردیدا بە مای پیتاك نەهاتووە. کەوابوو لەوانەیە لە سەرەتادا وشەکە «دەستەوە» بێ، جا لەبەر شێوە نووسینی کۆنی کوردی گۆڕابێ، ئیتر تێکستی «بەم خورجی» ڕاستە و ئاوەهای لێ دێ: «بەم خورجی دەستەوە» کە مەبەست لە خورج، خورجی سواڵکەرە. ـهەنگاوێتر: ١٥٥].
٣. نیوە دێڕی یەکەممان لە سەر دەقەکانی «م.ر.س» و «م.م» ڕاست کردەوە، چونکە لە «ڕۆشنبیری نوێ»دا بەمجۆرە نووسراوە: «تا سوبحی گەردەن لە شەوی سوبحی هەڵنەیێ» سوبحی یەکەم ڕاستە چونکە بۆ گەردەنە، بەڵام سوبحی دووەم هەڵەیە چونکە نووسراوە: «لە شەوی سوبحی هەڵنەیێ»و ڕاستەکەی «لە شەوی زولفی هەڵنەیێ»یە.

(٤)

ئەگەر جورعەی ڕەقیبت[١]

ئـەگـەر جـورعەی ڕەقـیبت لا گـوڵاوە
نــەکــەی بــیخۆیـەوە پـیس و گـڵاوە

لە نەغمەی موترب و مەی دانی ساقی
بــرینم کــەوتە ســۆ، داغــم کـولاوە[٢]

لە ڕێگەی تۆ ئـەوی بـێ پـا و سـەر بـێ
پــلۆقـەی کـەوشە، فـەرقی بـێ کـڵاوە[٣]

مــەلێ نــایخوێنــتەوە نـامەی فـلانــی
لە بــــرژان و لە ســــووتانا کـــوڵاوە

بە یادی کونجی تۆ «حاجی» وەکوو بووم
لە مــەعمووره دەچــێتــە نـاو کـەلاوە

---

١. ئەم غەزەلەش لە هەمان بڵاوکراوەی «ڕۆشنبیری نوێ»دا لە لایەن کـاك کـەمال مستەفاوە بڵاو کراوەتەوە کە ئەویش لە مـامۆسـتا ڕۆسـتەم حـوێزی چـنگ کـەوتووە و لە ژمـارە ١٣ی ڕێکەوتی ١٩٧٤/٣/٢١دا چاپ کراوە و لە لاپەڕە ٨٩ دەقی دەستنووسی «م.ر.س»یشدا هەیە. گەلێ شوێنی ئەم غەزەلەشمان لە ڕووی دەستنووسە ناوبراوەکەی کاك «عبدالرزاق بیمار» و بە گوێرەی بۆچوونی مامۆستا مەسعوود موحەممەد ڕاست کردەوە.

٢. لە دەقی «ڕۆشنبیری نوێ» و «م.ع.ق» و «عبدالرزاق بیمار»دا نووسراوە: «مەیدانی ساقی». ئێمە بە ڕای مامۆستا «م.م» ڕاستمان کـردەوە و کـردمان بـە «مـەی دانـی سـاقی»، بـەڵام بـە «مەیدانی ساقی»یش دێ.

٣. [پلۆقە: بلۆق، پۆڕگ، تلۆق. موحەممەدی مەلاکەریم ئـەم بـەیتەی ئـاوا مـانا لێداوەتـەوە: ئەوی لە ڕێی خۆشەویستی تۆدا هەموو شتێکی دانابێ و خاوەنی پێ و سەری خۆی نـەبێ، هەمیشە وێڵ و شێت و عەوداڵ ئەبێ و تلۆقی پێی بە هۆی گەڕانی زۆرەوە بۆی ئەبێ بە پێڵاو و کڵاویشی بەسەرەوە نابێ. ـهەنگاوێ‌تر: ١٥٦].

(٥)

باسی باوکی مەکە

بــاسی بــاوکی مـەکـە ئـارامـی نـییە ئـەو تـەرەسە
ڕۆژێ جاسووسە، بە شەو تا بە سـبەینێ عـەسەسە![1]

ناکـرێ مـەدح و سـەنای تـۆ بـە زوبـان و بـە قـەڵەم
حــەقە مــەدحت نــەکـەم و قـافیەزانـیم عـەبەسە[2]

شێر، وەکوو مووره لە لای زوڵفـی کـەمەند ئـەندازی
فیلە مێشـووله یـە، لێی لابـدە، عـەنقاش مـەگـەسە[3]

عــادەتی گــرتووە عــوششاقی نــەبێ هــەڵنـاکـا
وەرنــە بــۆ کــوشتنیان نــیمە نــیگاهێکـی بـەسە[4]

لێوی وەك قــەندە مــوکەڕڕەر لە دەمـا شـیرینە
بـۆیــە تــەکـرارە وەکــوو نـاڵە ئـەنیسی نـەفەسە

چــوونە ژێر بــاری ڕیـاسەت کـەری و ئـەحمەقییە
لە قـەتاریش ئـەوی پـێشـەنگە عـەلاوەی جـەرەسە[5]

بوومی وێرانە بە ڕۆژ و سەگـی ئـەو کـۆیـە بـە شـەو
هەردووکی خزمی یەکن «حاجی» بە بێ خزم و کەسە[6]

---

١. عەسەس: پاسەوانی شەو. ٢. عەبەس: «عبث»: بێهوودە، بێسوود.

٣. موور وشەیەکی فارسییە بە مانای مێروولە دێ. [عەنقا: باڵندەیەکی خەیاڵییە، سیمورغ].

٤. نیوە دێڕی یەکەمی ئەم شیعرە لە دەقـی «ر. کـوردستان»دا بـەمجۆرە هـاتووە: «عـادەتی گرتووە عوششاقی نەبێ ناژی ئەبەد». بەڵام ئێمە بۆ ڕاستکردنەوەی پشتمان بە دەقـەکـەی «م.ر.س» بەست و وەکوو ناو پارچە غەزەلەکەمان نووسی.

٥. عەلاوە: «العلاوة»: سەربار.

٦. [کۆ: کووی، کە لە فارسیدا مەبەست کۆڵان و بەردەرگایە. موحەممەدی مەلا کەریم وەها

(٦)

ئەگەر خاڵت بڵێم

ئـەگـەر خـاڵـت بـڵێم مـیشکی خـەتایە
عـەزیزی مـن ئـەمەم عـەینی خـەتایە[١]

لە بەر نەوخێزی سەبزەی دەوری لێوت
تــەنم کــاهیدە مـیسلی بـەرگی کـایە[٢]

دەڵێن عەنناب و شەککەر چاکە بۆ دەرد
گــوڵاوی لێوی تــۆ بــۆ مـن شـیفایە[٣]

تــەبیبم هــاتە بــالینم وەهــای گـوت:
درێغــا! دەردی عــیشقە، بــێ‌دەوایـە[٤]

ئــەگــەر کــوفرە بـڵێم مـن مـوبتەلاتم
وەرە ســا بــمکوژە، بــیللا غــەزایــە

ئەوە خاڵە لە سـەر گـۆنـای شـەریفت؟
وە یــاخود دانــەیی داوی بــەڵایــە؟

☞

ئەم بەیتەی لێك داوەتەوە: تەنانەت ئەو بایەقوشەش کە بە ڕۆژ بەسەر کەلاوەوە ئەنیشێتەوە و ئەو سەگەی بە شەو پاسی ماڵ ئەکا، هیچ نەبێ لەبەر ئەوە کە تەنیان، بوون بە خزمی یەك، هەر «حاجی»یە کەسی نییە و بێ‌کەس و دەردە. ـهەنگاوێ‌تر: ١٥٨].

١. خەتا: ناوچەیەکە لە وڵاتی چین بە جۆرە مامزێك ناودارە کە بۆنی میشکیان لە ناوك دەردەهێنن، هەروەك لەمەوبەریش لە پەراوێزی قەسیدەکەی «گوتم بە بەختی خەواڵوو»دا باسمان کرد. خەتا[ی دووەم]: لێرەدا بە مانای هەڵە و خەتاکردن دێ.

٢. کاهیدە: لاواز، بێ‌هێز، لەڕ.

٣. عەنناب: بەری جۆرە درەختێکە، دەنکی بەقەدر دانەی زەیتوون دەبێ و ڕەنگێکی سووری نایابی هەیە.

٤. [بالین: سەرین، سەردان لە نەخۆش].

خــەمیدە قــامەتی داوی خــەمی تــۆم
ئەمەندەی ڕاسـتە «حـاجی» بـێ ڕیـایە[1]

(٧)

ئەی موحەممەد[2]

ئەی موحەممەد! وەی ئەمینوددەولە! ئیمڕۆ کۆیی تۆ
جەننەتێکە کەوتە دۆزەخ هەرچی لێی دوورکەوتەوە

مـوددەتێکـە دەربـەدەر گـەردی دیـاری غـوربەتم
بەندە یادی ئـاستانبۆسـیی ئـەتۆی کـرد هـاتەوە[3]

چونکە توحفە لازمە هەر کەس لە غوربەت بێتـەوە
بەم دوو فەردە من قەزای سەد گۆنە توحفەم کردەوە[4]

قــاوەچی بــەزمی ئـەتۆ دنـیایە، سـینی ئـاسمان
ئــافتابی زەرفــە، فــنجانی مـەهە، قـاوەی شـەوە

ئەو شەوە بۆ هەر کەسێ دونـیا بکـاتە ڕۆژی ڕوون
شەو لە خیتتەی عومری ئەو عەنقایە دەربانی خەوە[5]

---

١. خەمیدە: چەماوە، خوار.
٢. [سەرەتای ئەم غەزەلە وا پیشانئەداکە شیعرێك یا چەند شیعرێکی لە ئەوەڵەوە فەوتابێ].
٣. ئاستان بۆسی: دەرگەی دەرباری پاشا ماچکردن.
٤. توحفە: دیاریی نایاب.
٥. [خیتتە: مەڵبەند، هەرێم]. دەربان: دەرگەوان.

(٨)

ئەو فەلەك ڕیفعەتە

ئەو فەلەك ڕیفعەتە هەر لەحزە نیقابێكی هەیە
كێ دەزانێ وەكوو من خانەخەرابێكی هەیە

ڕاستە دڵ خەستە و بێچارە وەكوو نەرگسی تۆ
نەرگسی مەستی ئەتۆ بەس نییە خوابێكی هەیە[١]

شەمعی من سەرزەنشی قەت مەكە پەروانە ئەگەر
ئێستە خامۆشە، شەو ئەڵبەتتە جەوابێكی هەیە

شیعرەكانم كە غەریبی وەتەن و نەو سەفەرن،
وەرە بیخوونەوە ئەم نوقتە سەوابێكی هەیە[٢]

قەدری «حاجی» بگرن، مەقسەدی هەر دیدەنییە
وەرنە هەرچی بگری نانەك و ئابێكی هەیە!

---

١. خواب، خوابێكی: خەوێكی [خواب، وشەیەكی فارسییە] لە كاتی خوێندەوەدا بە «خابێكی» دەردەبڕێ.

٢. مەبەست لەم نوقتەیە ئەوەیە،گەر لە وشەی «سەفەر» نوقتەیەك زیاد بكەین دەبێتە «سەقەر» واتا: جەهەننەم. ئەوەش بۆیە بە «ثواب» دادەنرێ، چونكە ئیسپاتی خۆشەویستی وەتەن دەكات، چونكە «حبّ الوطنِ منَ الإیمان».

[موحەممەدی مەلا كەریم ئەڵێ: مانای ئەم شیعرە بەم شێوەیە: خوێندنەوەی شیعرەكانم لە حوكمی دڵدانەوەدایە بۆیان، كە لە نیشتمان دووركەوتوونەتەوە و تازەیش لێی دووركەوتوونەتەوە و هێشتا ئولفەتیان بە غەریبییەوە نەگرتووە و لەبەر ئەوە دڵدانەوەیان، لە دڵدانەوانەی شیعری كەسێكی تر خێرترە كە دەمێك كەوتبێتە غەریبی و ئولفەتی بە نامۆییەوە گرتبێ. ـهەنگاوێ‌تر: ١٦٣].

(٩)

بای وەعدە

بای وەعدە بەفری بردەوە، یەخبەندی کردەوە
گوڵ شەمعی پێ‌کرا، شەرەری جەمرە مردەوە[١]

ئەسپی ڕەش و سپی بە گرەو غاردەدەن بە تاو
وەك ڕۆژ و شەو دیارە لە شەو ڕۆژ دەباتەوە[٢]

بولبول دەخوێنێ، با لە دەفی بەرگی گوڵ دەدا
غونچە لە باتی گوێ بگرێ، دەم دەکاتەوە[٣]

نەرگس لە مێرغوزار دەزانی بەچی دەچێ؟
بنوارە ئاسمان لە شەوا عەینهی ئەوە[٤]

تامی نەماوە قیسسە و فورسەت غەنیمەتە،
مەعلوومی خاس و عامە هەچی چوو نەهاتەوە[٥]

---

١. یەخبەند: سەهۆڵ، شەختە. [شەرەر: پزووسکە، ئاورینگ. جەمرە: سکڵ، ژیلەمۆ]. نیوە دێڕی دووەمان لە دەقی «م.رس»وە وەرگرت.

٢. ئەم نیوە دێڕەمان لە سەر دەقی «ر.کوردستان» تۆمار کرد.

٣. [موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: شاعیر ویستوویەتی حەڵقەیێکی تەواو زیکر یا کۆڕێکی گەرمی بەزم و سەما پێکەوە بنێ، لەلایەکەوە بولبول بخوێنێ و لەلایەکی تریشەوە "با" لە دەفی گەڵای گوڵان لێبدا و غونچەی ملکەچیش لەباتی ئەوەی گوێ بۆ ئەم گۆرانی و بەزمە شل بکا، دەمی هاوار دەکاتەوە و دەپشکوێ. پاش ئەم لێکدانەوەیە، ئەڵێ: ئەی هەزار ئافەرین حاجی قادری هونەرمەند! لە کوێن ئەو بێ‌ئاگایانەی کە هەر بە شاعیری سیاسەت و کۆمەڵایەتیت لە قەڵەم دەدەن و دان بە هونەری شیعرتا نانێن؟. ـ هەنگاوێ‌تر: ١٦٥].

٤. ئەم دێڕەمان لە سەر دەقی «م.م» ڕاست کردەوە.

٥. ئەم نیوە دێڕەشمان هەر لە سەر دەقی «م.م» ڕاست کردەوە.

میسلی شەراری کاغەزە سووتاوە عومرمان
ڕۆمی کە دەفع بوو گریی دڵ دەفع دەبێتەوە[١]

لەم وەقتە هەرکەسێ وەکوو «حاجی» لەگوڵشەنا
دەستە گوڵی بە دەستەوەیە دەستی بردەوە[٢]

(١٠)

تا گوڵی ڕوخساری تۆ

تا گوڵی ڕوخساری تۆ وەك من هەزاری عاشیقە
ڕاستی قەددت لەسەر سەرو و سنەوبەر فائیقە[٣]

با لە هەردوولا بە زوڵفت باوەشێنی لێ نەکا
مێشی خاڵت نافڕێ پابەندی شەهدی ڕائیقە[٤]

بۆچی گوڵ پێ نەکەنێ ئاهم سەحابی باغیە
گریە بارانی بەهارە، ناڵە ڕەعدی باریقە[٥]

---

١. [موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: نیوەی دووەمی ئەم بەیتە هەرچی لێ بکەی هەر لەنگە، لە ئەو سێ نوسخەکەی تریش‌دا کە بەم شێوەیە: «هەروا یەکێکی درەوشاوە مردووە» هەر لەنگە. ـهەنگاوێ‌تر: ١٦٧.].

٢. ئەم دوو دێڕەی شەشەم و حەوتەمە تەنیا لە دەقی «ع.س»دا هاتووە. (نیوەی دێڕی یەکەمی بەیتی حەوتەم بە گوێرەی دەستنووسێکی لای منە. لە تێکستی ئەسڵیدا بەمجۆرە بوو: «هەرکەس لە وەختی گوڵشەنا هەروەکوو حاجییە». «موحەممەدی مەلاکەریم»).

٣. هەزار: بەمانای هەزار کەس و بە مانای بولبول دێ هەروەك لەمەوبەریش گوتراوە.

٤. شەهدی ڕائیقە: هەنگوێنی ساف.

٥. [سەحابی باغیە: هەوری ڕەش و بە بارانی توند، یان هەوری باغی ئەوە. ڕەعدی باریقە: چەخماخەی برووسکەهاویژ و بەتیشك].

شەو لە داغی عاریزت ڕیشی سپی بوو ئاسمان
گەر دەڵێی کەززابە ها بورهانی سوبحی سادیقە[1]

سونبولی زوڵفت پەرێشانە، قەدی سەروت بڵند
دڵ پەرێشانی پەسەندە ناڵەباری لائیقە

حاسڵی وەسفی گوڵم نایێتە سەر حەدد و بەیان
شیرنی فەرهادە، لەیلای قەیسە، عەزرای وامیقە[2]

من ئەبێ بمرم ئەگەر مەنعم نەکا «حاجی» لە خۆی
با جەوابی «لنْ تراني»، «خرَّ موسىٰ» ساعیقە[3]

١. [کەززاب: درۆزن، مەبەست کازێوەیە کە بن ئاسمان ڕووناك دەبێتەوە و پاشان زووش تاریک ئەبێتەوە. سوبحی سادق: جاری دووهەم کە قەراخی ئاسمان ڕووناك دەبێتەوە و ئیدی تاریك نابێ. بورهان: بەڵگە]. عاریز: ڕوومەت، ڕوخسار.
٢. [حەدد: پێناسە. لەیلای قەیس: لەیلای دڵداری قەیسی عامیری مەشهوور بە مەجنوون. عەزرای وامیق: عەزرا دڵداری وامیقە، چیرۆکی ئەو دوو دڵدارە دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی ئەسکەندری مەگدوونی (ڕۆمی) پێش لە ئیسلام].
٣. [ئەم بەیتە ئاماژەیە بە ئایەتی: ﴿وَ لَمَّا جَاءَ مُوسٰى لِمِيقاتِنَا وَ كَلَّمَهُ رَبُّهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنْظُرْ إِلَيْكَ قَالَ: لَنْ تَرَانِي وَ لٰكِنِ انْظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي، فَلَمَّا تَجَلّٰى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكّاً وَ خَرَّ مُوسٰى صَعِقاً﴾ واتە: کاتێ مووسا هات بۆ جێ‌ژوان و لەگەڵ خوای وتووێژی کرد، گوتی: ئەی پەروەردگارم! خۆت بدە نیشانم با بڕوانم بۆت، خوا فەرمووی: تۆ قەت من نابینی، بەڵام سەیری ئەو کێوە بکە ئەگەر لە جێی خۆی قەراری گرت ئەوە من دەبینی، کاتێ خوا نووری خۆی خستە سەر کێوەکە، کێوەکەی پریش پریشەوە کرد و مووسا دەس بەجێ لەسەر خۆی چوو و ڕما].

(١١)
دولبەرم مامزییە

دولبـــەرم مـــامزییە، بـــازی بـــە ڕەفـــتاری کـــەوە
ئەی دڵی خەستە! وەکوو گوربە، بە شوێنی مەکەوە[١]

داغـــداری ڕوخـــیە لالەیـــی حـــەمرا لە چـــەمەن
نـەرگسەچاو لەبـەری غـەمزەیی غـەممازی ئـەوە

چی لە من داوە ئەجەل حـەققی نـییە بێتـە سـەرم
خۆم ئەسیرم، دڵە نەزرە، ئـەوە جـانشینی گـرەوە[٢]

حەزدەکەی سوبحی قیامەت لە شـەوا دەربکـەوێ
پـێی بـڵێ: دوگـمەیی ئـاوێنـەیی سینەت بکـەوە

سەفەری زوڵفی مەکە «حاجی» شەوت لێدەگەڕێ
با وجـوود ڕۆژە لە لات وایـە کـە تـاریکە شـەوە[٣]

(١٢)
تەماشای قامەتم

تەماشای قامەتم پیری چلۆن تیری عـەسای دایـە!
درۆیـە "داری گـەورە وەك نـەمامی تـازە دانـایە"[٤]

---

١. گوربە: وشەیەکی فارسییە، بە مانای پشیلە دێ.
٢. ئەم دێڕە شیعرە تەنها لە دەقی «م.ر.س»دا هەیە.
٣. ئەم دێڕە شیعرەی کۆتاییش تەنها لە دەقی «م.ر.س»دا هەیە.
٤. لە دەقی «ع.م.ق»دا نیوە دێری شیعری یەکەم بەمجۆرە هاتووە: «تەماشای قـامەتی پـیری چلۆن تیری عەسای دایێ». بڕوانە: گۆڤاری «بەیان»ی ژمـارە «٥٣»ی سـاڵی ١٩٧٩. دانـایە: دانایێ، ناچەمێتەوە ئەمە پەندێکی پێشینانە حاجی بەکاری هێناوە، ل:٢٠٤ خاڵ.

ڕقی لێمە فەلەك، ساقی کەرەم فەرموو ڕەقی بێنە
ڕقی وشکی لە تۆ نایە ئەمان موتریب! لە تۆ نایە[١]

لە دنیا ئەمتیعەی وەسلی لەگەڵ من ناکرێ سەودا
هەموو چین و خەتا لەم لا لە زوڵفی لام هووەیدایە[٢]

کەلیمە ئەو دەمە، زوڵفی عەسایە، خەتتی فیرعەونە
یەدی بەیزایەتی گەردن، جەبینی تووری سینایە[٣]

سولەیمانێکە «نالی» خاوەنی دیوان و فەرمانە
نییەکەس بێتە مەیدانی مەگەر «حاجی» خودئاسایە[٤]

☞

[مەبەستی حاجی ئەوەیە بڵێ: ئەم مەسەلە درۆیە؛ چونکە ئەمن گەورەم و داهاتووم و چەماومەتەوە].

١. [موتریب: ژەنیار، گۆرانیبێژ]. نایە: نایێ، نای ئامێرێکی مۆسیقایە. دیسان لە دەقی «م.ع.ق»دا ئەم شیعرە بەمجۆرەی خوارەوە نووسراوە:
«ڕقی لێمە فەلەك ساقی کەرەم فەرموو ڕیفێ بێنە
ڕقی وشکە لە تۆ نایێ ئەمان موتریب لە نۆ نایێ!!». بڕوانە گۆڤاری «بەیان»ی ژمارە ٥٣ی ساڵی ١٩٧٩.

٢. سەودا: مامڵەت. هووەیدا: ئاشکرا.

٣. [حاجی لەم شیعرەیدا ئەندامی دولبەرەکەی شوبهاندووە بە حەزرەتی مووسا و ئەو شتانەی پەیوەندیان بەوەوە هەیە، بەم ڕەنگە: دەمی وەکوو دەمی کەلیمی ئەوە، زوڵفی وەکوو گۆچانەکەی ئەو دەبێتە مار و موعجیزە، خاڵ و خەتی وەکوو فیرعەون زاڵم و خوێنڕێژە و گەردەنی وەکوو دەستی نوورینی ئەو سپی و نوورانییە و ناوچاوانی وەکوو کێوی توور ڕۆشن و پیرۆزە].

٤. ئەم نیوە دێڕەمان لەسەر دەقی «م.م» ڕاست کردەوە. [موحەممەدی مەلا کەریم لەسەر بۆ چوونی کاك عەبدوڕڕەزاقە، پێی وایە وشەی «خاوەن» دەسکردە و لە جێی «ساحیب» دانراوە؛ چونکە ئەمە لەگەڵ شیعری کۆنی کوردیدا جۆرترە].

(١٣)

جەهلی ئیشکالی مەسائیل

جــەهلی ئــیشکالی مــەسائیل وا خــەتی زانــینمە
زولفی تۆ قەید و حــەواشــی سیلسیلەی ئــاهینمە[١]

دەخڵی خــەرجــی خــۆمــە بــارانــی نــەباتاتی زەوی
هەوری پاییز ڕوویی سووتان خــوسرەوی هــاوینمە

خامە داخوازی دەکــا ئــەبکاری مــەعنا، پــێی دەڵێ:
ڕووســــیاهی دوو زمــان، قــەتعی ســەرت کــابینمە[٢]

ڕۆژی هیجران مەیلی ئەغیاری هــەبوو هــا بــمکوژە
حــامیلی بــاری غــەمت هــەر گــیانە چــاو خــائینمە

عەزمی تابووری سەفی موژگانی تۆ بۆم هات بــەتاو
هــــێرشــــی بــــۆ قــــەلعەیی ئــــیمانە یــــا ئــــایینمە[٣]

---

١. ئاهین: ئاسن، سیلسیلەی ئاهین: زنجیری ئاسن.

٢. [خامە: پێنووس. کابین: مارەیی بۆ ژن هێنان. ئەبکار، کۆی بیکر: کچ، دەست نـەخواردوو قەتعی سەرت: سەربڕینت. موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: واتـە: قـەڵەم خـوازبێنـی کـچی مەعنای لەوەپێش بە بیری کەسانەهاتوو ئەکا، بیدرێتێ بە سەر نووکیا بێ و بیخاتە سەر کاغەز. ئەویش لە وەڵاما پێی ئەڵێ مارەیی ئەم مەعنا لەوەپێش بە بیری کەسا نەهاتوانە کەکچی بیکری منن ئەوەیە سەرت ببڕم. مەبەستی بەیتەکە دێتە سەر ئەوە کە بۆ ئەوەی مرۆ بتوانێ مەعنای ورد و تیژی بە بیری کەسا نەهاتوو بخاتە سەر کاغەز ئەبێ نووکی قەڵەمە قامیشە بە مەرەکەب ڕەش هەڵگەڕاوە دوو زمانەکەی دابدا و تیژی بکا. ـهەنگاوێـتر: ١٧٥]. لە دەقـی «گ.م»دا نووسراوە: «ڕووسیاه و دوو زمان»، بەڵام کە ئێمە سەیری دەقی «م.ر.س»مـان کـرد بـینیمان «ڕووسیاهی دوو زمان» نووسراوە و وا تۆمارمان کرد، چونکە دوو ئاوەڵناو بە ئامرازی پێوەندی (ی) بخرێنە پاڵ یەك ڕەوانترە تا بە هۆی ئامرازی بەستنەوە (عطف) کە «و»ەیە.

٣. [تابوور: ڕیزی لەشکر و سپا].

سەیری «حاجی» کردووە یار هات و ئێستا دەیکوژێ
یـا خـودا وابـێ ئـەمن چـەند سـاڵە وا ئـامینمە[١]

(١٤)
ڕۆستەمی مازەندەران

ڕۆستەمی مازەندەران ئـەو وەقـتە دەسـتی بـردەوە
هـاتە ڕێی «دێوی سپی» ئـازانـە دەسـتی کـردەوە

هەروەکوو شارانی‌تر کەس ئاشنای کـۆیـێ نـەبوو
شوهرەتی ئەبیاتی من خەڵکی لەسـەر کـۆکـردەوە

هەر کەسێکی دایە بەر شـەق زاڵی دونـیایی دەنـی
گۆی لە مەیدانی جەوانـمەردانـی عـوقبا بـردەوە[٢]

ئەم هەموو زوڵمەی ڕەقیب کردی لە ئاخیر دولبەرم
مـاڵی ئـاوا بـێ بـە مـاچی لێوی تـۆڵەی کـردەوە

داستانی هیجری من شەرحی بە نووسین نـاکـرێ
پێت دەڵێم: چۆنە ئەگەر چاوم بە چاوت کـەوتەوە

ئاهی من سوورە، چیا وەك لۆکـە هـەڵلاجی دەکـا
عـوقدەیی زولفـی گـرێی مـویینە بـا نـایکاتەوە[٣]

---

١. ئامینمە: دوعامە، یاخود هەر داوای دوعاکردن و دوعا قبوڵ کردن دەکەم.
٢. [دەنی: پەست]. جەوانمەردان: کۆکراوەی جەوانمەردە و بە مانای بەخشندە و بەخشندەکان، یاخود مەردی ئازا [و جوامێر] دێ. عوقبا: قیامەت، ڕۆژی دوایی.
٣. سوور [صور]: ئەو بۆرییەی کە ڕۆژی قیامەت لێ دەدرێ و چیاکـان وەکـوو لۆکـە پـەڕە دەکرێن.

هەرکە بیستم پێم دەڵێ: «حاجی» سەگی دەرگانەمە
من لە ترسی گورگی بەدکارم کەری خۆم بەستەوە[١]

(١٥)
عەسا و قامەتم

عـــەسا و قـــامەتم تـــیر و کـــەوانـــە
کـــەچی دڵ تـــالیبی ڕەوتـــی کـــەوانـــە[٢]

ئەگەر جەمعی وەکوو عـەقدی سـورەییا
پـــەرێشـــانت دەکـــەم وەك حـــەفتەوانـــە[٣]

هەتاکەی هـەروەها شـەققەی سـمت دێ
غەم و غـوسسەی جـیهان بـاری گـرانـە

ددان و مووی سـەری وەك کـوهنە پـیران
نـــیشانەی داوەشـــان و هـــەڵوەرانـــە[٤]

جـــەوانـــی وەك جـــوانـــی کـــەوتە داوی
لغـــاوی ڕیشـــــیە، زیـــنی ڕەوانـــە[٥]

١. [واتە: هەر گوێم لێبوو یار قسەیەکی لوتفی دەربارە کردم و بە سەگی بەردەرگای خۆیی دانام، زانیم کە بەدکار لە داخا ئەکەوێتە تەقەلای زیان پێگەیاندن و لێتێکدانم، لەبەر ئەوە لە ترسی کار و باری خۆم ڕێکخست نەوەك بتوانێ دەستێکم لێ بوەشێنێ. ـهەنگاوێتر: ١٧٨].
٢. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «ڕەوتی کەوان»، «ڕوویی کەوان» نووسراوە. بەڵام ئێمە لە سەر دەقی «م.م» وەکوو سەرەوەمان نووسی.
٣. [حەوتەوانە: حەوت ئەستێرەی نزیك بەیەك، حەوت براڵە]. سوورەییا: کۆمەڵە ئەستێرەی کۆ «پێروو»ە.
٤. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «کوهنە پیران»، «کۆنە و پیر» هاتووە.
٥. جەوانی: جەحێڵی، گەنجیەتی. جوانی: جوانووی ماین. [موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: لەبەر سەنگی بەیتە ئەبێ وشەی «جوانی» بە «جووانی» بخوێنرێتەوە. ـهەنگاوێتر: ١٨١].

بەسەرچوو خەتتی سەبزی، مژدە ئەی دڵ
دەمـــی دروێنـــەیە و خـــەرمان و دانــە

ئــەوی خــۆشـم دەوێ مـیسلم نـەدیوە
بـە غـەیرەز خـۆی لە ژێر ئـەم ئـاسمانە

لە بەینی زوڵف و خـاڵ و نـوونی ئـەبرۆ
بــە ئــەلفی قــامەتی جــانی جـیهانە

لە هــەردوو لامــەوە زوڵفــی دوو لانــە
ئـــەسیری کـــردم و بـــێ ئـاشیانە[١]

لە ڕۆمــا گــەر مــەتاعێ بـێ تـەماعی
بـە خــۆڕایـی بـدەن هـێشتا گـرانـە

"ئــــەبووزەڕ" مــــالیکی دنـــیایە لێرە
ئەوی "غازی" هـەیە سـاحێب "قـرانـە"[٢]

ئەگەر توججاری «حـاجی»! پـارە بـێنـە
مـەتاعە نـێك و بـەد، دنـیا دووکـانە[٣]

لە بـۆ عـوقبا بـزانـە کـام بـەکـەڵ دێ
ئـەتۆ مـوختاری ئـێسـتا لەم مـیانە[٤]

---

١. لە هەندێ دەقدا «دوولاتە» هاتووە. ئاشیانە: هێلانە. [واتە: چ لەبەرانبەری یارا دانیشی و چ لای ڕاستی و چ لای چەپیا، زوڵفی لە بەرانبەری، یان پاڵیایەتی و دیلی ئەکا].

٢. ئەبووزەڕ: مەبەستی لە ئەبووزەڕی غەفارییە کە سەحابەیەکی بێ پارە و پوول و هەژار بووە. غازی و قران: دوو جۆرە پارەی کۆنن. دوو وشەی «ساحیب» و «قران» پێکەوە بە «ساحیبقران»یش ئەخوێنرێتەوە و بەو جۆرەش مەعنایەکی ناسکی تر پێکدێ.

٣. نیك و بەد: چاك و خراپ.

٤. بەکەڵ دێ: کورت کراوی «بە کەڵك دێ»یە.

(١٦)

خەزنەیێکە بەیتی من

خـەزنەیێکـە بـەیتی مـن دوو مـیسرەعم داخسـتووە
کەس تـەماعی تـێنـەکـا ڕێگـای دزم لێ بـەستووە[١]

بـــیکەبەر دیــبایی نــەزمم تــا قــیامەت نــادڕێ
چـونکە ئـەبکاری مـەعانی تـار و پـۆیـی ڕسـتووە[٢]

زاهیرەن بەیتم لە «نالی» و «کوردی» زۆر کـەمتر نـییە
تــالعم بــەرگەشتەیە، بــەدبەختە بــەختم نـوستووە

باسی حوور و باسی غیلمان و پەری بۆ من مـەکـەن
وەك مەهی بێمیهری خۆم نەمدیتووە و نـەمبیستووە[٣]

نیوەشەو گەر دەرکەوێ وەك ماهی سەرکەل تـەلعەتی
وادەزانـــن ئـــافتاب و مـــوشتەری ســـەر بســـتووە[٤]

دەستوپێی ئەو پادشاهی حوسنە کوێلـەم پـێدەڵێن
هێندە ئەنگوستی پەشیمانیم لە حەسرەت گـەستووە[٥]

---

١. میسرەع: «المصراع»، لادەرکەی ژوور، لێرەدا بە نیوە دێڕە شیعر دەگوترێ. [لێرەدا «بەیتی» هەم بە مانا ماڵ و هەم بە مانا دوو نیوە شیعر بەکار بردووە، میسرەعیش هەروەها].

٢. [بیکەبەر: لەبەری بکە وەکو کراسی هاوریشم، یان بیخوێنەوە و لەبەری بکە. دیبا: پارچەیەکی هەوریشمەکە زۆر پتەوە و نەدڕە، ئەبکاری مەعانی: مەعنا و وردەکارییەکی تازەکە کەس پێی نەزانیوە].

٣. [حوور: ئەو ژنە جوانانەی کە خودا لە قورئاندا باسی جوانیانی کردووە و تەیاری کردوون بۆ بەهەشتیان. غیلمان، کۆی غولام: مەبەست گەنج و لاوانی بەهەشتەکە زۆر جوانن].

٤. ئافتاب و موشتەری: ئافتاب ڕۆژە، موشتەریش ئەستێرەیەکی گەڕۆکە لە کۆمەڵەی خۆر بۆ دووری لە زەوی ئێمەوە لە دوای مەریخەوە دێ. بستوو: لێرەدا بە مانای ئاسۆ دێ.

٥. دەستوپێ: خزمەتکار، نۆکەر. کوێلە: بەندە، عەبد.

دڵ لەکونجی سینەداگەر خوێن دەنۆشێ و غەم دەخوا
«حاجی» بۆ قوربانی عیدی وەسڵی تـۆ دایـبەستووە[١]

(١٧)
غەم مەخۆ بۆ نان و خوانت

غەم مەخۆ بۆ نان و خوانت خەڵقی هێشـتا نـوستووە
زاڵەکـــەی دنـــیا تـــەنووری مـەشریقی داخســتووە[٢]

بێخەویم دایێ نەخۆشـیم لێ کـڕی چـاوی کـەچی
وەك من و بەختی سیاهیم هەر نـەخۆش و نـوستووە

لێت دەشـــێوێ هـــەر کـە زولفـەینی پـەشێوی لابـدا
مـــاهتابی ســـەرکەلە یـــا ڕۆژەکـەی سـەر بسـتووە[٣]

دولبـــەرم بـــەرمامکی دابـــوو لەبـــەر ئـــێشـی ددان
وادەزانـــن ڕوومـــەتیم ئـەمشەو لە خـەودا گـەستووە

تاقەت و سەبرم ئەگـەر ڕوویـین‌تەنی "ئـەفراسـیاب"
"ڕۆستەم"ی هیجری لە ئەرزی داوە دەستی بەستووە[٤]

---

١. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «خوێن» وشەی «خوێنی» هاتووە، بۆیەگەڕاینەوە سەر دەقەکانی «م.ر.س» و «ر.کوردستان»و پشتمان پێ بەستن. چونکەکێشەکەی لەم دوو سەرچاوەدا تەواوە.

٢. [زاڵ: سەرسپی، لێرە مەبەست پیرەژنی سەرسپییە، هەر چەند موحەممەدی مەلا کـەریم ئەڵێ مەبەست پیرە پیاوە، بەڵام بە قەرینەی تەنوورداخستن ـکەکاری ژنانەیە ـ و دونیاکە بە موئەننەسی هاتووە، وادیارە پیرەژن مەبەست بێ].

٣. [بستوو: کەل، گەردەنە، یاڵ].

٤. ڕوویین‌تەن: ئـەو پـاڵەوانـە بـەهێزەیـە کـە تـیغ کـار لە جـەستەی نـاکـات. [ئـەفراسـیاب: کەسایەتییەکەی ئەفسانەیی شانامەی فیردەوسییە].

ئەی سەبا یارم ئەگەر پرسی لە حالْم پێی بڵێ:
مابوو تا ئەو وەقتە هاتم وادەزانم مردووە

غەم مەخۆ قوربان لە بۆ قوربانی عیدی وەسلی تۆ
موددەیێکە بەو ئومێدە «حاجی» خۆی دابەستووە![1]

(١٨)

قیسسەی شەبی هیجرانی

قیسسەی شەبی هیجرانی مەکە باسی سبەینە
لەو شامەوە تا سوبحی دوو سەد فەرسەخی بەینە[2]

مەورووسی تووە خولقی حەسەن، حوسنی خەلایق
چونکی کە موسەغغەر بکرێن هەردوو حوسەینە[3]

"قانوون"ی "شیفا"بەخشی نیگاهت بە "ئیشارات"
جەللادی رمووزی کوتوبی حیکمەتی عەینە[4]

زاهیر مەکە دەللاکی بە "مووسا"ی یەدی بەیزات
بۆ خەتتی یەهوودی کە شەڕی بەدر و حونەینە[5]

---

١. لە هەندێ دەقدا لە جیاتی «تۆ»، «خۆت» هاتووە.

٢. شام و سوبح: ئێوارە و سبەینە.

٣. [مەورووسی: میرات. خولقی حەسەن: ئاکار و ڕەوشتی جوان. حوسنی خەلایق: خوو و عادەتی ڕێکوپێك یان تایبەتمەندیەکی سروشتی]. موسەغغەر بکرێن: بچووك بکرێنەوە. [لەم شیعرەوە وا دەرئەکەوێ کە حاجی ئەم پارچە شیعرەی بۆ حوسەین ناوێك نووسیبێ چونکە ئەڵێ: حوسەین، بچووككراوەی حوسنی خەلایق و خولقی حەسەنە، کە وشەی حەسەن و حوسن ئەگەر بچووك بکرێنەوە هەردووکیان دەبنە: حوسەین].

٤. [قانوون، شیفا و ئیشارات: نێوی سێ کتێبی ئەبوو عەلی سینان].

٥. [دەللاك: سەرتاش. یەدی بەیزا: موعجیزەیەکی حەزرەتی مووسایە، کە وەك ئیدیۆم

تا سادە بوو جانی نـەدەویست ئـێـستێکـە لەعـلی
دوو شــاهدی مـەستی خـەتی هـێنـاوە کـە بـەینە

دڵ گەرمە بە دەوری قەمەری گـەردشی چـەرخـی
خورشیدی زەمـانە کـە هـەموو مـووجیبی بـەینە[١]

یار هاتەوە فەرمووی خەتم هـێنـاوە بـە سـەوقات
پێمگوت: ئەگەر ئەم توحفەیە بۆ «حاجی»یە مەینە[٢]

(١٩)

لە سەر شەو ڕۆژی داناوە

لە سەر شەو ڕۆژی دانـاوە، مـەڵێن فـێـسـی لەسـەر نـاوە
لە بـەر بـا جـامی یـاقووتی بـە مـیشکی وشکـی داداوە[٣]

☞

کەڵکی لێوەرئەگیرێت بۆ هەڵمەت و دەستوبرد و لێزانی. موحەممەدی مەلاکەریم سەبارەت بەم بەیتە ئەڵێ: ئەم بەیتە تابلۆیەکی چڕی تێدایە. لەلایەکەوە بـەرچـاوگرتنی یـەدی بـەیزای موعجیزەی مووسای پێغەمبەر ـکە «مووسا» بە تیغیش ئەوترێ ـ دەستی چەقۆ هەڵگـرتووی دۆست، بە مەبەستی لابردنی مووی ڕەشی ڕووی، شوبهێنراوە بە یـەدی بـەیزای مـووسای پێغەمبەر، بەڵام نەك بۆ بەتاڵ کردنەوەی سیحری فیرعەون، بەڵکوو بۆ کوشتنی جوولەکە کە دەستەی حـەزرەتی مـووسا خـۆیـنی، وەك چـۆن مـووەکـانی ڕووی دۆست هـی خـۆیـنی. لەلایەکی تریشەوە کاری تاشینەکە خۆی شوبهێنراوە بە شەڕی بەدر و حونەین کە دوو شەڕی پێغەمبەری ئیسلامن، یەکەم دژی کافرەکانی قوڕەیش و دووهەم دژی کافرەکانی هەوازین و سەقیف. ـهەنگاوێ‌تر: ١٨٩].

١. گەردشی چەرخە: سووڕانەوەی گەردوون. [مووجیبی بەینە: هۆی جیابوونەوە و فیراقە].

٢. ئەم دەقە لەلای «گ.م»دا بەمجۆرە هاتووە: «پێمگوت: ئەگەر ئەم دیارییە بۆ حاجییە مەینە».

٣. [فێس: کڵاوی سووری تورکەکان]. لە دەقی موحەممەد عەلی قەرداغیدا «مەڵێ» نووسراوە و لە جیاتی «یاقووتی»، «یاقووتە» نووسراوە. بڕوانە: «گۆڤاری بەیان»ی ژمارە «٥٥»ی ساڵی ١٩٧٩.

له دامێنی چیا بۆ خەرمەنی گوڵ خێوەتی خارا
بە دوو ئەستووندەکەی زیوین تەنافی زوڵفی هەڵداوە[1]

لەبەرقی ڕەنگی شەڕواڵی حەیا دامێنی هەڵماڵی
لە تەقەی دەنگی خڵخاڵی لە گەردوون زوهرە داماوە[2]

لە تەقەی ناڵ و شەقەی پانیبەرزی ئاسمان لەرزی
تەقوتۆق کەوتە سەر ئەرزی، دەڵێی مەحشەر هەڵساوە[3]

لە ناوەی هەڵگەڕاوەی زوڵفی خاڵی ڕەش تەماشاکەن
بۆ تەیری دڵ بیعەینیهی دەڵێی ئەم دانە ئەو داوە[4]

---

١. خێوەتی خارا: بە خێوەتێك دەگوترێ لە جۆرە ئاوریشمێك دروست کرابێ. [واتە: لە داوێنی چیای سەریەوە تا خەرمانی گوڵی سنگ و مەمکی، خێوەتەکەیش سوخمەکەی بەریەتی. ـهەنگاوێتر: ١٩٠. موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: لام وایە «ئەستووندەکی» ڕاستترە لە «ئەستووندەکەی»].

٢. لە دەقەکانی «ع.س» و «گ.م»دا لە جیاتی «شەڕواڵی» وشەی «شەڵواری» هاتووە و لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «دامێنی» و شەی «داوێنی» هاتووە و لە دەقی «ع.س» و «گ.م»دا لە جیاتی «خڵخاڵی» وشەی «خرخاڵی» هاتووە.

٣. لە دەقی «گ.م»دا ئەم نیوە دێڕە شیعرە بەمجۆرەی خوارەوە هاتووە:
«تەقوتوق کەوتە نێو ئەرزی دەڵێن مەحشەر هەڵساوە».

٤. ئەم بەیتە لە یەکێ لە دوو دەستنووسەکەی لای مندا هەبوو لێرەدا نووسیمەوە «موحەممەدی مەلاکەریم».

[مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی لەبارەی ئەم بەیتەوە وتوویە: «لە ناوەی» نییە و «لە تاویە» و «زوڵفی خاڵی» نییە و «زوڵف و خاڵی»یە، ئینجا خەڵق لە ناو زوڵفی ڕەشا بۆچ تەماشای خاڵی ڕەش بکەن؟! خاڵ ڕەش بێ یا شین، کاتێ جوانە بە سەر گۆنایەکی سپییەوە بێ. موحەممەدی مەلا کەریمیش ئەڵێ: ئەم بۆچوونەم بە دڵە بەم مەرجانە: وشەی «هەڵگەڕاوەی» بکرێ بە «هەڵکراوی» یان «هەڵگەڕاوی» و «زوڵفی» بکرێ بە «زوڵف و» تا مەعنای نیوبەیتەکە وای لێ بێتەوە: «سەیری تاڵی هەڵکراوی و پێچراوەی»، یان تاڵی هەڵگەڕاوە و لوولخواردووی زوڵفی یار و خاڵی ڕەشی بکەن. ـهەنگاوێتر: ١٩٣.]

به سەد خوونی جگەر فێری نیاز و ناز و عیشوەم کرد
کەچی ئێستا کە دەمگاتێ دەڵێ: سا لاچۆ بەولاوە

لە تەسویری قەڵەم مووی کەوتە بەردەم نوقتەکی دانا
ئەوی کردە کەمەر نەققاش ئەمی بۆ زاری داناوە[١]

دەری تۆ «کەعبە» بوو «حاجی» تەوافی کرد و نەیزانی
چ قەوما کەعبە کەچ بوو «مەسجیدولئەقسا»یە رووخاوە![٢]

(٢٠)

بە ڕوخ و زولفی شەو و ڕۆژی

بە ڕوخ و زولفی شەو و ڕۆژی هەتا ڕۆژ و شەوە
گرپەیی دەم بە دەمم دوژمنی خوونینی خەوە

فیتنەیی غەمزە و نازی نیگەه و چاوە کەوا
هات و هاوار و هەرا و گێچەڵ و تاڵان و ڕەوە

دڵ لە فیکری دەهەنت هالیکی ڕێگەی عەدەمە
یا موقیمی سەری زولفی تووە یا ڕاهڕەوە[٣]

لەگەڵ ئەم ئاهووە دێ ئەم سەگی ڕێش کۆن و نوێ
دێتە سۆ دێتەوە سوو ڕێشی کە کەونە جدەوە[٤]

---

١. ئەم دێڕە لە دەقی «ع.س»دا نییە.
٢. لە دەقی «گ.م»دا بەمجۆرە هاتووە: «دەری تۆ کەعبەیە».
٣. دەهەن: وشەیەکی فارسییە بە مانای دەم دێ. هالیك: هالك، وشەیەکی عەرەبییە بە مانای مردوو یا فەوتاو دێ. ڕاهڕەو: ڕێبوار، «عابر سبیل».
٤. ڕێش: لێرەدا بە مانای زام، برین دێ. [جدەو: لە کار کەوتوو، یان وڵاخە بەرزەی پشت بریندار. ـهەنگاوێ‌تر: ١٨١].

لە بەهای موژدەیی وەسڵی قەدەمی چت بدەمێ
دڵ ئەنیسی سەری کۆی دولبەرە جانیش گرەوە[١]

(٢١)

لە دەوری خاڵەکەی کوڵمی

لە دەوری خاڵەکەی کوڵمی کە ماری زوڵفی داناوە
لە سەر تەسویرەکەی ئادەم مەلەك سەد عوزری هێناوە

شەوی میعراجی سوبحانە بە قەددی سەروی تۆی زانی
لە «سیدرە» جوبرەئیل بۆیێ لە نیوەی ڕێگە لایداوە[٢]

کە شەیتان تاقی میحرابی برۆی تۆی دی وتی: «یارب!»
لە سەجدەی حەزرەتی ئادەم سەری خۆم بۆچی باداوە!

بەڵام ئەی وشکە شێخانی زەمانە پێمبڵێن ئاخر
لەبەرچی پەرچەمی ساقی لە سوبحی جەبهە تۆراوە

بەغەیرەز باسی ئەو زارە موهیمە دەرکی ئەوزارە
ئەوی بیستوومە، ئەوی دیتوومە دامناوە[٣]

چ سەییادێکە سەییادی بووە سەییادی ئوستادی!
چ هەستی کردووە هەستا چ بازی بەست و وەستاوە[٤]!

---

١. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «جان» وشەی «گیان» هاتووە.

٢. سیدرە: مەبەستی «سدرة المنتهیٰ»یە و درەختێکە وەك لە سوورەتی «النجم»ی قورئان هاتووە، لە ئاسمانی حەوتەمینە.

٣. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «ئەو زارە»، «ئەو دەمە» هاتووە.

٤. [موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: مانای ئەم بەیتەم بۆ ڕاست نەبۆتەوە، بەڵام لە پاش چاپی ☜

وەرە «رەبع»ی دڵ و چاوم بەهەشتی ڕوبعی مەسکوونە
هەتا دڵ حەز دەکا باغە هەتا چاو بڕدەکا ئاوە[1]

نیهایەت بمکوژن وەڵڵا لە ماچی لێوی خۆش نابم
ئەوی خوا حەز نەکا نابێ، ئەوی قەوماوە قەوماوە

لە حەققی مەقدەمی «حاجی» قوڕی کوێ کەم بەسەر خۆما
دڵێکم بوو لە دنیادا ئەویش بەینێکە تۆراوە

(٢٢)

لە دوو لا ئەژدیهای زوڵفی

لە دوو لا ئەژدیهای زوڵفی لە گەنجی حوسنی ئاڵاوە
لە لایەك عاقڵم ئەمما لە ئەولاوە تەمەع خاوە

لە بۆ مەردوم وەها چاکە کە ماڵی خۆی لە بەرچاو بێ
وەکوو چاوم لە دنیادا ئەگەر مەحسوولی هەر ئاوە[2]

☞

دیوانەکە لە دەستنووسەکەی مەلا ڕەئووفدا ئەم پارچە شیعرەم لە شوێنێکی تریشا هەر بە خەتی مەلا ڕەئووف بەرچاو کەوت کە خەتی بە سەر کێشرابوو و لێی نووسرابوو (تکرار)، لەوێدا ئەم نیوە بەیتە بەمجۆرە بوو: «چ سەییادێکی سەییادی، کە بۆ سەییادی ئوستادی»، بەمجۆرە هیچ گرێ لە ڕێی مەعنای شیعرەکەدا نامێنێ. ـهەنگاوێ‌تر: ١٩٦].

١. [روبعی مەسکوون: بە چوار یەکی زەوین ئەڵێن کە وشکانیە و جێ ژینی ئینسانە]. لە دەقی «م.ر.س»دا لە جیاتی «رەبع» وشەی «بەین» هاتووە «رەبع = الرَّبع»یش وشەیەکی عەرەبییە بە مانای «ماڵ یا گەڕەك یاخود وڵات» دێ. مەبەستی نیوە دێڕەکەش ئەمەیە: «وەرە ناو ماڵ و خاکی وڵاتی دڵ و چاوم چونکە بەهەشتی سەردنیایە».

٢. [مەردووم: ناسککارییەکی جوانی تێیدا بەدی ئەکرێ، چونکە هەم هەڵدەگرێ بە مانای ئینسان و مرۆڤ بێت و هەم بە مانای گلێنەی چاو، دیسان لە عەرەبیشدا پێی دەڵێن ئینسان.

☜

لە ژووری ئـاوی مـووسایە، لە خـواری ئـاگـری تـوورە
عەجایب خەتتی فیرعەونی نـە خـنکاوە و نـە سـووتاوە[١]

ئـەگـەر چـاوم لە دوڕ بـاری نـە عـەینی مـا نـە ئـاساری
لە دیـنی نـاکـەوێ چـونکە نـیشانەی خـاڵی هـەرماوە

ئەمێستێ مووری خەتتی ماچ بە وەجهی توحفە گەر بێنێ
ئـەگـەر لاقـی کـولەی پـێدا سـولەیمان خـاتەمی داوە[٢]

بـەسەر ڕوومـا دەیـێ تـابووری ئـەشکم بـۆ مـەدەدکاری
کە دیتم قەڵعەیی حوسنت سوپای خەت مەحسەرەی داوە[٣]

یەقین مـورغی دڵم «حـاجی» لە داوی زوڵفـی دەرنـاچێ
هـەتا ئـەم خـاڵە مـوشکینە مـەکـانی عـەنبەری خـاوە[٤]

☞

واتە: مرۆڤ حەز دەکا ماڵی لەبەر چاوی بێ، هەروا بەرهەمی چاویش کە ئەسرینە لە پێش چاودایە].

١. [ژووری ئاوی مووسایە: مەبەستی چاویەتی. ئاگری توور: مەبەستی دەمیەتی کە هەناسەی ئاورینی لێ دێتەدەر. خەتتی فیرعەون: بۆز بوونی سمێڵیەتی].

٢. [ئاماژەیە بەو چیرۆکەی حەزرەتی سولەیمان کە هەموو گیانلەبەرەکان دیارییان بۆ ئەبرد، مێلوورەیەکیش لاقە کولەیەکی بۆ برد. لە حەیاتولحەیواندا (٢/٥١٦) ئەم شیعرە عەرەبییە هەیە:

جـائتْ سـليمانَ يـومَ العـيدِ قـبّرةٌ	أتتْ بـرجلِ جـرادٍ كـان فـي فـيها
ترنّمَتْ بفصيح القول و اعـتذرتْ	إنّ الهـدايـا عـلى مقدار مُـهديها

واتە: ڕۆژی جێژن مێلوورەیەك هات بۆ خزمەتی سولەیمان و لاقی کولەیەکی بە دەمەوە گرتبوو و دەنگی هەڵبڕی و داوای لێبوردنی کرد و وتی: دیاری بە ئەندازەی توانای دیاری هێنەرەکەیە].

٣. [مەحسەرە: پەرژین، دەورەدان]. ئەشکم: فرمێسکم، ڕۆندکم.

٤. مورغی دڵم: تەیری دڵم.

(٢٣)

قسەیێکم هەیە

قســەیێکــم هــەیە دەیکــەم مــەڵێ بـێ تـەجرەبەیە
بـــاوجوودی ئـــەوی نـــادانـــە لەلای وەك گـــەمەیە

مـــوقتەزای ئـاب و هـەوای خـاکـی دیـاری ڕۆمـە
ئـەهلی سـووتاوی مـەیە، بـەستەیی ئـاوازی نـەیە[١]

حـاکـمی ڕێگـری مـەعموورەیە، قـازیی دزی ڕۆژ
وزەرا و وکـــــەلای گـــورگە، ڕەعـــییەت گــەلەیە[٢]

سالیکی ڕیخە ئەگەر شێخـە ئـەگـەر مـێخـە، لەوێ
شێخـە هـەر کـامێ نـەدا تـا دەمـرێ هـەر دەدەیـە[٣]

زانـــی و شـــاریب و لۆتـــی دەگـــرن، والی دەڵێ:
بەری دەن پارەیی خۆی دایـە، چ عـەیبێکـی هـەیە[٤]

هـــێنـدە بـێگـانە لە ئـیسلامن و ئـەحبابی فـەرەنگ
مـــوتتەقی دێوە لەلایـــان، مـوتەشەڕڕیع شـەوەیە[٥]

---

١. دیاری ڕۆم: وڵاتی ڕۆم، مەبەستی لە وڵاتی عوسمانلییە.
٢. [مەعموورە: ئاوەدانی. واتە: حاکمی لە ئاوەدانیدا ڕێگری دەکات].
٣. [ڕیخ: شیاکەی ئاژەڵ. موحەممەدی مەلا کەریم وای لێكداوەتەوە: لە وڵاتی ڕۆم، ئەوی شوێن شتی پیس کەوتبێ و پیس و پۆخڵ بێ، شێخ بێ و مێخ بێ، بە شێخی دائەنێن، ئەوی نەیداتێ و پێی نەبەخشێ تا ئەمرێ بە شێتی لە قەڵەم ئەدەن. ـهەنگاوێ‌تر: ١٩٩].
٤. شاریب: مەبەستی لە عەرەق خۆرە.
٥. [ئەحباب، کۆی حەبیب: خۆشەویست، موتتەقی: لە خوا ترس، موتەشەڕڕیع: گوێڕایەڵی شەرع. شەوە: مێردەزمە، مۆتەکە].

زوڵمــیان عــامه لە ســەر عــاممە، ڕەعــییەت فـەوتا
تۆ مەکە مەنعی عەوامیل، کـە خـەتای گـای بـنەیە[١]

هـەر لە شـا تـا بـە گـەدا تـووشی یـەکـێکـی نـابی
لێی بــپرسی بــە حـەقیقەت بڵێ: جـەددم ئـەمەیە

لازمــە ئــەم غــەزەلە وەك غــەزەلێ بـیکەنە بـەر
هەر وەکوو «حاجی» ئەگەر شارە، وەگەر دیهکەدەیە[٢]

(٢٤)

لە نەزاکەت کەمەری[٣]

لە نەزاکەت کەمەری وەك خـەتی ئـەهلی حـیکەمە
لە نــەبووندا دەهــەنی بــێقسە عـەینی عـەدەمە

---

١. [عاممە: خەڵکی ڕەشۆکی و ڕەمەکی. عەوامیل، کۆی عامیل: کاربەدەست، کرێکار. گابنە: ئەوگایە لەگێرەکردندا لە نێوان دایە وگاکانی تر بە دەوریدا دەسووڕێنەوە]. لە دەستنووسەکانی لای مندا ئەم دوو بەیتە هەبوو. لە دەقە ئامادەکراوەکەی مامۆستایان شارەزا و میرانیشدا ئەم دوو بەیتە بوو:

«هێندە بێقەولن و خوێنخۆر و نزیکن لە فەساد
فورسەتی بوو دەکوژێ حەققی برای دینی نییە
ئەوگەڕ و گێچەڵی بۆ ڕەعیەتی خۆی داناوە
زەجرو تەوبیخی مەکە چونکە خەتای گای بنەیە»

من تێکستەکەی سەرەوەم پێ وردتر بوو. «موحەممەدی مەلاکەریم»

٢. دیهکەدە: وشەیەکی فارسییە بە مانای گوندی بچووك دێ.

٣. ئەم پارچە هەڵبەستەی حاجی لە ژمارە ٣٥ی ڕۆشنبیری نوێ و نووسەری کوردی ژمارە ٦ی خولی دووەم و لە دەستنووسەکەی «م.ر.س»دا هەیە و ئێمەش خستمانە پاڵ ئەم دیوانەی شیعرەکانی حاجی.

چین یەکێکە کەچی زوڵفی کەچی عاجزە، بۆ؟
دڵی سەودایی خەتای کردووە بۆیە نەدەمە[1]

ماچی ئەو غونچە دەمە بێ حەقی جان موهری دەمە
سالیکی ڕاهی عەدەم بێ دەمی نەقشی قەدەمە[2]

گەر ڕەزا بێ چییە بۆ ماچی دەمی جانی عەزیز؟!
تەجروبەم کردووە عیشرەت بە دەمە نەك بە دەمە[3]

---

١. [چین و خەتا، لەم بەیتەدا تەورییەیان تێدایە، چین: وڵاتی چین، چین لەسەر چین و پەپکە خواردن. خەتا: شارێکە لە چین ئاسك و میسکی بەناوبانگە، هەڵە و سەهوو]. لە ڕۆشنبیری نوێدا نووسراوە: «عادزە بۆ» و لە دەقی «م.ع.ق»یشدا وەکوو ئەم دەقە نووسراوە «عاجزە بۆ». نەدەمە: نەدامەتە، پەشیمانییە.

٢. لە دەقی «م.ع.ق»دا لەجیاتی «موهری»، «مەهری» هاتووە. موهری دەمە: مۆری دەم و زارە.

٣. عیشرەت: دۆستایەتی و بەیەکەوە ڕابواردن بە خۆشی. دەم: بە دوو مانا هاتووە: یەکەم، بە مانای دەم و زارە، دووەمیشیان، وەخت و سەردەم.

پیتی «ی»

(ا)

ئەی بێنەزیر و هەمتا

ئەی بێنەزیر و هەمتا هەر تۆی کە بەرقەراری
بێدار و بێدیاری، بێدار و پایەداری[1]

بۆ باغی مەردی باغی سەرمایەکەی خەزانی
بۆ مەزرەعەی فەقیران سەرمایەکەی بەهاری

تۆ پادشا نیشانی بۆ هەر سەوادی ئەعزەم
بێسەدر و شانشینی، بێپەردە پەردەداری[2]

خەللاقی بێفتووری، سوڵتانی بێقسووری
ڕەززاقی مار و مووری، ئاودێری دێمەکاری[3]

فەیرۆزە تەختی گەردوون مەسنووعی نەقشی تۆیە
یاقووت و لەعلی ڕۆژە ئەستێرەکان دەراری[4]

جێ و مەکانی تۆیە بێجێ و بێمەکانی
لەیل و نەهاری تۆیە بێلەیل و بێنەهاری[5]

---

١. بێنەزیر و هەمتا: مەبەستی لە خودایە کە هیچ هاوتای نییە. لە دەقی «گ.م» نووسراوە: «هەر تۆی کە بێقەراری».

٢. [سەوادی ئەعزەم: ڕەشایی گەورە کە مەبەست شار و وڵاتە، یان پاتەخت. پەردەدار: دەرگاوانی شا، حاجب].

٣. [بێفتوور: بێسستی، بێباك. قسوور: کەم و کووڕی]. لە هەندێ دەقدا نیوە دێڕی یەکەم بەمجۆرە هاتووە: «جەبباری بێفتووری، سوڵتانی بێقسووری».

٤. لە دەقی «گ.م»دا نووسراوە: «فەیروزی تەختی گەردوون». [فەیرۆزە تەختی گەردوون: سەقفی شینی ئاسمان]. دەراری: کۆکراوەی «دُرِّیّة»ی عەرەبییە. واتە: وەکوو دوڕ وانە.

٥. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «جێ و مەکانی تۆیە» نووسراوە: «جێگە و مەکانی تۆیە».

هـەر ئـەمری تـۆ مـەدارە بـۆ کـار و بـاری عـالەم
هەرچەندە بـێوەزیـر و بـێ‌سـەدر و کـار و بـاری

سەحرانەوەردی شەوقت خورشید و مـاهی تـابان
دوو جارییەن شەو و ڕۆژ بێ‌مەحمەل و عـەماری[١]

مەعلوومە بۆ چی «حاجی» مەدحت دەکا بەکوردی
تا کەس نەڵێ: بە کوردی نەکراوە مـەدحی بـاری[٢]

(٢)
ئاسمانی بێ‌ستوون

ئاسمانی "بێ‌ستوون" وەك "خوسرەوی" میهری هەڵات
هیندی شەو تێك‌چوو شکا وەك موویی زەنگی لەشکری

ئـیتتفاقەن ئـیتتفاقم بـوو لەگـەڵ «نـالی» وەکـوو
تاجر و گەوهەر لەگەڵ گـەوهەر فـرۆش و مـوشتەری[٣]

چەند غەزەل بـوون تـازە بـافتی کـارگاهی مـوشتەری
تاجیر و گەوهەر مەتاع و شـامی غـوربەت تـاجیری[٤]

یەك یەکی هێنـایەدەر، گـەردی کـەسادی لێ تـەکاند
دایە من فـەرمووی درێغـا کـەس نـییە سـەوداگـەری[٥]

---

١. سەحرانەوەرد: گەڕیدەی دەشت و سەحرا. مـاهی تـابان: مـانگی ڕوونـاك. [مـەحمەل و عەماری: کەژاوە، ئەوەی لەسەر وڵاخ دایدەنێن بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی بنیادەم].

٢. نیوە دێڕی یەکەم لە دەقی «ع.م‌ن»دا بەم‌جۆرە دەست پێ‌دەکا: «ئێستێکە بۆیە حاجی...».

٣. ئەم نیوە دێڕەی دووەممان لە سەر دەستنووسەکەی «م.ر.س» تۆمارکرد.

٤. بافت: قوماشی چنراو. کارگاه: کارگە. نیوە دێڕی دووەممان لە دەقی «م.ر.س» وەرگرت.

٥. سەوداگەری: کڕیار.

دەست بە دەستی خستم و هەم دایە بەربا مەجمەعم
"ئاسەفی" من بای لە جەمعی تۆ کە «حاجی» قادری

(٣)

ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانی

ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانی
موحەققەق داکی حیزە بابی زانی[١]

وەرە با بۆت بکەم باسی نیهانی
تەفەننون خۆشە گەر چاکی بزانی

سەلاحەددین و نوورەددینی کوردی
عەزیزانی جەزیر و مووش و وانی

موهەلهەل، ئەردەشێر و دەیسەمی شێر
قوباد و باز و میری ئەردەلانی[٢]

ئەمانە پاکیان کوردن، نیهایەت
لە بەر بێدەفتەری ون بوون و فانی[٣]

کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز
بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی[٤]

١. لە دەقی «ر.ك» و «ت.ر»دا لە جیاتی «موحەققەق»، «موعەییەن»هاتووە.
٢. نیوە دێری یەکەممان لە ڕووی دەقی «ت.ر» ڕاست کردەوە، لە دەقی «گ.م»دا بەمجۆرە هاتووە: «موهەلهەل ئەردەشێر و دێسمی شێر».
٣. ئەم نیوە دێڕە لە دەقی «ت.ر» و «ر.ك»دا بەمجۆرەیە: «لەبەر بێدەفتەری و نووسینە فانی».
٤. لە دەقی «گ.م»دا «زەمانێ» نووسراوە!

مــــەلا و شــێخ و مــیر و پــادشامان
هــەتا مـەحشەر دەمـا نـاو و نـیشانی[١]

بــە زیــددی مــیر و پــاشامان بڕاوە
بەسە بـا بـێـینە سـەر ڕێی مـیهرەبانی[٢]

کە دەیگوت شێخی من: من دەسـتگیرم
لەلام وابـوو لەبـەر جـەهل و جـوانـی[٣]

کە پیر بووم تـێگـەیشتم دەسـتی گـرتم
لە کەسب و کـاری تـەحسیلی مـەعانی

بـەڵێ شـێخ قـوتبە ئـەمما قـوتبی ئـاشە
بـە ئـاو و نـیعمەتی خـەڵقـە گـەڕانـی[٤]

لە بۆ ژن دێ لە کۆڵان وەك سەگـی هـار
لە ژن هەڵدێ بە میسلی کـەر لە خـانی[٥]

---

١. لە زۆربەی سەرچاوەکان «مەلا و پیر و شێخ و پادشامان»هاتووە. تـەنها لە دەقـی «ر.ك»دا نەبێ «مەلا و میر و شێخ و پادشامان»هاتووە. بە ڕای ئێمە ئەم دەقە ڕاسـتە کـە نـووسیومانە، چـونکە نـاوی شـێخ یـەك جـار هـاتووە و نـەچووە «شـێخ و پـیر» دووبـارە بکـاتەوە، چـووە شەخسیەتەکانی کوردی وەکوو «مەلا و شێخ و میر و پادشا»ی لە شیعرەکەیدا بەکار هێناوە.

٢. [زیدد = ضدّ].

٣. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «شێخی من»، «پیری من» هاتووە. [موحەممەدی مەلا کـەریم ئەڵێ: «پیری من» لە «شێخی من»م بەلاوە ڕاستترە. ـهەنگاوێتر: ٢٠٤].

٤. [«قـوتب»ی یـەکـەم: پـلەیەکـی بـەرزی تـەریقەتە. «قـوتب»ی دووهـەم: تـەوەرە، خـڕ و گرۆوەرێك کە بەرداش لەسەری دەگەڕێ].

٥. لە دەقی «گ.م»دا ئەم نیوە دێڕە شیعرە بەمجۆرەیە: «لە ژن هەڵدەی لە کۆڵان وەك سەگی هار» و ئەم نووسینەش چ واتایەکی ڕوون و ئاشکرای وەکوو نیوە دێڕەکەی ناو قەسیدەکە نادا.

بـــڵێ بـــەو ســەر کــزۆڵەی کــوزپەرستە
بــە چـــاوی کـــلدراو و ڕیشـــی پـانی

کە نەفعێکت نـەبێ بـۆ دیـن و دەوڵەت
بە من چی «نەقشبەند»ی یا نە «مـانی»[1]

کەسێ پـیاوە کـە دانـێ وەك «حـەماغا»
لە بۆ ئـەبنایی جـینسی نـان و خـوانـی

وەیاخود وەك «ئـەمیناغا» بـە هـیممەت
بکـــا بـــۆ قـەسری مـیللەت پـاسەبانی

بڵێ لەم بەحسە هەرکەس مونکیری تۆن
بـــفەرموو سـەهلە ڕێگـەی ئـیمتیحانی

بە ئوممێدی دووسێ دانـایە «حـاجی»
بـــە هـــەرزانـــی دەدا، دوڕڕی گـرانـی[2]

---

١. [نەقشبەند: نازناوی ڕێبازێکی سۆفیانەیە کە خواجە بەهائەددینی بوخارایی بنەڕەتی دانا و شێخ مەولانا خالیدی شارەزووری لە کوردستاندا برەوی پێدا. مانی: وێنەکێشێکی بەناو بانگە، هەندێکیش دەڵێن پێغەمبەر بووە. مەبەستی حاجی لە شێخ و مەلا ئەوانەیە کە چەقەڵی چەمن و بەتاڵن، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەڵێ: کە نەفعێکت نەبێ بۆ دین، نەك تەواوی شێخ و مەلاکان].

٢. [مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی ئەم بەیتەی بە پێی پیتی ئـەبجەد جـوان لێکـداوەتـەوە کـە لە ئەنجامدا ئەکاتە (٤٩٠٠)، بەڵام موحەممەدی مەلا کەریم هـەر لەسـەر حـیسابەکـەی مـەلا جەمیل بۆی چووە، بەڵام زۆر ڕێك‌وپێکتر لێکی داوەتەوە، بە چەشنێ ئەم بەیتە ئەباتە تەشقی ئاسمان. ئەڵێ: حاجی قادر کە بە تەمای پاداشی خوا بێ، ئەبێ لەو سنورەدا بە تەمای بێ کە خوا خۆی دیاری کردووە، جا کە خوا لە قـورئاندا فـەرموویەتی: ﴿مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا﴾ واتە: هەر کەس چاکەیەك بکا خوا دەقات پاداشی ئەداتـەوە، حـاجیش وتـوویە: بـە هیوای پاداشی (دوو سێ) لە لای خواوە دوڕڕی گرانبەهای شیعری خۆم داناوە و بە هەرزان پێشکەشی خوێندەوارانی کوردی ئەکەم.

(٤)

پەرێشان زوڵفی تاتاری

پەرێشان زوڵفی تاتاری میسالی ئەژدیهای جەنگی
نەزیری سەروی کشمیری، قیامەت قامەتی شەنگی

لە شەوقی شەمعی ڕوخساری لە بیمی تەعنی ئەغیاری
لە کولبەی سینەیی ناری دەسووتێ دڵ بە بێدەنگی [1]

لە ئەولای کەس قوتار نابێ، چ موئمین بێ، چ کافر بێ
لە ئەم لاش کەس خەلاس نابێ لە هیند و دەیلەم و زەنگی [2]

تەماشام کردووە نەقشی دەراهیم سەرفی مەمنووعە
کەچی قازی ئیزافەی کرد بە مفتی هاتە بەر چەنگی [3]

☞

ئەتوانین (دوو سێ) بە حیسابی ئەبجەد وا لێك بدەینەوە: (د = ٤)، (و = ٦) ئەمە (١٠)، (س = ٦٠) و (ی = ١٠) ئەمە (٧٠) واتە (٧٠٠ = ٧٠×١٠) ئەمەش کە بە گوێرەی ڕێ و شوێنی پاداشی چاکە دانەوەی خوایە دەق لەگەڵ ئایەتی: ﴿مَثَلُ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنْبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنْبُلَةٍ مِئَةُ حَبَّةٍ، وَ اللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ واتە: نموونەی ئەوانەی لە ڕێی خوادا خەرج ئەکەن وەك دەنکە دانەوێڵەیەکە حەوت گوڵی لێ ڕوابێ و لە هەر گوڵێکا سەد دەنکە هەبێ، خوا بۆ هەرکەسێ بیەوێ ئەمە دووقات ئەکاتەوە، خوا بەخشش فراوان و بە دەس و دەهەندەیە و بە هەموو شتێ ئەزانێ. بۆیەش لەگەڵ ئەو ئایەتە یەك ئەگرێتەوە چونکە لە وێشا دەنکە دانەوێڵە حەوت گوڵی گرت و هەر گوڵێ سەد دەنکی تیابوو کە ئەکاتە (٧٠٠). ـ هەنگاوێ‌تر: ٢٠٧].

١. کولبە: کۆڵیت، خانووی بچووك. لە دەقی «گ.م»دا نووسراوە: «سینەیی تاری».

٢. [مەبەست لە ئەولا: قیامەتە و ئەم‌لاش: دنیایە].

٣. [«ممنوع الصرف» لە ڕێزمانی عەرەبیدا بەو وشەیە ئەڵێن کە ژێرە (ـِ) و تەنوین (ـٍـٌـً) نەڕواتە سەری مەگین بە هۆی «اضافه» یان ئەلف و لامەوە. وشەی دەراهیم (کۆی درهەم) لەو

☜

دوو ماری زوڵفی شەبڕەنگی کە بێ بۆ لەعلی زەححاکــی
لە ترسان پێی دەدا «حاجی» فەرەیدوون تەختی هۆشەنگی

(٥)

ئافتابی حوسنی تۆ

ئـــــافتابی حــوسنی تــۆ ڕۆژە کـــە دێ و ئـــاوا دەبـــێ
قـــامەتیشت وەك هــیلالی یـــەك شــەوە ئـــاوا دەبـــێ[١]

کـــامە دانـــا مــێزەری دانـــا و فــێـــسی کـــردە ســـەر
بـــێ حــەیا و ســەرپەل و ســەرخــۆش و بــێپــەروا دەبــێ

پـــــادشاهێکـــم هــەیە گـــەر مـــن بکـــاتە دەرگـــەوان
حاجیب و خەددامی من "ئـەسکەندەر" و "دارا" دەبــێ[٢]

☞

وشە «ممنوع الصرف»انەیە، قازیش چونکە ئیزافەی کردووە بۆ لای خۆی (دراهـمي) واتـە: درهەمەکانم، ئیدی لە «ممنوع الصرف»ی دەرچووە و ئەکرێت سەرف بکرێ. جا حاجی هەم ئەو یاسا ڕێزمانییەی مەبەست بووە و هەم ئەوەی کە سەرفی واتە: خەرج کردنی دروستە و قەدەغە نییە، یان سەرفی واتە:گۆڕاندنەوەی قەدەغە نییە. دیسان هەڵئەگرێ مەبەست لە مفتی فتوادەر بێ کە ئەم جار دەراهیم بۆلای ئەو ئیزافە بکرێ (دەراهـیمی مـفتی)]. بـە مـفتی: بـە بەلاش، بە خۆڕایی .

١. لە دەقی «گ.م»دا نیوە دێڕی یەکەم بەمجۆرە هاتووە: «ئافتابی حوسنی تۆ ڕۆژ کە دێ و ئاوا دەبێ». [بە بۆچوونی موحەممەدی مەلاکەریم «ئاوا دەبێ» هەڵەیە و «ئا وا دەبـێ» ڕاسـتە، چونکە حاجی ویستوویە بڵێ: بەژنیشت وەك مانگی یەکشەوە باریکە کە ئەویش کینایەیە لە جوانی].

٢. [حاجیب: پەردەدار. خەددام: خزمەتکار. ئەسکەندەر و دارا: دوو پادشای ناودارن].

داوی نــــاوە زوڵفـــــی دووڵانــە لە هــەردوو لامــەوە
دڵ گـــــرفتارە ئـــەگـــەر لەم لا نـــەبێ لەولا دەبـــێ[1]

شـــەو لە بـــەزمی دولبـــەرم بـەم تـەعنە وا سـووتاندمی
چـاوی دا پـەروانـە فـەرمووی: عـاشیقی هـەروا دەبـێ[2]

واســـیفی قـــەددی ئـــەتۆ خـــامەی دەبـێتـە نـەیشەکـەر
ئـــەلفی قـــەددی مـــوستەقیمی قـــافیەی بـــاڵا دەبـــێ[3]

سەر سپی و دڵ ڕەش بوو «حاجی» تا فەقێ بوو ئێستەکەش
ڕووڕەشـــێکـــە ڕیش سپی خـوا عـالیمە هـەروا دەبـێ[4]

(٦)

ئێمەش دەمرین

ئێمەش دەمـرین دەبـینە خـاکـی سـەرەڕێ
ئەم ڕۆژ و شەوە تەنووری سوبحی دەگرێ[5]

دەسگـــا و دووکـــانی شـارەکـان دادەنـرێ
ئـــەمیان دەفـــرۆشـــێت و ئـەویتر دەکـرێ

ئـــەم بـــاوکی مـــردووە یـــەخەی دادەدرێ
ئەو بووکی نووی هەیە کـەوای بـۆ دەبـڕێ[6]

١. لە هەمان دەقدا نووسراوە: «داوی تاوە زوڵفی دووڵا».
٢. هەر لە هەمان دەقدا نووسراوە: «چاوی دایە دوا».
٣. نەیشەکەر: قامیشی شەکر.
٤. [مەبەست لە سەر سپی ئەوەیە کە جامانە و مێزەرەی سپی بە سەرەوە بووە].
٥. ئەم نیوە دێرە لە دەقی «گ.م»دا بەمجۆرە هاتووە: «ڕۆژ و شەو تەنویری سبەینێ دەگەرێ!».
٦. [نووی: نوێی].

بــێ بسته فـەلەك ئـاشەکـی وای نـاوەتەوە
بۆ هاردنــی ئـێمـە چ عـەجایب دەگـەڕێ![١]

لادێیش ڕەزی ئـاودەدات و وەردی دەبـڕێ
حەیوانە دەزێ، سەگ دەوەڕێ، کەر دەزەڕێ

لوقمان لەمەدا شـوانـە گـەر خـۆی بکـوژێ
گــاوانــە فــلاتوون لە غـەما گـەر بـدڕێ[٢]

ئەم دەستە کە چوو دەستەیەکـی تـازەیە دێ
مەعلووم نەبوو ئەم کەشمەکەشەکەی دەبڕێ[٣]

عــالەم هــەموو مــردن لە غـــەمی زانـینی
ئەم حیکمەتەیان نەزانی هیچ لێی مەگەڕێ[٤]

لەملاوە هــەتا «حــاجی» نــەچێتــە ئـەولا
مــومکین نــییە تـێبگـا لەوە گـەر بـفڕێ[٥]

---

١. [بستە: تەوەرەی بەرداش، ئاسنی نێوان گەرووی دوو بەرداش. موحەممەدی مەلا کـەریم پێی وایە «ئێمە تا قیامەت» لە «ئێمە چ عـەجایب» ڕاسـتترە، لەبـەر ئـەوەی لە نـیوەی بـەیتی پێشوودا «ئاشەکی وای» هاتووە پێویست بە عەجایب ناکا. مەعنای ئەم نیوە بەیتە لەگەڵ ئەوەی دەسنووسێکیش ها لە پشتیەوە ئاوەها جوانترە. ـهەنگاوێ‌تر: ٢١٤.].
٢. دیسان لە هەمان سەرچاوەدا، ئەم نیوە دێڕە بەم جۆرە هاتووە: «گاوانە فەلاتوون کە یەخەی دابدڕێ».
٣. هەر لەو سەچاوەیەدا نووسراوە: «ئەم دەستە کەچوو دەستەیەکی نوێی تر دێ».
٤. [موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ نیوە بەیتی یەکەم بڕگەیەکی ناتەواوە و بە گوێرەی هیچکام لە دەسنووسەکان بۆم ساغ نەکرایەوە. لام وایە وشەی «مردن» یا «مردوون» یان «مردنە» بێ، ئەگەر وابێ لەنگی نامێنێ.] لە دەقی «ع.س» دا نووسراوە: «ئەم حکـیمەتەیان نـەزانـی هـیچ کەواتە مەگەڕێ».
٥. لە دەقی «ع.س»دا ئەم نیوە دێڕە بەمجۆرە هاتووە: «مومکین نییە تێبگا گەر بفڕێ»

(٧)

سۆفی بە سەر و ڕیشی

سۆفی بە سەر و ڕیشی، بەمخەرقەیی سەردۆشی
چەند چێڵەگەل و بزنەگەل و مێگەلی دۆشی[١]

فەرمانی کەدا کوشتمی جەللادی نیگاهی
خوونی منی بێچارە عەدوو نۆشی بە خۆشی

لەو وەعدە ڕەقیبم گوتی: بێ عەهد و وەفایە
مەعلووم نەبوو لەم عالەمەدا ڕاست و درۆشی

تەشخیسی دەواکەم مەکە ئەی بووعەلی سینا
لەو چاوە کە بۆم بوو بە شیفای عەینی نەخۆشی

ئەو چاوە وەکوو مەسئەلەیی کوحلە سەوادی
شازە وەکوو نەرگس نییە بێ فەزلی برۆشی[٢]

☞

[موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: نیوەی بەیتی یەکەم بڕگەیەکی کەمە، ئەگەر «ئەولا» بکرێتە «ئەوەلا» هیچ نارێکی نامێنێتەوە. ـ هەنگاوێ‌تر: ٢١٦].

١. [خەرقەیی سەردۆشی: جبەی سەرشانی. چێڵەگەل: کۆی چێڵە، واتە: مانگا بەرانبەر بە گاگەل، مێگەل: ڕان]. لە دەقی «گ.م»دا نیوەی دێری سەرەتای هەڵبەستەکە بەمجۆرەیە: «سۆفی بە سەر و ڕیشی بە خەرقەیی سەر و دۆشی».

٢. [مەسئەلەی کوحل: بەو مەسئەلە ڕێزمانیە ئەڵێن لە زمانی عەرەبیدا کە «اسم التفضیل» کار لە سەر «اسم ظاهر» ناکا مەگەر بەو مەرجانەی کە لە میسالی «ما رأیت احداً أحسن في عینه الکحل منه في عین الحبیب»دا هەیە، ئەم میسالەش ناوبانگی بە مسئەلەی کوحل دەرکردووە. واتە: کەسم نەدیوە کلە لە چاویدا جوانتر بێ لەو کلەی وا لە چاوی یارەکەمدایە. سەواد: ڕەشی. شاز: بێ وێنە، تاك، لە یاسا دەرچوو]. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «شازە» وشەی «شانە» هاتووە وە لە جیاتی «برۆشی» وشەی «برووشی» هاتووە. مەسەلەکەش لە سەر «چاو و برۆیە» نەك «شان و برووش»!! بۆیە ئێمە پشتمان بە دەقەکەی گۆڤاری «ر.کوردستان» بەست و وەکوو ناو هەڵبەستەکە تۆمارمان کرد.

مـــوشعیر بـــه وەفـــاتی مـــنی مـــیسکینی فـەقیرە
وا ڕووتە لە خەت بەرگی سیای مـاتەمی پـۆشـی[١]

«حــاجی» لە تـەوافـی حـەجەرولئەسوەدی خـاڵی
گریانە "سەفا"بەخشی نەوەك "سەعی" و خرۆشی[٢]

(٨)

بەم نەحوەیە سەرفی عیشقبازی[٣]

بەم «نەحو»ەیە «سەرف»ی عیشقبازی
مـــــوستەقبەلی کـــەمترە لە مـــازی[٤]

یـــەعنی لە مـــەدا کـــە بـــیکوژە زوو
بـــێ فـەرقە حـەقیقەت و مـەجازی[٥]

---

١. [موشعیر: بێدار و وریاکەرەوە و پیشاندەر].

٢. [حەجەرولئەسوەد: ئەو بەردە ڕەشەیە لە پەنای ماڵی کابەدا کە حاجی لە عـاستی ئـەوەوە دەست بەگەڕان و تەواف ئەکات. حاجی لەگەڵ باسی خۆشەویستەکەیدا ئاماژە بە مەناسیکی حەج، وەکوو: سەعی (هاتوچۆ) سەفا و مەروە، تەواف، دەکا].

٣. ئەم هەڵبەستە لە سەرچاوە چاپکراوەکاندا حەوت دێڕە بەڵام لە دەقی «م.ر.س»دا بووە بە «٩» دێڕ.

٤. [سەرف و نەحو: دوو زانستی زمانی عەرەبین و هەروەها «نەحو» مـانای شـێوە و جـۆر و «سەرف» مانای گۆڕان ئەگەیەنن. واتە: بەم شێوە (نەحوە) گۆڕانکاری (سەرف) لە فـەرمانی عەشقبازیدا بکەی زەمانی داهاتووی لە ڕابردوو کـەمترە و بـەرەو تـەواو بـوون دەچـێ]. بـۆ ساغکردنەوەی سەرەتای ئەم هەڵبەستە پشتمان بە دەقـەکـانی «م.ر.س» و «م.م» و «ع.س» بەست و تۆمارمان کرد.

٥. [کوشتن بە دوو مانا دێ یەکێ مانای ڕاستـەقینەیە (حـەقیقەت) واتـە: تـێدابـردن، دووەم مانای ناڕاستەقینە (مەجاز) واتە: لێدانی تـوند و زۆر]. لە دەقـی «گ.م»دا نـووسراوە: «یـعنی لەمەدا کە بێن بیکوژە زوو!!».

ئـەم شـیعرە زەریـفە خـەتتە چـاکـە
نــووسیومەتەوە لە ڕووی بــەیازی[١]

"کەششاف"ی ڕمـووزی ئـایەتی تـۆ
"تەفسیری کـەبیر"ی فـەخری ڕازی[٢]

بــــۆ قـــەددی زراوی بــــێژراوە!
نــیزە و عـــەلەم و مــەسافە غـازی[٣]

نــەیداوەتــە مــن خـــودا بـە مـفتی
بەم مەشرەبە خۆت مەکـە بـە قـازی[٤]

ئـــەم قـــافیە شـایەگـــانە ئـــەمما
عــەیبی نــییە جــاهیلی بـــە ڕازی[٥]

ئەو ڕزقی مـوقەڕڕەرە بـە خـۆی دێ
سـەد دەفـعە بـخوازی یـا نـەخوازی

---

١. [بەیاز: پاک نووس، بەرانبەر بە چڵک نووس (مسودە)].

٢. [کـەششاف: وەدەرخـەر و وەڕووخـەر، کـتێبێکی بـەنرخـی زومـەخشەرییە لە زانستی تەفسیری قورئاندا. کەبیریش واتە: گەورە، هەروەوا تەفسیری کـەبیری ئـیمام فـەخری ڕازیش دەگرێتەوە].

٣. [مەساف: جێی ڕیز بەستن]. قەددی زراو: قەددی زراف، قەددی باریك.

٤. بە مفتی: بە خۆڕایی. [هەروەها حاجی بـە وشـەی «مـفتی»، سـووکە ئـیلتیفاتێکیشی بـە «موفتی» بە مانای فتوادەر، بـووە؛ چـونکە بـە پـێی ڕێنـووسی کـۆن هـەردووکیان وەك یـەك نووسراون]. دێڕی پێنجەم و شەشەم تەنها لە دەقی «م.ر.س»دا هاتووە.

٥. قافیەی شایەگان: ئەو جۆرە قافیەیە کە پیتی عەرەبی وەکوو: «ض.ظ.ذ» لەگەڵ پیتی غەیرە عەرەبی وەکوو «ز» یەك حیسابیان بۆ بکرێ هەر وەکوو لەم هەڵبەستەدا وشەی وەك: «ماضی» و «قاضی» لەگەڵ وشەکانی «مەجازی» و «غازی» و «دەنازی» بوون بـە قـافیەی هـاوکێش و هاودەنگ.

قـــیرتاسی و شـەهرەوایـە «حـاجی»
نــەقدینەیی تــۆ بـە چـی دەنـازی![1]

(٩)

مەتنی کوتوبی ئەم دووە

مەتنی کوتوبی ئەم دووە بـا شـەرحـی کـرابـێ
ئیشکالی ڕموزی مـەسەلەی قـازیی مـا بـێ[2]

قازی هەڕۆ سینەت سـوپەری تـیری قـەزا بـێ
وەك دینی ڕەوافـیز بـەدەنت بـێ‌سـەروپا بـێ[3]

خۆت حاکمی ئەم مەسئەلەیە کەی دەبێ وابێ
پیری وەکوو تۆ «ماهی» هەبێ و ماکەری گابێ

بێ مروەتێ بـەم مـروەتە قـەت مـروەتی نـابێ
سەد دەفعەکەریش هەروەکوو تۆ مروەتی گابێ[4]

---

١. [قیرتاس: کاغەز، شەهرەوا: بەو پارەیە دەڵێن کە نرخی لەو ناوەی کە هەیەتی کەمتر بێ، جا لەبەر ئەوە، بێجگە لەو وڵاتەی کە لێی دراوە، لە هیچ وڵاتێکی‌تر بایەخ و برەوی نییە].

٢. [وەکوو موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: ئەم پارچە شیعرەی حاجی بۆ لێدوانی ڕووداوێکی نێوان قازیی شوێنێك و ئافرەتێك کە «مروەت»ی ناو بووە، داناوە. «قازیی ما» فارسییە واتـە: قازیی ئێمە، هەروەها لەو قازییەکەگوایە قازیی مێیان بووە، یان قازیی بێ‌حورمەتی وەك ماکەر بووە. ـهەنگاوێ‌تر: ٢٢٠].

٣. لە دەقی «م.ر.س»دا بەمجۆرە هاتووە: «قازی سەر و سینەت سوپەری تیری قەزا بێ».

٤. لە دەقی «گ.م»دا نیوە دێڕی یەکەم بەمجۆرە هاتووە: «بەم مروەتە بێ‌مروەتییە قەت بڵێ: نابێ». [موحەممەدی مەلاکەریم بە نابەدڵی مانای ئەم بەیتەی کردووەتەوە ئەڵێ: لێی دڵنیا نیم، واتە: هیچ کەسێك لە خۆیا بێ‌مروەت و نامەرد، بە هۆی دەس بە سەراگـرتنی ئـەم ئـافرەتە

«حاجی» دەڵێ ئەم میسرەعە تەئریخییە قـازی
«انصافی نـیە، عـاری چـیە، مـروەتی گـابێ»[۱]

(۱۰)
تا سالیکی مەسالیکی

تــا ســالیکی مــەسالیکی مـوڵکـی قـەناعەتی
بــاکت نــەبێ لە ڕێگـر و ئـەهلی شـەقاوەتی[۲]

ســۆفــی عــیبادەتی هـەموو مـەکـرو ڕیـوەیە
گەر "شێری نەڕ بە گوێ بگرێ" پەشمە تاعەتی[۳]

☞

(مروەت) ناوەوە نابێ بە مەرد و خاوەن مروەت. با بڵێین کەریش سەد جار لەم مروەتە بپەڕێ و سواری ببێ، ئاخۆ بەوە لە کەریی خۆی ئـەکـەوێ و ئـەبێ بـە بـنیادەم و خـاوەن مـروەت؟ ـهەنگاوێ‌تر: ۲۲۲.].

۱. لە دەقی «گ.م»دا نیوە دێڕی یەکەم بەم‌جۆرەیە: «هەر «حاجی» دەڵێ ئەم قسە...تاد»

تێبینی: بۆ زانینی حیکایەتی دانانی ئەم شیعرەی حاجی، بـڕوانـە پـەراوێزی لاپـەڕە «٨٤»ی دیوانی حاجی قادری کۆیی چاپی گیوی موکریانی، هەولێر ۱۹٦۹.

[ئەم مێژووە بە پێی حرووفی ئەبجەد دەکـاتە (۱۲۸٥) جـا لەبـەر ئـەوەی حـیسابی ئـەبجەد دروست دەربێت پێویستە بە شێوە ڕێنووسی کۆنی کوردی بنووسرێ].

۲. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «موڵکی» نـووسراوە: «ڕێگـەی» وە لە جـیاتی «بـاکت نـەبێ» نووسراوە: «عاجز مەبە».

۳. ڕیوە: فێڵ. شێری نەڕ: شێری نێر، نێرە شێر. دێڕی نیوە شیعری دووەم بـیروڕای حـاجی دەردەبڕێ بەرامبەر دینداری تورکە عوسمانلییەکان و شێخەکانی سەر بە ئەوان.

«شێر بە گوێ دەگرێ» یاخود «شێری نەڕ بە گوێ بگرێ» ئەمە ئیدیۆمێکی کوردییە و بە مانای ئازایەتی دێ، حاجی لەم شیعرەدا بەکاری هێناوە. بنواڕە: جەلال مەحموود عەلی، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەغدا ۱۹۸۲، ل:۳٤۲. [پەشمە تاعەتی: واتە: بێ کەڵکە خواپەرەستییەکەی].

ئیخلاسه ئەسلی مەقسەد و خۆڕا شەقی دەبێ
واتێدەگا بە سەرمەقولاتە سەعادەتی[1]

بێ مەعریفەت مەبە لە تەریقی حەقیقەتا
سەر مەنزیلی شەریعەتە جێگەی سەلامەتی

ناگەن بە حیز و ڕێگری ئێمە لە موڵکی ڕۆم
عەللامەیی ویلایەت و شێخی ویلایەتی

مەفهوومی دوو حەدیسی سەحیحم لە بەیتەکا
جێ کردەوە نەزەر بکە کوردی و فەساحەتی

دونیا سەگی لە ئۆغڵەمە تۆقیوە تالیبی
نەیماوە هەر وەکوو سەگی پێ سووتوو ڕاحەتی[2]

سەد قوببەیی خەورنەق و سەددی سکەندەری
ناگاتە بەیتە کاولی «نالی» و مەتانەتی[3]

ساقی کەریمە بادەیی بەزمی «أَلَستُ»یە
«حاجی» لە جامی قەلبی شکاوە شیکایەتی[4]

---

١. [شەقی: بەدبەخت و تاوانبار].
٢. [ئۆغڵەمە: شەڕ بەتێکچڕژان و ڕژانەسەر یەك].
٣. [خەورنەق: ئەو کۆشکەیە بۆ بەهرامی کوڕی یەزدگرد لە پەنای چۆمی فوراتدا کراوەتە. سەددی سکەندەر: دیواری چین، بەیت: ماڵ، یان دێڕێ شیعر. مەتانەت: قایم و پتەوی، یان حورمەت و مرووەت].
٤. [ئاماژەیە بە ئایەتی: ﴿أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَىٰ﴾ کە خوای مەزن لە عالەمی ڕۆحدا تەواوی ڕۆحەکانی بانگ کردووە و ئەم پرسیارە لێ کردوون: «ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟» ئەوانیش تێکڕا وتوویانە: بەڵێ تۆ خوای ئێمەی].

(١١)

کە هەستا قامەتی بەرزی

کــە هــەستا قـامەتی بـەرزی لە فـەرقی تـاوەکـوو ئـەرزی
پــەرێشـان زوڵفـی سـەد تـەرزی بـەیەکـدا دارژا و لەرزی[١]

لە دەوری تـــابەتا وەســـتا لە تـــەشبیهی دڵی وەســـتا
موعەتتەل بـوو گـوتی: ئـێسـتا لە چـین و پـێچش و تـەرزی

سەدای «یـاحیّ»ی دەروێشـان لە تـرسی زوڵفـی پـڕ چـینی
لە عیسا عەرسەیی گەردوون بە تەنگ هات هەروەکوو دەرزی[٢]

لە سـەودای زوڵفـی پـڕچـینی لە نـێو چـینی نـومایان بـوو
خەتا و چین و خوتەن یەکسەر گرفتار بوون لە ژێر قـەرزی[٣]

هەڵیدا زوڵفی چـەوگانی کـورەی خـورشیدی دا بـەر شـەق
کە دایدا چی مەلایك بـوو لە گـەردوون هـاتەسەر ئـەرزی[٤]

حەیای چوو چەتری تاووس بارەگاهی شەعشەعەی خورشید
کــەمەندی پـیلەتەن، زنـجیری داود، گـورزی گـۆدەرزی[٥]

---

١. فەرق: تەوقی سەر، واتا لە تەوقی سەری تا دەگاتە عەرد. لە چـەند دەقـێکـدا ئـەم بـەشە دێڕەی دووەمە بەمجۆرە هاتووە: «بەسەر یەکدا ڕژا و لەرزی».

٢. [ئاماژەیە بە بەرز بوونەوەی حەزرەتی عیسا بۆ ئاسمان و چوونە خزمەتی خۆشـەویستی ڕاستەقینەی].

٣. خەتا و خوتەن: دوو ناوچە و شارن لە تورکستان بەجۆرە مامزێك ناسراون کە لە نـاوکیان نایابترین بۆنی میشکیان لێ وەردەگیرێ.

٤. [چەوگان: گۆچان، ئەو دارە سەر خوارەی کە پێی لە گۆ ئەدرێ لە یاری چەوگاندا].

٥. [شەعشەعە: تیشك و ترووسکە. پیلەتەن: هەیکەل وەك فیل، نازناوی ڕۆستەمی پاڵەوانە. داود: داودی پێغەمبەر کە لەگەڵ جالووتدا شەڕی کرد. گۆدەرزی: پاڵەوانێکی ئێرانییە چیرۆکی لە شانامەی فیردەوسیدا هاتووە].

دەقیقەك بێ سەری موویەك لە زوڵفی وەرگەڕێ مەودا
لەگەڵ سوبحی قیامەتدا دەکا بێ تەقیە سەربەرزی[١]

مریدان مەست و سەرخۆشن لە نەشئەی بادەکەی دەستی
مەلاییك جوملە بێهۆشن بە نازی چاوی پڕ ڕەمزی[٢]

مورادی من مریدی خالیسە خەیباتییە کاری
مەلاییك سوورەتە، ئاهوو نیگاهە، «حاجی»یە تەرزی

(١٢)

لەسەر تەنافی کە لەرزی[٣]

لەسەر تەنافی کە لەرزی هەتیوی سندووسی
شکا مەتاعی زەریفی و قیمەتی لووسی[٤]

تەنافی پردی سیراتە مونازیران مەحشوور
مەکانی مەلعەبە حەشرە لە موئمنین و ڕووسی[٥]

---

١. [تەقیە: ترس و خۆشاردنەوە، یان «طاقیە» واتە: کڵاو].

٢. [موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: بە هەڵە نووسیبوومان: «بادەکەی دەستی» لە کاتێکدا لە دەسنووسەکاندا «بادەیی دەستی»یە. ـهەنگاوێ‌تر: ٢٢٧].

٣. ئەم قەسیدەیەی حاجی لە دەقی «ع.س» و «گ.م»دا حەوت دێڕە شیعرە، بەڵام لە دەقی «م.ر.س»دا حەڤدە دێڕە و هەندێ دێڕی بە عەرەبین و بەداخەوە شلۆق و نارێکن.

٤. لە بارەی جێگای دانانی ئەم قەسیدەیە، خوالێخۆشبوو مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا نووسیویە دەڵێ: کاتی خۆی تەنافباز هاتوونەتە کۆیە و ئەمین ئاغای ئەختەر و حاجی قادر بەیەکەوە چوونەتە سەیری و ئەمین ئاغا داوای لە حاجی کردووە ئەم قەسیدەیە لەسەر ئەو بەزمە بنووسێ. بەڵام کاك مەسعوود موحەممەد بەڵگەی بەهێزی بە دەستەوەیە بۆ ئەوەی حاجی قەسیدەکەی لە سندووس یان لە جێگەیەکی تری کوردستانی ئێران داناوە؛ بڕوانە: مەسعوود موحەممەد، حاجی قادری کۆیی، ب٢، بەغدا ١٩٧٤ ل: ٣١٤ـ٣١٥.

٥. مونازیران: تەماشاگەران.

سەمایە عەرسەیی بازی گوریسی کاهکەشان
ستارە نازیر و ماهیش هیلالی مەعکووسی[١]

شوعاعی شەعشەعەیی شەمعە مەشعەلی ماهی
لە شەرمی تەلعەتی ئەو شەو دەیێتە جاسووسی

دوو چاوی عەینی نەخۆشی لە نێو سەری زوڵفی
گران و سووکە لە ترسی ڕەقیبی کابووسی

لە کونجی خانەقە سۆفی خزا و نەیزانی
تەماعی دینی نەبێ یا ئەمانی نامووسی[٢]

وا حەشرە سۆفی بفەرموو هەتا لە دونیادا
سیاهڕوو ببی و خەڵق بزانێ سالووسی[٣]

عیونی تنقطعُ من نِعمةِ اللّٰهِ
اَذِقْني دَمْعي إلیٰ ما تبلُّ ملبوسي[٤]

و عیْني عادَ لِتَبکي فما استطالَ لَنا
علیٰ فراقِ مَن أَهْویٰ یکونُ مَأیوسي[٥]

---

١. بازی: یاری، گەمە.

٢. ئەم بەیتە لە تێکستەکەی کاك کەریم و کاك سەرداردا نەنووسراوە. موحەممەدی مەلا کەریم.

٣. سالووس: فڕوفێڵ.

٤. [هەرچەند مامۆستا موحەممەد فەرمووی بۆم ڕاست نەبۆتەوە، بەڵام پێم وایە ئەکرێ بەم شێوە مانای لێ بدرێتەوە: چاوەکانم نیعمەتی خودایان، کە فرمێسکە و وەکوو باران وایە، لێبڕاوە، ئەدی تۆش فرمێسکی چاوم بڕژێنە و بمهێنە گرین تا جلوبەرگم دەخووسێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە «أذقني» بە هەڵە دابنێین و «أرقني» ڕاست بێت].

٥. بەش بەحاڵی ئەم دوو بەیتە کە لە تێکستەکەی کاك کەریم و کاك میراندا نەنووسراوەتەوە ئەبێ بڵێم بۆ منیش ساغ نەکراوەتەوە، لەبەر ئەوەی وەك خۆیان نووسینمەوە، بەڵام ئەبێ

فیدایی لەنگەری دەستی سینانی "کـەیکاووس"
درەفشی "کاوە"، ڕمی "گیو" و نێزەیی "تووسی"[١]

کە هات و کەوتە سەما عـیسەوی شکـا و نـەما
هـەلا هـەلایی کـلیسا، سـەدایـی نـاقووسی

کە هاتە خەندە و فەرمووی: یەڵانـجی مـاشەڵڵا
بە سـادیقی بـووە عـیسایی مـیللەتی مـووسی[٢]

هـەچی کـە هـاتە تـەماشا بـە نـووکی مـوژگانی
«فَـــهٰؤُلاءِ عَـــبيدي»ی لەســـەر دڵی نـــووسی[٣]

بە وەسفی قەترە بە دەریایە شاعیری وەکوو مـن
ئـەگـەر بـە قـافیە دانـێم لوغـاتی قـامووسی

☞

ئەوەندە بڵێم دوور نییە لە بەیتی یەکەمدا «عیوني تنقطُ دمعاً» بووبێ و لە بەیتی دووهەمیشدا ئەبێ «عادت لتبكي فما استطاب لنا» بووبێ. «موحەممەدی مەلا کەریم».
[ئەم بەیتە هەروەك مامۆستا موحەممەد ئاماژەی پێ کرد، هەندێ گرفت و نارێکیی ڕێزمانی تێدایە، بەڵام سەرجەم ئەکرێ ئاوەها مانای لێبدرێتەوە: چاوەکانم پاش ئـەوەی وشك بـوو بوون دیسان هاتنەوە گرین، ئیدی کەوابوو نا ئومێدی ئێمە بـۆ دووری خـۆشـەویستەکـەمان زۆری نەخایاند].

١. [حاجی لەم بەیتەدا ئاماژەی بە چەند کەسایەتییەك و ئەو شتانەی ئـەوان پـێی بـەناوبانگ بوون، کردووە، وەك: کەیکاوس: پادشایەکی ئێرانییە لە پاشا (کیانیەکـان). سـینان: سـەرەڕم. درەفشی کاوە: ئەو لەتە چەرمەی کە کاوەی ئاسنگەر وەکوو ئاڵایەك کردیە سەر ڕمەکەیەوە و چوو بۆ شەڕ لەگەڵ زەحاکدا. گیو: کوڕی گۆدەرز و زاوای ڕۆسـتەمی زاڵە. تـووس: ئـیبنو نەوزەر، یەکێکی ترە لە قارەمانانی شانامە. شاری تووس = مەشهەد].

٢. ئەم بەیتەش هەروا لە تێکستەکەی کاك کەریم و کاك میراندا نەنووسراوە: «مـوحەممەدی مەلا کەریم».

٣. [هؤلاء عبیدی: ئەوانە کۆیلەی منن].

له قــــافیه شــوعەرا عـــەیبە لابــدەن ئـــەمما
بە یادی چاوی ئەمن لادەدەم بە مـەخسووسی[١]

جەبینی ماه و ڕوخی میهرە، زوڵفی شەو دەهەنی
سەبەب بە قافیه تەنگی بوو «حاجی» نەینووسی[٢]

(١٣)

سەد وەکوو ڕۆستەم

سەد وەکوو ڕۆستەم بە دڵ قەمچی لە ڕەخشی دا، بەزی
وەك گــەیشتە خـەندەکـی پـایانی عـومری دابـەزی[٣]

ڕۆژتــە ئــەی بـادی نـەورۆزی لە بـن بـەفری گـران!
کانی پێی سڕبوو چناریش دەستی چوو پەنجەی تەزی[٤]

سونبولی زولف و گوڵی ڕوخسـار و سـەروی قـامەتی
مـانگی نـیسان و گـوڵان نـەیدی لە نـێو بـاغ و ڕەزی

دولبەرم تەنها کە بوو لەو بـەینە خـۆی ڕووت کـردەوە
من دڵم خۆش بوو کەچی دووبـارە دایـپۆشـی کـەزی

١. لە دەقی «ع.س» و «گ.م»دا نیوە دێڕی شیعری یەکەم، بەمجۆرە نووسراوە: «لە قـافیەی شیعر عەیبە لابدەین ئەمما».

٢. نیوە دێڕی یەکەم لە دەقەکانی «ع.س»و «گ.م»دا بەمجۆرە هاتووە: «جەبینی ماه و ڕوویی میهرە، زوڵفی دەیجووری» بەڵام ئێمە ڕاستییەکەمان لەسەر دەقی «م.م» وەرگرت.

٣. [ڕەخش: ئەسپەکەی ڕۆستەم]. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «پایانی» وشـەی «دوامـێنـی» هاتووە.

٤. دیسانەوە لە هەمان دەقدا لە جیاتی «بادی نەورۆزی»، «بایی نەورۆزی» هاتووە. هەر چەند «بایی» لە چاو «بادی» کوردیترە، بەڵام ئێمە لەو ڕایەداین حـاجی بـە پـێی زمـانی ئـەدەبی سەدەی نۆزدەهەم گوتوویەتی «بادی نەورۆزی...».

غـــەمزە دەسـتی کـردە نـاز و مـاری زوڵفـی داخـزی
دڵ لە بەر پێی کەوتبوو ئەم دەیدزی و ئـەو دەیگـەزی

چـاکـی سـینەم بـۆچـی ئـەو خـەییاتە نـایدرویێتـەوە
چـــاوی بـیماری وجـوودی کـردمە دەرزی و دەزی[١]

حاجیب و «حاجی» هەموو ڕۆژێ بەگژ یەکدا دەچوون
بێحەیا بوو ئەو سەگە عاری نەبوو «حـاجی» بـەزی[٢]

(١٤)

هەموو عومرم

هــــەموو عــــومرم لە ڕێی هـــات و نـــەهاتی
بـەسەرچـوو ئـەی ئـەجەل هـەر تـۆ نـەهاتی

لە دەســــــتی حـــاجیبت چـــاوم غـــولامت
بـــــەراتـــی قـــەبرە، پـــەیکانە خـــەڵاتـــی[٣]

بـــە ڕوخ فـەرزە غـوباری سـوممی ئـەسپت
بـــــماڵم شـــاهی پـیلئەفگەن بـــە مـــاتی[٤]

---

١. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «چاکی سینەم»، «چاکی سینگم» نووسراوە.
٢. هەر لە هەمان دەقدا نووسراوە: «عاری هەبوو» کەچی مەبەستی حاجی سەگەو سەگیش دیارە بێحەیایی لێ دەوەشێتەوە. وا ڕاستە بنووسرێ «عاری نـەبوو» [حـاجیب: پـەردەدار و درگاوان، ئەم ئیشە وەکوو ئیشی سەگان وایە، بە مانای برۆش هاتووە].
٣. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «قەبرە» وشەی «قیرە» هاتووە.
٤. [حاجی لەم بەیتەدا وەك شوێنەکانی دیکە بە یەك تیر و دوو نیشان دوو مـانای پێکـاوە، یەکەم: ئاماژەی کردووە بە هەندێ لەکەرەستەی شەترەنج، دووەم: مانا ڕاستەقینەکانیەتی بەم

لە تـــاوی خـــوسرەوی ســـەییارە ئـــەنجوم
هـــەڵاتـــن، یـــاری مـــن تـــۆ هـــەڵنـەهاتی[١]

لە ڕەهـــنی وی دەبـــێ ســـۆفـی وەکـــوو مـــن
بکـــا پـــێشکـــەش هـەموو سـەوم و سـەلاتی

دەزانـــــم «رَحْـــــمَةً لِـــلْعالَمین»ی
لە بـــەدبەختی مـــنە کـــەم ئـــیلتفاتی[٢]

چ گـــەنجێکـــە ئـــیلاهی گـــەنجی حـــوسنت
لە هـــیچ دیـــنێ نـــەبوو واجـــیب زەکـــاتی

لە تووشی خۆم بوو هەرچی تووشی خۆم بوو
لە دەســـتی خـــۆیـــەتی «حـــاجی» شکـــاتی[٣]

☞

شێوەیە: ڕوخ: ڕوخسار، ڕوومەت. قـەڵا: مـۆرەیـەکـە لەم سـەر و لەو سـەری شـەترەنجەوە دائەنرێ و ڕاست ئەگەڕێ. ئەسپ: نێرینەی مایین، مۆرەیەکی تری شەترەنجە کە بە شێوەی (L) دەگەڕێ. شاه: پاشا، مۆرەی ئەسڵی شەترەنج کە بە کیش و ماتی یاری تەواو ئەبێ. پیل: فیل، مۆرەیەکە سووچا و سووچ دەگەڕێ. مات: مەلوول و سەرگەردان، بردنەوە و تەواو بوونی شەترەنج]. هەر لە هەمان دەقدا لە جـیاتی «بـماڵم» نـووسراوە: «بـە بـاڵم». پیل ئەفگەن: ئـەو پاڵەوانەی کە فیل لە عەرد دەدات. دێڕە شیعری دووهەم و سێهەم لە دەقـەکـانی «م.ر.س» و «گ.م»دا هەنە و لە دەقی «ع.س»دا نەهاتوون.

١. [خوسرەوی سەییار: هەتاو. ئەنجوم: کۆی نەجم، ئەستێرە. هەڵاتن: ڕاکـردن و بـزربوون، یان خۆرهەڵاتن]. لەدەقی «م.ر.س»دا لە جیاتی «هەڵنەهاتی»، «هەرنەهاتی» هاتووە.

٢. لە دەقی «گ.م»دا نووسراوە: «لە بەختی من بوو واکەم ئیلتیفاتی».

٣. تووش: تووشی یەکەم: تووڕەیی و سەرگەرمی، [بەدفەڕی و بێ ئـاکـاری]یـە، و تـووشی دووهەمیش: بە مانای بەسەرهات و تووشبوون دێ.

(١٥)

ئەی سولەیمانی زەمان[١]

ئـەی سـولەیمانی زەمـان و شـەیخولئیسلامی ئـەنام
قاسیدی ڕێگەی هـیدایـەت هـودهودی دانـا دەبـێ[٢]

مـن هـومام و قـوللەیی قـافی قـەناعەت جـێگـەمە
لایـقی پـەیغامی ئـەو پـەرویزەیە عـەنقا دەبـێ[٣]

بـۆ حـوزووری قـادری بـۆچـی دەنـێری مـاکـیان
ماکیان ئەمری لە سەر شاهێن لە کـوێ ئـیجرا دەبـێ[٤]

وەختی پەیغامت خورووسێکی هەزار پۆپـەم هـەبوو
دایە بەر شـەق قـاسیدێ وا بـێ جـەوابـی وا دەبـێ[٥]

تا هەڵێنێ زاغی شەب تاووسی هـێلکـەی سـوبحدەم
مەزرەعەی چەرخیش لە توخمی نەجمی تا ئاوا دەبێ[٦]

دانـەیی خـەرمانی عـومری تـۆ لە مـینقاری ئـەجەل
دوورە، سەر سەوز و موتەڕڕا بێ هـەتا دونـیا دەبـێ[٧]

---

١. ئەم هەڵبەستە تەنیا لە سەرچاوەی «گ.م»دا هەیە.

٢. ئەنام: «أنام»، خەڵك. هەڵبەستەکە لە دێڕی دووهەمی دەست پێ دەکا. چونکە نیوە دێڕی یەکەمی بێسەروایە.

٣. هوما: باڵندەیەکی خەیاڵییە، تەیری بەختیشی پێ دەڵێن. [قوللەی قـاف: نـێوی لووتکـەی چیایەکی خەیاڵییەکە هوما یان سیمورغ لەوێدایە].

٤. ماکیان: مریشك (وشەیەکی فارسییە).

٥. خرووس: کەڵەشێر (وشەیەکی فارسییە). پۆپە: پۆپنە، پۆپیتە، پۆپنەی کەڵەشیر.

٦. سوبحدەم: سەردەمی بەیانی. [نەجم: هەم بە مانای ئەستێرەیە و هەم بە مانای گیایە، بـە قەرینەی مەزرەعە و توخم].

٧. [موحەممەدی مەلاکەریم «دوور و»ی بەلاوە لە «دوورە» ڕاستترە. ـ هەنگاوێ‌تر: ٢٣٧].

(١٦)
نەققاشی دەمی

نـــەققاشی دەمـی نـوقتەکـی دانـا بـە نـیشانی
زانـــی کـــە زەمـی کـردووە، بـێزارە لە مـانی[١]

وەسفی کەمەرت غەیری دەمی تۆ نییە بـیکات
بێ نوقتە بڵێ ئەو خـەتی مـەعدوومە بـەیانی[٢]

سوورەتگەری سەرلەوحەیی دیوانی مەلاحەت
دوو یوسفی کێشاوە بە بـێ ئـەووەل و سـانی[٣]

فەرقێکی نەبوو غـایەتی ئـەو کـردییە سـووکی
زوو هات و ئـەتۆ بـاعیسی نـازت بـە گـرانـی

پێمخۆشە غەزەل فەرشی قودوومی عوقەلا بێ
نەك بێن و لەبەرکەن جوهەلا لەفـز و مـەعانی[٤]

ئیمکانی لەکن ئەو عولەمای مـوو دەقـەڵێشـن
عــەنقا و وەفــا بـــوو چ مـــیانی چ دەهـانی[٥]

---

١. لە دەقی «م.ر.س»و «گ.م»دا نووسراوە: «نوختەکی»، بەڵام ئێـمـە لە سـەر دەقـی «ع.س» کردمان بە «نوقتەکی»چونکە لەو باوەڕەداین کە زمانی ئەدەبی حاجی لە سەدەی پێشوو بەو جۆرە بووە «نوقتەکی» = «نقطەکی» بەکار هێناوە نەك وەکو ئەمڕۆ نووسیبێتی «نوختەکی». لە دەقی «م.ر.س»دا لە جیاتی «زەمی کردووە» نووسراوە: «دەمی کردووە».

٢. ئەم بەیتە لە یەکێ لە دوو دەستنووسەکەی لای مندا هەبوو لێرەدا نووسیمەوە. ـ موحەممەدی مەلاکەریم.

٣. مەلاحەت: جوانی.

٤. لە دەقی «م.ر.س»و «گ.م»دا لە جیاتی «نەك بێن و لەبەرکەن»، «بێت و لەبەرکەن» هاتووە.

٥. دەهان: دەم، زار. لە دەقی «گ.م»دا نووسراوە «حاجی بکوژن بەسیە» بەڵام لەسەر دەقـی «ع.س» وشەی «خێرە»مان نووسی، چونکە گونجاوترە و لە دەقێکی کۆنترا هاتووە.

[ساقی بە فیدات بم لەگەڵ ئەو دەرەیی جامت
بۆ مەجلیسی ئێمەش بکە یەك جورعەفشانی][١]

تا دەستی نەدا خەنجەری نەیفەرموو دەسا دەی
«حاجی» بکوژن خێرە ئیتر مەیدەن ئەمانی

(١٧)

مەهو میهری بە غارەتدا[٢]

مەهو میهری بە غارەت دا بە شوعلەی شەمعی ڕوخساری
گولستانیش بە یەغما چوو لە تەنگی غونچەیی زاری[٣]

لە نەشئەی دیدەیی مەستی هەموو مەیخانە وێرانن
هەموو کەس بەستە زوننارە لە سەودای زوڵفی تاتاری[٤]

ڕەوان پەروانەیی نارە، منیش وەك چاوی بیمارم
زەمانم وەك شەوی تارە، دلا وەك غونچە خونخواری[٥]

دڵ و جان و ڕەوان و تەن، وەکوو ئیمان و دینی من
فیدای ڕوخساری گوڵناری، نیساری زوڵفی تەڕڕاری[٦]

---

١. [موحەممەدی مەلاکەریم، ئەم بەیتەی لە کەشکۆڵی مامۆستا حەمە بۆر وەرگرتووە و ئەم شوێنەی بۆ دیاری کردووە].

٢. ئەم هەڵبەستە لە دەستنووسێکی لای موحەممەد عەلی قەرەداغی وەرگیراوە.

٣. مەه و میهر: مانگ و ڕۆژ. بە یەغما چوو: بە تاڵان چوو.

٤. [زوننار: پشتێندێکە زەردەشتی یان خاچپەرستان لە پشتی دەبەستن].

٥. ئەم بەیتە لە کەشکۆڵێکی «حەمە ڕەش» ناوێکدا هەبوو موحەممەد عەلی قەرەداغی وێنەی گرتووەتەوە و منیش لێرەدا نووسیمەوە. «موحەممەدی مەلاکەریم».

٦. [تەڕڕار: تەڕدەست، ساحیر].

دەخیل ئەی چاوی جادووگەر بفەرموو مەردومان یەکسەر
دەڵێن خەوتووی بێداری، دەڵێن مەخمووری هوشیاری

شوعاع و شەعشەعەی میهری، ئەشیععە و میشعەلی بەدری
لە سایەی پڕتەوی ڕووتە، بە قوربان نووری یا ناری؟[1]

بپرسە «حاجی» تۆ جارێ لە زوڵف و پەرچەمی خواری
بڵێ: گەر تاری بۆچ ماری؟ بڵێ: گەر ماری بۆچ تاری؟[2]

(١٨)

لە عەینی لەعلی کانی

لە عەینی لەعلی کانی خەتتی سەبزی بوو بە میوانی
نەنازێ با "خزر" ئیتر کە مەشهوورە بە حەیوانی[3]

هەتا کوحلی غوباری پێی نەکاتە چاوی خۆی مەردوم
سەوادی خوێندنەوەی نابێ شکستەی خەتتی ڕەیحانی[4]

کە هات و کەوتە حەڵقەی گێژی مریەم ئەو دەمە یەکسەر
ئەرەستۆش وەك فلاتوون توون بە توون چووکەوتە حەیرانی[5]

---

١. پڕتەو: تیشك، ڕووناکی.
٢. تار: داو، تاڵ.
٣. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «بوو بە میوانی»، «تۆ بە میوانی» نووسراوە. مانای نیوە دێڕی دووهەم هێمایەکە بۆ «خدری زیندە» کە [وا مەشهوورە] ئاوی ژیانی خواردۆتەوە هەر بە زیندووەتی ماوەتەوە، حەیوانی: بەمانای زیندووەتی دێ.
٤. شکستە: خەتی کۆنی فارسییە [شێوەیەکە لە خەتی نەستەعلیق کە بە نەستەعلیقی شکستە مەشهوورە. کوحل: کلە، سورمە. مەردوم: خەڵك، بیبیلەی چاو]. ڕەیحانی: جۆرە خەتێکی عەرەبییە.
٥. مریەم: ناوی ئافرەتێکی جوانی سەردەمی ئەفلاتوون (٤٣٠ ـ ٣٤٧)پ.ز، بووە. ئەرەستۆ: زاناو فەیلەسووفێکی هەرەگەورەی گریك بووە؛ (٣٨٤-٣٢٢)ی پ.ز.

ئەگەر ئـەم زولفـە مـوشکینە، وەگـەر ئـەم لەعـلە ڕەنگـینە
دەڵێی سـەحرایـی مـاچینە، دەڵێی کـانی بـەدەخشانی [١]

بخوێنە "کافیە" و "شـافی" "کـەمال"ی نـەشئەیی "جـامی"
سەدی وەك "ئیبنوحاجیب" سەرفی عومری کرد لە دەربانی [٢]

بەجێما «نالی» وەك نالی، بە پاشکەوت «کوردی» وەك گەردی
کە «حاجی» غاری دا ئـەسپی لە مـەیدانـی سـوخەندانـی [٣]

•••••••—●—•••••••

(١٩)

دەڵێن: یار دێتەوە

دەڵێن: یار دێتەوە، بابی مـەحەببەت ـ یـاخودا وا بـێ ـ
ئەگەر دوشمن دەڵێ: نـابێ! مـوغەننی تـۆ بـڵێ: نـابێ

---

١. بە دەخشان: ناوی ناوچەیەکە لە وڵاتی ئەفغانستان بە لەعل و یاقووت بەناوبانگە.

٢. کافیە کتێبێکی ناوداری ئیبنوحاجیبە لە زانستی «نەحو = سینتاکس»دا. شافی، شافیە: ئەمەش کتێبێکی تری ئیبنوحاجیبە لە زانستی «سەرف = مۆرفۆلۆژی»دا [بەکار هێنانی وشەی «کەمال» و «جامی» هێمایە بۆ کتێبی «الکمال» و «جامی» کە شەرح و ڕاڤەن لە سەر کتێبی کافیە و شافیە، («الکمال» بۆ شافیە «جامی» بۆ کافیە). هەروەها «ئیبنوحاجیب» لە لایەنی واتاوە بە مانا «کوڕی دەرگاوان»ە کە حاجی بە «دەربانی» ئاماژەی بە مەش کردووە].

٣. [واتە: کاتێ حاجی ئەسپی بەلاغەت و ڕەوانبێژی خۆی تاو دا، نالی وەك ناڵی ئەسپەکەی بەجێما و کوردی وەك گەرد و تۆزی پێی ئەسپی ئەو بەجێما. بەم بەیتەدا دیارە حاجی قادر زۆر باوەڕی بەخۆی بووە و لەوانەیە مەبەستی لە بەجێ‌هێشتنی نالی و کوردی لە بواری شیعری نیشتمانپەروەری و شیعری ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە بووبێت؛ دەنا نالی پێغەمبەرێکە کە لە نێو کورددا کەس شانی لە شانی نەداوە چ بگات بەوەی کە وەکوو ناڵ لە دووی ئەسپی شیعری حاجی جێ بمێنێت!!!].

دەلەرزێ باغەبان سەروت لە ترسی قامەتی بەرزی
گوتی: ئەم نیکتە بارێکی گرانە تێدەگەی نابێ

لە هیجرەت هەردەمە سەیلی سروشکم ماجەرای چاوم
بە ڕەنگێك ڕەنگی کرد ڕەنگی جیهان باوەڕ مەکە وا بێ

لە ناکاو دولبەرم فەرمووی هەڵستە ئێستەکێ واعیز
لە بۆمان دادەدا وەعزێ، گوتم: باکت چییە با بێ

بە تەزمین فەردەکی «نالی» دەهێنم تا ڕەفیقانم
بزانن فەرقمان زۆرە خەزەف قەت وەك گوهەر نابێ[1]

«کەمەندی زوڵفی دوولانە، لە بۆ گەبر و موسوڵمانە
دەکێشێ بێموحابانە، چ لەملا بێ، چ لەولا بێ»[2]

(٢٠)

گەر خەڵقی جیهان[3]

گەر خەڵقی جیهان یەکسەرە فەریادڕەسم بێ
وەڵڵاهی مەپوندار بە غەیری تۆ کەسم بێ[4]

وا سۆزی دڵم ئاگری بەرداوەتە جەرگم
تۆقیوە هەناسەش نەفەسێك هەمنەفەسم بێ

---

١. [خەزەف: سواڵەت، کاسەتەل].

٢. ئەمە دێڕە شیعرێکی «نالی»یە حاجی بە «تەضمین» بەکاری هێناوە. بنواڕە: د. مارف خەزنەدار، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، بەغدا ١٩٧٧، ل: ١٢٩.

٣. ئەم پارچە هەڵبەستەی حاجی قادر لە هیچ سەرچاوەیەکی چاپکراودا نەهاتووە والێرەدا بۆ یەکەمجار لە دەقی «م.ر.س»ە وە بڵاوی دەکەینەوە.

٤. [مەپوندار = «مپندار»، مەپندار: وامەزانە].

مورغی سەحەرم باڵ و پەڕی وەحشەتی ڕێگەی
هەستان و فڕینم یەکە چەرخیش قەفەسم بێ

نادەم بە هەموو مولکی سولەیمانی زەمانە،
لەم عالەمە ڕووتی چییە هەرگا هەوەسم بێ

هەر شەو بەدزی نەغمە لەسەر سیدرە دەکێشم
با سابیت و سەییارەیی گەردوون عەسەسم بێ [1]

«حاجی» کە نیگارم سەفەری کرد و نەمردم
عەیبم مەکە وەك هاتووە ئەم شەرمە بەسم بێ [2]

(٢١)

داغی کردم بە جەفا

داغی کردم بە جەفا لالەروخێ زیبایێ
پیری کردم بە ستەم لامەزەبێ تەرسایێ [3]

---

١. [سیدرە: دارێکە لە بەهەشتدا. سابیت: ئەستێرە. عەسەس: ئێشکچی و چاودێر بەشەواندا]. چ لە دەستنووسە ئامادەکراوەکەی کاك شارەزا و کاك میران و لە نوسخەکانی لای خۆمدا وشەی «سیدرە» و «عەسەسم» لەم بەیتەدا بە «صدرە» یا «صدر» و «عبسم» نووسرابوون، بەڵام من بۆچوونی خۆم لاموابوو «سدرە» و «عسسم» بووە بۆیە وام گۆڕین. موحەممەدی مەلا کەریم. [مانای بەیتەکەش وەهایە: هەرچەندە هەموو ئەستێرەی سابیت و سەییارە هەیە، هەموو پاسەوانی ئاسمان بن، من گوێیان نادەمێ و هەموو شەو بە دزییەوە خۆم ئەگەیەنمە سەر درەختی «سدرة المنتهیٰ» و دەس ئەکەم بە چریکاندن].

٢. [مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی لەبارەی ئەم بەیتەوە وتوویە: وشەی «هاتووە» نییە و «هاتەوە»یە، چونکە حاجی ئەیەوێ بڵێ: کە یارم سەفەری کرد و من لە فیراقی نەمردم، هەرکە هاتەوە ئەم شەرمەزاری نەمردنە بەسم بێ. موحەممەدی مەلا کەریمیش ئەم بۆچوونەی بەتەواوی بە دڵە. ـ هەنگاوێ تر: ٢٤٧].

٣. [تەرسا: گاور، خاچ پەرست].

تیژبین وەقتی ستەم، گاهی کـەرەم بـێبـەسەرێ
لە وەفــا هــیچ نــەزانــێ لە جــەفا دانــایێ[١]

یاری ئەغیار و بە خۆی موئمین و کافر سیفەتێ
خزمی دوشمن ڕەووش و قاتیلی بێپـەروایـێ[٢]

ناموسوڵمان، سەنەمێ، خوونی موسوڵمان ڕێژێ
سەرکەش و بەدخوو و هەم دڵشکەن و خودڕایێ[٣]

قیسسەیی حاڵەتی ئەو کەشفە لە ڕۆم و عەجەما
نییە وەك «حاجی»یی بێچارە ئەبەد ڕیسـوایـێ

(٢٢)

وا دیارە...

وا دیــارە ڕەســم و قــانوونێکــی دەوران دادەنــێ
کوردی ئێمە گەردشی گەرمێن و کـوێسـتان دادەنــێ[٤]

---

١. [بەسەرێ = «بصر»ێ: بێچاو، کوێر].

٢. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «یاری ئەغیار و بەدخوو»، «یاری ئـەغیار و خـەوی» هـاتووە. دوشمن ڕەوش: دوژمن ڕەوشت، دوژمن سیفەت. بێپەروایێ: بێترسێ، بێباکێ.

٣. دڵشکەن :دڵشکێن.

٤. ئەم قەسیدەیە لەلایەن «م...خ» ناوێکەوە لە لاپەڕە ٢١،٢٢ی ژمارە ١ی گۆڤاری «هتاوکرد = هەتاوی کورد»دا بلاوکراوەتەوە کە لە ٢٣ی زیلقەعدەی ١٣٣١ ڕێکەوتی ٢٤ی تەشرینی یەکەمی ١٩١٣دا لە ئەستەمووڵ دەرچووە. فۆتۆی هەر دوو پەڕەی بەرگی گۆڤارەکە و لاپەڕە ٢٠، ٢٣یمان لە برای بەڕێز دوکتۆر ئیحسان فوئاد وەرگرت و لە ڕووی تێکستە چاپکراوەکە قەسیدەکەمان بە شێوە نووسینی نوێ نووسییەوە. برایان کەریم شارەزا و سەردار میـرانـیش ١٣بەیتی لەم قەسیدەیان لە ڕووی ژمارە ١٩ی گۆڤاری کۆلێجـی ئـەدەبیاتی زانکۆی بـەغدا

ئەی ئەمیری کوردەکان بۆ ئێوە عەیبە و شووڕەیی
حیزەکی وەك .... دادەنێ [1]

☞

نووسیبووەوە کە لە ١٦بەیتی بە هەندێ هەڵە و دەسکارییەوە لە چوارچێوەی وتارێکی دوکتۆر ئیحسان فوئاددا لێ بڵاو کراوەتەوە تیادا. ئەمەی لێرە بڵاو کراوەتەوە دەقی ئەوەیە لە گۆڤاری «هەتاوی کورد»دا بڵاو کراوەتەوە. ئەبێ ئەوەش بڵێم کە بەش بە حاڵی من قەسیدەکە هێشتا گەلێ ئاڵۆزیی تیایە، هیوام وایە لە دەرفەتێکی‌ترا لێیان بدوێم. ئەو «م...خ» ناوە لە سەرەتای قەسیدەکەدا ئەم چەند دێڕەشی نووسیوە کە بە تەواوی ئەوەی پێ ئیسپات ئەبێ ئەم قەسیدەیە هی حاجی قادرە:

«كُلّ راعٍ مسئولٌ عنْ رَعيّتِه».

«شاعیرێ مەشوورێ کوردان، ڕەحمەتی حاجی قارێ کۆیی، بیست و پێنج بەرێ، ژ کەزەبەکێ شەوتی چەند بەیتەك گۆتییە، ئەویژی بخوێنن، ژ لۆمە و گازنا تاریخان بترسن».

واتە: شاعیری بەناوبانگی کورد خوالێ‌خۆش بوو حاجی قادری کۆیی، بیست و پێنج ساڵ بەر لە ئێستا لە جگەرێکی سووتاوەوە چەند بەیتێکی گوتووە، ئەویش بخوێننەوە و لە سەرزەنشتی مێژوو بترسن. موحەممەدی مەلا کەریم.

١. لە «هەتاوی کورد»دا جێگای ئەم نوختانە هەر بە نوختە پڕکراوەتەوە، لەبەر ئەوە تێ ناگەم بۆکە جاری دووەم چەند بەیتێکی قەسیدەکە لە گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیاتدا بڵاو کراوەتەوە ئەم نیوە بەیتە وای لێ کراوە: «زاڵمێکی وەك حەمید فیرقەی حەمیدان دادەنێ» من لەو باوەڕەدام ئەم بەیتە هێرشە بۆ سەر ئەرمەنی نەك عوسمانی و مەبەست بە «حیز»ەکەش سەرۆکی سیاسی ئەرمەنەکانە و دوا وشەی لابراویش «ئەرمەنستان»ە و دوکتۆر ئیحسان خۆی زۆر باشی بۆ چووە کە لە وتارەکەیا لە گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیاتدا، ئەم قەسیدەیە لەگەڵ قەسیدەی «خاکی جەزیر و بۆتان»دا لە ڕزێکا هۆنیوەتەوە. (بۆ هەڵسنگاندن و ڕاست و دروستی ئەم جۆرە بۆ چوونەی حاجی، بڕوانە: موحەممەدی مەلا کەریم، حاجی قادری کۆیی، شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەیی کورد، ل:٦٢ ـ ٦٦، بەغدا، چاپخانەی نجاح، ١٩٦٠. هەروەها بڕوانە: «الدكتور كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة محمد الملا كريم، ص٢٦٦-٢٧١. م.م.ك».

بۆ کەیە ناموس و عار و بۆ چییە ئیمان و دین؟
خاچ و ئینجیلی لە جێی تەفسیر و قورئان دادەنێ[١]

هەر کە تاجی نایە تەختی لە کوردستان دادەنێ
خەرج و پیتاکی لەسەر گۆران و سۆران دادەنێ[٢]

مەدرەسە دەیکاتە جێی قیسسیس و ڕەهبان و کەشیش
بانگە ناقووسی، لە تەکیەش پیری مەتڕان دادەنێ

بۆ ئیهانەت کامی ساحێب عیززەتە عەزلی دەکا
بۆ ڕەزیلی جووتیاری خۆی و گاوان دادەنێ[٣]

هەم لەجێی بەگزادەکان و جێی فلان ئیبنی فلان
بۆ ڕیاسەت سەربەسەر ئەلقابی .... دادەنێ[٤]

---

١. لە «هەتاوی کورد»دا «کیيە» نووسراوە، بەڵام دیارە هەڵەی چاپە و ئەبوو شێوە نووسینی کۆن «کیە» بنووسرایە، چونکە ئەگەر «کەیە» نەبێ «کێیە» بێ، بەیتەکە لەنگ ئەبێ. لە «هەتاوی کورد»دا یەك دوو هەڵەی تریش لەم چەشنە هەیە و لە جیاتی یەك «ی» دوو «ی» نووسراوە. م.م.ك. هەر لە هەمان سەرچاوەدا، چ لەم شوێنە و چ لە وێنە هاوچەشنەکانیا تەنها «جێ» نووسراوە. م.م.ك.

٢. لە «هەتاوی کورد»دا وا نووسراوە. من لام وایە «دادەنێ» کەشی هەڵەیە و وای بۆ ئەچم نیوە بەیتەکە بەمجۆرە بێ: «هەر کە تاجی نایە سەر، تەختی لەکوردستان دەبێ» چونکە وا نیوە بەیتەکەش ڕاست ئەبێتەوە و مەعناکەشی تەواو ئەبێ و جوانیش نییە «دادەنێ» کە تەنها لە یەکەم بەیتی قەسیدەکەدا لە داوێنی هەردوو نیو بەیتەکەدا دووبارە بووەتەوە و لە بەیتەکانی تردا تەنها بۆ ڕاگرتنی قافیە پێویستە، لە خۆیەوە لەو ناوەڕاستەدا ڕاست بێتەوە. م.م.ك.

٣. لە «هەتاوی کورد»دا بە هەڵەی چاپ «گاوا» نووسراوە. م.م.ك.

٤. جێی ئەم نوختانەش لە «هەتاوی کورد»دا هەر بە نوختە پڕ کراوەتەوە. لام وایە دوکتۆر ئیحسان باشی بۆ نەچووە کە بە وشەیەکی «خۆیان» پڕی کردووەتەوە، چونکە «خۆیان» وشەیەك نییە مەترسی لێ بکرێ و پێویست بێ لابرێ. وائەزانم لێرەدا لەقەبێکی ئەرمەنییانە هەبووە بۆیە لابراوە. م.م.ك.

هەر لە پاش چەند ساڵی تر تەسخیری بەغدادیش دەکا
شـــارەزووری قشـــڵەیـــە، دەبـــۆ لە بـابان دادەنـێ[١]

بـاغ و ڕاغـی بـولبولە دەیکـاتە جـێی زاغ و زەغـەن
گورگ و مامڕێوی لە بێشـە و لانـی شـێران دادەنـێ[٢]

خـانەتان وێران دەکـا قـەسر و قـوسووری لێ دەکـا
بۆ ئەمەی نـەچنە عـەجەم ئێلـچی لە تـاران دادەنـێ

بۆ کوڕی چاك و کـچی شـیرینی ڕایکـێشـێ بـە زۆر
کوللی شار و دیهکەدە جـاسووسی پـەنهان دادەنـێ

تـا بـزانـێ کـێ نـوێژی کـرد و ڕۆژیـی گـرتووە
بـۆ سـیاسەت کـردنی پـەنجا نـیگەهبان دادەنـێ[٣]

تـا وەهـا بـێئـیتتیفاق و سـەرکەشی بـێ شـێوەتـان
تاجی کیبر و نیخوەت و غیرەت لە سـەرتان دادەنـێ

شـارەزای ئـەحواڵمـانە .... بـێگـانە نـین
داغی سەد سـاڵی هـەیە ئـەمڕۆ لە کـوردان دادەنـێ[٤]

خزمە بەسیە، تێبگـەن هـەر بـایە قـەولی ....
شـاهی ئـێران ڕادەکـا سـوڵتـانی تـووران دادەنـێ[٥]

---

١. [قشڵە: بنکەی چەکداران، سەربازخانە. دەبۆ: لەوانەیە مەبەستی لە دەبابە و تانگ بێ]. لە «هەتاوی کورد»دا بە هەڵەی چاپ «بابا» نووسراوە. م.م.ك.

٢. ڕاغ: مێرغوزار، داوێنی چیاکە سەوز بێ. زاغ: قەلەڕەش. زەغەن: چۆلەکە ڕەشە. م.م.ك.

٣. نیگەهبان: ئاگاداریکەر. م.م.ك.

٤. جێی ئەم نوختانەش لە «هەتاوی کورد»دا هەر بە نوختە پڕ کـراوەتـەوە. لامـوابـێ حـاجی لێرەوە باسی عوسمانییەکان ئەکا. م.م.ك.

٥. جێی ئەم نوختانەش لە «هەتاوی کورد»دا هەر بـە نـوختە پڕ کـراوەتـەوە. لاموابـێ وشـە لابراوەکەی ئێرە «ڕۆمییان»بێ. م.م.ك.

ئـێسـتـە مـەعلووم بـوو ....
زاهـیرەن هـەرکامیان تـاعەت دەکـا، نـان دادەنـێ[1]

ڕێگـر و حـیز و دزە، ژن هـەڵگـر و مـاڵان بـڕە
فائیدەی چی نێو و کونیەی خۆی موسوڵمان دادەنـێ

وادەزانێ قەومی خۆی وەك دایە بـەر شیر و تـفەنگ
قـەسری دیـن ئـاوا دەکـا، بـونیادی ئـیمان دادەنـێ

عـەقڵەکـی خـوا داویـە گـەر پـیرەژن سـەرفی بکـا
دەسـتی ڕۆسـتەم بـادەدا، تـووران لە ئـێران دادەنـێ

ئیستەکـێ ئـەییامە کـە هـەر مـیللەتێ هیممەت بکـا
مووری بێمـایە لەسـەر تـەختی سـولەیمان دادەنـێ

بەیتی «حاجی» چـونکە ئـەفسانەی تـورکبازی نـییە
زۆر وەڕیـنە، بـاوجوودی دوڕڕو مـەرجـان دادەنـێ

سـائیلێکـی مـەککـەیی دێت و بـە مـەکـتووبی درۆ
حـیشمەتێك پـەیدا دەکـا، مـاڵی فـراوان دادەنـێ[2]

گەورە دەیخوێنـێتـەوە، هـەم بـچکە دەیـنووسێتـەوە
بـەیتەکـانی مـن لە گـۆشـەی تـاقی نـیسیان دادەنـێ

بیست و سێ بەیتە قەسیدەم هەر کەسێ گوێی لێ بکا
پێ لە سەر تـاقی مـەه و ئـەیوانی کـەیوان دادەنـێ[3]

---

١. جێی ئەم نوختانەش لە «هەتاوی کورد»دا هەر بە نوختە پڕ کراوەتەوە. م.م.ك.
٢. سائیل: سواڵکەر. م.م.ك.
٣. قسیدەکە لە «هەتاوی کورد»دا بیست و چوار بەیتە نەك بیست‌وسێ، جا یا بـەیتێکـی لێ زیاد کراوە، یا بە هەڵە «بیست‌وچوار» لە بەیتەکەدا کراوە بە بیست و سێ. م.م.ك.

(٢٣)
حەبیبی جان[1]

حەبیبی جان لەسەرچی ئەم ڕق و کینە، هەتا کەی بێ
بفەرموو دەنگی ساز و نەغمەیی موتریب، نەوای نەی بێ

بەری بوو دڵ لە عالەم تا لە نێو زوڵفت موقەییەد بێ
ئیتر فەرشی حەیات و خۆشی یەکبارە دەبا تەی بێ

بە بادم دا دڵ و دین عاقیبەت بۆ بادەیی چاوت
دەمێکە توشنەیی هیجرم، بڵێن بادە پەیاپەی بێ

لە نەزعی دەردی فیرقەت جانی زارم قەت خەلاس نابێ
مەگەر لەم کەوسەری لێوە، بڵێ بۆ خەستە با مەی بێ[2]

☞

بۆ پتر ئاگاداری لە بارەی ئەم قەسیدەیەوە، بڕوانە لێکۆڵینەوەکەی: د. ئیحسان فوئاد لە گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیاتی ژمارە ١٩ی ساڵی ١٩٧٦ و لاپەڕەکانی (٥٧-٧٠) بە تایبەتی پەراوێزی ژمارە ١ی ساڵی ٩ی کە نووسراوە: ئیحسان فوئاد، شیعرێکی بڵاونەکراوەی حاجی، گۆڤاری «میللەتانی ئاسیاو ئەفریقا» مۆسکۆ ١٩٦٧، ژمارە ٢ ل: ١٣٦-١٣٨ «بەزمانی ڕووسی».
هەروەها بڕوانە لێکۆڵینەوەیەکی عەبدوڕڕەززاق بیمار لە ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٧٤ گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ و لێکۆڵینەوەیەکی کەریم شارەزا لە گۆڤاری ئۆتۆنۆمی ژمارە ٥ی ساڵی ١٩٨٣.

١. ئەم پارچە شیعرە، لەگەڵ پارچە شیعرێکی فارسی «مەخفی» و پارچە شیعرێکی کوردی «وەحشی» و تاکە بەیتێکی «مەنفی»دا لە دوو دیوی قاقەزە کۆنێك نووسراونەتەوە کە کاك بەشیر حوسێن سەعدی لەناو کتێبە کۆن و دەستنووسەکانی باوکی خوالێخۆش بووی مامۆستا مەلا شێخ حوسەین سەعدیدا دۆزیویەتەوە و ناردوویە بۆ کاك کەریم شارەزا و ئەویش لەگەڵ سیایی ئەم کتێبە ناردیە لای من. هەرچەند کاك بەشیر تێکڕا پارچە شیعرەکەی بە شێوە نووسینی نوێ نووسیبووەوە، لە هەندێ شوێنیا کەوتبوە هەڵەوە و من خۆم ساغم کردووەوە. موحەممەدی مەلاکەریم.
٢. [نەزع: گیاندەرچوون، کەوسەر: حەوزێکە لە بەهەشتدا].

لە بەر سێوی جەماڵت حەق نییە تەنها منم مەحرووم
یەکێ لەیموون و یەك نارنجە، بۆ «حاجی» مەگەر بەی بێ

جووت سەرواکان

(ا)
ئودەبا چاکە

ئـــودەبا چـــاکـــە لێم نـــەبن دەرهـــەم
لەم قســـەو لەم حـــیکایەتەی دەیکـــەم

ئـــیددعای هـــەر ســـەنایعێك نـــاکـــەن
تاکوو نەیخوێنـــن، ئـیمتیحانی نـــەکـــەن

پـــێی دەڵێن حـــیلەباز و کـــەززابـــە
«شـــێخ نـــەبی» خـــاریجە لە ئـــەم بـابە[1]

خانەقا و شێخ و تـــەکـیەکـان یـــەکســـەر
پـــێم بـــڵێن: نـــەفعیان چـــییە ئـــاخر

غـــەیری تـــەعلیمی تـــەنبەڵی کـــردن
جـــەمعی ئـــەملاك و خـــەزنە کـــۆکـردن

دەفـــعەیەك ئـــیمتیحانیان نـــاکـــەن
تـــێبگـــەن زەهـــرە یـــا نـــە تـریاکـن

لە مەحەککی بدەن ئەگـــەر وەکـــوو زەڕ
تـــێدەگـــەن ڕێگـــرن وەیـــا ڕەهـــبەر[2]

---

١. شێخ نەبی: مەبەستی لە شێخ نەبی ماویلیی ناحەزی حاجییە، لە هەندێ لە شیعرەکانیدا بە «کەر نەبی» ناوی دەبا.

بەیتی دووەم و سێهەمی ئەم پارچەیە جێیان ئەم سەرەتایە نییە و نازانین چۆن وەها خراونەتە ئەم شوێنە، بەڵام وەك سەرنجماندا لە هەموو سەرچاوەیەکی چاپکراو و دەستنووسدا هەر لەم شوێنەدا هاتوون، بۆیە ئێمەش هێشتمانەوە.

٢. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «ڕەهبەر»، «ڕێبەر»ی ئەم سەردەمەمان هاتووە.

دەخــیل شــێخ و مــێخ مــەبن ئـەبەدا
هــیچ کـەسێ ڕزقـی هـیچ کـەسێ نـادا

ئــەی خــەریکی ڕمــووز و نــاز و نــیاز
ئــەوروپا فــەننی گــەیوەتە ئــیعجاز

قـــوللەیی «ئـــیفل»ی لە ئــەفلاکــە
عەکسی ئـەو گـەردشی لە ژێر خـاکـە[1]

کـــورەیی ئـــەم زەمـــینەیان پــێوا
خاتری تۆ بـێ چـوونە جـەووی سـەما

قســـەیێ ئــەمڕۆ دەیگـــرن لە زوبـــان
ساڵێتر بـۆت دەکـەن بـە بـێ نـوقسان

ســەدو پــەنجا لوغـەت زیـاد دەکـەن
سـاڵی بـۆ نـاوی سـەنعەت و بـۆ فـەن[2]

چینی ئـاتەش پـەرستن ئـێستاکـەش
گەبری بـێدیـن و هـیندووی ڕووڕەش

بــۆچــی فــەرموویەتی نـەبیی ئـەمین:
«أُطـــلُبوا عِـــلمَکُمْ وَ لَــوْ بـــالصین»[3]

---

١. ئیفل: قوللەیەکی بەرزە لە شاری پاریس لە ساڵی ١٨٨٧دا ئەندازیارێکی فەڕەنسایی «ئیفل» ناو لە سەر کیسەی خۆی، دەستی بە دروستکردنی کرد و ٧/٥ ملیۆن فرەنکی زێڕی تێچووە و بەرزایی ٩٨٤ پێیە و لە ساڵی ١٨٨٩دا تەواو بووە و لە ماوەی سێ مانگ و نیودا ئەم پارەیەی لەلایەن تەماشاکارانەوە چنگ کەوتەوە کە لە هەموو لایەکی جیهانەوە بۆی دەهاتن. بڕوانە عەلائەددین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی ج٢، بەغدا ١٩٧١، ل:٣٥٩.

٢. ئەم دوو بەیتە تەنها لە دەستنووسێکی لای مندا هەبوون، موحەممەدی مەلاکەریم.

٣. [واتە: بە دووی زانیندا بڕۆن با لە چینیشدا بێ].

نـــێرو مـــێ لەم حـــەدیسە فـەرقی نـــییە
گەر مـەلا نـەهیی فـەرموو دیـنی نـییە[١]

تـــۆ وەرە فـــەننی فـــێر بـــە چـیتە لەوە
گـــاورە، هـــیندووە، وەیـــاخۆ جـووە[٢]

لازمـە خـول بـخۆی وەکـوو بـەرداش
هەموو قەڕنێك دەگۆڕێ ئەمری مەعاش[٣]

تـــەنبەڵی کـــاری حـــیز و بـــێ‌خـــێرە
"دەسـتی مـاندی لە سـەر زگـی تـێرە"[٤]

ئـــەهلی جـەننەت نـە شـوان و گـاوانـە
سـاحیبی فـــەنن و عـــیلم و عـیرفانە[٥]

---

١. [واتە: ئەگەر مەلا گوتی ئەم حەدیسە لەبەر ئەوەی جێناوەکانی (و، کُم) ڕوو لە نێرینە دەکا کەوابوو تایبەت بە پیاوانە و ژنان بێ‌بەشن، درۆی کردووە؛ چۆن زۆرینەی ئایەت و حەدیسەکان ئاوەهان وەکوو: (أَقیموا الصلاة)، بەڵکوو ڕووی ئەم جێناوانە (ضمیر) لە مرۆڤ یا موسوڵمانە].

٢. لە هەندێ دەقدا ئەم دێڕە شیعرە بەم‌جۆرە هاتووە:
«تۆ وەرە فێری فەن بە چیتە لەوە
گاورە جووە، یاخۆ هیندووە»

٣. ئەم دێڕە لە دەقی «مستەفا صائیب»دا بەم‌جۆرە هاتووە: «کوللی» قەڕنێك دەگۆڕێ ئەمری مەعاش. بڕوانە: موحەممەد عەلی قەرداغی، هەنگاوێك بۆ ڕاستکردنەوەی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی، گۆڤاری «بەیان»ی ژمارە ٦٦ی ساڵی ١٩٨٠.

٤. «دەستی ماندوو لەسەر زگی (سکی) تێرە» پەندێکی پێشینانی کوردییە حاجی لە پێناوی ئامۆژگاری نەتەوەکەی بۆ کارکردن و تێکۆشان بەکاری هێناوە. بڕوانە: شێخ موحەممەدی خاڵ، پەندی پێشینان چ٢، بەغدا ١٩٧١ ل:٢٣٧.

٥. [ئەم بەیتە لە دەسنووسێکی تردا بەم شێوە هاتووە:

فـائیدەی گـەر بدایە زیکر و دوعا
دەبـووە قـاروون گـەدایی سـەرڕێگا[١]

هەرچی بێبەهرەیە لە کەسبی کەماڵ
دبـتە دەروێش و مـارگر و حـەممالْ

لە حـەدیسا هـەیە حـەبیبی خـودا
گـوتی: الکـاسبُ حـبیب اللّـه

مـوسحەفی خـوایە عـالمی بـرسی
بـە دوو نـانی دەدات و نـاترسی[٢]

سۆفی وەك تیشنە بوو لە زیکری هـەتاو
سـەد نـوێژی دەدا بـە کـاسەك ئـاو[٣]

شیعی وەك تیشنە بوو لە سینە زەدەن
بە دوو قەترە دەدا حوسەین و حەسەن[٤]

☞

«ئەهلی جەننەت شوان و گاوانە»
«جووتیار و سەپانی خەرمانە»

ـهەنگاوێ‌تر: ٢٥٤.]

١. قاروون: ناوی عەرەبی «کریزوس»ی دوا شای لیدییەکانە و بە سامان زۆری و دەوڵمەندی بەناوبانگ بوو. هەندێ سەرچاوەی تریش دەڵێن وەزیرێکی فیرعەون بووە جوولەکەکانی زۆر ئازار داوە. «الموسوعة العربیة المیسرة».

٢. ئەم دوو بەیتەش لە دەستنووسێکی لای مندا هەبوون. موحەممەدی مەلاکەریم.

٣. تیشنە: تینوو. [مەبەستی حاجی لە زیکری هەتاو، زیکرێکە کە لەبەر هەتاوا بکرێ، واتە: هەرئەوەندە سۆفی لەبەر هەتاوا زیکری کرد وگەرما لێی دا و تینووی بوو، ئیترچ نوێژییە ئەدا بەکاسەیەك ئاو کە بیخواتەوە].

٤. سینە زەدەن: لە سنگ دان، سنگ کوتان. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «بە دوو قەترە دەدا» نووسراوە: «بە دە قەترە دەدا».

بە قسەی موخبیر و مـوئەڕڕیـخی کـۆن
مـــیللەتی چـــینە چـــار ســـەد مــلیۆن

ســـەر بـەسەر دەوڵەتـی هـەموو ژاپـۆن
زۆر بە زەحـمەت دەگـاتە چـل مـلیۆن

ئەهلی ژاپۆن بە فـەنن و سـنعەتی چـاك
سەیری چۆن چینی گرت وکردییە خاك[1]

ئـــیتتیحادی بـــە ئـیتتفاقی ئــەنام
ســـوپەرە بـــۆ حـــوادیســـی ئـــەییام[2]

کـــوردی ئـــێمـــە نـەزان و پـاشکەوتن
پـــێکـــەوە پـووش و ئـاگـر و نـەوتن[3]

بـــێ ئـەگـەر دەسـتی یـەکـتری بگـرن
وەك سکەندەر جیهان هـەموو دەگـرن[4]

خواردن و سەتری عـەورەت و سـوکنا
بـــاعیسی ژیـــنە بـــۆ گـــەدا و پـــاشا

---

١. [ئەم سەرکەوتن و پێشکەوتنەی ژاپۆن لە سەردەمی میجیدا (واتە: ڕووناك) بـە پـاشایەتی «موتسۆهیتۆ» بووە کە وڵاتی ژاپۆن بۆ دابینکردنی نیازی سنعەتی خۆی دەستدرێژی کرد بۆ وڵاتی چین].

٢. [ئەنام: مرۆڤ]. سوپەر: مەتاڵی جەنگ، شەڕکەر لە کاتی شیربازی خۆی پێ دەپارێزێ.

٣. لە دەقی «م.ر.س»دا، «کوردی ئێوە» نووسراوە.

٤. ئەم دێڕە شیعرە لە دەقی «گ.م»دا بەمجۆرەی خوارەوە هاتووە:
«بێ و ئەگەر دەستی یەکتر بگرن
وەك سکەندەر جیهان هەموو دەگرن»

حـاڵەتـی وایـە چـی لەسـەر خـاکـە
غـەیری "عـیسا" دەڵێن لە ئـەفلاکـە[١]

ئـەو هـەموو مـەدحی بـادە و دولبـەر
نـووسراوە لە سـەد هـەزار دەفـتەر[٢]

وەکـوو خـەمسەی نـیزامیی گـەنجە
کـە لە لای خـەڵقی کـیمیا و گـەنجە[٣]

یـا وەکـوو بـەیتی شیرین و فـەرهاد
شیعری «حاجی» لەبەر کـرایـە بـە یـاد[٤]

---

١. [موحەممەدی مەلا کەریم لای وایە وشەی «دەڵێن» هەڵەیە «کەوا» ڕاستە بۆ ئەم جێگایە، ئەڵێ: چونکە ناکرێ حاجی بە دوو دڵییەوە باسی مەسەلەیەك بکات کە خودا لە قورئاندا دانی لەسەر ناوە و ئـەفەرموێ: ﴿و ما قَتَلُوهُ يَقيناً بَلْ رَفَعَهُ اللّٰهُ إلَيه و كانَ اللّٰهُ عزيزاً حَكيماً﴾ نیساء: ١٥٨. ـهەنگاوێ‌تر: ٢٥٨].

٢. [موحەممەدی مەلا کەریم وشەی «ئەم»ی لە «ئـەو» پێ ڕاسـتترە]. لە دەقـی «گ.م»دا لە جیاتی «لە سەد هەزار دەفتەر» نووسراوە: «لە سەر هەزار دەفتەر».

٣. [نزامی گەنجەوی: شاعیرێکی بەرزی ئێرانییە (٥٣٠ـ٦١٤ ك.م) بەرهەمە بە ناوبانگەکانی پێنج گەنج، یان خەمسەی نیزامین کە بریتین لە: خەسرەو و شیرین، مەخزەنو لئەسرار، لەیلێ و مەجنوون،].

٤. لە دەقی دەستنووسی «مستەفا سائیب» بەمجۆرە هاتووە:

«سەد یەکی باسی شیرین و فەرهاد
بگوتایە لە ڕێی مەعاش و مەعاد»

بڕوانە: موحەممەد عەلی قەرەداغی، گۆڤاری «بەیان» ژمارە ٦٦ی ساڵی ١٩٨٠.

[موحەممەدی مەلا کەریم لای‌وایە نیوە بەیتی دووەم هەڵەیە و ڕاستەکەی ئاوایـە: «بگـوتایە لەڕێی مەعاش و مەعاد»، ئەڵێ چونکە ئەمە لەگەڵ بەیتی پاشەوەی گونجاوترە. ـهەنگاوێ‌تر: ٢٦٠].

ئێستە میللەت دەبوونە ساحێبی جاه
یانە هەمتایی «أولیاءَ اللّه»[1]

کێ دەڵێ کوردەکان بە ئیدراکن
بەسە ئەم نەقسە گوێ لە من ناکەن

لە قسەی ساغی من خەلەل دەگرن
واهیمەی شێخەکان لە دڵ دەگرن[2]

ئەوی موحتاجی نان و پیوازە
یا هەتیوبازە یانە مێبازە

حەیفە بۆ مەردی ساحێب تەمیز
هێندە باسی مەکانی پیسی و میز

عیشقبازی و هەوایی دەروێشی
میللەتی خستە فەقر و بێئیشی[3]

ئەو کەسەی دەوڵەمەندەکی چاکە
بەندەیی ڕۆمییانی ناپاکە

هەموو مردووی میان و سمتی خڕن
بەیتی مەدداحیان بە جان دەکڕن

بەیتی من چونکە کەڵکیان دەگرێ
لە غەریبی و بێکەسی دەمرێ

١. ئەم دەقەش وەك دەقی دەستنووسەکەی «مستەفا سائیب»ە. بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢. [خەلەل: ڕەخنە، ئیراد. واهیمە: قسەی هیچ و پووچ].

٣. لە دەقی «گ.م»دا «فەقر و دەروێشی» هاتووە.

تـــا لە ژێر بـــاری ڕۆمـــیان نـــەمرن
زەحـــمەتە قـــەدری بـەیتی مـن بگـرن

یا نە وەك ئەهلی مـەغریب ئـێستاكـی
چـــیە نـــاوت؟ دەڵێ: خـــریستاكـــی

باوكم «ئەحمەد» بوو ناوی، فـیكرم دێ
خەڵقی لادێ بـوو دایكـی مـن «فـاتێ»

«حاجی» سا بەسیە سـەد هـەزار دەفـعە
پـــێم گـــوتی: ئـــەم قسـانە بـێنـەفعە[1]

ڕۆژی ئـــەووەل لە بـــەندە و ئـازاد
خـدمەتی خـەڵقـە قـیسمەتی ئـەكـراد[2]

لێی گـــەڕێ قـــەومی تـۆ هـەموو مـارن
دز و حـــیز و پـــیاوكوژ و هـــارن

مـــڕی نـــاوداری ورچـــی نـــاو دارە
ڕاستیان خـوارە، خـواری خـونخوارە[3]

بـــاوكە! هـــەر چـۆنـێ تـۆ دەڵێی وایـە
زەن دەكـــەم ئـــەم قسـانە خـۆڕایـە[4]

---

١. ئەمە بە گوێرەی دەقی «ت.ر» و «ر.گ»ە. لە دەقەكانیتردا نووسراوە: «بەسیە حاجی دوسەد هەزار دەفعە».

٢. ئەم دێڕە شیعرە لە هیچ سەرچاوەیەكدا نەهاتووە تەنها لە دەقی «م.ر.س» نەبێ.

٣. [مڕ: تێر و تەسەل]. ئەم دوو بەیتەش لە یەكێ لە دەستنووسەكانی لای مندا هەبوون. موحەممەدی مەلاكەریم.

٤. [زەن = ظَن]. نیوە دێڕی یەكەمی ئەم بەیتە لە «ت.ر»دا بەمجۆرە هاتووە: «باوكە هەر چۆنێ تۆ دەڵێی وایە». لە هەندێ دەقیشدا لە جیاتی «زەن دەكەم» نووسراوە: «تێدەگەم».

قــوڕی کـام جـێ بکـەم بـەسەر خـۆدا
ئــەمە لێم بــوویتە عــیللەتی ســەودا[١]

بــە قســەی چــاکــە دەسـتیان دەگــرم
تــەرکی نــاکــەم بــە لۆمــە تـا دەمـرم

(٢)
یا ئیلاهی

یــــا ئــیلاهی بــە ئــایەتی مــونزەل
بە چــوار یــاری ئـەحمەدی مـورسەل[٢]

بــێ نــەوایــانی مــوڵکــی کــوردستان
هــەر لە گــاوانـــی تـا دەگـاتە شـوان[٣]

لە خەوی جەهل و مـەستی و غـەفڵەت
بە خەبەر بـێن بـە نـەغمەیی ڕەحـمەت

پاکی دەرچــن لە کــاری نــا بــە مـەحەل
ڕۆمـــی ڕافـــڕێنـن بـۆ دەری ئـەسفەل[٤]

«حـاجی»یـە شـیعرەکـانی وەك "کـاوە"
ڕۆژێ دەبـــــێن درەفشـــی هـــەڵداوە[٥]

١. لە دەقەکانی غەیری «م.ر.س»دا لە جیاتی «خۆدا» نووسراوە: «خۆما».
٢. [ئایەتی مونزەل: واتە: ئەو بـەڵگـەیەی وا دابـەزێنـراوە، مـەبەست قـورئانە]. مـەبەستی لە «چوار یاری ئەحمەدی مورسەل» چوار خەلیفەکانی ڕاشیدینە.
٣. بێنەوایان: کۆکراوەی بێنەوایە، بێکەس، بێهیز و پشت و پەنا.
٤. کاری نا بە مەحەل: کاری نابەجێ. دەری ئەسفەل: «الدرك الاسفل». ژێرەوەی جەهەننەم.
٥. لە دەقی «گ.م»دا نووسراوە «ڕۆژی دەی بێن». درەفشی هەڵداوە: ئاڵای هەڵداوە، درەفش: ئاڵاکەی کاوەی ئاسنگەر بوو لە دژی ئەژدەهاکی زۆردار.

(٣)

ئەو ڕۆژە[١]

ئــەو ڕۆژە بـە ئـەمری حـەییی مـەننان
ئــەم عــالەمە پـاکـی بـوو بـە تـۆفـان[٢]

دەیــاریێ نــەما لە جــینسی زیڕووح
غــەیری ئــەمە هــاتە کــەشتیی نــووح[٣]

ئــەو ڕۆژە گــەیشتە وەقـتی مـەعهوود
وەستاوە لە سـەر چـیایەکـەی جـوود[٤]

هــەر ســێ کـوڕی کـردیانە مـەسکەن
ئەو جێ و مـەکـانە مـیسلی گـوڵشـەن[٥]

---

١. [ئەم پارچە شیعرەی حاجی لەسەر ئەو ڕیوایەتەی قورئان دامەزراوە کە دەفەرموێ: لە سەردەمی حەزرەتی نووحدا تەواوی دنیا ئاو دایپۆشی و هەموو زیندەوەران لەناو چوون بێجگە ئەوانەی لە ناو گەمییەکەی نووحدا بوون، کە دوای نیشتنەوەی تۆفان، لەسەر کێوی «جوودی» (چیایەکە لە نێوان کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیادا) لەنگەری گرت، جا بەم بۆنەیەوە کوردستان بە بێشکەی دووەمی مرۆڤ و هەووەڵین ژینگە لە پاش تۆفان دەژمێردرێ].

٢. حەیی مەننان: «حيّ منّان»، مەبەست لە خودایە.

٣. [دەییار: کەس، تاق، دانە. زیڕووح: گیانلەبەر]. لە هەندێ دەقدا لە جیاتی «دەیاری»، «تاقێکی» نووسراوە. [موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: کاتی خۆی لەبیرمان چوو وشەی «ئەمە» بکەین بە «ئەمن» کە ئەمن ڕاستترە. ـهەنگاوێ‌تر: ٢٦٧].

٤. لە دەقی «گ.م» لە جیاتی «ئەو ڕۆژە»، «ئەو وەختە» هاتووە. و لە دەقی «ع.س»دا «چیاکەیی جوود» هاتووە.

٥. [سێ کوڕی: کوڕانی حەزرەتی نووح؛ سام، حام، یافس].

ئێستاکە جزیرە بێموحابا
مەعموورەیی ئەوەڵە لە دونیا[١]

ئەولادی سەحیحیان بە بورهان
کوردن لە مەکانی جەددی خۆیان[٢]

سوککانی بیلادی ڕوبعی مەسکوون
«بالجملە» لە مانە مونشەعیب بوون[٣]

بێ تەفرەقە بوون موتیع و هەمدەنگ
هەم مەشرەب و هەم لیباس و هەمڕەنگ

ئایین و مەزاهیب و ڕەسائیل
وا کوردیە فرقە و قەبائیل

وەك خەڵقی نەچوونە موڵکی ئەدنا
جێی باوکی خۆیان کردە مەئوا[٤]

ئارێ بە حەدیس و نەسسی قورئان
حوببی وەتەنە دەلیلی ئیمان

حادیس نییە، ئەسلە گفتوگۆیان
مەورووسە لە دەوری جەددی خۆیان[٥]

---

١. [بێموحابا: بێڕوودەرباسی].

٢. [جەددی خۆیان: مەبەست حەزرەتی نووح و کوڕەکانیەتی]. لە دەقی «گ.م» و «م.م»دا ئەم نیوە دێڕە بەمجۆرە هاتووە: «کوردن لە شوێنی جەددی خۆیان».

٣. ڕوبعی مەسکوون: ئەو خاکەیە کە خەڵکی لێدادەنیشێ. مونشەعیب بوون: لق و تیرەیان لێ بووەوە.

٤. [ئەدنا: نزمایی، پەست، مەبەست شۆنەکانی دیکەی دنیایە. مەئوا: شوێن و جێگە].

٥. [واتە: زمانەکەیان زمانێکی تازە و نوێ نییە بەڵکوو هەر ئەوە ڕەسەنە و لەسەر بنچینەی باپیریان دامەزراوە].

ئـێــســتاکــە کـە وا جـەماعەتی «وان»
ئەسڵن بە نەسەب کـەریم و شـوجعان[١]

مــونقادی عــەجەم، مــوتیعی ڕۆمــن
مەحکوومی خـەڕات و حـیز و دۆمـن[٢]

تــــەقسیری ئـــەوان نــــییە ئــەمانە
هــەرگیز بــە تــەعەججوبی مــەزانـە[٣]

ڕەســمێکــی قـەدیمە دەوری گـەردوون
خـەسمی نـوجەبایە، هـەمدەمی دوون[٤]

«حــاجی» ئـەمنیش مـیسالی کـوردان
کەوتوومە کەمەندی نـەفس و شـەیتان[٥]

لەم حەبس و کەمەندە فیکری دەرچوون
مومکین نییە، من یـەکـم ئـەوان دوون[٦]

مــەوقووفە بــە ڕۆســتەمی عــینایەت
مــوحتاجە بـە هـیممەت و هـیدایـەت

---

١. [وان: ئەوان، یان مەبەست شاری «وانە» کە کەوتۆتـە بـاکووری کـوردستانەوە. شـوجعان: بوێران و نەترسان].

٢. مونقادی عەجەم: لە ژێر سەرکردایەتی عەجەمن. موتیعی ڕۆمن: بـە فـەرمان و بـە گـوێی ڕۆمەکان (تورکە عوسمانلییەکان) ئەکەن، ژێر دەستی ئەوانن.

٣. ئەم بەیتە لە دەستنووسێکی لای مندا هەبوو لێرەدا نووسیمەوە. موحەممەدی مەلاکەریم.

٤. [خەسمی نوجەبا: دوژمنی لەگەڵ پیاوچاکاندا]. هەمدەمی دوون: هاودەم و دۆستی پیاو خراپانن.

٥. کەمەند: پەت، داو، گوریس.

٦. لە دەقی «گ.م»دا نیوە دێڕی یەکەمی ئەم شیعرە بەمجۆرە هاتووە: «لەم جیسم و کەمەندە فیکری دەرچوون».

دەرچــم لە ئـەسیری مـیسلی «بـێژەن»
ڕاهــی بــوو بــە قـووەتی تـەهەمتەن[١]

ئـەی بــێبــەدەل و شـەریك و تـەنها
«مـــا أَعـــظَمَ شَأْنُكَ تَـــعالیٰ»!؟[٢]

تــەعیین بكــە ڕۆســتەمی دیــرایـەت
تــەوسەن بـدە خـوسرەوی عـینایەت[٣]

تــا كـورد و ئـەمن لە دەسـتی دوونـان
دەرچین، هەر ئەتۆی ڕەحیم و ڕەحمان[٤]

(٤)

تا ڕێك نەكەون

تــا ڕێك نــەكــەون قــەبیلی ئـەكـراد
هـــەروا دەبـــنە خـــەرابــە ئــاباد[٥]

ئـەنواعـی مـیلەل لە گـەورە تـا چـووك
خـــەملێــوە مـەمالیكی وەكـوو بـووك[٦]

---

١. [بێژەن: پاڵەوانێكی سەردەمی ڕۆستەم بووە]. تەهەمتەن: پیاوی زۆر ئازا، یان نازناوی ڕۆستەمی زاڵە لە ئازایەتیدا.

٢. [واتە: چەند زاتی تۆ بەرز و مەزنە!؟].

٣. تەوسەن: ئەسپی سەركەش.

٤. دوونان: كۆكراوەی دوونە، واتا: پیاوی هیچ و پووچ.

٥. لە دەقی «ت.ر»دا نووسراوە: «تا یەك نەكەون قەبیلی ئەكراد».

٦. لە دەقی «گ.م»دا بەمجۆرە هاتووە: «ئەنواعی میلەل بە گەورە و چووك». لە دەقی «ت.ر»یشدا بەمجۆرە نووسراوە: «ئەنواعی میلەل لە گەورە و بچووك». ئێمە دەقی «ر.ك»مان پەسند كرد و لە هەڵبەستەكەدا نووسیمان.

یەك بەرگن و یـەك زوبـان و یـەك ڕەنگ
بێ غەیبەت و عەیب و عار و بـێدەنگ

دنـــیا بــە تـــڕان دەخـــۆن و دەیـــدەن
هـــەرچــۆنـــێ مـــەرامــیانە دەیکـــەن

هەر کوردن ئەگـەرچـی پـاکـی مـەردن
پـــاماڵی زەمـــانە، مـــیسلی گـــەردن[١]

هـــەر مـــانەوە بـــێنـــەوا و مـــەزڵووم
وەك بـــوومی خـــەرابـەزار، مـەشئووم[٢]

گـــەر بـــاعیسی ئـــەم دەپـــرسی کـامە
شـــەرتێکـــە کـــە بـــۆ هـــەموو تـەمامە

ئـــەو شـــەرتە بـــە کـــوللی ئـــیتتفاقە،
گەر "مەرعەش" و "وان"ە گەر عێراقـە[٣]

قـــەسرێکـــە یـــەساغی ئـــەو نـــیفاقە
گـــەر وا نـــەبێ بـــابی هـــەر بـە تـاقە[٤]

ســـەد شـــێخ و مـەلا و ئـەمیر و خـانی
بـــۆ لەززەتـــی عـــەیش و زیـندەگـانی

---

١. لە جیاتی «میسلی گەردن» لە گەلێ دەقەکانی تردا: «مـەحوی کـردن» یـا «قـەتڵی کـردن» نووسراوە.

٢. [بوومی خەرابەزار: بایەقوشی کەلاوە. مەشئووم: بێفەڕ، چارەڕەش.]

٣. مەرعەش و وان: دوو شارن لە کوردستانی تورکیا.

٤. یەساغ: بە تورکی یەعنی یاسا و قانوون. لە دەقی «گ.م»دا نیوە دێڕی یـەکـەم بـەمجۆرە هاتووە: «قەسرێکە بە ساخی ئەو تفاقە».

لەولاوە ئـەوان بـە حـیلە سـازی
لەملاوە ئـەمان بـە تـەقلّە بـازی[١]

قـوڕیـان بـە هـەموو وڵاتـەوە دا
تـا مـوڵك و ڕەعـییە پـاكـی فـەوتا

یەكیان ئـەمی تـۆ دەكـەی نـەیان كـرد
غەمیان نەبوو كورد ئەگەر هـەموو مـرد

(٥)
تاجی «بسم اللّٰه الرحمن الرحیم»

تـاجی «بسـم اللّـه الرحـمن الرحـیم»
نامە سەر بـۆ دەفـعی شـەیتانی ڕەجـیم

مـاجەرایـێكم هـەیە بـێ بێش و كـەم
هیچ درۆی تـێدا نـییە بـا بـۆت بكـەم[٢]

بـانیی نـۆ تـاقی قـوببەی بـێستوون
كەعبەیێكی بـۆ مـە كـردە ڕێ نـموون[٣]

قاسیدی پەیغامی فـەرمووی: «مَـنْ بَـنیٰ
مَسْـجداً یُـبْنیٰ لهُ بَـیْتٌ كَـما»[٤]

---

١. لە دەقی «ر.ك» و «ع.س» و «گ.م»دا وەكوو ناو هەڵبەستەكە نووسراوە: «حیلەسازی» بەڵام تەنیا لە دەقی «ت.ر»دا نووسراوە: «بە حیلە بازی».

٢. لە هەندێ دەقدا لە جیاتی «بێش و» نووسراوە: «زیاد و».

٣. [موحەممەدی مەلاكەریم ئەڵێ لەبیرمان چوو «كەعبەیێكی» بكەین بە «كەعبەكی»، هۆی ڕاستی ئەمەش جگە لە دەستنووسەكە، دیالێكتی ناوچەی كۆیەیە. ـهەنگاوێ‌تر: ٢٧٢].

٤. [واتە: پێغەمبەر فەرموویەتی: هەركەس مزگەوتێ بكاتەوە، خانوویەكی چەشنی ئەوی لە بەهەشتدا بۆ دروست ئەكرێ].

باز فەرمووی: سەربەسەر ڕووی زەمین
مەسجیدە بۆ زیکری «ربّ العالمین»

یەعنی هەرماڵێ کرابێ بۆ خودا
کەعبەیی عەلیایە بۆ زیکر و دوعا[1]

شکڵی تەکیە و خانەقاهی شێخەکان
واقیعەن ڕەنگینە ئەمما بۆ ڕیان

لەم هەموو شێخ و موریدانەی ڕیا
فەردەکی ناچێتە مزگەوتی خودا[2]

مەسجید و میحراب و مینبەر بێکەسە
هەم مەپرسە حاڵی چۆنە مەدرەسە[3]

شەیخەنا گەر ئەم قسەت نایێتە گوێ
سەیری وا چۆڵە کەری تێدا بگێ[4]

ناکرێ بەم های و هوویە دەفعی ڕووس
هەروەکوو شێخی بوخارا و ئەندەلووس

میسلی ئێوە پاڵیان دا بە دوعا
ئاخری کافر بە ڕیشیاندا ڕیا

پشتیان دا هیممەت و شەیخوخەتی
تا فەرانسز پاکی کردە میللەتی[5]

---

١. [عەلیا: بەرز و مەزن].

٢. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «فەردەکی» نووسراوە: «تاکەکی».

٣. ئەم بەیتە لە دەستنووسێکی لای مندا هەبوو. موحەممەدی مەلاکەریم.

٤. [شەیخەنا = «شیخنا»: شێخی ئێمە].

٥. لە دەقی «گ.م»دا ئەم نیوە دێڕە بەمجۆرە هاتووە: «تا فەرانسە پاکی کردە میللەتی».

مەرقەدی ئەقتاب و قـوببەی ئـەهلی ڕاز
بۆتە جێگەی گاگەل و مـۆڵگـەی بـەراز

هــیند و داغســتان و قــازان و قــەزم
خــێوە و هــیند و بـوخارا و خـوارەزم

یەك بە یـەك وەك ئـێوە بـوون و زێدەتـر
سەر بە سەر بۆ باری کـافر بـوونە کـەر[1]

موعجیزە و کەشف و کەرامات و دوعـا
بۆچی نەیبوو فـەخری عـالەم مستەفا؟

جـیسمی نـوورین و ددانـی گـەوهەرین
ئەو شکا، ئەمیان بووە جـێگـای بـرین[2]

سەبحە و میسواك و خەرقە و تەیلەسان
بــوونە پــابەندی جـیهادی غـازییان[3]

ئەم هـەموو شـەهبازە بـوونە کـوندەبوو
خەڵوەکێشـان و چـلە سـوودی چ بـوو

---

١. [ئەگەر هاوبێژی (تر) بکرێ بە فارسی (تەر) هەم لە لایەنی قافیەوە ڕێك دەبێ هەم لەگەڵ زمانی حاجیدا جۆرە].

٢. دیسان لە هەمان سەرچاوەدا نیوە دێڕی یەکەم بـەمجۆرە هـاتووە: «جـیسمی نـوورانـی و ددانی گەوهەرین» ئێمە وشەی «نوورانی» یەکەمان لە سەر دەقی «م.ر.س» کرد بە «نوورین» چونکە کێشی سووکترە.

٣. [سەبحە: تەزبێح. خەرقە: جبەی کۆن و شڕ و شیتاڵی سۆفیان. تـەیلەسان: عـەبای پـان و گەورە کە شێخ و قازییان لە سەر شانی ئەکەن. غازی: شەڕکەر].

سەیری ناکەی تائیفەی ئەو شێخەکان
وەك سەحابە و عادەتی پێشینیان[١]

ڕووت و پێخاوس بە زەرگێك و مەتاڵ
باوکی بۆ دوو پوول دەردێنێ لە چاڵ[٢]

قەسری دین، بنج و بناغەی مەحکەمی
شیر و تیرە، دیرەك و تاق و خەمی[٣]

موسبەتە فەرمووی حەبیبی کیبریا
من «نەبی»ی شیرم لە مەیدانی وەغا[٤]

گوڵشەنی پڕ میوەیی باغی مەعاد،
وا لە ژێری سایەیی تیغی جیهاد

کێ گوتی: میسواکە تیرم یا عەسا
نێزەمە گورزی گرانم مونتەشا[٥]

---

١. لە زۆربەی سەرچاوەکاندا لە جیاتی دوا وشەی دێڕی یەکەم چەند خاڵێ دانراوە. [موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: ئێمە بە پێی دەستنووسی یەکەم لەباتی ئەو نوختە دانراوانە، «ئەو شێخەکان»مان دانا، بەڵام من دوو دڵم لام وایە وا نەبێ؛ چونکە «ئەو شێخەکان» تەعبیرێکی ڕاست نییە و مانای تەشبیهەکەی لەگەڵ «وەك سەحابە...»دا دەرناکەوێ. - هەنگاوێتر: ٢٧٥].

٢. [زەرگ: سیخ، نێزە. مەتاڵ: قەڵغان و سپەر. پوول: قۆشە، کەمترین ماڵ]. لە دەقی «گ.م»دا نیوە دێڕی یەکەم بەم جۆرە هاتووە «ڕووت و پێخاوس بە هۆی زریە و مەتاڵ» و لە هەندێ دەقدا نیوە بەیتی دووەم بەمجۆرەیە: «باوك و باپیری دەرێناوە لە چاڵ».

٣. [دیرەك: تیرەک، کۆڵەکە. خەم: گومبەز].

٤. [موسەبەتە: سابت کراوە، ڕاستە]. مەیدانی وەغا: مەیدانی شەڕ، نەبەردی جەنگ.

٥. [مونتەشا: نێوی شارێکە کە مەکۆی سۆفیان بووە، گۆچانی مونتەشا: کە وا بەدەستی سۆفیانەوە بۆ لای ئەم شارە نیسبەت دراوە].

یـا کـەمەندم ڕوشـتەیە، تـیغم تـەبەر
پۆست و کەشکۆڵ و دەفە و تاج و کەمەر[١]

کام حـەدیس و ئـایەتی مـوعجیز نـوما
هـاتووە بـۆ ڕەغـبەتی ڕەقس و سـەما

ئـەم ئـیشاراتـە بـە جـێگـایە و بـە ڕێ
نەك وەکوو چاو بەستە تەرکی بن بەڕێ[٢]

داری دنـیا هـەرکەسێکـی تـێی گـەیی
مـیوەیی خـامی هـەیە و مـیوەی گـەیی

پەندی مـن خـامی دەزانـن خـامەکـان
شـیرن و پـوختەی دەزانـن پـوختەکـان

تاکی دونـیا مـایە پـوختەی هـەر هـەیە
لەم کەر و خامەی کە هـەن بـاکـم نـییە

بـا بـڵێن: ئـەم شـێتـە قـەحپە مـردووە
چەند وەڕیوە، چەند وڕێنـەی کـردووە!

---

١. [ڕوشتە: پەتێکە لە پەشم کە دەروێشان بەسەر یان ناوقەدیانەوە دەیبەستن. کەشکۆڵ: سندۆقچەیەکە لە داری نارگیل (گوێزی هیندی) دروست ئەکرێ کە جاران دەروێشان پەتێکیان پێوە دەبەست دەیانکردە ملیان و ئەو خۆراکەی کە سواڵیان ئەکرد، ئەیانکردە ناوی، ئەم کەشکۆڵەی نیشانەی زوهد و دنیا نەویستنە. تاج: تەقلەیەکی خێرخێری جوچکەدارە].

٢. لە دەقی «ع.س»دا ئەم دێڕە شیعرە بەمجۆرە هاتووە:
ئەم ئیشاراتە بە جێگایە و بە ڕێ
نەك وەکوو چاو بەستە تورکی بن بەڕێ

حەق تەعالا واقیفی ئەحواڵمە
«خالصاً للّٰهِ»یە تەرقیمی ئەمە[1]

بەیتەکان عەیبی مەکەن خوار و کەچن
مەقسەدم لەم بەند و باوە دەربچن

وەر نیێ ئەم دونیایە نەفسی نەفسییە
گەر لەبەر ئێوە نەبێ باکم چییە!

من لە تۆفانا بەری خۆم دەردەکەم
وا مەزانە دامەنی خۆم تەڕ دەکەم[2]

ئێستە هەر چیم پێ بڵێن عەیبی نییە
چونکە ئینسان عیلمی غەیبی پێ نییە

ئاخری چی وەحشییە ماڵی دەبێ
جاهلیش ئەو ڕۆژە دێ حاڵی دەبێ

ئەم قسە بالیرە بێ، ماندی بووم
بۆت بکەم باسێکی بۆیان کردووم

پێی گوتم ئەحبابەکی ساحێب حەشەم:
سەرگوزەشتێکم هەیە با بۆت بکەم[3]

---

١. [واقیفی ئەحواڵمە: ئاگاداری حاڵ و وەزعمە. تەرقیم: نووسین]. ئەم نیوە دێڕە شیعرە لە دەقی «م.ر.س»دا بەمجۆرە هاتووە: «(خالصاً للّٰهِ)یە تەرقینم ئەمە»

٢. لە دەقی «گ.م»دا نیوە دێڕی یەکەم بەجۆرەیە: «من لە تۆفانا ببم خۆم دەر دەکەم».

٣. لە دەقەکانی «ع.س» و «گ.م»دا ئەم دێڕە بەمجۆرە هاتووە:

«پێی گوتم: ئەحبابەکی خاوەند حەشەم»
سەرگوزەشتێکی هەیە با بۆت بکەم»

بەڵام ئێمە بە پێی دەقەکەی «م.م» ڕاستمان کردەوە. «بنوارە: مەسعوود موحەممەد، حاجی قادری کۆیی، ب٢، بەغدا ١٩٧٤، ل:٣١٨».

بازی خەو ئیمشەو لەبەر بێ‌هەمدەمی
بوو بە نەسری ئاسمانی حەوتەمی[١]

زاغەکەی شەو باوەشێنی شاپەڕی
شەمعەکەی کوژاندەوە، وەقتێ فڕی[٢]

بەیزەکی جێما لەگەڵ دەرکەوتنی
ئاسمان زەرد و سپی بوو دامەنی[٣]

ماهی بێ‌میهرم لە دەرگا هاتە ژوور
ماتەم و شین و غەمی کردم بە سوور![٤]

کورت و کرمانجی کە گرتم بە ڕەزا
خستم و باقی وەکوو بەیتی "ڕەزا"[٥]

چونکە زانیم ئیش کە کەوتە گفتوگۆ
بێ سەر و پێیە وەکوو چەوگان و گۆ

ئاخری نایێ وەکوو ڕووبار و چۆم
یا شەڕە جوێنی لە نێو خەڕڕات و دۆم[٦]

چی پیاو بێ تێدەگا ڕۆمی چییە
باسی ڕمبازی و سواری بۆ نییە[٧]

---

١. [نەسر: سیسارگ، مەلێکی مردار خۆرە، لاش خۆر، کەرکەس،].

٢. [زاغ: قەلەڕەش، قالاو].   ٣. [بەیزەکی = «بیضە»کی: هێلکەیەك].

٤. [سوور: جەژن و شادی].

٥. مەبەستی لە بەیتی ڕەزا شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانییە.

٦. لە دەقەکانی «ع.س» و «گ.م»دا نیوە دێڕی یەکەم بە ناتەواوی هاتووە. بەڵام لە دەقی «م.ر.س»دا لە جێگەی بۆشاییەکە «ڕووبار و چۆم» نووسراوە و ماناش بە جوانی دەدات.

٧. لە دەقی «گ.م»دا بەمجۆرە هاتووە: «باسی ڕمبازی و سوار بوونێ نییە».

ئیتتفاقی دولبەرێکی بێ کەدەر
حاجی ئەنواعی لیباسی کردەبەر

بێ جیاز و مارەیی دەیدا بە شوو
لەم هەموو کوردانە داخوازی نەبوو[١]

عاقیبەت دەیخوازن ئەمما ئەو دەمی
پیر بووە، نازێ کەل و کۆمە دەمی

ئەو زەمانی بوونە ئاردی نێو دڕك
پارەیەك ناکا دوو سەد جار بێتە ڕك[٢]

(٦)

شێخ بزەینی[٣]

شێخ بزەینی قسەی وەکوو جافە
خۆ کەرامەت نییە ئەمیش لافە[٤]

---

١. لە دەقی (گ.م)دا لە جیاتی «دەیدا بە شوو» نووسراوە: «دەمدا بە شوو».

٢. [موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: مەلا جەمیل وتوویە: ڕك: پەتێکە چەندین حەڵقەی هاپێوە، کار و بەرخی ساوای پێ ئەپێچن، بەڵام من ئێستا ئەم بۆچوونەم لا هەڵەیە و ڕاستی مانا بەیتەکە ئاوەهایە: جاکە باوك و کچی بە شوودراو لە یەك جوێ بوونەوە و هەر یەك وەك ئاردی نێو دڕکیان لێ هات کە کۆکردنەوەیان بۆ کەس هەڵنەسووڕێ، ئەو حەلە باوك سەد جاریش ڕقی هەستێ و لە کۆکردنەوەی خۆی و بە شوودانی کچەکەیدا پەشیمان بێ کەڵکی نییە. ـهەنگاوێ‌تر: ٢٧٩].

لە دەقی «گ.م»دا نووسراوە: «بێ تەڕك». ئیدیۆمی «بوونە ئاردی ناو دڕك، بوون بە ئاردی ناو دڕکان» حاجی لە ناو ئەم دێڕە شیعرەیدا بەکاری هێناوە. «نواڕە: جەلال مەحموود عەلی، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەغدا ١٩٨٢، ل: ٩٣ مەبەستیشی لە یەکنەگرتن و بڵاوبوونەوەی میللەتە».

٣. شێخ بزەینی: عەشیرەتێکی ناوداری کوردە.

٤. لاف: دەعیە، هەوا، فیز.

ئەو وەکوو ئێمە نین بە ئیدراکن
ساحیبی نوسخەیی گەلێ چاکن

وەکوو بەهرام و خوسرەو و شیرین
لەیل و مەجنوون و چەندی وا ڕەنگین

هەموویان ڕەمز و کانی عیرفانن
فێری بن چونکە خزمی خۆمانن

مەم و زین و دیوانی شێخی جزیر
گەلێ چاکن بە سەهلی بێننە گیر[1]

ئەم دوانە ئەمێستە تەرجەمەیان
زۆرە حەتتا لە نێو فەرەنگستان

وای بخوێنن لە وەجهی موحتاجی
وا بزانن بە خۆیەتی «حاجی»

هەم ڕەواجی بدەن لە هەر لاوە
تێنەگەن مردووم، بڵێن: ماوە

قەت تەسەوور مەکەن تەرەفداری
غەیری غیرەتکەشی و غەمخواری

من کەسێکم زەمانەیی ناکەس
دایبڕیوم لە قەوم و قیلە و کەس

هەر منم ئێستا واریسی عیسا
بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕ و مەئوا

١. شێخی جزیر: مەبەستی شێخ ئەحمەدی جزیریی ناودار بە «مەلای جزیری»یە.

(٧)

خۆ دەزانن سولالەیی ئەکراد

خـــۆ دەزانـــن ســـولالەیی ئـەكــراد
لێرەوە بگـــــرە تـــا دەگـــاتە قـــوباد[١]

هــەموو عــالیم، هــەموو شـێخ و مـیرن
زیـــرەك و ژیـــر و ئـــەهلی تـــەدبیرن[٢]

وەســـــەتی پـــانی پـــازدە ڕۆژ ڕێیـــە
پـــڕ لە ڕەشـــماڵ و خـــانە و دێیـــە[٣]

بـــە درێژی لە "قـــاف"كـــە ڕابـــوردن
تا بـــە "شـیراز" و "ئـەسفەهان" كـوردن

شـــــەهسەوارن، پـــیادەیان ئـــازان
بـــەردی نـــیشان و كـــۆلكـی مـەیدان[٤]

---

١. [سولالە: ڕەچەڵەك و بنەچە. قوباد: كەی قوباد، هەوەڵین پاشای كەیانی].

٢. ئەم دێرە لە دەقی «م.ر.س» و «گ.م»دا بەم جۆرەیە:

هەموو زانا و هونەروەر و میرن
زیرەك و ژیر و ئەهلی تەگبیرن

[موحەممەدی مەلاكەریم لە بارەی ئەم بەیتەوە ئەڵێ: من لام وایە ئەم نیوە بەیتە لە ئەسڵدا بەم جۆرە بووبێ: «هەموو عالەم هەموو شەهـ و میرن» لەبەر دوو بەڵگە: یەكەم ئەوەیە كە حاجی قادر زۆر دانووی لەگەڵ شێخاندا نەكوڵاوە تا بە شانازییەوە بیانكات بە بڕبڕەی گەلی كورد، دووهەمیش ئەوەیەكە ئەگەر «شێخ»یش «ێ»كەی قووت نەدرێ نیوە بەیتەكە تۆزێ لەنگ ئەكا. ـهەنگاوێ‌تر: ٢٨١.].

٣. وەسەتی پانی: تێكڕای پانی، موعەددەلی پانی.

٤. [كۆلك: سووكە دارێكە لە یاری جریتدا یاری پێ ئەكرێ. موحەممەدی مەلاكەریم ئەڵێ: مانای ئەم نیوە بەیتەم بۆ ساغ نەبووەتەوە، بەڵام كاك فایز مەلا بەكر گوتوویە: «كۆڵكی مەیدان» لەبەر پێی سواران پێشێل ئەكرێ و ئەهاڕدرێ. لەوانەیە لە جێی خۆیا «كۆڵەكەی مەیدان» بووبێ. ـهەنگاوێ‌تر: ٢٨٣].

دان و بـــــەخشینیان لەلا بــــاوە
خــوونی مــەیدانــیان لەکــن ئــاوە[١]

بە شەجاعەت هـەموو وەکـوو ڕۆسـتەم
بـە سـەخاوەت هـەموو وەکـوو حـاتەم

لە وەفـــا ســـموەئیل و ئـیسماعیل
عــەهد و پــەیمانیان چـیای قـەندیل[٢]

گـــوردی شـــانامە پـاکـیان کـوردە
کــافی ئــەم ســافە کـافی ئـەو وردە[٣]

لە شــــەڕا زۆر دەفـــعە قـــەوماوە
ڕۆمــــییانیان چـــلۆن جــواب داوە

«حـــاجی» دەمـرێ لە داخ و هــاوارە
کـــوردی بـێچــارە دەبــنە ئــاوارە

(٨)

حاکم و میرانی کوردستان

حـــاکـــم و مــیرانــی کـوردستان
هــــەر لە بـــۆتـانەوە هــەتا بــابان

---

١. ئەم بەیتە لە یەکێ لە دەستنووسەکانی لای مندا هەبوو، موحەممەد مەلاکەریم.
٢. [سموەئیل: پێغەمبەرێکی عیبرییە کە لە دادپەروەری و ئاکار چاکیدا بەناوبانگە].
٣. [واتە: وشەی «گورد» کە لە شانامەدا بە مانا پاڵەوانی هاتووە ئەوە کوردە بە نەختێ جیاوازی لە کافەکاندا].

یەك بە یەك حافیزی شەریعەت بوون
سەییدی قەوم و شێخی میللەت بوون[١]

سەیید و شێخەکان لە ترسی ئەوان
مونزەوی بوون و زاکیری ڕەحمان[٢]

هەر کە فەوتان ڕیای ئەوان دەرکەوت
سەیری چۆن بوونە پووش و ئاگر و نەوت

یەکێ لەملاوە ڕوو دەکاتە عەجەم
دوو لەولاوە دەبنە دوژمنی هەم

دوو هەزار ژن فەساد کرا لەملا
بوونە قاتیل ئەوانی تر لەولا[٣]

یەك بە یەك بوونە نائیبی هەمەوەند
ساحیبی مارتین و ماری گەزەند[٤]

---

١. [نیوە بەیتی دووهەم ئاماژەیە بەو حەدیسە کە پێغەمبەر دەفەرموێ: «سَیدُ القومِ خادِمُهم».
هەروەها بە لەقەبێك کە لە ناو عەرەبدا باوە «شیخ الملة»].

٢. مونزەوی: گۆشەگیر.

٣. ئەم دوو بەیتە لەگەڵ وردە جیاوازییەك لە هەردوو دەستنووسەکەی لای مندا هەن. لە یەکێ لەو دەستنووسانەدا چەند پەراوێزێکیان لەسەر نووسراوە، نووسراوە ئەوەی «ڕوو دەکاتە عەجەم» شێخ عوبەدیللای نەهرەوانییە و ئەو شوێنەی «ژنانی لێ فەساد کراوە» ئێرانە و ئەوانەی «بوون بە دوژمنی یەك» تاڵەبانی و بەرزنجەیین و ئەوانەی «بوون بە پیاوکوژ» لە شارەزوورن. موحەممەدی مەلا کەریم.

٤. هەمەوەند: عەشیرەتێکی ئازای کوردە. مارتین: جۆرە تفەنگێکی کۆنە، جاران لە کوردستان زۆر بەکار دەهێنرا. ماری گەزەند: ماری گازگر و زیانبەخش، مەبەست لە ماری ئەو شێخانەیە کە ئیجازەی مارگرتن دەدەن.

میللەتیش هێند کەرن وەکوو جاران
دەستیان ماچ دەکەن دەڵێن: قوربان!

گەر لە سەحرا مەلا نەمردایە
گورگە شین با کەری بخواردایە

شێری دڕندە وەك لە بێشە نەما
گورگ و مامڕێوی دێنە ڕەقس و سەما[1]

من لە غەمخواری ئەم قسانە دەکەم
وەرنە پەشمە لەلام هەموو عالەم

ئەم قسە ئێستە عەیبی لێ دەگرن
ئەو دەمەش دێ کە ئێوە بۆی دەمرن

ئەم بە ئەو ئەو بە ئەم دەڵێ: کاکە
سەیری قانوونی «حاجی» چەند چاکە!

هەر چلۆنێ ئیشارەتی فەرموو
وەك کەرامەت هەمووی هەروا دەرچوو

(٩)

خوسرەو و کەیقوباد

"خوسرەو" و "کەیقوباد" و "ئەسکەندەر"
وەکوو "کیسرا" و "کاوس" و "قەیسەر"

١. حاجی بیری ئەم دێڕە شیعرەی لە ناوەڕۆکی پەندێکی پێشینان وەرگرتووە کە دەڵێ: لە جێی شێران سەگان (ڕێوی) دەکەن گێران. بنوارە: خاڵ، پەندی پێشینان. بەغدا ١٩٧١، ل: ٣٩٠.

هەموو تێکچوون و پاکی فەوتاوە
نە سیلاح و نە سککەیان ماوە[١]

واقیعەن وایە وەك بەیانم کرد
هەر کەسێ زا، بە ناعیلاجی مرد

مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە
ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە

چونکە هەرچی لە داری دونیایە
دێت و دەڕوا، هەمووی وەکوو بایە

سەد شەهەنشاه و پادشا مردن
سەیری کە کوردی ئێمە هەر کوردن

میللەتە باقی، مابەقا فانی
هەر لە جافی هەتا بە گۆرانی[٢]

حەسرەتم هەر ئەمە لە دنیادا
حاجی دەمرێ بە دەوریان ناگا

گەر بە دەورانیان بگەییایە
هەموو حاڵی دەبوون چ دەریایە

چ بە مەنسوور و گەوهەری کوردی
چ بە نەزم و کیتابەتی وردی

١. سککە: پارەی مەعدەن.
٢. جاف: خێڵێکی گەورەی کۆچەری کوردە. گۆران: بە کوردی نیشتەجێ و کشتوکاڵدار وتراوە. مەبەستی حاجی لە تێکڕای کوردی کۆچەری و نیشتەجێیە.

"سەعدی" ئەییامی خۆی نەبوو نانی
وەکوو من بوو گەڕۆك و بێخانی[1]

ئێستە خەڵقی لە حەسرەتی دەمرن
بەیتەکانی لە زێڕ و زیو دەگرن

ئاخیری ڕۆژەکیش دەیێ وەعدی
خەفەتم بۆ بخۆن وەکوو "سەعدی"

قازیی نەسر و موفتیی نازیم
تێدەگەن تا مودەڕڕیس و عالیم

بۆ تەسیحەی زوبانی کوردانە
شیعرەکانم دەلیل و بورهانە

یەعنی تا ماوە شاعیری غەڕڕا
عالیم و عامی داخی بۆ ناخوا

لاکین ئەو ساعەتەی بە ڕەحمەت چوو
قوڕ دەپێون دەڵێن: چ حیکمەت بوو!

پەشمە «حاجی» وەرە وەکوو جاران
بێرەوە سەر حیکایەتی کوردان

---

١. سەعدی: مەبەستی لە [شێخ موسلیحەددین] «سەعدی شیرازی»یەکە ئەدیبێکی ئیسلامی ئایینپەروەری ئێرانی بووە، لە ساڵی ١٢٩١ی زایینی کۆچی دوایی کردووە و لە ناو خەڵکەکەدا ناوی بە شێخ سەعدی دەرکردووە.

(١٠)

شەهسواری بەلاغەتی کوردان

شـــەهسواری بـــەلاغەتی کـــوردان
یـــەککـــەتازی فـــەساحەتی "بـــابان"[١]

مســـــتەفایە تـــەخەللوسی "کـــوردی"
غـــەزەلی کـــردە بـــەربوتی کـــوردی[٢]

نـــاوی "ســاحێبقران"ی خـاسی ئـەوە
چونکە لەم عەرسە ئەسپی ئـەو بـەدەوە

ئـــەو کـــە نـــۆشی شـەرابـەکـی تـاڵی
"نـــالی" لەو عـــەرسەدا بـــووە تـــاڵی[٣]

"نـــالی" ئـــوستادەکـی گـەلێ چـا بـوو
خـــزری ئـــابی حـەیاتی مـەعنا بـوو[٤]

یەکێ‌تـر بـوو "مـوحەممەدی فـیکری"
مووی دەئەنگاوت بە تـیرەکـی فـیکری

یەکێ "ڕەنـجووری" ئـەهلی کـەرکووکە
فیکری بـیکری هـەموو وەکـوو بـووکە

---

١. شەهسوار: وشەیەکی لێکدراوی فارسییە بە مانای شاسوار دێ، حاجی لە سەدەی نۆزدەهەمدا زمانی ئەدەبی فارسی ئامێز بووە. هەندێ نووسەر وەکوو زمانی ئەدەبی ئەمڕۆ دەیکەن بە «شاسوار». [یەککە تاز: سوار چاك].

٢. بەربوت: ئامێرێکی مۆسیقای وەکوو عوودە.

٣. تال: بە پێی هەندێ سەرچاوەی زمانی عەرەبی بە ئەسپی چوارەمی مەیدانی غارغارێن دەڵێن. بڕوانە: المنجد في اللغة بیروت ١٩٦٦، ص٦٤.

٤. مەبەستی لە خزر هەم ناوی «نالی»ی شاعیری مەزنی کوردە و هەم حەزرەتی خزری ناودار بە «خدری زینده»یە چونکە ئاوی ژیانی خواردۆتەوە هەر بە زیندووەتی ماوەتەوە.

یەکێتریان "ئەمین بەگی" دزەیی
دز نییە شاعیرێکە جەربەزەیی[١]

"کەیفی" حاجەت نییە بکەم باسی
ئەم کتێبەی بخوێنی دەیناسی

"سالیم"و"مەشوی"،"شێخ ڕەزا"و"خەستە"
شاعیران هەر چواری بەرجەستە

وەك "وەفایی" کەمە لە شوعرایی
خەتی وەك بەیتی چاك و ئەسپایی[٢]

لە کون و قوژبنی کەلاوەی دەهر
چەندێتر هەن میسالی گەنجی گوهەر[٣]

سەبکی "جامی"ن و غیرەتی "سەلمان"
بەیتیان ون بووە وەکوو خۆیان

"مەلکەقۆڕ"و "حیماری"و "کیسەشکەل"
«قِسْ مِن أَسْمائِهِمْ و لا تَسْأَلْ»[٤]

---

١. جەربەزە: بزێو، ئازا و جەسوور. [موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: «دزەیی» و «جەربەزەیی» هەڵەن و «دزەیە» و «جربەزەیە» ڕاستن. ـهەنگاوێتر: ٢٩١].

٢. [موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: ئێستا وای بۆ دەچم ئەم بەیتە ئاوەهابێ:
«وەك وەفایی کەمە لە شاعیرا بێ
خەتی، وەك بەیتی، چاك و ئوستا بێ»].

٣. [پێویستە بۆ ئەوەی قافیەی «دەهر» لەگەڵ «گوهەر»دا ڕێك بێتەوە، وشەی «دەهر» بە «دەهەر» بخوێنرێتە].

٤. «مەلکەقۆڕ» و «حیماری» و «کیسەشکەل» نازناوی سێ شاعیری دۆست و هاوچەرخی حاجی قادر بوون، ئەمانە و چەند کەسێکی هاوتایان پێکەوە فەقێ بوون لە مزگەوتەکەی «شێخ ☜

شـــیعریان جـوانـه بـەس نـییه کـوردن
گــەرچـــی بـــەد نـــاون و گـــەلێ وردن

بە فیدایان دەکـەم سـەد "ئـیبنو یـەمین"
چـونکە دەربـەستی غـیرەتی کـوردین[1]

لە جـزیرە یـەکـێکـە "شـێخ ئـەحمەد"
ســـاحیبی نـــاو و مـورشیدی ئـەرشەد

ئـــەوی "جـــامی" گــوتوویەتی ئـەمەیە
لەو قســـە و مـەدحە مـەقسەدی ئـەمەیە

«پـــیرمردی بـــدیدەام ز جـــزیر
نـــیك مـــردی بـدیدەام ز حـــریر»

"ئەحمەدی خانی" ساحیبی مەم و زین
شـــاهبازی فـــەزایـــی عـــیللیین[2]

خـــەلەفی ئـــەو دەبـن لە "گـــۆدیـنگان"
لە جـزیر پـێی دەڵێن: "فـەقێ تـەیران"[3]

☞

وەتمان» لە باڵەکەتی، بۆ پتر ساغکردنەوەی بڕوانە: «مەسعوود موحەممەد، حاجی قادری کۆیی، ب٢ بەغدا ١٩٧٤، ل: ٥٣ تا ٥٥». نیوە دێڕی دووەم بە ڕێنووسی کۆنی عەرەبی نووسرابوو خستمانە سەر ڕێنووسی نوێی عەرەبی. [واتە: بە ناوەکانیانا هەڵیان سەنگێنن و ئیتر لە بارەیانەوە پرسیار مەکەن، یانێ خۆتان تێدەگەن چەندە شۆخ و گاڵتەچی بوون].

١. [ئیبنو یەمین: شاعیرێکی ئێرانییە (٧٦٩ـ ٨٥٠ هـ ق)].

٢. [عیللیین: جێگەیەکی بەرزە لە بەهەشتدا، «إِنَّ كِتَابَ الْأَبْرَارِ لَفِي عِلِّيِّينَ». موتەففیفین: ١٨].

٣. ئەم دەقەی سەرەوەمان لە دەستنووسەکەی «م.ر.س» وەرگرت و وەك بینیمان دەقەکانی «ع.س» و «گ.م»دا بەمجۆرە بوو: «خەلەفی ئەو دەبن کوو زنکان!».

شـــاعیری ئـێره گـــەرچـی زۆر مـاون
ئەم دوو سێیەن کـە وا لە پـێش چـاون[١]

چەند ئەوەندەی کە عەرزی ئێوەم کـرد
شـــوعەرامـــان هـــەیە بـــە دەســـتوبرد

شـــــاعیر کـــۆن و تـــازەیی کـــوردان
کـــــە لە تـــەعدادی عـــاجیزە ئـینسان

ئەوی خۆم دیـومە یـانە خـۆ ئـەسەری
ئـــەمەیە بـۆت دەڵێم بـە مـوختەسەری

مـــەعدەنی عـــیلم و عـــالیمی عـــامیل
قـــوتبی دەوران و مـــورشیدی کـــامیل

هـــەر لە ئـــەووەڵ جـــەنابی "مـــەولانا"
نـــــەقشبەندی ڕەواقـــــی ئـــــیللەڵڵا[٢]

---

١. ئەم شەش بەیتە، لە بەیتی «لە جزیرە یەکێکە شێخ ئەحمەد»ەوە، لە یەکێ لە دەستنووسەکانی لای مندا پارچەیەکی سەربەخۆن لە پاش پارچە شیعری «خوسرەو و کەیقوباد و ئەسکەندەر»ەوە. من لام وایە ئەوە ڕاست نییە و شوێنی ئەم بەیتانە لەم پارچەدایە جا لێرەدا یا لە شـوێنێکـی موناسیبی تردا. نیوەی یەکەمی بەیتی پێنجەمیشیان بەمجۆرەیە: «خلقی ناو دی گودنگان» کە ئەبێ بە «خەڵقی ناو دێی گۆدینگان»و دیارە لەنگە. ئەوەی لەم تێکستەدا بایەخی هەبێ ناوی «گۆدینگان»ەکەیە کە لەوانەیە ببێ بە هۆی ڕاستکردنەوەی ناوی ئـەو شـوێنە. ئـەگـەر ئـەو تێکستەش ڕاست بێ کە ئەڵێ «خەڵەفی ئەو دەبن»...تاد، ئەوە دیارە وائـەگـەیەنێ کـە فـەقێ تەیران کوڕی یا لە نەوەی ئەحمەدی خانییە و ئەوەش پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەیە تا ئێستا لە بارەی مێژووی ژیانی فەقێ تەیرانەوە نووسراون. موحەممەدی مەلاکەریم.

٢. مەبەستی لە مەولانا خالیدی شارەزووری میکاییلی نەقشبەندییە.

غــەوسی ســانی و حــاتەمی مــەزهەب
"عەبدوڕڕەحمان"ی خالسی مەشرەب[١]

وەکوو "بەیتووشی" شــاعیری عــەرەبی
تا قیامەت نە کــەس بــووە و نــە دەبــی[٢]

شــاعیری جــاف و نــەزمی ئــەترافــی
"مەولەوی" و "خــانە" کــافییە و شــافی

ئــەوی ســەر خــێڵی عــێلی ئــەوزانــە
لە عــــەشایر "مــــەلا وەڵەدخـــان"ە[٣]

خـــۆ "مــەلا مســـتەفای بــێســـاران"
بـــێ نــەزیرە لە نــەزمی کــوردستان

"مــەلکە"مــان مــەلکەمووتی مــەعنایە
یــەعنی هــەر چــۆنــێ حــەز بکــا وایــە[٤]

وەك "مــەلا خــدری ڕوودبــاری" نــییە
شــیعری ئــابی حــەیاتە تــاریی نــییە

حیکمەت و نەزمی "مــیرزا یــەعقووب"
وەك فــلاتوونە لەفــزەکــان وەك کــووب

---

١. غەوسی سانی: مەبەستی لە عەبدوڕڕەحمانی باوکی شێخ‌ڕەزای تاڵەبانییە.

٢. بەیتووشی: مەلا عەبدوڵڵای بەیتووشی: شاعیرێکی هــەرە گــەورەی کــورد بــووە، بــەڵام شیعرەکانی بە زمانی عەرەبی دادەنان.

٣. ئەم دوو بەیتە لە یەکێ لە دەستنووسەکانی لای مندا هەبوون، موحەممەدی مەلاکەریم.

٤. [واتە: مەلکە ـکە نازناوی شاعیرێکە ـ بە مانای فریشتەیە لەناو فریشتەکاندا بــە مــانای مەلکەمووت (ملك‌الموت) واتە: عیزرائیل دێت کە هەرچی بکات بە دەس خۆیە].

یــەعنی فــیکری لە ئــاسمان بــە دەرە
بــاعیسی عــەیشە، دافــیعی کــەدەرە

"حــەسەن"ی بــاوکی "فـەقێ ئـۆمـەر"
کوڕی "ئۆمەر"، "موحەممەد"ی سەروەر

مــەنجەڵی نــەزمی گــەورە و گـچکەن
بۆ خـەیاڵاتـی عـەینی سـێ کـوچکەن[1]

شــاعیری "زەنگــەنە" نــییە حـەددی
وەکــوو شــوجعانی نـاکـرێ عـەددی

چونکە مەجمووعی تـەبعی مـەوزوونە
ســـینەیان مـــیسلی ئــاینە ڕوونــە[2]

ئــینتخاب نــاکــرێ لەبــەر چــاکـی
وەك لە شـــەڕدا ســوار و چــالاکــی

دوو وەحیدن "موحەممەد" و "ئەحمەد"
یــەکـێ کـۆمـاسییە یـەکـێ دەربـەند[3]

"هـەمەوەند"یش کـە خـزمی خـۆمـانن
شـــاعیری زۆرە پــاکــی دەیــزانــن

چــونکە تـیژی زوبــانیان یــەکسـەر
کــەوتە نــووکی ڕم و دەمـی خـەنجەر

---

١. لە دەقی «گ.م» لە جیاتی «مەنجەڵ» وشەی «مەشخەڵ» هاتووە. [سێ کوچکە: سێبەردە، کوانوو].
٢. لە دەقی «گ.م»دا نیوە بەیتی یەکەم بەمجۆرە هاتووە: «چونکە تەبعی هەمووی مەوزوونە» و لە جیاتی «سینەیان»، «سینگیان» هاتووە.
٣. مەبەستی لە جەماغای دەربەندفەقەرە و ئەحمەد بەگی کۆماسییە.

بـــێ کـــتێبـــن، ئـــەمە لەوان دووره
مــــەردی ئـــازا لە نـــاقیسان دووره

دەشـتی کـەرکووك و کـێوی هـەورامـان
شـــاعیری زۆره بـــێ حـــەدد و پـــایان

ســــاده هـــەر نـــاویان بکـــەم ئـــیملا
ئـــەم کـــتێبـــە بـــچووکە بـــەش نـاکـا

هـــەر لە "شـــیراز"ەوه هـــەتا "بـــابان"
پاکی یـەك نـەزمە پـێی دەڵێن "گـۆران"

هـەر "مـوسڵ" هـەتا حـەددی "بـابان"
بـــەیتیان کـــردووه وەکـــوو جـــافان[1]

بـەسیە بـێ‌عـاری ئـەی گـەلی خـزمان
لەم هـــەموو بـــەیتی میللەتی خـۆمـان

ئەگەر ئێمە و "سـنە" و "سـولەیمانی"ن
نـــاوی یـــەکیان بـە چـاکـی نـازانـین

وەك "موحەممەد حەنیفە" بەیتی مـەتین
نـییە ئـــیللا حـــەساری "قـوستەنتین"

"بـــەیتی دمـــدم" کـــە قـەدری نـازانـن
پـــاکـــی سـیحری حـەڵاڵی کـوردانـن

وەکـــوو شـــانامە گـــەر بـنووسرایـــە
لێت مـــوعەییەن دەبـــوو چ وەســـتایە

---

١. لە دەقەکـانی «ع.س» و «گ.م»دا وەکـوو نـاو ئـەم قـەسیدەیە نـووسراوه، بـەڵام لە دەقـی «م.ر.س»دا لە جیاتی «بەیتیان کردووه» نووسراوه: «بەینیان کردووه».

ئـەسپی ڕەش بـەیتی تـا بـڵێی چـاکـە
نـەزمی یـەگـجار سـوار و چـالاکـە

ئەسپی شەش پێی قـەهرەمانی عـەجەم
مـەحزی کـیزبە بـە ئـیتتفاقی ئـومەم

چونکە نووسراوە خـەڵکـی دەیـخوونن
لەم هـەموو بـەیتی ئـێمـەدا کـۆرن

وەرە ئـەمجا لە حـەسرەتان مـەمرە
چوار پەلی ئـەسپی سـوننیان مـەگـرە[1]

وەکـوو بـەیتی حـەتەم لە دەعـوادا
نـییە، "فـردەوسی" سـەد کـلك بـادا

ئـەم فـەسیحانە پـاکـی بـێناون
بـاعیسی پـێت بـڵێم: نـەنووسراون

دوو "عەلی"ن شاعیرن وەکوو حەسسان
"بەردەشان" و "حـەریر"ە مـەسکەنیان[2]

یەکێ هەمنامی خـۆم بـە خـۆم دیـبووم
شێخ وەسانی بوو مەردەکی مـەعلووم[3]

---

١. لە دەستنووسەکەی «م.ر.س»دا لە جیاتی «مەگرە»، «مەبڕە» هاتووە.

٢. [حەسسان: شاعیرێکی ئیسلامیە کە بە شاعیری پێغەمبەر بەناوبانگ بووە].

٣. حاجی لەم دێڕە شیعرەدا، لە حاجی قادرێکی شاعیری شێخ وەسانی دەدوێ کە هاوناوی خۆی بووە، بەم وشەی هاوناوەش سەرەڕای ناوهێنانی شاعیری شێخ وەسانی، ناوی خۆیشی بەبێ دەربڕین خستۆتە پاڵ لیستەی شاعیرانی کوردەوە. بڕوانە: «مەسعوود موحەممەد، حاجی قادری کۆیی، ب١ بەغدا ١٩٧٤، ل:٦٦».

وەکــوو مــن بــوو بــە زاهــیری جــاهیل
بــــاتینەن شــاعیرێکــی زۆر کــامیل

"ئەحمەدی کـۆر" لە شـاری سـابڵاغـە
بــەیتەکــی داغــە، بــەیتەکــی بــاغە

ئــەمە مــەجمووعی شـاعیری غـەڕڕان
هەروەکوو مـەسنەوین لە نـێو کـوردان[1]

هــەموویان بــێنــەزیر و یــەك وەزنــن
قــــابیلی بــــەزم و لایــــقی ڕەزمــن

غەیری "دمدم" لەمان بە نـەزمە جـودا
بــێســەدا تــەپڵی نـەزمی دەنگ نـادا

بــــە ڕەوانــی مــیسالی ئــابی ڕەوان
ئــیرتیجالین هــەموو بــە بــێدامـان[2]

کــوللی بــەیتێکــی دوو هــەزار فـەردن
مــــانگەکــی پــێ دەوێ لەبــەرکردن

ئــەمە هــەر کــوردە لایـقی تـەحسین
بــێ کــتێب و مــوعەللیم و نــووسین

کــامە مــنداڵ و شــێتــی لێ بگــری
هەر کە بـیستی بـە جـارێ دێتـە بـەری

---

١. مەسنەوی: مەبەستی لەو کتێبەیە کە «مولانا جەلالەددینی ڕۆمی» بە شیعر و بە زمانی فارسی دایناوە.

٢. بە ڕەوان، ڕەوان: «فصیح»، بە ڕەوانی: بە فەسیحی. ئاوی ڕەوان: مەبەستی لە ئاوی حەیاتە، کە دەڵێن هەر کەسێکی چنگی بکەوێ و بیخواتەوە هەگیز نامرێ، یا ئاوی جاری.
[ئیرتیجالی: لە پڕ وێژراو و بەبێ بیرلێکردنەوە].

ئێسته مەعلوومی بوو هەموو میللەت
ئەی مەلای دەرس و موفتیی ئوممەت

ئێمە بێغیرەتین و بێعارین
ئەوی نەیخوێندووە لەمە عارین

قەید و تەزبیب و شەرح و حاشیەکان
بوونە سەددی مەعاریفی کوردان[1]

حاسڵی ئێمە وەك دەکەم تەخمین
کرمی ئاوریشمین و مێش هەنگوین

نییە ئارام و راحەتی و خەوتن
شەو و رۆژێ هەتا دروستی دەکەن

کەچی رۆمی کە ئێمە دەیناسین
وادەزانێ کە ئێمە نەسناسین[2]

یانە ئێرانییەك کە مەعلوومە
دایکی موتعە، باوکی مەوهوومە

ئەمە دەیکاتە کاسە دەینۆشی
ئەو کەوای لێ دەکات و دەیپۆشی

---

١. [تەزبیب = «تضبیب»: مەبەست ئەو نیشانە و نیگارانەیە کە فەقێ و مەلای کۆن پێوەندی وشە و جێناو و... پێدەستنیشان دەکرد. چەشنی نقیساری ئێستە]

٢. نەسناس: جۆرە مەیموونێکە.

(١١)

سلام اللهِ منّي

«ســــلام اللّـــهِ مـــنّي کُـلَّ یَـوْمٍ»
لە ئەسحابانی ساحێب غیرەت و دیـن[١]

لە بـێعــاری هـەموویان کـەوتە یـادم
رومـــووزی ئـــیتتیفاق و ئـــیتتیحادم[٢]

لە بـەر دووری لە ئـەقران و لە ئـەمسال
لە کوردانم دەپرسی «ضـرب الأمـثال»[٣]

لە بۆ ئەم یەك دوو ئەشعاری ڕەش و ڕووت
هەتا پەیدا بوو ڕۆحم گەییە سـەر لووت

دەفەرمووی ئەم عەزابە بـۆچ دەکـێشـی
چ مەزلوومە ئـەگـەر چـاوت نـەبێشـی

قوڕی کوێ کەم بەسەر خۆما لە غوربەت
خەوم نایێ لە داخـی مـوڵك و مـیللەت

ئەگەر وەك من خەبەردار بن لە دەوڵەت
لە حەیفان خۆ دەخنکێنن بە بـێ پـەت[٤]

---

١. ئەم نیوە دێرە عەرەبییە، لە دەقی «ر.ك» و «ت.ر» و «ع.س»مان وەرگرتووە دەنا لە دەقی «گ.م»دا بەمجۆرە هاتووە: «سلام اللّه عەلەیکوم کلّ یوم!».
٢. لە دەستنووسەکەی «م.ر.س»دا نووسراوە: «بە ڕەمزی ئیتتیفاقی و ئیتتیحادم».
٣. [ئەقران و ئەمسال هاوەڵ و هاوتەمەنەکان].
٤. لە هەندێ دەقدا لە جیاتی «بن»، «بی» و لە جیاتی «دەخنکێنن»، «دەخنکێنێ» نووسراوە.

چــوار مــلیۆنــه کــوردستان نــفووسی
بە قیسسەی ئەهلی تەخمینی کە نووسی[١]

هەموویان شێری بێشەن حاتەمی جوود
لە شەڕداکێوی "جوودیوبەحری مەمدوود"[٢]

وەلێکین فائیدەی چی هەرج و مەرجــن
لە دەعوادا لەگـەڵ یـەکـتر بـەمەرجــن[٣]

"لە گوێی گا نوستوون" هەر چەندە شێرن
وەکوو کەروێشکی چاو ڕاماو و کوێرن[٤]

ئــەوی ئــەعلایە ســەردەستەی شکــارە
ئـەوی ئـەدنایە بـەستەی زوڵفـی یـارە[٥]

ئــەوی ئــازایــە شــەهنامە دەخــوێنــێ
ئەوی میسکینە گـەنم و جـۆ دەچــێنــێ

---

١. لە دەقی «ع.س» و «گ.م»دا نووسراوە: «دوازدە ملیۆن». ئێمە دەقی «ر.ك» و «ت.ر»مان لا ڕاست بوو کە نووسیویە «چوار ملیۆنە»، چونکە دەقی کۆنترن و لەگەڵ کێشی شیعرەکـەش باشتر دەگونجێ و لە سەردەمی حاجیشدا کورد هەر چوار ملیۆنـێك بـووە و ئـێستا زیـادی کردووە. موحەممەدی مەلاکەریم.

٢. جوود: سەخاوەت بەخشندەیی. [بەحری مەمدوود: بەحری هەرە گەورە]. لە دەقی «ت.ر»دا نووسراوە: «بەحری مەخدود» و لە دەقی «م.ر.س»یشدا نووسراوە: «بەحری مەحموود».

٣. هەرج و مەرج: فیتنە و هەرا و هۆریا. [موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: «یەکدی» لە «یەکتر» نزیکترە بە زاراوەی کۆیەوە، ئەمەش سەرەڕای نوسخە خەتییەکان. ـهەنگاوێ‌تر: ٣٠٦].

٤. لە دەقـی «ر.ك» و «ت.ر»دا نـووسراوە: «چـاو ئـازا و کـوێرن». [لە گـوێی گـادا نـوستن: ئیدیۆمیکی کوردییە بە مانای بێ‌خەبەربوونە].

٥. [ئەعلا: بەرز. ئەدنا: نزم و خوار].

ئــەمانە بــێ‌شــعوور و گــێژ و وێژن
موتیعی لۆتی خــوێڕی و هــەرزە بــێژن[١]

کوڕێکی وا نــەبوو هــەستێتــە ســەر پــێ
بزانێ خەڵقی چۆن کەوتوونە ســەر ڕێ[٢]

بکا سەیری جــەریدە و حــاڵی مــیللەت
کــتێبــی تــازە و تــەئریخی دەوڵەت[٣]

بــزانــێ تــا چ قــەوماوە لە ئــەتراف
ســەراپــا ئــاگــرە ئەتراف و ئــەکــناف[٤]

ئەگەر کارێك نــەکــەن لەم بــەینەدا زوو
مەمالیك کاتەکی زانیت لە دەستچوو[٥]

١. لە دەقی «ت.ر» و «ر.ك»دا بەمجۆرەیە: «لۆتی خۆر». ئێمە بە «لۆتی خوێڕی»مان خوێندەوە. [کاك عەبدوررەزاق بیمار، وشەی «لۆتی خوێڕی» بە هەڵە ئەزانێ و «لۆتەخۆر» بە ڕاست ئەزانێ و لەسەر ئەمەش زۆر داکۆکی ئەکات کە «لۆتەخۆر» بە مانا (پیس خۆر و پاشماوە خۆر) دێ و لە کەرکووکدا کرداری «لەوتاندن» بە مانا پیس کردن بەکار دەبەن. موحەممەدی مەلا کەریمش ئەڵێ من ئەم بۆچوونەم بەلاوە ڕاست نەبوو تا لە دەمی هاوڕێیەکی کەرکووکیم بیست و ئێستا پێم‌وایە «لۆتەخۆر» دروستە.ـ هەنگاوێ‌تر: ٣١٧. بەڵام سەیر ئەوەیە موحەممەدی مەلا کەریم چۆن ئەم وشەیەی لە دیوانی نالیدا نەبینیوە کە مامۆستا لەوێ بە (بخۆری پاروویی زل) مانای لێداوەتە:

وا خوانی کەناری من بۆ نوقڵی دەم و ماچە
ئەی «لۆتەخۆر»ی تەکیە، ساتۆ لە کەنارت چی

هەروەها مامۆستا هەژاریش بە پاروو زل خۆری مانا لێداوەتەوە].

٢. لە هەندێ دەقدا لە جیاتی «وانەبوو»، «وانیە» هاتووە و نیوە دێڕی دووەم لە دەقی «ت.ر»دا بەمجۆرە هاتووە: «بزانێ چۆن هەموو کەس کەوتە سەرڕێ».

٣. [جەریدە: ڕۆژنامە].

٤. ئەکناف: کۆکراوەی «کنف»ی عەرەبییە بە مانای تەنیشت و ڕۆخ دێ.

٥. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «مەمالیك»، «وڵاتت» هاتووە.

گەمی سەحرا و دەریا دێتە جەولان
بە غەیری پێکورەی فەوجی سواران[١]

بە تڕخانی بەسەرناچێ، لەمەو پاش
لە هەرلاوە دەتان هاڕن وەکوو ئاش[٢]

لە ژێر پێدا دەچن حەیف و مخابن
گەدا بن ئێوە، دوشمنتان بە شا بن

بە غەیری ڕۆمی و ئینگلیز و ڕووسی
بێ حەددن دەوڵەتان ناویان بنووسی[٣]

لە جێی خۆیان هەڵستاون بە غیرەت
لە دنیا ناوی خۆیان ناوە دەوڵەت

سەراپا ساحێبی سککە و سوپاهن
وەکوو جەم ساحێبی تەخت و کولاهن[٤]

---

١. گەمی سەحرا حوشترە و گەمی دەریاش پاپۆڕە. پێکورە: بەو کوللە ساوایە دەڵێن کە هێشتا باڵی لێ نەڕوابێ و بە هەزاران هەزار پەلاماری شینایی دەدەن و تەڕ و ئیشك پێکەوە دەخۆن. [فەوج: پۆل، دەستە]. نیوە دێڕی دووەم تەنیا لە دەقی «ر.ك»دا ڕاست نووسراوە، دەنا لە دەقەکانی «ع.س» و «م.ر.س» و «گ.م»دا بەمجۆرەیە: «بە غیری پێکەوەی فەوجی سواران».

٢. [تڕخانی] ئەم وشەیەمان لە سەر تێکستی «ڕۆژی کورد» و «تێگەیشتنی ڕاستی» ڕاست کردەوە، ئەگینا لە هەموو چاپ و دەستنووسەکاندا «بەدرخانی»یە کە مەعنا نابەخشێ. موحەممەدی مەلا کەریم.

٣. لە دەقی «گ.م» و «ع.س»دا ئەم دێڕە شیعرە بەمجۆرەیە:

بە غەیری ڕۆمی و ئینگلیز و ڕووسی
بێ حەددە دەوڵەتان ناویان بنووسی

٤. لە هەندێ دەقدا لە جیاتی «ساحێبی» نووسراوە: «خاوەنی». [جەم: کورتکراوەی جەمشیدە کە پاشایەکی کۆنی ئێرانییە].

لە تەدبیری ئومووری موڵکی خۆیان
شەریکن پینەدۆز و شاه و گاوان

لە هەر وەقتێ یەکێکی بێتە هاوار
لە جووتیار و شوان و ئەهلی بازار[١]

لە جۆشین و لە نێشا مێشی هەنگن
بە من چی کافرن یانە فەڕەنگن[٢]

وەکوو بیستوومە بۆ دەفعی مەسائیب
ئەمە تەدبیری کورت و فیکری سائیب[٣]

لە دەشت و دێ و ویلایەت بینە ئەحباب
وەکوو شەخسێکی واحید بن لە هەر باب

لە "بۆتان" تا "بەبان" و سەرحەدی "ڕەی"
لە ئەولاتر وەها نۆش بێتە سەر دەی

ببینە یەك لە تەعلیم و لە نووسین
جل و بەرگ و زوبان و ڕەسم و ئایین[٤]

---

١. ئەم شیعرە لە دەقی «ت.ر»دا نەبێ لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەدا نەهاتووە.
٢. نیوە بەیتی یەکەممان لە سەر دەقی «ڕۆژی کورد» ڕاست کردەوە. موحەممەدی مەلا کەریم.
٣. [مەسائیب: کۆی موسیبەت، بەڵا و کۆست. سائیب: ڕاست و دروست و شیاو]. لە دەقەکانی «م.ر.س» و «گ.م» و «ع.س»دا لە جیاتی «سائیب» «ساحیب» هاتووە، ئێمە «سائیب»مان لا پەسەندتر بوو.
٤. لە دەقی «گ.م»دا ئەم نیوە دێڕە بەمجۆرە هاتووە: «هەموویان ببنە یەك تەعلیم و نووسین».

(١٢)

شاعیر و شێخ و خواجە دەربەدەرن

شاعیر و شـێخ و خـواجـە دەربـەدەرن
لە قسـەی بـێنـەتیجەدا دەمـرن

بـاسی زوڵفـی درێژ و چـاوی بـەخەو
نـەبڕوا بـووە تـڕی خـوسرەو

قـەید و تـەزبیب و حـاشیە و ئـیعراب
هەموو با بردی بوونە مەوجی سـەراب[1]

"سەفەر ئەندەر وەتەن" چ کەڵك دەگرێ؟!
سەیری نـاکـەی شـەمەندەفەر دەفڕێ[2]

بـە قسـەی سـادە بـرسی تێر نـابێ
عـەمەلە عـیززی دیـن و دونـیا بێ

"ئـاسنی سـارد بە فـوو نـەرم نـابێ"
"بـە تـڕانـیش حـەمام گـەرم نـابێ"[3]

تـەلغرافـیش تـەلێکـە بـێمـایە
مـوخبیری ڕوویـی کـوللی دونـیایە

---

١. [قەید و تەزبیب و حاشیە و ئیعراب: چوار زاراوەی زانستە ئایینییەکانن].

٢. ئەندەر: لە ناو سەفەر ئەندەر وەتەن: زاراوەیەکی سۆفییانەیە بە واتای گەشتی ناو دەروون دێ.

٣. «ئاسنی سارد بە فوو نەرم نابێ» و «حەمام بە تڕان گەرم نابێ» دوو پەندی پێشینانی کوردین حاجی کردوونی بە دێڕە شیعرێك. بڕوانە: «شێخ موحەممەدی خاڵ، پەندی پێشینان ج٢ بەغدا ١٩٧١، ل:١٤، ١٨٣».

جەوهەری فەردی ئەو موجەززا بوو
یا نەبوو حاسڵی چ پەیدا بوو؟[١]

گفتگۆ حاسیلی هەمووی بایە
عەمەلییاتە نانی تێدایە[٢]

عولەمامان بە قەولی بێسەروپا
پاکی خنکا لە بەحری وشکی هەوا

سنعەتێك فێر نەبوون لە پاش تەحسیل
سەیری چۆن بۆ مەناهی بوونە دەلیل[٣]

یەك بە یەك بوونە خائینی دەوڵەت
خائینی موڵك و دوشمنی میللەت

تا تەعیناتی «کوێر» و «لاڵ» مابوو
لەگەڵێ دێیەکان مەلای چا بوو[٤]

---

١. [جەوهەری فەرد: بە بچووکترین بەشی هەر جیسمێك ئەڵێن کە لەوە زیاتر دابەشبوون هەڵناگرێ، زاراوەیەکی فەلسەفەی کۆنە. موجەززا: دابەشکراو. حاجی مەبەستی ئەوەیە ڕۆیشتن لەسەر ئەم بیر و باوەڕە کۆنانە هیچ کەڵکێکی بۆ ئێستای ئێمە نییە]. ئەم بەیتە لە یەکێ لە دەستنووسەکانی لای مندا هەبوو. موحەممەدی مەلاکەریم.

٢. مەبەستی لە عەمەلییات کار وکردەوەیە و دەڵێ گفتوگۆ و قسە وەکوو با دێن و دەڕۆن، تەنها کردەوەیە دەمێنێ و نافەوتێ. ئەم دێڕە شیعرە و دێڕە شیعرەکەی پێشووتری (تەلغرافیش تەلێکە...) تەنها لە دەقی «م.ر.س»دا هاتوون و وا بۆ یەکەمجار بڵاویان دەکەینەوە.

٣. مەناهی: مەبەستی لە مەناهی شەریعەت و ئایینە، واتە: ئەوکار و شتانەی کە دین نایەوێ مرۆڤ بیانکەن.

٤. ئەم دەقە لە سەرچاوەکاندا لەگەڵ دەقەکەی «م.م» جیاوازییان زۆرە. بەڵام دەق و لێکدانەوەکەی «م.م»مان زۆر لاگونجاوتر بوو لە دەقەکانی تر بۆیە پشتمان پێ بەست و ☞

ئەو دووانە بە ڕەحمەتی خوا چوون
شارەکان بێ مەلا و مودەڕڕیس بوون

بەڵێ وایە لە ئەلزەمی ئەشیا
ئەووەڵەن خواردنە، دووەم سوکنا[1]

سێیەم سەتری عەورەتە ئەنجا،
مەشغەلەی «لا اِلهَ الّا اللّه»

پشتیوانی بینایی شەرعی مەتین
شیر و بەخشین و خامەیی ڕەنگین[2]

بەو شەشە دین موحافەزە دەکرێ
یەکێ مرد لەم شەشانە دین دەمرێ

عەجەبا! بۆچی ئەهلی موڵکی عیراق
ئیتتفاقی بەدەل دەکەن بە نیفاق[3]

بۆ ئەمیرانی غەیرە دەبنە گزیر
نەك لە خۆیان یەکێکی بێتە ئەمیر[4]

☞

تۆمارمان کرد. بنوارە: مەسعوود موحەممەد، حاجی قادری کۆیی، ب۲ بەغدا ۱۹۷٤، ل: ۹٤.
(لە دەستنووسێکی لای منداکە هەندێ جیاوازیی لەم تێکستەی ئێرە هەیە، نووسراوە مەبەس لە «کوێر» میری ڕەواندز و لە «لاڵ» سلێمان پاشای بابانە. موحەممەدی مەلاکەریم).

١. [ئەلزەمی ئەشیا: گرنگترین شت، پێداویستییە سەرەتاییەکان].

٢. [موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: ئەبێ بە گوێرەی ئەم بەیتە لەم شوێنەدا بەیتێك فەوتابێ، چونکە لە بەیتی پاشەوەدا ئەڵێ: «بەو شەشە دین موحافەزە دەکرێ» و سیانیشی وتووە، کەواتە ئەو سیانەکەی تر کوان؟ ـهەنگاوێ‌تر: ۳۱۹].

٣. بەدەل دەکەن: دەگۆڕنەوە، واتا: ئیتتفاق و ڕێکەوتن دەگۆڕنەوە بە نیفاق و ناتەبایی.

٤. گزیر: کاربەدەستێکی بچووکی میریی، فەرمانبەری گوندێك.

ئـێــســتە کــەش فــرســەتە گــەلی یــاران
"کــەپەنەك بــۆچــییە لە پــاش بــاران"[١]

(١٣)

کوردەکی کۆیی

کـــوردەکـی کـۆیـی ـکـەوتەوە یـادم ـ
پــێم گـــوت: ئـــایا چـلۆنـە ئـوستادم[٢]

وەکوو بیستی بە میسلی هـەوری بـەهار
هـــاتە گــریان و پـێی گـوتم: ئـەی یـار

عـــالیمی چـــاکـــمان هـــەموو فـەوتان
ئـــەهلی فـــەتوا مـــوسافیری مـــەوتان[٣]

تـــاکـی قـورئان بـخووندرێ بـە سـەدا
«رضـــــــي اللّـــــهُ عَـــــنهم أبــــداً»

ئـــــەوی مـــــاون لە لێوی کـــــەندالن
جـــاهیل و بـــێ وقـــووف و مـــندالن[٤]

١. [کەپەنەك: فەرەنجی، پەستەك]. «کەپەنەك بۆچییە لە پاش باران» یـا خـود «لە پـاش بـاران کەپەنەك» پەندێکی کوردییە حاجی کردوویەتی بە شیعر.

٢. لە دەقی «گ.م»دا نووسراوە: «کوردێکی کۆیی» بەڵام لە دەسـتنووسی «م.ر.س» و دەقـی «م.م»دا «کوردەکی کۆیی» هاتووە، لەبارەی کێشەوە دەقی دوایی سووکترە.

٣. [موسافیری مەوتان: کۆچەری مەرگ].

٤. [بێوقووف: ناشارەزا، نائاگا]. لێوی کەندالن: مـەبەستی لە کـەندالی گـۆڕ و مـردنە، واتـا: لەسەر ڕۆخی گۆڕن.

نییه «ابن‌الاثیر»ێ بێته کەمان
بەردی «ابن‌الحجر» بکاته نیشان[1]

پاك بە ئەنواری عالمین موحتاج
بێ دەلیلە ئەمێستەکێ مینهاج[2]

کەس نەماوە بە غەیری "کاك ئەحمەد"
شەیخی "مەعرووف"و عالیمی ئەرشەد[3]

چاکە ئێستا دەکا لە بۆ کوردان
تەرجەمەی شەرع و ئایەتی قورئان

واقیعەن خزمەتی لە بۆ خوایە
چ دەبوو گەر بە کوردی نەبوایە

هەر کە وای گوت: وەها موکەددەر بووم!
وامدەزانی کە وا لە دین دەرچووم[4]

---

۱. [«ابن‌الاثیر»: نازناوی سێ بران لە ناودارانی سەدەی شەشەم و حەوتەم، کە ئەم سێ برایە لە «جزیر» لەدایك بوون. ئەمانە بریتین لە «مەجدەددین موبارەك»، «عیزەددین عەلی» و «زیائەددین نەسروڵڵا» باوکیشان «ئەسیرەددین عەبدولکەریم شەیبانی»یە. بڕوانە: «الموسوعة العالمیة العربیة» لەسەر ناوی «ابن‌الأثیر»]. «ابن‌الحجر، ابن‌حجر» دوو زانای ئیسلام بەم ناوە هەن، عەسقەلانی و هەیتەمی. مەبەستی حاجی لە هەیتەمییە کە زانایەکی شەریعەتە و لە کوردستانا زۆر ناسراوە. [مەبەستی حاجی ئەوەیە: تازە یەکێ وەك «ابن‌الأثیر» نەماوە کە بێت بە کەوان و تیری خۆی بەردی ڕەق و سەختی «توحفە»ی ئیبنوحەجەر بکاتە نیشان و بیکۆڵێ و شەرح و ڕاڤەی بکات].

۲. [ئەنوار و منهاج: نێوی دوو کتێبن لە عیلمی فیقهدا لە مەزهەبی ئیمامی شافعیدا. موحتاج: ئەکرێ مەبەست لێی موغنی موحتاج شەرحی مینهاج بێت].

۳. کاك ئەحمەد: مەبەستی لە کاك ئەحمەدی شێخی کوڕی شێخ مارفی نۆدێیە.

٤. وەها موکەددەر بووم: ئەوەندە تێك چووم، پەست و تووڕە بووم.

گوتم: ئێستاش لە سەر کەری ماوی؟
چابوو مستم نەدا لە نێو چاوی

کوردی ئاخر بڵێ چییە عەیبی؟
هەر کەلامی حەقە نییە عەیبی

لەفزی کوردی بڵاو نەبوو گرد بوو
وا لە مابەینی ئێمەدا تێچوو

لە فەساحەت بڵا موعەڕڕا بێ
چ قیامەت! بە ئەرمەنیش نابێ[١]

بە زوبانی کەچ و خەتی خواری
بە جەریدە و کتێبی خەڵواری[٢]

چوونە ڕیزی موعەززەماتی میلەل
وەقتە خۆیان حیساب بکەن بە دووەل[٣]

یا لەگەڵ فارسی چ فەرقی هەیە؟
بۆچی ئەو ڕاستە، بۆچی ئەم کەچەیە؟[٤]

با وجوودی ئەگەر بکەی دیققەت
تێدەگەی کام لە کامییە سیرقەت

---

١. [موعەڕڕا: ڕووت و بێتوێکڵ].

٢. لە دەقی «گ.م»دا «بە جەریدە و کتێب و خەلواری» نووسراوە.

٣. [موعەززەماتی میلەل: نەتەوە گەورەکان].

٤. [موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: بە پێی لێکدانەوەی کاك فایز مەلابەکر، وەها دروستە کە نیوەبەیتی دووهەم ئاوا بنووسرێ: «بۆچی ئەو ڕاستە، بۆچی ئەم گەمەیە». ـهەنگاوێ تر: ٣٢٤.]

چــونکه ئــێمــه قــەدیمترین لە ئـەوان
بــە تــەواریــخی جــوملەیی ئـەدیان[١]

ئــاخر ئــەم عــەقڵەیـان هـەبوو بـۆیـێ
گــــەر ســـولەیمانییە وەیــا کــۆیــێ

بـــوونە ئــوستادی فــارسی و تــازی
تـا گـەیشتن بـە "فـەخرەکـەی ڕازی"[٢]

چـونکە سـەرمایە مـاڵی خـەڵقی بـوو
وەقتێ مردن هەموو بـە هـیچ دەرچـوو[٣]

ئـــەمە مـــەعلوومی عـــاقڵە و مـــنداڵ
نـــییە عـــەیبی مـــوناقەشەی ئـــەمساڵ

وەك مـــریشکێ کـــە عـەقڵی نـەیهێنـێ
بــێت و هـێلکـەی مـراوی هـەڵبـێنـێ[٤]

---

١. جوملەیی ئەدیان: تێکڕا ئایینەکان. کۆمەڵی ئایینەکان. هەموو دینەکان.
٢. تازی: فارسەکان بە زمانی عەرەبی دەڵێن «تازی». وشـەی «تـازی»یش لە قـەبیلەی تـەی «طائی» وەرگیراوە و بە «طائی» دەڵێن تازی. ڕازی: مەبەستی لە زانای ئیسلام لە پـزشکی و ئایینداد، ئیمام ئەبووبەکری کوڕی موحەممەدی ناودار بە ڕازییە، چونکە خەڵکی «رەی» بووە لە نێوانی ساڵانی (٨٦٥ ـ ٩٢٥ز)دا ژیاوە. پێی دەگوترا پزشکی ئیسلام و دەستێکی باڵاشی بووە لە کیمیاگەری و فەلسەفەی ئیسلامدا. بنواڕە: «الموسوعة العربیة المیسرة، القاهره ١٩٧٢ ط٢، ص٨٥٢».
٣. ئەم نیوە دێڕە شیعرە لە دەقی «م.ر.س»دا بەمجۆرە هاتووە: «وەختێ مـردن هـەمووی بـە هیچ دەرچووا».
٤. لە دەقی «ع.س»دا ئەم نیوە دێڕە شیعرە بەمجۆرەیە: «وەك مریشکێ کە عەقڵی نەهێنێ». بەڵام ئێمە پشتمان بە دەقەکانی «گ.م» و «م.م» بەست.

وەك بگـــاتە کـــەناری جـــۆگـــەلەیەك
نایەتە شوێنـــی، بـمرێ، جـــۆجـــەڵەیـــەك

جێی ئـەمە وشکـە، جـێی ئـەوی ئـاوە
تـــێدەگـــا "قـــینگدڕانـــی پـــێ مـــاوە"

(١٤)

لە جوملەی ماجەرای

لە جوملەی ماجەرای دووری ویلایەت
ئەمەش باسێکە خۆشـە وەك حـیکایەت

شەوێ دانیشتبووم بێ شەمع و مـیسباح
ئەتۆی هێنـاوە یـادم "کـاکـە فـەتتاح"[١]

گـــوتی: بـــا کـــاغەزێکـی بـۆ بـنێرین
مـــوحببی سـادیقە و هـەمڕازی دێریـن

منیش ئەم نامەیەم نووسی بـە تـەعجیل
شڕ و وڕ وەك خـەرار و کـۆنـە زەنـبیل[٢]

بە بێ تـەسوید و تـەسحیح و مـوبالات
وەکوو "بەیتی بلە" هەرچۆنێ بۆم هات[٣]

---

١. لە دەقی «م.ر.س»دا «شەوێ دانشتبووین» هاتووە.

٢. [تەعجیل: پەلە. خەرار: جواڵەی لە موو دروستکراو]. لە هەندێ دەقدا ئـەم نـیوە شـیعرە بەمجۆرە هاتووە: «شڕ و دڕ وەك خەرار و کۆنە زەمبیل» بەڵام ئێمە لە سـەر دەقـی «م.ر.س» وەکوو ناو قەسیدەکە ڕاستمان کردەوە. [موحەممەدی مەلا کەریم بە پێی دیـالێکتی کـۆیـە «کەونە»ی بەلاوە لە «کۆنە» پێ ڕاسترە].

٣. [تەسوید: ڕەشنووسین، پێش نووس. موبالات: سەرنجدان. بەیتی بلە: وەکوو مـوحەممەدی ☞

بەڵام ئەفکاری خۆمە نەزمی کوردی
لە خومخانەی خەیاڵی ساف و وردی [1]

عباراتی «دەری» و «تازی»م نەهێنا
دەزانێ ماڵی خۆمە، مەردی دانا [2]

لەبەر پیری ئەمەندە بێ‌حەواسم
دەڵێی ئەرکانی ئیسلامی ئیناسم [3]

سەر و ڕیشم سەراپا بۆتە لۆکە
بە شەو هەمڕازمە پشمین و کۆکە

غەریبی غوربەتی کردم بە ئەوتان
سەراپا ئەرزی لێ کردوومە زیندان

☞

مەلاکەریمیش گوتوویە، لە قسەی نەستەقی کوردان کینایەیە لە قسەی بێ‌سەر و بەر]. لە دەقی «ع.س»دا ئەم نیوە دێڕە بەمجۆرە هاتووە: «وەکوو نووسیومە هەرچۆنێ بۆم هات».

١. [خومخانە: مەیخانە، کینایەیە لە عالەمی عەشق و ئەوین].

٢. دەری: بەو زمانە فارسی پەتییە دەڵێن کە دوای پەهلەوی بوو بە زمانی دەرباری شایەکان و زمانی ئەدەبیات. تازی: وەك لەمەوبەر ڕوونمان کردەوە مەبەست لە زمانی عەرەبییە.

٣. [ئیناس: خەڵك. واتە: چەندە دینی خەڵکی کز بووە لەشی منیش ئەوەندە لاواز و بێ‌هێز بووە]. لە دەقەکانی «ع.س» و «گ.م» و «م.ر.س»دا ئەم دێڕە شیعرە بەمجۆرەی خوارەوە هاتووە:

«لەبەر پیری ئەوەندە بێ‌حەواسم
دەڵێی ئەرکانی ئیسلامی نەناسم»

بەڵام ئێمە لە سەر دەقی «م.م» تۆمارمان کرد و خستمانە ناو قەسیدەکە. بڕوانە: «مەسعوود موحەممەد، *حاجی قادری کۆیی ب ١، بەغدا ١٩٧٣، ل:١٠٦*».

وەلێکـــین تـۆ کـەریم ئـیبنولکەریمی
بـە ڕەحـمەت بـابی ئـەشعاری یـەتیمی[١]

ئـــەتۆ مـــاوی لە نـــوققادی ویـــلایەت
ئـــەوانـــی‌تر هـــەموو بـــوونە حـیکایەت

ئـــەگـــەر "نـالی" بـوو لێرە نـاڵی ئـاوێت
دڵی "کوردی" بووە گـەردێ لە بـەرپێت[٢]

مـنیش کـاتێ دەزانـی پـێم هـەڵەنگـووت
ئەجەل بای سەرسەرە ئێمەش پەڕوپووت[٣]

کـــە نـــامەگـــەییە ئـــێرە مـــۆرمـــان کـــرد
مـــن و "فـــەتتاحی" دانـــا زەرفمان کـرد

"جەلی"مـان نـووسی ئـەرقامی وسـوولی
بـــە ئـــوممێدی قـــوبوولی بـــێ‌فزوولی[٤]

ڕەفـــیقـــانم لە کـــۆیـــە ئـــاشنا نـــین
وقـــووفی حـــاڵی ئـــێمـەی بـێ‌نـەوا نـین[٥]

---

١. [کەریم ئیبنولکەریم: چاکی کوڕی چاک، بریتیە لە بەر و پشت ئەتڵەس‌بوون، وەرگیراوە لە حەدیسی پێغەمبەر کە دەفەرموێ: «یوسف بن یعقوب بن اسحاق بن ابراهیم، کریم ابن‌الکریم ابن‌الکریم». یەتیم: بێ‌باوك یان بێ‌وێنە وکوو «درّ یتیم»].
٢. لە دەقی «گ.م»دا بـەم‌جۆرە هـاتووە: «ئـەگـەر «نـالی» بـوو لێرە نـاڵی ئـاویژت» لە دەقـی «م.ر.س»دا «...ئەو دەناڵێت».
٣. [سەرسەر: بای سەخت و توند کە هەموو شتێ لە بن بێنێ].
٤. [جەلی: ڕووناك و زەق، ئاماژەیشە بە هاوڕێی دێرینی حاجی، (مەلا عـەبدوڵڵای جـەلی‌زادە) کە پاشان ناوی لێ‌ئەبرێت. ئەرقامی وسووڵ: مەبەست (٢٤٦٨) کە بە حیسابی ئەبجەد ئەکاتە (بدوح) کە گوایە ناوی فریشتەی گەیاندنی نامەیە. ـهەنگاوێ‌تر :٣٢٧].
٥. بێ‌نەوا: هەژار و دەربەدەر.

سـەلامێکـە دیـاریمان، دیـاره
لە دار و بـەردی ئـەو دار و دیـاره[١]

خـوسووسەن ئـاستانەی ئـەرجـومەندی
جـەلیزادێکـە «عـبداللّـە» ئـەفەندی[٢]

چ "عەبدوڵڵا" "عوبەیدوڵڵاهـی ئـەحرار"
مـوسەغغەر بـەندەیێکـە زەڕ خـڕیـدار[٣]

[بە نـیسبەت تـۆ عـوبەیدیللاهی نـەهرێ]
[وەکوو بزنی گەڕە، مەهجووری دەیـرێ][٤]

زەکـاوەت کـانییێکـە تـۆی دەراوی
خـەتی ئـیقراری نـووسیوە زەهـاوی[٥]

---

١. دیار: وڵات.

٢. ئاستانە: دەرگە، دەرگانەی شا. ئەرجومەند: پیاوی بە قەدر و قیمەت، پیاوی زانا.

٣. [عـەبدوڵڵاهـی ئـەحرار: یـەکێکـە لە شێخـە هـەرەمەزنەکـانی ڕێبـازی نـەقشەبەندی (ف٨٩٦هق). واتە: عوبەیدیللا، سووکەڵە ناوی عەبدوڵڵایە، لە چـاوی مـەعەبدوڵڵا وەکـوو کۆیلە وایە]. لە دەقی «ع.س» و «گ.م»دا «بەندەیێکی» هاتووە.

٤. [موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ ئەم بەیتە لە دەسنووسێك لای مندا هەبوو، لەبیرم چووبوو بیخەمە نێو بڕبڕەی دیوانەکەوە. لە پەراوێزدا نووسیویە: شایانی وتنە حاجی قـادر لە پـارچـە شیعرێکی تریشا پلارێکی تری گرتووەتە «شێخ عوبەیدیللای نەهری»کە لە دژی عوسمانییەکان ڕاپەڕیوە و لەگەڵ ئێرانییەکان هاوکاری کردووە، بە بۆچوونی من ئەمە بە هۆی تەعەسسوبی ئیسلامەتی و سوننییەتی حاجی قادر بووە کـە لەم مـەسەلەیەدا هـەرگیز نـەیویستووە پشـتی عوسمانییەکان بدا لە زەوی. ـهەنگاوێ‌تر: ٣٣٤].

٥. [لەوانەیە ئەم شیعرە ئاماژە بێ بەوە کە مامۆستا عەبدوڵڵاه لە خزمەت مـوفتی زەهـاویدا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتبێ].

مـــەلاییکـــــی "فـــەقێیـــانە" ویـــقارت
بــــەیانت "ئــاوە گـــردە" ئــیقتیدارت[١]

علوومت «کـافیە» و «شـافی» بـە واجـیب
لەکۆی تۆ دەبتە حاجیب" ئیبنوحاجیب"[٢]

لە داغـــی تــۆ دەســـووتی "نــەفتەوەیهی"
وەکوو"بێ"زەرد بووە ڕووی "سیبەوەیهی"[٣]

لە مـــەیدانـــی فـەساحەت تـۆ مـوجەللی
"حەریری"تـالیە و"سـەعدی"مـوسەللی[٤]

---

١. فەقێیان: بە دوو مەنا دێ، یان کۆکراوەی فەقێیە و دەڵێ: ویقارت وەکوو مەلایەکی فەقێیانە لە هێمنی و ئارامیدا، لە لایەکی تریش مەبەستی لە فەقێیان: گوندێکە لە سەرووی شاری کۆیە بە چیای باواجییەوە. مەبەستی لەم نیوە دێڕەی دووەمەش ئەمەیە بڵێ: ئەی حاجی مەلا عەبدوڵلا، بەیان و ڕەوانبێژی تۆ وەکوو ئاو لووس ولێکە و توانای زانستیشت وەکوو گردێکی گەورە وایە. لە لایەکی تریشەوە مەبەستی ناوهێنانی چیای «ئاوەگردی» سەرووی شاری کۆیەیە.
٢. مەبەستی لە «کافیە» و «شافیە» دوو کتێبە بە نرخەکەی «ئیبنوحاجیب»ە کە یەکەمیان لە زانستی «نحو»ە دووەمیشیان لە «صرف»دا. ئیبنوحاجیب ناوی تەواوی عوسمانی کوڕی عومەری کوردییە و ناودارە بە ئیبنوحاجیب (١١٧٥-١٢٤٩ز). بڕوانە: «الموسوعة العربية الميسرة. القاهرة ١٩٧٢ ط٢». [حاجیب: دەرگاوانی شا، واتە: ئیبوحاجیب بەو هەموو زانستەوە لە چاو زانستی تۆدا وەك دەرگاوانە و تۆ شای].
٣. نەفتەوەیهی: «نفطویه» (٨٥٩ ـ ٩٣٧ز) زانایەکی ناوداری نەحوی عەرەبی بووە. سیبەوەیهی: «سیبویه» لە (٧٧٠ز)دا مردووە و گەورەترین زانا بووە لە نەحوی عەرەبیدا، بە سەرۆکی قوتابخانەی «بەسری»یەکان دادەنرێ لە نەحودا. [حاجی بە وشەی "سووتاندن" لەگەڵ «نەفت» و "بێ" و "زەرد" لەگەڵ «سیب»دا تەناسوبێکی جوانی ڕێك خستووە].
٤. موجەللی: «المجلّى» بەو ئەسپە دەگوترێ کە یەکەم بێ لە مەیدانی غارغارێندا. تالی: «التالي» لە هەندێ سەرچاوە بە ئەسپی چوارەم و لە هەندێکیشا بە ئەسپی دووەم دەگوترێ. موسەللی «المصلّى» ئەو ئەسپەیە کە دووەم دەربچێ لە غاردان‌دا.

بــە غــەیری جــەددی ئێوە کێهــە دانـا
لە کــوردستان ئــەساسی عــیلمی دانـا[1]

وەرە بــا بــێــنە ســەر بــاسی نــیهانی
بــە یــادی عــەیش و ئــەییامی جــەوانــی

بە فـیکرت دێ زەمـانێ چـووینە «بـاڵەك»
بە پێخاوسی نە کــەوشم بــوو نــە کــاڵەك[2]

لە بــەر پــێم دڕك و دار و شـاخ و بـاری
وەکوو مەخمەر بوو نەرمی یـا نــە قـاڵی[3]

کە چووینە "سینگوڕە" سینەم گڕی بـەست
وەکوو "قەندیل"ی سەرگەردان، وەکوو مەست

---

١. لە دەقی «م.م»دا نیوە دێڕی دووەم بەمجۆرە هاتووە: «لە کوردستان بناغەی عـیلمی دانـا» بەڵام لە دەقەکانی «م.ر.س» و «گ.م» و «ع.م.ن»دا لە جیاتی «بناغەی»، «ئەساسی» هاتووە و ئێمەش لە ناو ئەم قەسیدەمان تۆمـار کـرد، چـونکە بـاشتر لەگـەڵ زمـانی ئـەدەبی سـەدەی ڕابوردوودا ڕێك دەکەوێ.

٢. [کاڵەك: کڵاش، گیوە]. لە دەقی «گ.م»، «وە بیرت دێ» هاتووە و لە دەقی «م.م»، «بەبیرت دێ» نووسراوە، کەچی لە دەقەکانی «ع.س» و «م.ر.س»، «بە فیکرت دێ» هـاتووە ئـێمـەش پشتمان بەم دەقانەوە بەست.

٣. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «قاڵی» وشەی «خاڵی» نووسراوە. ئەم «قاڵی»یە بۆ هاوسەنگی، بە شێوەی کۆیە «قاری» دەخوێنرێتەوە. [لەم بەیتەدا حاجی بە بۆنەی بیرهێنانەوەی سەردەمی لاویەتی، بە تەواوی بە شێوەزاری ناوچەی کۆیە هۆنیوەتەوە، واتە: زۆربەی لامە قەڵەوەکـان دەکەن بە ڕێی سووك، وەك دڕك و داڵ = دڕك و دار، شاخ و یاڵ = شاخ و یار، مەخمەڵ = مەخمەر، قاڵی = قاری. بەپێی لێکدانەوەی حەمەی مامۆستا و کـاك فـایزی مـەلابەکـر، لەم بەیتەدا وشەکانی «باری» و «قاڵی» هەڵەن و «یاری» و «قاری» ڕاستن. بۆ ئاگاداری زیاتر بڕوانە: ـهەنگاوێتر: ٣٣٣ و ٣٣٤].

دەڵێن ئێستا هەواری گورگ و شێران
وەکوو قەلبی حەسوودی تۆیە وێران

چکاوە ئاوی پڕژ و گۆلە شینی
نەماوە هەر لە کۆتر تا شەهینی

گەرووی شێخی لە لوقمەی کۆچ و باران
موعەڕڕایە میسالی ڕۆژەداران[1]

ئەمە دنیایە نامێنێ هەتا سەر
لە بۆ ئازا و دانا، حیز و ماکەر

مەڵێ ئەم قیسسەیە بێ ڕێ و جێیە
لە ترسی تۆ نەبێ هێشتا لە کوێیە

لە دەردی دووری و جەوری زەمانە
گەلێ نەزدیکە زۆر دووری مەزانە

لە خۆم ئاگر هەڵێنم وەك «چنارۆك»
لە چاوم گریە دەربێ وەك «حەمامۆك»[2]

بە سەد قەید و حەواشی دەردی دووری
بەیانی ناکرێ غەیرەز سەبووری[3]

---

١. ڕۆژەداران: بە ڕۆژوو بووەکان، ڕۆژیدارەکان. [موعەڕڕا: ڕووتکراو].

٢. چنارۆك: هاوینەهەوارێکە ٧ کیلومەتر لە ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیەوە دوورە. جاران بنەماڵەی جەلیزادە هاوینان دەچوونە سەرباغ و ڕەزی خۆیان لەوێ و مەدرەسەی خوێندنی فەقێیانیشیان دەبرد بۆ ئەوێ. حەمامۆك: کانیاوێکە کەوتووەتە سەرووی شاری کۆیەوە بە بن چیای باواجییەوە.

٣. لە دەقی «ع.س» و «گ.م»دا لە جیاتی «قەید» وشەی «کەڕڕە» هاتووە.

لەمەو پێش شەممەیەك عەرزی ئەتۆم کرد
بڵاوە فیکر و عەقڵم، وەسوەسەی کرد

کەوابوو چاکە جامەی خۆم قەبا کەم
بەری دەست هەڵبڕم ڕووی خۆم لە خواکەم

بڵێم ئەی ڕازیقی مێشوولە و فیل
بە حەققی "جوبرەئیل" و هەم "سرافیل"

هەڵیکەی بەیرەقی کوردی لە دەوران
لە مابەینی «کەکۆن» و «هەیبەسوڵتان»[1]

لە شەرق و غەربەوە تا قیتعەیی کۆ
لەبەر گۆچانی ئەمرت بێ وەکوو گۆ

دەزانی زەحمەتە تەعدادی یاران
بە سەد هاوین و زستان و بەهاران

دیارە دۆستدارانی ئەمن کێن
لە "خۆشناو" و لە "ئاکۆ" و دەشتی "بیتوێن"

لە ئێمە هەرکەسێ پرسێ تەمامی
وەکیلی موتلەقی سەرفی سەلامی

وەکوو من تۆش بنووسە بێ تەئەممول
جەوابی نامەکەم مانەندی بولبول[2]

---

١. [بەیرەق: بەیداخ، ئاڵا]. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «بەیرەقی»، وشەی «بەیدەغی» هاتووە.
کەکۆن: گردێکە لە ڕۆژئاوای ڕاستەکۆیەی جاران، گۆڕستانێك و قشڵەی بەسەرەوەیە.
هەیبەسوڵتان: ڕیزە چیایەکە لە ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیە.

٢. لە هەندێ دەقدا لە جیاتی «تۆش»، «تۆ» وە لە جیاتی «بێ تەئەممول»، «حەرفی کامیل»

غەرەز دەست خەتتی تۆیە، نـاعیلاجی
بڵا مەعنای نەبێ وەك بەیتی «حـاجی»[١]

(١٥)

لە مەیدانی بەهارا

لە مـەیدانـی بـەهارا شـارەکـەی "کـۆ"
قوبەی کیشمیری دا بەر شەق وەکوو گۆ[٢]

لە مابەینی "کەکۆن" و "هـەیبەسوڵتـان"
"نسێ"ی ئێوارە و "سـایە"ی سـبەینان[٣]

لەلام زیللی "هوما"یە چەتری "سەنبەر"
چ جایێ سێبـەری سـەرو و سـنەوبەر[٤]

☞

نووسراوە. وە لە دەقی «گ.م»دا نیوە دێری دووەم بەمجۆرە هاتووە: «جوانی نامەکەم مانەندی بولبول» کەچی لە سەرچاوەکانی‌تر وەکوو ناو ئەم قەسیدەیە «جەوابی نامەکەم» هاتووە، کـە مانای گەلێ گونجاو و ڕاستە. وشەی «مانەند»یش بە مانای «وەکوو چەشنی»دێ.

١. بڵا: با، بام، لە دەقی «گ.م»دا نووسراوە: «بەڵا مەعنای نەبێ وەك بەیتی حاجی». بەڵام بە پێی مانای وشەکە دەبێ «بڵا» بێ. بەڵا لەگەڵ دەربڕینەکانی دیکە ڕێك ناکەوێ.

٢. کیشمیر: وڵاتێکی خۆشەکەوتۆتە سەرووی ڕۆژئاوای هیندستان.

٣. نسێ: سێبەری سەر لە ئێوارانە. لە دەقی «گ.م»دا «شـنە» هـاتووە، بـەڵام شـنە بـۆ بـایە و لێرەش باسی سێبەری ئێواران و سێبەری بەیانیانە. ئەم دەقەی نـاو قـەسیدەکـەمان لە دەقـی «ع.م.ن» وەرگرت. سایە: سێبەری سبەینانە.

٤. [زیللی = «ظلّ»: سێبەر. هوما: باڵندەیەکی خەیاڵییە کە دەڵێن سێبەری باڵی بکەوێتە سەر هەرکەس بەختەوەر ئەبێ].

بــەهاری بــۆ گــوڵ و بـۆ میوە پـاییز
نــەزیری گــەر بــڵێم نـابێ بـە جـاییز

بــە ڕەنگــی ئــاسمان تــامی نــەباتە
بــە ســافی کــەوسەر و ئـاوی حـەیاتە

نــموونەی جــەننەتە شـیوی "ڕەزانـی"
بــەهاری شــامە ئــەییامی خـەزانـی[1]

گوڵی حاجیلەکانی دەشتی "هـاموون"
نەکەی بیدەی بە "نەرگسجاڕی "گەردوون[2]

لەسەر کـێوان گـڵووك و لالەیـی سـوور
یەدی بەیزایی مووسایە لەسەر "تـوور"[3]

لە غونچەی نەو دەمیدەی بـاغ و ڕاغـی
دەڵێی گەردوونە هـەڵگـیرسا چـراغـی[4]

---

١. شیوی ڕەزانی: دۆڵی ڕەزانی. مەبەستی دۆڵی ڕەزانی کۆیەیە.

٢. [کاك عەبدورڕەزاق نیوەبەیتی یەکەمی ئاوەها خوێندووەتەوە: «گوڵی حاجیلەکانی دەشت و هاموون»، ئەڵێ: چونکە هاموون بە مانا دەشت و سەحرا هاتووە بەڵام ئەگەر ئیزافە بکرێ «دەشتی هاموون» من نەمبیستووە «هاموون» نێوی شوێنێ بێت لای کـۆیـە. ـهـەنگاوێ تـر: ٣٤١].

٣. توور «طور»: مەبەستی لە چیای تووری سینایە کە حەزرەتی مـووسا لە سـەر ئـەو چـیایە چاوەڕوانی دیدەنی خودای کردووە.

٤. [نەودەمیدە: تازە پشکووتوو]. لە دەقی «گ.م»دا نیوە دێڕی یەکەم بـەمجۆرە هـاتووە: «لە خونچەی نەودەمی لا باخ و شاخی». ئێمە لە سەر دەقی دەستنووسەکانی «م.ر.س» و «ع.م.ن» وەکوو ناو قەسیدەکەمان نووسی چونکە گونجاوترمان هاتە بەرچاو. مەبەستی لەو نیوەدێڕەدا ئەوەیە: غونچە گوڵەکان وەکوو ئەستێرە گەشەکانی ئـاسمانن و وەکـوو چـرای ڕووناکـن لە جەرگەی شەودا.

"دەماوەند"یش بە نیسبەت شاخی ئێمە
بــەهاری چــەشمەساری وشکـە دێمـە

لە ڕێگای ئەورووپایی گەرچی وەســتان
لە تەسویری وەکوو کەر پاکی وەستان[1]

لە کن "بیتوێنی" ئێمە دەشـتی "لاجـان"
وەکوو ڕێی بانەیە، هـەورازی بـێجـان[2]

ئـەهالی ڕۆسـتەمن وەقـتی شـەجاعەت
لە حـــاتەم زێتـــرن وەقـتی سـەخاوەت

کوڕی غیلمانە کچیان عەینی حـووری
نـــەزەربازن وەلێکـین دوور بـە دووری

بە نیسبەت عیسمەتی مێردی لەگەڵ ژن
ئـــەقالیمی تـرن سـەر سـۆری بـێ بـن

مـــوسافیر پـــەروەر و یـــاری غـەریبن
ئـــەوانـن وا لە هـەر عـەیبێ بـەری بـن

لە دیـــنداری «فـــەقێیـــان» وەك چـیایە
مەلای بۆ گەنجی دین "حاجی قەڵایە"[3]

---

١. ئەم بەیتە لە دەستنووسێکی لای مندا هەبوو لەوێ نیو بەیتی یەکەم بەمجۆرە نووسرابوو: «لە ریگای اوروپایە کرچی وستان» من لام وابوو ئەبێ بەوجۆرە بخوێنرێتەوە کـە لەسـەرەوە نووسیومە. موحەممەدی مەلاکەریم.

٢. بیتوێن: دەشتێکی بەپیتە بۆ کشتوکاڵ، کەوتۆتە نێوانی کۆیە و ڕانیە. لاجـان: دەشـتێکـە لە کوردستانی ئێران.

٣. مەبەستی لەم دێڕە شیعرەی کە بۆ یەکەمجار لە دەستنووسی «م.ر.س»ەوە بڵاو دەکرێتەوە،

مەکــەن مــەنعم هــەموو ڕاســتە مــەقالەم
بە بورهان و حــەدیسی فــەخری عــالەم

وەتەن مــەحبووبەییێکــە حــوجرە ئــارای
نــیشانەی دیــن و ئــیمانە تــەمەننای[١]

لە «ئــادەم» بگــرە تــا دەورانــی ئــێستا
یەکێکە «حاجی» لەو خــاکــە هــەڵستا[٢]

کە غەمخواری بکا بــۆ مــیللەتی خــۆی
لە بەینی گەورەکان و شێخــی بــێ پــۆی

زەمانە تــووشی دەرد و غــوربەتی کــرد
غەمی کۆییێ پەرێشــانی هــەمووی کــرد

بە قەددی "ئــاوەگــردە" دەردی دووری
نەزیری "ئێچقەڵایــە" بــێ حــوزووری[٣]

دوو ئاغای ماوە وەك بیستوومە ئــەخبار
"ئەمین ئاغا" و "حەماغای" ساحیبی کار

☞

ئەوەیە بڵێ: «لە دینداری فەقێیەکانی کۆیە وەکوو چیا بــەرز و گــەورەن و مــەلاکــانیشیان بــۆ خەزینەی دین ئەی حاجی قادر وەکوو قەڵانە». لە لایەکی تریشەوە مەبەستی ئەوەیە بــاسی گوندی «حاجی قەڵا» بکات کە کەوتووەتە قەڵشتێکی ڕیزە چیای هەیبەسوڵتان.

١. لە دەقی «ع.س» و «گ.م»دا ئەم نیوە دێڕە بــەمجۆرە هــاتووە: «وەتــەن مــەحبووبێکــە زۆر جیلوە ئارای».

٢. ئەم نیوە دێڕەمان لە سەر دەقی «م.ر.س» ڕاستکردەوە.

٣. ئاوەگرد: وەك لەمەوبەر گوتمان ناوی چیاییێکە لە سەرووی کۆیە. ئێچقەڵا: ناوی قەڵاتێکی ناوەوەی شوورەی کۆیە بووە، هەشە دەڵێ بە کۆنە قشلەی کۆیە گوتراوە.

ئـەمین و پشـتیوانـی قـەسری مـیللەت
نیگەهبانی خـەزینەی دیـن و دەوڵەت[١]

لە دنـــیادا ئـــیلاهی هــەر بــمێنــن
بــنەی بــێ ئـیتتفاقی هــەڵقــەنێنــن[٢]

لە "قۆچ" پـاشاوە تـا ئـێستا ئـەمیرێك
لە کۆی پەیدا نـەبوو یـاخود وەزیـرێك

لە بــەر بێ ئـیتتیحادی بـوونە مسكێن
لە ئــاخردا وەکــوو زانــیومە هـەڵدێن

لە مــابەینی کــڵاوسـوور و کـڵاوڕەش
پەرێشان و دیارن مـیسلی گـای بـەش[٣]

لە بــەر ئــەم نــاتەبایی و کـینەجۆیـی
لەلای ڕۆمـی زەلیـلن مـەردی کـۆیـی[٤]

وەکوو بیستوومە ئەی یاری نـیکۆپـەی
لە تەئریخی جەم و ئەسکەندەر و کەی[٥]

بــە شــیر و خــامە دەوڵەت پــایەدارە
ئــەمن خــامەم هــەیە، شــیر نـادیارە

---

١. نیگەهبان: پاسەوان.
٢. لە دەقی «گ.م»دا لە جیاتی «ئیلاهی»، «خودایا» هاتووە.
٣. کڵاوسوور: مەبەستی لە تورکە عوسمانلییەکان بووە، چونکە فێسی سووریان لەسەر دەنا.
کڵاوڕەش: مەبەستی لە ئێرانییە قاجارییەکان بووە چوونکە ئەوان جۆرە فێسێکی کورتی ڕەشیان لەسەر دەنا.
٤. کینەجۆیی: دوژمنایەتی.
٥. نیکۆپەی: بەختەوەری

نە بەیداغی هەیە نە تەپڵ و کووسی
ئەمەندەی پێ کرا بێ چارەنووسی[١]

وەزیفەی خۆم بەجێ هێنا تەمامی
بە شیر و دەوڵەتە میللەت نیزامی

ئەوا خۆی کردە مەهدی «حاجی قادر»
نە نادر شای هەیە و نە شاهی نادر

وەرە سەیری بزانە لاوی کۆیی

وەرە سەیری بزانە لاوی کۆیی
مەهە دانیشتووە یا سەروە ڕۆیی

هەیاسە و پەستەکی لای نێوەشانی
کەوای شیرداغ و فێس و جامەدانی[٢]

بە یەغمای داوە خەرقەی شێخی هیندی
ڕیدا و تەیلەسانی نەقشبەندی[٣]

کە بیستی سەیدی دڵ لەم دەورە باوە
لە پەنجا جێوە شەستی زوڵفی ناوە

١. کووسی، کووس: دەهۆڵی گەورەیە.

٢. [هەیاسە: کەمەربەندی زیو یان زێڕ. فێس: کڵاو]. لە دەقی «گ.م»دا نووسراوە: «هەیاسەو پێستەکەی».

٣. [خەرقە: لیباسی سۆفیان. ڕیدا: عەبا. تەیلەسان: پارچەیەکە کە قازی و شێخان لە سەر شانی دەخەن]. یەغما: تاڵانکردن، سەلب و ڕووتکردنەوە.

دڵی ویستم دوو چاوی، دانـی خـۆشـه
دڵم نـــایه دڵی بشکـــێ، نـــەخۆشـــە[١]

گـــرینم وەك شـــەوی پـــاییز بـــەتاوە
گـــوڵێکـــم بـــوو لە بـــاغاندا نـــەماوە

مـــەڵێ غـــەم گـــەورەیە یـا گـریە وردە
ئـــەمە گـــەرداوە، ئـــەویان ئـاوەگـردە[٢]

بەسە ئەی خامە با ئـەم بـاسە پـەی بـێ
وەرە سـەر بـاسەکـی وا فـائیدەی بـێ[٣]

ئـــەمانە قـــیسسەیێکـــە زۆر کـــراوە
وەکـــوو ئـــاوی شـەوێ تـامی نـەماوە

گـــەلێ ســـاڵە ئـەهالی شـارەکـەی کـۆ
شەو و ڕۆژێ لەگـەڵ شـێخـانی بـێ‌پـۆ

مـــیسالی ئـــاگـــر و ئـــاگـــرپەرستن
دەســـووتێن و هـــەمیسان دەیـــپەرستن

لەعەهدی «کەر نەبی» تادەوری «گاکوێر»
لەگوێی گا نوستوون زۆر حەیفە بۆ شێر[٤]

---

١. لە دەقی «م.ر.س»دا نیوە شیعری یەکەم بەمجۆرەیە «دڵی ویستم دوو چاوی، وا نە خۆشە». لە سەرچاوەکانی دیکەدا وەکوو دەقەکانی «ع.س.م» و «گ.م» بەمجۆرە هاتووە: «دەڵێ ویستم دەوێ چایوانی خۆشە».

٢. [واتە: هیچ فەرقیان نییە: چ گەرداو و چ ئاوەگرد هەردووکی گێژاوە، ئەشکرێ «گەرداو» مەبەست «ئەگەرداو» بێت]. لە دەقی «ع.س» و «گ.م»دا لە جیاتی «مەڵێ» وشەی «بڵێ» هاتووە.

٣. لە هەمان سەرچاوەدا لە جیاتی «بەسە»، وشەی «دەسا» هاتووە. پەی بێ: ببڕێ، ببڕێتەوە.

٤. مەبەستی لە «کەر نەبی»: «شێخ نەبی»ی ماویلییە و مەبەستی لە «گاکوێر»: شێخ غەفووری

له کــن خــۆتـان فـڵان ئیبنی فـڵانـن
له دنـــیا ئـــاین و ئــۆیــن دەزانــن[1]

کەچی کـەچ مـەشرەبێکـی بـێدیـانەت
بــە حـیلە مـل دەنـێتـە بـەر عـیبادەت

شـــەریعەت گـــەر بــزانـی یـا نـەزانـی
وەکوو کـەر دەچـنە بـن بـاری گـرانـی

له مەش تەنها نـییە سـووچ و خـەتاتان
له کـــەسبیش غـــافڵن مـیسلی مـەلاتان

له بەغدا بۆچی خورما بێت و لەیـموون
له بۆ دەرمان له شار بێ ڕۆنی زەیـتوون

له دەوری کوللی بـاغی شـاری کـۆیـێ
دووسەد بن داری زەیتوونی بە جۆیـێ[2]

☞

مامی شێخ ڕەزای تاڵەبانییە کە شێخی ڕێبازی قادری بووە لە کۆیە. «لە گوێی گا نوستووە»، یا خود «لەگوێی گادا نوستووە»: ئیدیۆمێکی کوردییە بە یەکێك دەگوترێ کە لە شتێك زۆر بێ ئاگا بێت. حاجی ئەم ئیدیۆمەی لە شیعرەکەیدا بە جۆرێکی گونجاو بەکار هێناوە. «جەلال مەحموود عەلی، ئیدیۆم لە زمانی کوریدا، بەغدا ١٩٨٢ ل:٤٣٣».

١. ئاین و ئۆین: فڕوفێڵ، حیلە و حەواڵە.

٢. لە دەقەکانی «م.م»و «گ.م»دا لە جیاتی «بن» وشەی «مەن» واتا: باتمان هاتووە. کەچی ئێمە لەسەر دەقی «ع.س» و «م.ر.س» ڕاستمان کردەوە و کردمان بە «بن» چونکە بۆ بنە درەختە نەك دارەکە، لە کوردستانیش هەرگیز داری سووتاندن بە کێشان نەفرۆشراوە بەڵکوو هەر بە بار فرۆشراوە، داری زەیتوونیش لە بەر خۆشەویستی فرۆشتنی لەسەر نەبووە.

له ئێوه کامتان بوو ئێك دوو بارێك
بكاته كیسه‌یه‌ك یا خوود خه‌رارێك[١]

دوو پێی لێدا له كۆلا میسلی دۆشاو
وه‌كوو ڕۆن ڕۆنی زه‌یتوون بێته سه‌رئاو[٢]

وه‌یا كه‌ی نێژراوه چه‌ند نه‌مامه‌ك
له نارنج و تووروونج و هه‌ر مه‌قامه‌ك[٣]

بزانن شین ده‌بێ، نابێ به به‌ر دێ
له جێگای گه‌رم و ساردی چی به‌سه‌ر دێ

به‌راو و ئه‌رزی ئێوه كیمیایه
دوڕ و گه‌وهه‌ر گه‌زۆ و مازووی چیایه[٤]

مه‌عادین خاتری تۆ بێ له‌گه‌ڵ كان
گه‌نمتان زێڕه حه‌تتا زیوه زیوان[٥]

ڕه‌ژووی واپۆڕ و خوێ و نه‌وت و گۆگرد
له كێوی ئێوه‌دا كۆیه وه‌كوو گرد[٦]

---

١. [خه‌رار: جواڵی له موو چنراو]. له ده‌قی «ع.س» و «م.م»دا له جیاتی «بكاته» وشه‌ی «ببكاته» هاتووه.

٢. كۆل: كارگه‌یه‌كی بچووكه له به‌رد و گه‌چ دروست ده‌كرێ بۆ گوشینی ترێ و هه‌موو جۆره میوه‌یه‌ك ده‌ست ده‌دات، به تایبه‌تی بۆ ترێ و هه‌نار و زه‌یتوون گوشین و ده‌رهێنانی دۆشاو و سركه و ڕۆنی زه‌یتوون.

٣. هه‌رمه‌قامه‌ك: لێره‌دا به مانای «هه‌ر جۆرێك» یان «هه‌ر چه‌شنێك» دێ.

٤. له ده‌قی «گ.م»دا له جیاتی «به‌راو و ئه‌رزی ئێوه»، «به‌راو و خاكی ئێوه» هاتووه.

٥. [زیوان، زیڤان: كۆرگ، ده‌نكێكی ڕه‌ش و تاڵه له نێو گه‌نم و جۆدا].

٦. گۆگرد: كبریت.

لە بـەینی میللەتی خـۆتـان بـە یـاری
بکـەن تـەقسیمی شـاخ و دار و بـاری

دەوەن ئـاخر دەبـێتـە داری گـەورە
مەڕی لەڕ خدمەتی بۆ گۆشتی چـەورە[1]

لە دنـیادا ئـەوی بـاقی بـمێنـێ
لە عـوقبادا گـوناهی پـێ نـەمێنـێ

عەتایە و حـوسنی خـوڵق و ئـیتتحادی
ئـیتاعەی عـالمانە و شـێخی هـادی

خـەریکی کـاسبی و کـاری حـەڵاڵە
بـە غـەیری ئـەم، ئـەوانـیتر بـەتاڵە[2]

ئەوانەی موڵکی خۆیـان کـردە دەوڵەت
وەکوو بت دەیپەرستن جەمعی مـیللەت

میسالی ئێوە بوون یـاخود وەکـوو مـن
ئـەوان بـۆچـی پـیاون، ئـێمـە وەك ژن

---

١. دەوەن: بنچکەداری بچووکی داری چیایە، ئەگەر لێی بەگەڕێن و نەیبڕنەوە، لە ئەنجامدا دەبێتە دارێکی گەورە. واتا: هەر شتێکی بچووکە و گەورە دەبێ، ئەمەش پەندێکی پێشینانی کوردییە حاجی کردوویە بە شیعر. پەندەکە دەڵێ: هەر دەوەنە و ئەبێتە دار لە بنیا دائەنیشین فەقیر و هەژار. بڕوانە: «شێخ موحەممەدی خاڵ، پەندی پێشینان چ٢ بەغدا ١٩٧١، ل:٤٨٢».

٢. ئەم دێڕە شیعرە لە هیچ سەرچاوەیەکی چاپ کراودا نەهاتووە، تەنیا لە دەقی «م.ر.س»دا هەیە و لە دەقی «م.م»یشدا دەستی بۆ درێژ کراوە و نووسراوە (سـەرجـەمی دێڕەکـانی ئـەم قەسیدەیە بووە بە ٣٥ دێڕ). واتا: لەگەڵ ئەم دێڕە تازەیەیدا. بڕوانە «مـەسعوود مـوحەممەد، حاجی قادری کۆیی ب٢، بەغدا ١٩٧٤، ل:١٦١».

سکەندەر بۆچی چار چاو و دوو سەر بوو
فەرەیدوون فیل و کاوە شێری نەڕ بـوو؟

لە دونیا هەر کەسێ هەستا بە هـیممەت
فـەرەیدوونێکـە ئـەسکەندەر مـرووەت

لە سایەی شیعرەکانی وەك فـەرەیدوون
دەمێنێ «حاجی» تا دەورانی گەردوون[1]

(١٦)

هەرکوردە

هـەر کـوردە لە بـەینی کـوللی مـیللەت
بـێبــەهرە لە خــوێنــدن و کـیتابەت

بــێگــانە بــە تــەرجــەمەی زوبــانی
ئــەسراری کــتێبــی خــەڵقــی زانــی

یـــەکســـەر عــولەما درشت و وردی
نــاخوێنــنەوە دوو حــەرفی کــوردی

ئـــوستادی خــەتن لە ئــەم ســیانە
وەك دی لە زوبــانی خــۆی نــەزانـە[2]

---

١. دەقی ئەم نیوە شیعرەمان لە سەرچاوەکـەی «گ.م» وەرگـرت، دەنـا لە دەقـی «م.ر.س»دا بەمجۆرەیە: «ئەبەد ما حاجی تا دەورانی گەردوون». لە دەقی «ع.س»یشدا «باقی ما حاجی تا دەورانی گەردوون» نووسراوە.

٢. مەبەستی لەم «سیانە» زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکییە.

مــومکین نــییه دەربــچێ لە چــەنگی
حــەتتا ڕەقــەم و خــەتی فــەڕەنگـی

ســاحیب کـوتوب و پـەیامە هـەرکەس
ئێمە نـەبێ بـووینە قـەومی چـەرکەس[١]

کـاکـە ئـێمـە مـوئمینین، نـە ڕووسـین
بــۆچ کــفرە زوبــانمان بــنووسین؟[٢]

مــیللەتی بـێ کــتێب و بـێ نـووسین
غەیری کـوردان نـییە لە ڕووی زەمـین[٣]

ســێ قــەبیلە حــەقیر و «بــیروم‌تن»
کــورد و ڕۆم و یـەهوودی گـومڕاهـن[٤]

---

١. چەرکەس: نەتەوەیەکی قەفقاس [(قەفقاز)] نشینە، بەڵام لە دواییدا زۆربەیان بە ناو تورکیا و سووریە و ئوردن بڵاوبوونەوە و کەوتنە ژیانێکی دەربەدەری.

٢. ئەم نیوە دێڕە شیعرە لە هـەر سـەرچـاوەیەکـدا بـەجۆرێك هـاتووە: لە دەقـی «م.ر.س»دا بەم‌جۆرە هاتووە: «ئێمە کە موئمینین، نە ڕووسین». وە لە دەقی «ع.س»یشدا نووسراوە: «ئێمە موئمینین، نە ڕووسین». (ئێمە بە پێی دەقی «ت.ر» نووسیمانەوە. موحەممەدی مەلا کەریم).

٣. مامۆستا مـەسعوود مـوحەممەد وای بـۆ دەچـێ کـە لەم دێڕەوە بـەحری هـەڵبـەستەکـە دەگۆڕدرێ و دەبێ بە هەڵبەستێکـی نـوێ، بـەڵام وەك سـەرنجمان دا لەهـەموو سـەرچـاوە چاپ‌کراو و دەستنووسەکاندا هەر بەم‌جۆرەیە و لەگەڵ ئەم هەڵبەستە هـاتووە بـۆیـە وەکـوو خۆیمان هێشتەوە.

٤. [موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: وشەی «بی‌رومتن»مان بۆ ڕاست نەبووەتەوە. ئەوەندەی هەیە بڵێین لە ئەسڵدا «بێ جاهن» بووە، جا لەبەر گۆڕانکاری ناشیانەوە بووە بە «بێ وەجهن» و ئەویش بە «بی‌رومتن». ـ‌هەنگاوێ‌تر: ٣٥٠]. ئەم بەیتە لە تێکستەکەی گۆڤاری (ڕۆژی کورد = روژ کرد) ژمارە «٢»دا هەیە، نووسیمانەوە. بەڵام ڕسـتەی نـاو دوو کـەوانـەکـەمان بـۆ سـاغ نەکرایەوە، وەك خۆی نووسیمانەوە. وشەی «دۆم»ی بەیتی پاشەوەشمان لەم تێکستە وەرگرت.

☞

ڕۆم و جـــوو چـــاکـه ئـیتتیفاقی هــه‌یه
کــورده بــێ‌غــیره‌تی و نـیفاقی هــه‌یه

جــینگه‌نه‌ی ئیره بـا وجـوودی کـه‌رن
هه‌روه‌کـوو دۆمـی ئـێمـه ده‌ربـه‌رده‌رن

لێوه عــاقڵتــرن بــه ســه‌د مــه‌نسه‌ب
کــوڕی خــۆیـان ده‌نـێرنـه مـه‌کـته‌ب

ئــێســـته‌کــێ ئــامیرانــی کــوردستان
هـــــه‌ر له بـــۆتـــانه‌وه هــه‌تا بـــابان[1]

له‌م هــه‌تیوانــی مـه‌کـته‌به‌ن یـه‌کسـه‌ر
کورده‌کان بار ده‌کـه‌ن وه‌کـوو مـاکـه‌ر

وا دیـــاره هــــه‌تاکـــوو دنـیا بــێ
کــورده‌کــان حــاڵیـان ده‌بــێ وابــێ

جـوو چ قـه‌دری هـه‌یه له نـێو کــوردان
غــه‌یری لێدان و جــوێن و تـێهـه‌ڵدان

حـــاڵه‌تــی زێرده‌ســتی هــه‌ر وایــه
نــۆکــه‌ری کــاری چــاکــی بـۆ نـایه

☜

له ده‌ستنووسه ئه‌سله‌که‌دا «قه‌ومی» بوو. لام وایه وشه‌ی «ڕۆم» له‌م به‌یته و له به‌یتی پاشه‌وه‌شدا له ڕاستیدا «دۆم» بێ چونکه هیچ به‌ڵگه‌یه‌ك نییه بۆ به‌راورد کردنی «ڕۆم» که واته «عوسمانی» به کورد و به جووی ئه‌و سه‌رده‌مه. په‌ندێکی پێشینانی کوردیش هه‌یه «دۆم» و «جووی» له‌گه‌ڵ «فه‌قێ» پێکه‌وه تیا کۆکراوه‌ته‌وه ئه‌ڵێ: «جوو له ترسا، فه‌قێ له برسا، دۆم بۆ په‌ڕۆ، ئه‌م سیانه خۆش ئه‌ڕۆ». واته: به په‌له ڕێ ئه‌که‌ن. موحه‌ممه‌دی مه‌لاکه‌ریم.

١. له ده‌قی «ت.ر»دا «ئێسته‌کی کورده‌کانی کوردستان» هاتووه.

(١٧)

هەروەکوو مەردوم[1]

هەروەکوو مەردوم لەبەرچاوم دەگـریێ نـم نـمی
پیرەگودرووونیش لە داغی دەوری حوکماتی گومی

تـەن لە سـایەی دووکـەڵی ئـاهی دڵی پـڕ ئـاتەشە
وا لە بەحری گریەدا چالاکـە وەك ئـائەش گـەمی

زوڵفی تـاتا کـردووە بـادی سـەبا، هـەر تـایەکـی
سەد هەزار چینی هەیە، هەر چینی بارێکی خەمی

«صــاد عــيني بــالبكا للنأي، ضـنت بـالكرىٰ»
«ليس للإنســـان إلا مـــا ســـعى فـيما هــمي»

یـــا هـــەڵێ، یـــا تـاقەتی بـاری ڕەقـیبانت هـەبێ
ڕۆحەکەم «حاجی»، مەبە ناموستەقیمو دەم دەمی[2]

-----

١. [ئەم پارچە شیعرەمان لە کتێبی ـهەنگاوێتر: ٣٧٦. وەرگرت کە پارچـە شـیعرێکـی تـازە دۆزراوەی حاجییە، موحەممەدی مەلا کـەریم ئـەڵێ: بـە هـاوکاری بـاوکم و کـاکـم (فـاتحی مەلاکەریم) ڕاستمان کردەوە].

٢. [موحەممەدی مەلا کـەریم ئـەفەرموێ: ئـەم پـارچـە شـیعرە نـایابە بـەشێوەی داڕشـتن و تێکڕای بابەتەکەیا لە شیعری سەردەمی کوردستانی حاجی ئەچێ، بـەڵام بـەیتی یـەکـەمی هەستێکی ئاشکرای نەتەوەیی پێوەیە و دوا بەیتیشی نیشانەی ئەوکێشە بیرییەیە لە نێوان ئەو و ناحەزەکانیا، بە تایبەتی لە شێخانی تەریقەت ڕووی داوە. ئەگەر بۆچوونەکەمان لە جێی خۆیا بێت و حاجی ئەم پارچە شیعرەی لە کوردستان وتبێ، یـەکـەمین پـارچـە شـیعرێکـی ئـەبێ مۆرکێکی نەتەوەیی پێوە بێ و تا ئێستا دۆزرابێتەوە. ـهەنگاوێتر: ٣٧٤].

چوارینه و پارچه هه‌ڵبه‌ست

یـارەب بـەقەدەر حـەرفی سـیووتی یـەك یـەك
ڕەحـمەت لە مـوسەننیف و لە قـاری بـێ گـەلەك
ئـەمما عـەجەم و ئـەو کـەسەی چـاپی دانـا
بـیباتە جـەهەننەم بـە عـەزاب و بـە کـوتەك[1]

❊ ❊ ❊

ئـەی ڕەفـێقـانی وەتـەن زۆر غـەزەلم مـاوە لەوێ
لە کـەنارێکـەوە تـەقدیرە وەکـوو هـەڵ بکـەوێ
وەك سـەفینە بگـەڕێ بـیخەنە بـەر بـەحری قسـەم
حـەیفە وەك مـن لە غـەریبی بـمرێت و نـەتەوێ

❊ ❊ ❊

لە سـەردەشتی مـیحنەت پـەڕەی کـردەوە
کـەوانـی بـەڵا لۆکـەیی پـەیکەرم
بـەڵاڵووکـە دەرمـانی دەردم دەڵێن
بـە پـارە وەگـیر نـاکـەوێ بـیکڕم[2]

❊ ❊ ❊

ئەی عوتارید لە دەرت خادیمی سەججادە بە شان
وەی لە کـۆیـی فـوسەحادا قـەڵەمت سـنجقەشان
«حاجی» قـادر نـییە بـەیتێکـی وەکـوو ئـێوە بـڵێ،
ئەسپی کۆن زەحمەتە دەرچێ لەگەڵ ئاهوو ڕەوشان[3]

❊ ❊ ❊

---

١. [سیووتی = سیوطی]. حاجی ئەم چوارینەی لە سابڵاغ داناوە کاتێ خـەریکی خـوێـندنی کتێبی سیووتی بووە.

٢. ئەم چوارینەشی هەر لە کوردستانی ئێران لە «سەردەشت» داناوە.

٣. ئەم چوارینەی لە ستایشی «حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە» داناوە.

نـــەقدی عـــومرم بـــە غـــەزەل دا و دووکـــانم دانـــا
هیچ کەسێ نـەیکڕی تـرسام لە ڕزیـن و لە خـوران
بێبەها دامـە ئـەم و ئـەو وەکـوو کـوردێك کـە ڕژا
ڕۆنی، ئەو وەقـتە دەڵێ: کـردمە خـێری کـوڕەکـان

❊ ❊ ❊

ســەقەرێکــە ســەفەری ڕاهــڕەوی بــێتــووشە
خاسەتەن ئەم سـەفەری بـەد ئـەسەری بـێتـووشە
بەدرەقەی ڕێگە ئەگەر «خـزری نـەبی»بـێ تـووشە
"کــافیە"کــوا مــەنزلی مـن بـێتـووشە؟[1]

❊ ❊ ❊

یــــاڕەبــبی تــۆ خــەللاقی عـــەزیمو ششــانی
هــەرچــی کـــە بـووە و دەبـێ و دەیـێ دەیـزانـی
مــن بـێخــەبەرم لە ئــەووەڵ و ئـاخیری خــۆم
حــــاڵیـــم بکــە لەم بــەینە چــییە ئــینسانی!؟[2]

❊ ❊ ❊

بەیتی «نالی» و بەیتی من گەر تێکەڵی یەکتر دەکەن
ئەحمەقی سوورەتپەرست و جاهیلی مـەعنانەزان
حاجیلەكلەك لەك بە لەك فەرقی لەگەڵ تووتی هەیە
وەك هەزاری نەوبەهار و بـولبولی فـەسڵی خـەزان[3]

❊ ❊ ❊

١. بڕوانە: مەسعوود موحەممەد، حاجی قادری کۆیی. ب٣ بەغدا ١٩٧٦ ل:١٤٠.
٢. [عەزیمو ششان = عظیم الشأن].
٣. [هەزار: بولبول]. لە دەقی ڕۆشنبیری نوێدا لە جیاتی «دەکەن» وشەی «دەکەی» هاتووە و لە جیاتی «سوورەت پەرست و»، «سوورەت پەرستی» هاتووە. بنواڕە: ژمارە (٣٥)ی بڵاوکراوەی ناوبراو. وە لە جیاتی «حاجی لەكلەك لەك بە لەك»، «حاجی لەکلەکە لەك بە لەك» هاتووە. وە لە جیاتی «وەك»، «وەکوو» هاتووە.

شەوکەتی جووتەی سمێڵت تاکە، مانەندی کەمە
تەرکەشی تیری تەژا و شیری دەستی ڕۆستەمە
ڕووی لە تەختی ڕوومەتت هێناوە بۆ شانت دەڵێی
ماری سەرشانی زوحاك و دوژمنی تەختی جەمە[1]

***

سمتی دەلەرێتەوە دەڵێی دووگی مەڕە
گرد و سپی و لووسە وەکوو تووری تەڕە
ماڵێکە ئەگەر بدا بە نەقدی دڵ و جان
خۆشت لە سەر نەبێ، جەهەننەم بکڕە[2]

***

چوومە جەرگەی ئەهلی دڵ جەرگێکی بێداغم نەدی
ناڵەیی بولبول لە باغا بێ قڕەی زاغم نەدی
عالەمێکم دی نەخۆش و یەك کەسی ساغم نەدی
دوور لە مەیدانی خودا غەیری قوڕومساغم نەدی[3]

***

١. حاجی ئەم چوارینەی بە پیاوێکی تەقتەقیدا هەڵگوتوە. بنوارە «مەسعوود موحەممەد. حاجی قادری کۆیی. ب٢ بەغدا ١٩٧٤ ل١٥٧».

٢. [موحەممەدی مەلا کەریم ئەڵێ: بە هەڵە «خۆشت لەسەر بنێ»مان بە «خۆشت لەسەر نەبێ» چاپکردووە. ماناکەی واتە: گوێ مەدە و خۆت بنێ بە سەریدا و چش کە لە هەرچی شتە. ـهەنگاوێتر: ٣٥٧]. ئەم چوارینە لە کەشکۆڵی مەلا ڕەسووڵی توربەییدا هەبوو کە وێنەیەکی لای شێخ موحەممەد عەلی قەرەداغییە. هەروا لە یەکێ لە دوو دەستنووسەکەی لای خۆشمدا هەیە. موحەممەدی مەلاکەریم.

٣. ئەم چوارینەمان بە هۆی کاك موحەممەد عەلی قەرەداغییەوە دەسگیر بوو کە لە ڕووی کەشکۆڵی مەلا عەزیزی ڕێشاوی نووسیبوویەوە. موحەممەدی مەلاکەریم.

شیعری تاك تاكه

شـــێخ غــەفوور بــیستوومە چـــاچیم پــێ دەڵێی،
چـــاکـــــە مـــــن نـــابم بـــە نــوقتەی لا بــە لا![١]

* * *

جورمی من داوێنی عەفوی گەر نەپۆشی ڕۆژی حەشر
عەبرەتی من کافیە بۆ ئـەهلی مـەحشەر سـەربەسەر[٢]

* * *

دەرسی مەعنای بـێ‌عـیبارەت مـەرکەزی مـەیخانەیە
حــەڵقــەیی جـەنگ و جـیداله خـانەقا و مـەدرەسە

* * *

سوخرەیی جیننی تەبیعەت سوخرەیی عـالەم هـەڵێ
وا ســولەیمان دێتــەوە کــۆتـر فـڕێنت پـێ دەکـا[٣]

* * *

باسی زاری تۆ خـەیاڵێ بـوو کـرابـوو هـات و چـوو
بۆچی لێم عاجز دەبی قوربان لە سـەر هـیچێ نـەبوو

* * *

پەردەیی سیدق و سەفا و ڕاسـتیی ئـادەم نـەدڕابـوو
کــەرباسی غــەمێ بـوو بـە قـەدی بـەندە بـڕابـوو[٤]

* * *

١. مەسعوود موحەممەد، حاجی قادری کۆیی، ب٢ بەغدا ١٩٧٤، ل: ٢٠٠.
٢. [عەبرەت: درس وەرگرتن، یان فرمێسك و ئەسرین]. مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا، دیـوانـی حاجی قادری کۆیی، دەستنووس، ل: ٢٣١.
٣. [ئاماژەیە بەو چیرۆکەی کە دەڵێن: سولەیمان کە بۆ ماوەی چل ڕۆژ پـاشایەتییەکـەی لێ زەوت کرا و کەوتە دەستی جنۆکەیەك، کە لە پاش ئەو ماوە دیسانەوە خوا پاشایەتییەکەی پێ خەڵات کردەوە و جنییەکانی زنجیر کرد].
٤. کرباس، کەرباس: داوی ڕستراو، ڕیس.

مــەنزڵی مــەئمەن نــەماوە ئێستە کـە ئـەییامەکـە
ڕاحــەتی مــومکین نییە نـەچیە مـەدینە یـا مـەکـە

❊ ❊ ❊

ســـینەم دەگـــرێ لێم دەمــرێ کــەلبی ڕەقــیب
ئـــەمکارە وەکـــوو داری لە دوو لاوە گـــڵاوە[١]

❊ ❊ ❊

تـــۆ خــۆش دەبــەزی ئــەسپی بــەزینت پــێیە
مـــن نـــاگــەمە تــۆ ئــەسپی بــەزینم پــێیە[٢]

❊ ❊ ❊

چاوەکەم تۆش پیر دەبـی، ڕیشت دەبـێتە گـۆرەوی
وەك بفەرمووی من فڵانم پێت دەڵێن توخوا هـەوی؟

❊ ❊ ❊

خــانەقاکــەی کــەنەفی ئـەمنە، ئـەدەبخانەیی عـام
جێ قەزای حـاجەتە خـەڵقـی بـە زەرووری دەچـنێ

❊ ❊ ❊

موددەعی دوێنێ ئەگەر جـوونی دەدا عـەیبی نـەبوو
شکڵی خۆی دیبوو لە ئاوێنە بـە عـەکسـی دەوەڕی[٣]

❊ ❊ ❊

١. [موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لەنگی تیایە و بـڕگـەیەکـی لە نیوەی دووهەم کەمترە، لەبەر ئەوە لام وایە وشەی «ڕەقیب» ڕاستەکـەی «ڕەقـیبم» بـووبێ. ـهەنگاوێتر: ٣٦٠].

٢. مەسعوود موحەممەد، حاجی قادری کۆیی، ب ١ بەغدا ١٩٧٤، ل: ١٢٣.

٣. [بە بۆچوونی مـوحەممەدی مـەلاکـەریم «دوونـی» ڕاسـتە نـەك «دوێنـێ» چـونکە وا بـە دیالێکتی کۆیەوە نزیکترە. ـهەنگاوێتر: ٣٦٢].

شێخ دەڵێ: باری ڕیا شانم جدەو ناکا ئەگەر
کێوی کاروخ بێ، گوتم: سەد «بارك اللّه» کەر "نەبی"[١]

❋ ❋ ❋

مەسئەلەی کوحلی لە بەحسی مەبنیا تەقریر ئەکرد
پێی ئەڵێت (.....) ئەحمەقی کەر وا ئەڵێ «ابن‌الحجر»[٢]

❋ ❋ ❋

(.....) دەخیلت بم سەما نەیبرد، زەوی قووتی نەدا
هەر لە بەینی ئێمەدا بوو ئەم دڵ ئاخر کێوە چوو[٣]

❋ ❋ ❋

گەر نەچم لێم زویر دەبێ وەقتێ دەچم مەنعم دەکا
سەیری کە بێ‌مروەتە چیم لێ دەکا و چیم پێ دەکا

❋ ❋ ❋

زۆر سەگم دیوە فەقەت نەمدی ڕەقیبی هەندەسە
وەزعی نامەوزوون دەبێ وەك خانویی بێ‌هەندەسە[٤]

❋ ❋ ❋

---

١. مەسعوود موحەممەد، حاجی قادری کۆیی، ب١ بەغدا ١٩٧٤، ل: ١٢٣.

٢. ئەم بەیتە لە یەکێ لە دەستنووسەکانی لای مندا هەبوو. نیوەی دووهەمی لەنگییەکی تیایە لام‌وایە لەو شوێنەدا کە بە چەند نوختە پڕم کردووەتەوە وشەیەکی لێ پەڕیوە، لەوانەیە «ئەی» بێت، هەروا لاشم‌وایە «پێی ئەڵێت»ەکەی لە ڕاستیدا «پێ دەگوت» بووبێ چونکە نیوەی یەکەمی بەیتەکە وا پێویست دەکا. موحەممەدی مەلاکەریم.

٣. ئەم بەیتەش هەروا لە یەکێ لە دەستنووسەکانی لای مندا هەبوو. ئەمیش وشەیەکی لە سەرەتاوە پەڕیوە، شوێنەکەیم بە نوختە پڕ کردووەتەوە. موحەممەدی مەلاکەریم.

٤. [بە بۆچوونی موحەممەدی مەلاکەریم «خانووی» لە «خانوویی» چاکترە. ـهەنگاوێ‌تر: ٣٥٦].

بەشی فارسی
(قسمت فارسی)

(ا)

ای مرا از عشق رویت

ای مرا از عشق رویت دل چو مجنون دربه‌در
عالم از شوق جمالت خون فتاد اندر جگر

روز و شب از کوی جانان یك نگاهم آرزوست
تا نثار او کنم جان از بهای یك نظر

سینه چاکم کرد چون گل غمزه‌ی چشم از نگاه
ای نگه چون سمّ قاتل تیغ بُرّان در اثر

تا فرود آمد به رویش حلقه‌ی زنجیر زلف
دل فتاد اندر کمندش چند کرد از وی حذر

هرکه در بستان حسنت آمد از بهر نگاه
غنچه‌سان خون در دل آمد هوش افتادش ز سر

آهوی چشمت به زیر ابروی هم‌چون هلال
سینه‌ها را تیر باران کرده سانِ رهگذر

گلشن عیش من اندر آتش هجران تو
شد بهارش چون خزان، بی‌برگ مانْد و بی‌ثمر

ناله از دل، آتش از تن، دودم از جان می‌رود
روز و شب حالم چنان است زین میانم درنگر

ناله‌ی «حاجی» جهان افگند یک سر در خروش
در توِ کافردل، نسازد ناله‌ی زارم اثر[1]

---

١. پارچه شیعر و چوارینه فارسییه‌کانی ئه‌م دیوانه، به یارمه‌تی مامۆستا مه‌سعوود موحه‌ممه‌د و دوکتۆر موحه‌ممه‌د نووری عارف خستوومانه‌ته سه‌ر رێنووسی فارسی، چونکه له ده‌قه‌کانی «م.ر.س» و «گ.م»دا به رێنووسی ئه‌مرۆی کوردی نووسرابوونه‌وه.

(٢)

ای بت سنگ دل

ای بت سنگ دل چرا وعده به‌جا نمی‌کنی
مژده‌ی وصل می‌دهی باز وفا نمی‌کنی؟

سوختم اندر آرزو وز غمت ای عبیر بو
باعث چیست -باز گو- رحمی به ما نمی‌کنی؟

دیده پر آب حسرتم خم شده سرو قامتم
در دل اندر آفتم، از چه دوا نمی‌کنی؟

دادی پیام دیدنی زان رخ خوب گلشنی
تا دل از آتش افگنی ور نه چرا نمی‌کنی؟[1]

سوخته دل در آتشم نعره به چرخ می‌کَشم
باری ز روی مهوشم کام روا نمی‌کنی؟

تا کی بسوزم از درون، جان نشود ز غم برون
زان رخ خوب لاله‌گون، دیده ضیا نمی‌کنی؟

حلقه‌ی زلف خم به خم، دل چو گرفت در ستم
بهر چه میلی از کرم سوی گدا نمی‌کنی؟

سینه کباب از غمت، وعده شد و ندیدمت
گوشه‌ی چشم مرحمت بهر چه وا نمی‌کنی؟

«حاجی» بسوخت از درون سینه نمود بحر خون
رحم چرا به این زبون بهر خدا نمی‌کنی؟

---

١. [له‌وانه‌یه (از آتش) هه‌ڵه‌ی ڕوونووسکه‌ر بێت و ڕاسته‌که‌ی (در آتش) بێت].

(۳)

مژده ای دل

مژده ای دل که مرا درد بـه درمـان آمـد
قاصد خوش خبرم از سوی جانان آمـد

داد پیغام که اندر چَهِ محنت بـه در آی
شاهد از روی کرم بـر سـر پـیمان آمـد

گرچه دریای غمش کشتیِ دل کرد هلاك
ساحل وصل چو دیدم همه پـایان آمـد

شد یقین بخت بد و طالع بر گشته‌ی من
از پـــریشانی غـم بـاز بـه سـامان آمـد

دیده‌ی کور من از اشك چنان شـد بـینا
گـــوئیا پـیرهن از یـوسف کـنعان آمـد

کشـتزارِ دلم از آبِ حـیاتِ لبِ دوست
چون ریاض "ارم" از شوق درخشان آمد

دل که تاریك‌تر از زلف پریشان تو بـود
آتش عارض گـل‌فامِ تـو رخشـان آمـد[1]

زخم‌های دل مشتاق من از ناوك دوست
مرهمش بهر نشاطش سوی لقمان آمـد

غنچه‌ی سینه‌ام از خون جگر پاك نمود
باد صبح از سر کویت چو به بستان آمد

---

۱. ئەم بەیتە لە دەستنووسێکی لای خۆم و لە دەستنووسێکی مەلا ڕەسووڵی توربەییدا هەبوو کە وێنەیم لە موحەممەد عەلی قەرەداغی وەرگرت. تێکڕاگەلێ هەڵەی ئەم پارچە و دوو پارچەی پێشووم لەسەر ئەو دوو دەستنووسە ڕاست کردووەتوە. موحەممەدی مەلا کەریم.

سبزوار از چمن عیش دلم نشئه نماست
ز ابر لطف توم ای دوست که باران آمد[١]

«حاجی» از لعل تو گر بود امید شکرش
راهش از لطف تو سوی شکرستان آمـد

(٤)

تاریخ وفات حاجی بکر آغا[٢]

شنیدم دیشب افغان از زن و مرد
صـــدا افگـند بـر طـاق زبـرجـد

بگفتم چیست این افغان؟ مـردی
کشید آهی ز سوز سـینه‌ی سـرد

بگفتا مر ندانـی کـز جـهان رفت
"ابــوبکر" انـیس غـار "احـمد"

بگفتم: چـیست تـاریخ وفـاتش؟
بگفت: «وا ثـانی ثـنین مـحمد»[٣]

---

١. ئەم دەربڕینەی «ز ابر» بە «زَبرِ» دەخوێنرێتەوە، لەبەر کێشی شیعرەکە.

٢. بنواڕە: مەسعوود موحەممەد، حاجی قـادری کـۆیـی، ب١، بـەغدا ١٩٧٣، ل:٣٩». مـەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، دەستنووس، ل: ٢١١.

٣. ئەم دێڕە بە یتە «وا ثانی ثنین محمد» بە حسێبی «جومەل» ساڵ ١٢٧٠ی کۆچی [هەتاوی] دەگرێتەوە کە ساڵی کۆچی دوایی حاجی بەکراغایە.

و	ا	ث	ا	ن	ی	ث	ن	ی	ن	م	ح	م	د	
+٦	+١	+٥٠٠	+١	+٥٠	+١٠	+٥٠٠	+٥٠	+١٠	+٥٠	+٤٠	+٨	+٤٠	+٤	=١٢٧٠هـ

(٥)

ای دوست[1]

ای دوست دل از بند غم و جـور رهـا کـن
در دل بـــیچارەام از رحـــم روا کـــن
مشـــتاق نگـــاه است ز کـــرم کـام روا کـن
«ای خسرو خوبان نظری سـوی گـدا کـن»
«رحمی به من سـوختەی بـیسر و پـا کـن»

٭٭٭

☞ له دەقی دەستنووسەکەی «م.ر.س»دا نووسراوە: «واثانی اثنین محمد» و بەم حیسێبەش ساڵی ۱۲۷۱ی کۆچی دەگرێتەوە و هەروەکوو ساغیش بۆتەوە و هیچ گومانی تێدا نییە «حاجی بەکراغا» له ساڵی «۱۲۷۰»ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە. کەواتە دەبێ هەمزەکەی «اثنین» بپەڕێنین و بیکەین بە «ثنین» تاکوو ساڵەکە ڕاست دەربچێ.

۱. ئەم پارچە شیعرە و پارچە شیعرەکانی پاشەوەیم لە ڕووی کەشکۆڵە دەستنووسەکەی مەلا ڕەسووڵی توربەیی نووسیوەتەوە کە وێنەی لای شێخ موحەممەد عەلی قەرەداغییە. ئەم پارچەیە پێنج خشتەکییە لە سەر غەزەلێکی خواجە حافزی شیرازی کە گەلێ لە چاپە لێکۆڵراوەکانی دیوانی شاعیری ناوبراو دان بەوەدا نانێن هی ئەو بێ. من بەراوردی غەزەلەکەی حافزم لەگەڵ نوسخەی چاپی «مطبع محمدی بمبیء» کردووە کە لە ساڵی ۱۳۲۲ی هیجری «۱۹۰٤ـ۱۹۰٥»دا لە چاپ دراوە. بە پێی ئەو چاپە لە دەستنووسەکەی توربەییدا هەندێ بەر و دوا پێکردن لە نێوان چەند نیوە دێڕێکدا و چەند وردە هەڵەیەك هەبوو هەمووم بە گوێرەی چاپەکە ڕاست کردنەوە. لەو چاپەدا بەیتێکی تریش هەبوو کە یا حاجی قادر نەیدیوە، یا نەیکردووە بە پێنج خشتەکی، یا لە دەستنووسەکەدا نەنووسراوەتەوە. ئەو بەیتە پێنجەمین بەیتە و ئەمەیە:

شمع و گل و پروانه و بلبل همه جمعند
ای دوست بیا رحم به تنهائی ما کن

ای بــزم مــرا عــارض گــل‌فام تــو مـاهی
مــژگان تــوم خـنجر و ابـروی تـو شـاهی
تــا کــی بــزند بــر دل بــیچاره سـیاهی
«دارد دل درویش تــــمنای نگــاهی»
«زان چشم سیه مست به یك غمزه دوا کن»

❊ ❊ ❊

جــان بــاد فــدای خــم ابــروی هـلالت
گـل گشت پـریشان ورق از شـرم جـمالت
خورشید شد از حسن تو در عین خـجالت
«گر لاف زنـد مـاه کـه مـاند بـه جـمالت»
«بنمای رخ خویش و مه انگشت نـما کـن»

❊ ❊ ❊

ای سـینه‌ام از پـیك تـرا لحـظه نشـانی
بــدحال و پــریشان شـدم از زخـم امـانی
رحمی کـن و از کـوی خـودم ده تـومکانی
«ای سرو چـمن از چـمن و بـاغ و زمـانی»
«بخرام درین بزم و دو صد جـامه قبا کـن»

❊ ❊ ❊

چشمان مـن از بـاده‌ی اشکـم شـده سـاغر
مــژگان تــوم خــون جگـر ریـخته ظـاهر
ســرخـاك ره کـوی تـوم ای شـه «فـاخر»[1]
«با دل شدگان جور و جفا تا به کـی آخـر»
«آهــنگ وفــا، تـرك جـفا بـهر خـدا کـن»

❊ ❊ ❊

---

١. بە تەواوی لەم وشەیە دڵنیا نیم، بەڵام لەمەش کە نووسیومە باشتری بۆ نەچووم.

گــر رفت رقــیب از بـرت ای شـمع دلارا
.... [١]

در عهد تو «نابد» قدمی نـیست چـو مـارا [٢]
«مشــنو ســخن دشـمن بـدگوی، خــدارا»
«با "حافظ" مسکین خود ای دوست وفا کن»

* * *

(٦)

بازم هوای مهر بتان در درون فتاد

بــازم هــوای مـهر بـتان در درون فُـتاد [٣]
دل غونچه‌وار در غمش از بحر خون فُتاد

غــم تــازه کــرد داغ کــهن بـاز در تـنم
از غمزه‌های چشم چـنان دل زبـون فُـتاد

شمشیرهای ابروی قـوس و قـزح صـفت
بر دل چـنان کشـید ز روی سکـون فُـتاد

هـوشم پـرید از سـر و صـبرم گـریز کـرد
دل در کمند عشق «پسی» از جـنون فُـتاد

راه نــجات چـند طـلب کـردم از غـمش
دل از نگاه چشم و رخش سـرنگون فُـتاد

---

١. لێره‌دا ئه‌بێ نیو به‌یتی‌تر هه‌بێ که له ده‌ستنووسه‌که‌دا نییه.
٢. له‌م وشه‌یه‌ش به ته‌واوی دڵنیا نیم، هه‌روا له‌مه‌ش که لێره‌دا نووسیومه باشتری بۆ نه‌چووم، موحه‌مه‌دی مه‌لا که‌ریم.
٣. له ده‌ستنووسه‌که‌دا له جیاتی «بازم»، «باز» نووسرا بوو دیاره هه‌ڵه‌یه. مـوحه‌ممه‌دی مـه‌لا که‌ریم.

زین پیشم ار امید نجاتی ز غم بُدی[1]
این نوبتم امید ز دل در بیرون فُتاد

راه نجات ار طلبی دل مده به کس
بنگر به حالم از نگهی دل که چون فُتاد

«حاجی» خروش و نوحه و زاریت شرم باد
بس دل ز داغ عشق چو تو لالەگون فُتاد[2]

(۷)

به مژگانم مزن

به‌مژگانم مزن بس دردمندم
نهال عیش از بنیاد کندم
چه حاجت دل سوی زندان کشندم
«چنان در قید مهرت پای‌بندم»
«که گویی آهوی سر در کمندم»

❊ ❊ ❊

دلم چون حلقەی زلف تو درهم
قدم چون ابروان دوست در خم
چنانم دائم از دست تو در غم
«گهی بر درد بی‌درمان بگریم»
«گهی بر حال بی‌سامان بخندم»

❊ ❊ ❊

۱. لە دەستنووسەکەدا لە جیاتی «ار»، «از» نووسرا بوو دیارە هەڵەیە. موحەممەدی مەلاکەریم.
۲. لە دەستنووسەکەدا لە جیاتی «ز»، «از» نووسرا بوو دیارە هەڵەیە. موحەممەدی مەلاکەریم.

چــنان در آتش حســن تــو جــوشی
مــپندار از دلم ـای خــواجـه ـ هـوشی
فــتاد انـدر سـینه گـر سـازد خـروشی
«مـرا هـوشی نـماند از عشـق کـوشی»
«کــــه قــول هــوشمندان کــاربندم»

❊ ❊ ❊

چو غنچه تا بـه کـی بـاشیم خـونخوار
چـو بـلبل چـند بـاشم دل پـر از خـار
چنان است سینەی چـاکـم پـر از مـار
«مــجال صــبر تــنگ آمـد بـه یکـبار»
«حــدیث عشــق در صــحرا فگــندم»

❊ ❊ ❊

مــرا گــویند اگـر یـار تـو مـه روست
لبش چون چشمەی حیوان دلجـوست
جــفاهایش مکش، بسـیار بـدخوست
«نه مجنونم کـه دل بـردارم از دوست»
«مــده گـر عـاقلی ای خـواجـه پـندم»

❊ ❊ ❊

فــروغ حســنت ای دلبـند شـد فـاش
رقــیب از پــیش رویت بــا خــفاش
«تعالی اللّه» ز حسنت گر فـزون بـاش[1]

---

١. له دەستنووسەکەدا تەنیا یەك وشە هەبوو لەویش دڵنیا نەبووم چییە، بەڵام زیاتر بە «تعالیٰ» ئەچوو بەبێ وشەی دووهەمیش نیو بەیتەکە لەنگ بوو، بۆیە لای خۆمەوە وام دانا «تعالی اللّه» بێ کە لەگەڵ مەعنای ڕستەکەش ئەگونجێ. لەگەڵ هەموو ئەوەش ڕستەی «گر فزون باشی» مەعنایەکی تەواو نادا بە دەستەوە. موحەممەدی مەلاکەریم.

«چـــنین صـورت نـبندد هـیچ نـقاش»
«مــعاذ اللّـه مـن ایـن صـورت نـبندم»

❊ ❊ ❊

ز مـــژگان تـــو زد بـــر ســـینه غـــم‌ها
دلم شـــــد در خـــم زلف تـــو شـــیدا
نگـــه کـــن در غـــمت بـین ای مـه‌آسا
«چه جان‌ها در غمت جز سـود تـنها»[1]
«نــه تــنها مــن اســیر و دردمـــندم»

❊ ❊ ❊

فــــتاد از چـــین زلفت بـــخت در دام
دلم انــــدر پــیش گــردید بــر.....م[2]
چـــو نـــتوان آرمش گـــفتم دل‌آرام
«تـو هـم بـاز آمـدی نـاچار و نـاکـام»
«اگـــــر بـــاز آمـــدی بـــخت بـلندم»

❊ ❊ ❊

نـــیاسودم دمـــی از مـهرت ای دوست
روانـــم بـیرون آمـد از غـمت دوست[3]

---

١. ئەوەندەی من بۆم ساغکرابێتەوە ئەم دوو وشەیە لە دەستنووسەکەدا «جـز سـود»ە بـەڵام هیچ مەعنایەکی لێوە حاڵی نەبووم، بۆیە لام دوور نییە «فرسود» بێ لەگەڵ «و»یك و «تنها»یش جمعی «تن»بـێ بـەرابـەر بـە «جـانها». مـوحەممەدی مـەلا کـەریم. [لە کـوللیاتی سـەعدی ساغکراوەی «محمد علی فروغی»دا ئەم نیو دێڕە بەمجۆرە هاتووە: «چـە جـان‌ها در غـمت فرسود و تن‌ها» کە دیارە بووچونەکەی مامۆستا موحەممەدی مەلاکەریم ڕاستە].

٢. ئەم وشەیەشم بە تەواوی بۆ ساغ نەکرایەوە. موحەممەدی مەلاکەریم.

٣. وادیارە لە پاش ئەم نیوە بەیتەوە پێنج نیوە بەیت پەڕیوە، سیانیان لەگەڵ ئەم دوو نیوە بەیتەو دوانیان لەگەڵ سیانەکەی پاشەوەیان و پێنج خشتەکییەکە دو پێنج خشتەکی بووە. موحەممەدی

ولی بـــعد از وفـــاتم ای رخ از نـــور
«گر آوازم دهـی «دل» خـفته در گــور»[1]
«بـــــراســـايد درون دردمـــــندم»

❊ ❊ ❊

روان پــــر دردم از بـــهر فـــدايت
نـــــالم هـــرگز از دست جـــفايت
تـــن بـــيمارم ار نـــبود سـزايت
«ســـــرى دارم فــداى خـــاك پـــايت»
«گــــرم راحت رســـانى يـــا گـــزندم»

❊ ❊ ❊

بــه بـيداد آتشـــم افگـــند در پـوست
روان در تن، در اندر سينه‌ام ســوخت
ولى «حاجى» بگويش از من اى دوست
«اگر در رنج «سعدى» راحت از اوست»
«مـن ايـن بـيداد بـر خـود مـى‌پسندم»

☞

مەلاکەریم. [بەڵام لە تەواوی دەقەکانی کوللیاتی سەعدیدا یازدە شیعرە کە حاجی قادریش هەر یازدەکەی هێناوە!].

١. لەم «دل»ەیش دڵنیا نیم، بەڵام بە جۆرێکی کەش بۆم نەخوێنرایەوە. موحەممەدی مەلا کەریم. [لە تەواوی دەقەکانی کوللیاتی سەعدیدا وشەی «من» هاتووە].

(٨)

[فدایت جان من،][1]

[فدایت جـان مـن، صـد جـان عـاشق
تـویی هـم جـان و هـم جـانان عـاشق

نــمـاند بـی‌تو صـبری در وجـودم
نــباشد صـــبر در امکـــان عـــاشق

هــمه شب تــا ســحرگه نــاله‌ی مـن
بـــلند آوازه کـــرد افـغان عـــاشق

به بیماری تو خودکن چاره چون نیست
عـــلاج هــجر نـه درمـان عـــاشق

بـیا «حـاجی» در ایـن ره سـر فـداکـن
نـخواهـد سـر، دلِ حـیران عـاشق]

(٩)

[بدیدم طاق ابرویت]

[بـدیدم طـاق ابـرویت دلم شـد مـبتلای تـو
به شـوخی بـرده‌ای دل را تـو دانـی و خـدای تـو

بسـی خـوبان بـدیدم (...)[2] نگشـتم نـایل ایشـان
نمی‌دانم چه سر است این که من مـردم بـرای تـو

---

١. [ئەم پارچە شیعرە و پارچە شیعری پاشەوەیمان لە کتێبی «هەنگاوێ‌تر بەرێگادا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادر» وەرگرت، کە موحەممەدی مەلاکەریم ئەڵێ: لە دەسنووسەکەی کاك هۆشەنگ (حەمەبۆر) بوو و بە خەتی «بێخود» نووسرابووەوە.]

٢. [لێرەدا وشەیەك ناتەواوە].

تُــرا مــطلب اگــر ایــن است مــن در حــیر مــیرم
[مرا صد جان اگـر بـاشد هـمه سـازم فـدای تـو]

اگــر خــوبان عـالم را سـراسـر جـمع گـردانـی
دل مسکــین «حـاجی» را نـدارد جـز هـوای تـو]

رباعی

یارب بـه کـرم بـەجای طـاعت از مـن
این کوشش و این سـعی دمـادم بـپذیر
وین گـرسنگی و غـربت و بـیخوابـی
فــرسودن پــهلوان بـه بـالای حسـیر[1]

❋ ❋ ❋

ای دریغا بـود آن روز کـه یـاران قـدیم
ز سر لطف به این خط پـریشان نگـرند
هم بگویند دریغا پی «حاجی» که فـلك
کشت او را و بر او عالم و جاهل نگرند[2]

❋ ❋ ❋

١. بڕوانه: مەسعوود موحەممەد، حاجی قادری کـۆیـی، ب ١ بـەغدا ١٩٧٤، ل: ٢٦٨؛ مـەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، دەستنووس، ل: ٢٢٢.
٢. مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، دەستنووس، ل: ٢٢٣

فرد

شب سه شنبه بیست از ماه آخر
هزار و دو صد و هفتاد و شش در[۱]

❊ ❊ ❊

گدازانیدی بیم از او همه تیغ
نیامش گر نبستی می‌چکیدی[۲]

❊ ❊ ❊

مستی و دایره‌ی حکمت (...) هیهات
برندارند به یك دست دو تا خربزه را[۳]

---

۱. مەسعوود موحەممەد، حاجی قادری کۆیی، ب۲ بەغدا ١٩٧٤، ل: ١٨٢؛ هەمان سەرچاوە: ب۲ بەغدا ١٩٧٤، ل:١٧٥.

۲. مەسعوود موحەممەد: ئەمە وەرگێڕدراوی تاکە شیعرێکی «ابوالعلاء المعری»یە کە دەڵێ:

يذيب الرعب منه كلّ عضب
و لولا الغمد يمسكه لسالا

۳. ئەم بەیتە لە یەکێ لە دەستنووسەکانی لای مندا هەبوو. موحەممەدی مەلاکەریم.

دوا وشەی منیش

لەسەر داوای خۆم، سەرپەرشتی کردنی چاپ و ڕاستکردنەوەی پرۆڤەکانی ئەم کتێبەم پێ سپێررا. مەبەستم لەم داوایە ئەوە بوو دەمێ بوو لە دڵما بوو بۆم ڕێبکەوێ هەوڵ بدەم دیوانێکی پوختی حاجی قادری پێشەنگی چەرخی ڕاپەڕینی کۆمەڵەی کوردەواری بە چاپ بگەیەنم. کە برایان کاك کەریم شارەزا و کاك سەردار میران ئەم ئەرکە پیرۆزەیان بەجێ هێنا، وتم با جارێ لەم قۆناغەدا هەوڵی خۆم بخەمە پاڵ هەوڵی ئەوان و چاو بە تێکستەکەیانا بگێڕمەوە و لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی لامن بەراودی بکەم بەڵکوو بەمەکارەکەیان زیاتر بەرەو پوختی بەرم.

ئەو سەرچاوانەی ئێستا لە بەردەستی مندان ئەمانەن:

١. دەستنووسێکی خوالێخۆشبوو مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا.

٢. دەستنووسێکی ـبە قسەی برای عەزیزم شێخ عەلی قەرەداغی ـ خوالێخۆشبوو مستەفا سائیب.

٣. فۆتۆی دەستنووسی «مەلا ڕەسووڵی توربەیی» و «حەمە ڕەش»ناوێك کە هەندێ شیعری حاجییشیان تیایە و شێخ عەلی قەرەداغی دایە لام.

٤. دوو سێ وردە بەیازی‌تر کە چەند پارچەیەك شیعری حاجییشیان تیایە.

٥. گۆڤاری «دیاری کوردستان»ی خوالێخۆشبوو ساڵح زەکی ساحێبقران کە چەند پارچە شیعری «حاجی»یشی تیا بڵاو کراوەتەوە.

٦. تێکستی ئەو وتارە ئەدەبییانەی لە ڕۆژنامەی «تێگەیشتنی ڕاستی»دا بڵاو کراونەتەوە و چەند پارچە شیعرێکی «حاجی»یشیان تیایە و خۆم لە ڕووی ڕۆژنامەکە نووسیومنەتەوە.

٧. سێ ژمارەی یەکەمی گۆڤاری «ڕۆژی کورد» کە کاك جەمال خەزنەدار بە ئۆفیست لە چاپی داونەتەوە و چەند پارچە شیعری «حاجی»یشیان تیایە.

٨. فۆتۆیەکی شەش لاپەڕەیی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری «هەتاوی کورد» کە لە دوکتۆر ئیحسان فوئادم وەرگرت و پارچەیەکی نایابی شیعری حاجی تیایە.

ئەمە سەرەڕای ئەو سەرچاوە چاپانەی لای کاك کەریمیش هەن. لە بەراوردکردنی تێکستەکەی برایان کەریم شارەزا و سەردار میرانەوە لەگەڵ ئەم سەرچاوانە، گەیشتمە ئەوە کە پێویستە هەندێ وشەی تێکستەکەی ئەوان بەگوێرەی یەکێ یا زیاتر لە تێکستەکانی لای خۆم بگۆڕم و گەلێ بەیت و پارچە هەڵبەستیشم دیەوە کە لە تێکستەکەی ئەواندا نەبوون و خستمنە سەر دیوانەکە. لە هەلێکی لەمەو پاشیشدا بە درێژی ڕوونی ئەکەمەوە کە بۆچی وامکردو چۆن ئەو وشە بە پێی تێکستەکانی لای خۆم گۆڕراوانەم، لا ڕاستتر بوو[١]. ئێستە ئەوەی پێویست بێ بوترێ ئەوەیە: کاك کەریم شارەزایش ڕای لەگەڵمە و لای وایە ئەو گۆڕینانەی کردوومن ڕاست و پێویستن.

هەرچەند خۆم هێشتا زۆر شوێنی ئەم دیوانەم لا ئاڵۆزە و لاموایە بۆ مەبەستی ساغکردنەوەیەکی وردتری شیعرەکانی حاجی و لێکدانەوەیەکی تێر و تەسەلیان پێویستە بگەڕێین بە دوای تێکستی تردا، نەخوازەڵا چاپەمەنییەکانی چارەکی یەکەمی ئەم سەدەیەی ئەستەموول و ئەو دەستنووسانەی لە کتێبخانە گشتی و تایبەتییەکانی ئەوێ و کوردستاندا دەسگیر ئەبن، لەگەڵ ئەوەشا ئەتوانم بڵێم بەم چاپە تازەیە بەشێکی زۆری شیعری بەردەست کەوتووی حاجی، بەڕاستی کەوتووەتە بەردەستی خوێندەواران و هیوادارم لە هەنگاوێکی تریشا، لەسەر دەستی هەر کەسێکیدا بێ، بەو ئاواتە پیرۆزەیش بگەین کە دیوانی حاجی بە تەواوی و بێ هیچ جۆرە هەڵەیەك بکەوێتە کتێبخانەی کوردییەوە.

موحەممەدی مەلا کەریم

---

١. [لەم چاپە تازەی بەردەستاندا هەموو گۆڕانکاری و بۆچوونەکانی موحەممەدی مەلا کەریممان هێناوە ئاماژەمان بە بۆچوونەکانی کردووە و لە نێوان دوو قولاپدا ([]) بە نێوی خۆیەوە دیاریمان کردوون].

سەرچاوەکانی ئەم دیوانە

سەرچاوە سەرەکییەکان:

١. مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغای حەوێزی «دیوانی حاجی قادری کۆیی»، دەستنووس، ٢٣٧ لاپەڕە.

٢. گیوی موکریانی «دیوانی حاجی قادری کۆیی»، چ٢ هەولێر ١٩٥٣، چ٣، هەولێر ١٩٦٩، ١٥٦ لاپەڕەیە.

٣. عەبدوڕڕەحمان سەعید «کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی» بەغدا ١٩٢٥، ٥٩ لاپەڕەی ناوەنجییە.

٤. مەسعوود موحەممەد «حاجی قادری کۆیی»، ب١ بەغدا ١٩٧٣، و ب٢ بەغدا ١٩٧٤ و ب٣ بەغدا ١٩٧٦.

سەرچاوەکانی دیکە

١. دوکتۆر کەمال فوئاد «کوردستان»، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (١٨٩٨ - ١٩٠٢) کۆکردنەوە و پێشەکی و چاپ کردنەوە.

٢. جەمال خەزنەدار «ڕۆژی کورد»، ١٩١٣- بڵاوکردنەوە و پێشەکی و لەسەر نووسین، بەغدا ١٩٨١.

٣. دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد «تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی کوردیدا»، بەغدا ١٩٧٨.

٤. ڕەفیق حیلمی «شیعر و ئەدەبیاتی کوردی» ب١ بەغدا ١٩٤١.

٥. عەلائەددین سەجادی «مێژووی ئەدەبی کوردی»، چ ١ بەغدا ١٩٥٢، چ ٢ بەغدا ١٩٧١.
٦. موحەممەدی مەلا کەریم، «حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد»، بەغدا ١٩٦٠.
٧. عەبدولمەجید نورەدین جەلیزادە «هەندێ لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی»، دەستنووس، ٤٥ لاپەڕەیە.
٨. کەریم شارەزا «کۆیە و شاعیرانی»، ب ١، بەغدا ١٩٦١.
٩. دوکتۆر ئیحسان فوئاد «بەرهەمی حاجی کۆیی و جێگەی لە ئەدەبی کوردیدا»، پوختەی نامەکەی دوکتۆرای بە زمانی ڕووسی، مۆسکۆ.
١٠. دوکتۆر کەمال فوئاد «دەستنووسی کوردی»، پێشەکی، باسی حاجی قادری کۆیی بە زمانی ئەڵمانی، فیزبادن ١٩٧٠.
١١. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، «دیوانی نالی» بەغدا ١٩٧٦. کۆڕی زانیاری کورد.
١٢. دوکتۆر مارف خەزنەدار «دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی»، بەغدا ١٩٧٧.
١٣. مەلا عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورە، نامیلکەیەکی لە بارەی ژیان و شیعری حاجی قادرەوە. بنواڕە پاشکۆی ژمارە «ج»ی (مەسعوود موحەممەد، حاجی قادری کۆیی، ب ٢ بەغدا ١٩٧٤، لاپەڕەکانی ٣٢٩ تا ٣٣٤).
١٤. شێخ موحەممەدی خاڵ «پەندی پێشینان» چ ٢ بەغدا ١٩٧١.
١٥. م.ب. ڕودنکۆ، «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی، مۆسکۆ ١٩٦٢.

سەرچاوە عەرەبییەکان

١. الدكتور عزالدين مصطفى رسول «الواقعية في الأدب الكردي»، بيروت ١٩٦٦.
٢. يوسف ابگاروڤيچ اوربلى «جداول لتحويل السنوات الهجرية الى السنوات الميلادية» ترجمة، د. حسين قاسم العزيز ـ مجلة المورد ـ المجلد ٣، العدد ٤، بغداد ١٩٧٤.
٣. اشراف محمد شفيق غربال «الموسوعة العربية الميسرة» ط ٢، القاهرة ١٩٧٢.
٤. قاموس «المنجد في اللغة و الاعلام»، ط ١٩ بيروت: ١٩٦٦.

سەرچاوە فارسییەکان

۱. «فرهنگ طلائی» الدکتور محمد التونجی، بیروت ۱۹۶۹.

[۲. «کلّیات سعدی»، بەکوشش محمد علی فروغی].

هەندێ سەرچاوەی تر

۱. گۆڤاری هاوار ژمارە ۴ ساڵی ۱ شام ۱۹۳۲.

۲. گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ۱و ۲و ۳ی ساڵی ۴ بەغدا.

۳. بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری‌نوێ ژمارە ۱۲و ۱۳ی بەغدا ۱۹۷۴.

۴. گۆڤاری نووسەری کورد ژمارە ۶ی ساڵی ۱۹۸۱ و ژمارە ۹ی ساڵی ۱۹۸۲.

۵. گۆڤاری بەیان، ژمارەکانی ۵۳، و ۵۵ی ساڵی ۱۹۷۹ و ژمارە ۶۶ی ساڵی ۱۹۸۰ و ژمارە ۸۰ی ساڵی ۱۹۸۲.

۶. گۆڤاری ڕۆژی کوردستانی ژمارە ۱ی ساڵی ۲ بەغدا ۱۹۷۲.

۷. گۆڤاری «کاروان»ی ژمارە ۷ی ساڵی ۱۹۸۳ و ژمارە ۱۰ی ساڵی ۱۹۸۳.

۸. عەبدوڵلا شاڵی و دوکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ و هاوکارەکانیان. زمانی ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی چ۸ بەغدا ۱۹۸۲.

۹. جەلال مەحموود عەلی، «ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا». بەغدا ۱۹۸۲.

هەندێ مەسەل و ئیدیۆم
لە نێو شیعرەکانی حاجیدا

١. نانی خۆی دا بە تەنووری گەرمەوە:

نانی خۆی تاکوو بە تەندووری گەرم پێوەنەدا"
نارِوا «حاجی» ئەگەر چاوی دەرێنن بە بزووت!

٢. قونچکی پیواز، یان سەری سیر:

بێ میننەتە گەر خوانی وەلی نیعمەتی «حاجی»
ئەم شێخە چییە؟ "قونچکی پیوازە، سەری سیر"

٣. ئاگری بن کا، یان ئاگری ژێر کا:

هەتا وەك "ئاگری بن کا"ن لەگەڵ یەك
ئەگەر تۆفان بێ لە شکرتان بە پووشەك

٤. لە گوێی گا نووستن:

"لە گوێی گا نوستوون" بۆیێکە رِێوی
لەسەر ئێوە وەها شێرگیرە وەك سەگ

٥. هەر ئەدیبێك بووە ساخوا لە دەمی ناوە بڵێ:

دەوڵەتی داوە بەکەر، نیعمەتی داوە بە سەگان

٦. گەر قوڕ دەکەی بەسەر تا، هی بەردەرگای گەورەماڵان بەسەردا کە:

ئەم مەسئەلە مەشهوورە گەر قوڕ دەکەی بەسەرتا
ئیکسیرە خاك و خۆڵی دەرماڵی گەورە ماڵان

٧. هەر ڕێوی گەڕابێ ئازاترە لە شێران:

خۆتان دەڵێن: ـ ئەگەرچی مەشهووری خاس و عامە ـ
هەر ڕێوییەك گەڕابێ ئازاترە لە شێران

٨. تەماعی جێژنی نەبێ کەس لە ژێر چادری شین:

ئەم ئەرزە کۆنە هەوارە، خەلایقیش کۆچە
تەماعی سووری نەبێ کەس لە ژێری چادری شین

٩. وەك تڕی بن گۆم ڕۆیشت (بە مانای بێدەنگ ڕۆیشتنە):

ئەدیب و عاقڵی لەم بەحرە وەك "تڕی بن گۆم"
گەلێکی ون بووە «حاجی» وەچاکە لێی دەرچین

١٠. داری گەورە وەك نەمامی تازە دانایە:

تەماشای قامەتم پیری چلۆن تیری عەسای دایە!
درۆیە "داری گەورە وەك نەمامی تازە دانایە"

١١. لە ترسی گورگی بەدکار کەری خۆم بەستەوە:

هەرکە بیستم پێم دەڵی: «حاجی» سەگی دەرگانەمە
من لە ترسی گورگی بەدکارم کەری خۆم بەستەوە

١٢. شێر بە گوێ دەگرێ:

سۆفی عیبادەتی هەموو مەکرو ڕیوەیە
گەر "شێری نەڕ بە گوێ بگرێ" پەشمە تاعەتی

١٣. دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە:

تەنبەڵی کاری حیز و بێ‌خێرە
"دەستی ماندی لە سەر زگی تێرە"

١٤. دنیا بە تڕ گوزەراندن:

دنیا بە تڕان دەخۆن و دەیدەن
هەرچۆنێ مەرامیانە دەیکەن

١٥. بەڕی خۆ لە ئاو کێشانەدەر:

من لە تۆفانا بەڕی خۆم دەردەکەم
وا مەزانە دامەنی خۆم تەڕ دەکەم

١٦. ئاردی نێو دڕك کۆکردنەوە (مەبەست لە شتی مەحاڵە):

ئەو زەمانی بوونە ئاردی نێو دڕك
پارەیەك ناکا دوو سەد جار بێتە ڕك

۱۷. پەشمە لە لام (شتێکی بێنرخ و هیچە):

من لە غەمخواری ئەم قسانە دەکەم
وەرنە پەشمە لەلام هەموو عالەم

۱۸. لە جێی شێران سەگان (ڕێویان) دەکەن گێرە، (پشیلە لە ماڵ نەبێ مشك سەرچۆپی ئەگرێ):

شێری دڕڕندە وەك لە بێشە نەما
گورگ و مامڕێوی دێنە ڕەقس و سەما

۱۹. ئاسنی سارد بە فوو نەرم نابێ:

"ئاسنی سارد بە فوو نەرم نابێ"
بە تڕانیش حەمام گەرم نابێ

۲۰. بە تڕ حەمام گەرم نابێ:

ئاسنی سارد بە فوو نەرم نابێ
"بە تڕانیش حەمام گەرم نابێ"

۲۱. کەپەنەك[1] بۆ چییە پاش باران (دوای تڕە خەمشە بڕە):

ئێستەکەش فرسەتە گەلی یاران
"کەپەنەك بۆچییە لە پاش باران"

---

۱. فەرەنجی و پەستەك.

۲۲. قنگ دڕاوی بۆ ماوەتەوە:

جێی ئەمە وشکە، جێی ئەوی ئاوە
تێدەگا "قینگ دڕانی پێ ماوە"

۲۳. دەوەن ئاخری دەبێتە داری گەورە:

"دەوەن ئاخر دەبێتە داری گەورە"
مەڕی لەڕ خدمەتی بۆ گۆشتی چەورە

۲۴. مەڕی لەڕ خزمەتی بۆ گۆشتی چەورە:

دەوەن ئاخر دەبێتە داری گەورە
"مەڕی لەڕ خدمەتی بۆ گۆشتی چەورە"